# ئیسماعیل تەنیا

# بەسەرکردنەوە

## ٢٤ بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیرییە

هەولێر ٢٠٠٥



ئەم بابەتانە هەریەکەو لەبواری خۆیاندا گرنگی و تایبەتی خۆیان هەیەو مایەی
پێزانین و زیاتر بەدواداچوونە کە دەکرێت ئەم بۆچوونانەی من،
وەک دەستپێکێک کاری لەسەر بکرێت.

ÎSMAIL TENYA

# BE SERKERDINEWE

## 24 babetÎ edebî u roşenbîrî

Hewlêr 2005

ئیسماعیل تەنیا

# بەسەرکردنەوە

## "٢٤ بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیرییە"

هەولێر ٢٠٠٥

* بەسەرکردنەوە "٢٤ بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیرییە"

* ئیسماعیل تەنیا

* پیت چنین و نەخشەسازی و جیاکردنەوەی رەنگەگان: کۆمپیوتەری دەریا

* چاپخانەی کشتوکاڵ

* تیراژ: (٥٠٠) دانە

* چاپی یەکەم

لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردن (٦٢٤) ساڵی ٢٠٠٥ دراوەتێ

# چەند تێبینییەك
# پێش خوێندنەوەی ( بەسەركردنەوە )كان
# خوێنەری بەڕێزو هێژا

ئەو بیستو چوار بابەتەی لەدووتوێی ئەم كتێبەدا بڵاوكراونەتەوە، كۆمەڵێك راو سەرنجو بۆچوونی خۆمەو پێشتر بەشێوەی جیاجیا، لەگۆڤارو رۆژنامەكانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات رووناكیان بینیووە. بۆیەش (بەسەركردنەوە)یە، چونكە بەشێكی زۆریان پێشتر فەرامۆشكرابوون یان ئەو گرنگییەیان پێنەدرابوو كە دەبوایە پێیان بدرێت، من بەسەرمكردوونەتەوەو ئاوڕم لێداونەتەوە.

گرنگترین ئەو بابەتانەی ناو ئەم كتێبەش، كە پێشتر بەسەر نەكراونەتەوە یان لەم دیدگایەوە تیشكیان نەخراوتە سەر ئەمانەن؛ (بەسەركردنەوەی زەنگی هەتاو، رۆمانۆكەی ونگە، رۆژنامەی رێگای ئازادی، ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ

مێــژوو، ڕۆژنامەگــەریی شــاخ و نهێنــی، ڕۆژنامــەی ســەکۆ، لەمزگەوتــەوە بــۆ قوتابخانە،...).

ئەم بابەتانە، هەریەکەو لەبواری خۆیاندا گرنگیو تایبەتی خۆیان هەیەو مایەی پێزانینو زێتر بەدواداچوونە، کە دەکرێت ئەم بۆچوونانەی من، وەك دەستپێکێك کاری لەسەر بکرێتو، بابەتو لێکۆڵینەوەی فراوانو بەدواداچوونی زێتری لێبکەوێتەوە... بۆیەش لەشێوەی کتێبێکدا بڵاومکردوونەتەوە:

١-تاوەکو لەپەرشو بڵاوی ڕزگاریان ببێت.

٢-بەشێکیان تەنها لەدەرەوەی وڵاتو لەشوێنی وا بڵاوکراونەتەوە کە ئەو تیراژە زۆر نەبووە بەئاسانی دەست هەموو خوێنەرێك بکەوێت.

٣-وەك مافێکی ڕەوای خۆم، بەباشم زانی بابەتەکان، بەشێوەیەکی باشترو گونجاوتر بخەمە بەردەستی خوێنەران، کە پێش منیش، دەیان نووسەرو ڕۆژنامەنووسی کوردو غەیرە کورد، ئەم ڕێبازەیان پەیڕەو کردووە.

پاش خوێندنەوەشیان، خوێنەران هەقی خۆیانە ڕاو سەرنجی تایبەتی خۆیان هەبێتو لەگەڵ بۆچوونەکانی مندا یەکنەگرنەوە.

**ئیسماعیل تەنیا**

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤**

# وێنەی شیعری لای

# "ئەحمەدی خانی"

سەرهەڵدانو هاتنە ئارای هەر جۆرە ئەدەبیاتێك، پێویستی بەکۆمەڵێك هەلو مەرجی بابەتیو مێژوویيو خوودیيەوە هەیە، تاوەکو بتوانێت بڕسکێتو بەپێوە بوەستێت...

ئەدەبیاتی کرمانجی ژوورووش، لەئانو ساتێکدا هاتەئاراوە، کە زەمینەیەکی باشو لەباری بۆ رەخسابوو... لەو سەردەمەدا؛ دەیان کارەساتو تراژیدیای لەژمارە بەدەر بەسەر میللەتی کورددا هاتبوو.. لە پێش دابەشبوونی کوردستان، لەنێوان هەردوو زلهێزەکەی سەفەویو عوسمانی، لەساڵی (١٥١٤)، یان روونتر بڵێین، لەدەستپێکی شەڕی (چاڵدێران)ەوە بگرە، تادەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆمان... رەوتی دۆزی کورد، دەیان هەڵکشانو داکشانی بەخۆیەوە بینیووە... سەردەمانێك، خاوەن میرنشینو بڕیارو سەروەری خۆی بووەو هەر خۆی میرکوڕی زێدەکەی خۆی بووە... کاتێکیش کە چەرخی چەپگەرد بای داوەتەوە سەریو تەختو تاراجی داوەتە بەر رەشەبا، دووبارە

نسکۆو هەڵدێران بەرۆکی گرتۆتەوە... هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان، یەکەم هاندەری چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێزەکان بووە، بۆیە داگیرکردنی ئەم زێدە پڕ لەفەڕە بۆتە ماخولیایەكو لەمێشکیاندا، گینگڵی خواردۆتەوە.

پاش شەڕی (چاڵدێران)و بەرەسمی دابەشبوونی لەنێوان ئەم دوو سەرە گەورەیەی ناوچەکە، هەریەکە بەپێی تواناو ئاوقاتی خۆی هەوڵی داوە، دڵی میرە کوردەکان — ئەوانەی خاوەن مەوقیعو جێی چاوان بووینە- بۆ لای خۆی کێش بکات... دەیان بەڵێنو گفتی پف دراویان بەکوردەکان دەدا... ئەوەش لەبەرچاوی رەشی ئەوان نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو؛ تاوەکو، رۆژێك لەڕۆژان، لەکاتی لێقەومانو بین تەنگیدا، بیانکەنە پارسەنگێكو پێیانەوە بخورن. میرە کوردەکانیش، لەبەرامبەر ئەوانەدا، داواکاریان دەخستە بەردەم عوسمانییەکان، تاوەکو سووکە سەربەخۆییەك بەدەست بهێننو خۆیان ببنە خاوەنی خۆیان... داوا هەرە گرنگەکانیشیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا، خۆی دەنواند؛-

**یەکەم:** دەبێت میرنشینی کوردەکان، بەمیرات بێت... واتە؛ لەپاش باوك، نەوەکان جێی دەگرنو جڵەوی دەسەلات دەگرنە دەست.

**دووەم:** دەبێ سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینەکان، دیاری بکرێتو لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، بەرەسمی دانی پێدابنرێت.

**سێیەم:** دیاربەکر (ئامەد)، بکرێتە پایتەختی کوردەکان.

سوڵتانەکانی عوسمانیش، هەر لەبەر ئەوەی دڵی میرە کوردەکان، نەڕەنجێو نەچنە پاڵ سەفەوییەکان، داواکانیان لێ قەبوول دەکردن. هەڵبەتە، دیاریکردنی سنوورو جۆری فەرمانڕەوایەتیو... خۆی لەخۆیدا، داننانە بەسەربەخۆییو دروستبوونی قەوارەی نەتەوایەتی... پاش وەدەستهێنانی ئەم جۆرە سەربەخۆ بوونە، میرە کوردەکان

کەوتنەخۆو پڕدانە سەر ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو گەشەپێدانی شارەکان... دەیان مزگەوتی گەورە گەورەو گەرماوو دوکانو بازاڕو ڕێگاوبانی جۆربەجۆریان بنیات نـا. یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی زەمینە خۆشکردنیش بۆ هاتنەئارای ئەدەبێکی بەرز، دروسـتبوونی شارسـتانیەتێکی پێـشکەوتووە... ئـەم زەمینەیـەش لـەباربوو، بـۆ دروستبوونی جۆرە ئەدەبیاتێك، کە جێ پەنجەی لەمێـژووی شارسـتانیەتی کـورددا، دیاربێتو لەدوارِۆژدا، نەوەکانی بتوانن، شانازی پێوە بکەن...ئەوەبوو، هاوشان لەگەڵ ئەم رەوتە شارستانیەتە، وردە وردە، هەستی نەتەوایەتی لەناو روناکبیرە کوردەکـان، چەکەرەی کردو، هەستو سۆزی کوردینی هاتە جۆش... هەندێك لەمەلا گەورەکان، لەمزگەوتەکاندا، لەپاڵ دەرسو دەور بەزمانە بێگانەکان، زمانی پاراوی کوردیشیان، لەبوارەکانی ژیاندا بەکار دەهێنا... دەرسو دەورو سیپارەی سوختەو فەقێیەکان، بۆنی کوردینیان لێدەهات... شاعیرەکان، دەستیان کردە شیعر نووسین بەزمانی دایكو بـۆ مشتو ماڵ کردنی شیعرەکانیشیان، سـوودیان لەشـیعرو ئـەدەبیاتی دەرو دراوسـێ وەردەگرتو ئەدەبەکەی خۆیان پێ موتربە دەکرد... سوودیان لەئەزموونی شاعیرانی فارسو عەرەب وەردەگرت، بەڵام رۆحێکی کوردانەیان دەبەردەکرد.

بەرەنجامی لەباربوونی ئەم زەمینەیـەو، دەسـتو بردکردنـی مـیرە کوردەکـانو، هەستی کوردینی شاعیرەکان، جۆرە ئەدەبیاتێك سـەریهەڵدا، کـە تـوانی بەرگـەی گێژەلووکەی زەمانو دەورانی فەلەك بگرێتو بەنەمری بمێنێتەوە... بەڕاشـکاوییەوە، دەتوانین بڵێین؛ دەنگو سەدای مەلای جەزیریو فەقێ تەیرانو عەلی حەریریو...تاد، هزری راچەنیووی هاوچەرخی میللـەتی کـوردن. چـاندنی ئـەم نەمامـە لەلایـەن رووناکبیرانی ئەوێ سەردەمێ، بووە ئەمری واقیعو، داگیرکەران نەیانتوانی خاشەبڕی بکەن. ئەمەیان، بووە پێنگاڤێك...

داگیرکەران، هەردەمێك ئیشیان بەكورد نـەمابێ، لێیـان كەوتوونەتـە مـلانو پەڵپو بیانووی جۆربەجۆریان پێ گرتوون، تاوەكو شەرعیەتێك بدەنە هێرشـە یـەك لەدوا یەكەكانییان، بەنیازی سڕینەوەی ئاسەواری كورد... هەر ئەم نیازە چـەپەڵانەو خۆلە بۆسەنانەی دوژمنان بـووە، نەیهێـشتووە، كـورد بـەئارامی لـەماڵی خـۆی سەربكاتە سەرسەرینو پلانو پڕۆژە، بۆ دوا ڕۆژی خۆی دابنێت.

پاش ئەم كاروانە پێشەنگەی شاعیرانی كورد، هزرێكی كـوردی... ڕاچـەنیوو... بزۆز... زیتو سرك، لەناو تراژیدیاو كارەساتو شەڕو پێكـدادانو مـاڵ وێرانكـردن، لەهاڕژنی گریان دەدات، كە ئەویش (ئەحمەدی خانی) داهێنەرو نەمرە...

(خانی)، كاتێك كلاوڕۆژنەی ژیانی لێدەكرێتەوەو بـاخۆش دەبێـت، بـەدووربینێك سەیری دەوروبەری خۆی دەكات... دەبێ چی ببینێت؟! هەڵبەتە، كارەسـات لـەدوای كارەسات... لەناوچوونی میرنشینەكان... خۆ خۆری... كـاولكردنی ژیـاری كـورد... سووتاندنو بەتاڵانبردنی عەقڵی كورد... دەبینێت... (خانی)، تەمەنی (٢٦) ساڵان بووە، بەچاوی خۆی، وێرانكردنی شاری (بەدلیس)ی لەلایەن توركەكان بینیووە. لەم بارەیەوە؛ (گەڕیـدەی تـورك ئـەولیا چـەلەبی لەسـاڵی ١٦٧٦ی زایینـی لـەكاتی داگیركردنیو وێرانكردنی شاری بەدلیسدا لەگەڵ لیژنەی تالان نووسدا بـووە تـەنیا لەم شارەدا، وەك دەنووسێ؛ حەوت باری حوشتر كتێب بون. كتێبخانەی تایبەتی میر پتر لە چوار هەزار دەستنووسی زۆر نایابو بەهاداری تێدا هەبوو كە هەموو دەبەرگ گیراوو نەخشێنراو بوون، لەمەڕ ئایینو تاریخو زمانو جانەوەرو گیاو گژو پزیـشكیو تەشریحو پێوەدانو شیعرو قافیە بوونو دیوانە شیعریش گەلێك بوون. زۆریش وێنەو نەخشەو تابلۆی نایابی هەبوون)[١].

---

١ –بەرەو مێژوو، ڕەفیق سابیر، ل٦٤.

(خانی) بلیمەت، ناتوانێت چاو لەئاستی ئەم هەموو تاوانو، ناگوزوورییە نەتەوایەتییانە بپۆشێتو بەسەریاندا بازبدات، بۆیە لەڕێگایەك دەگەڕێت، كە بتوانێت كەفو كوڵو ئەندێشەی مێشكو دەروونی خۆی، بگەیەنێتە دەوروبەرو حاڵییان بكات... بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر كەلەپووری نەتەوایەتیو داستانی (مەمێ ئالان) دەكاتە پەسارگەیێكو داخی دەروونی خۆی لەپەنایەوە پێهەڵدەڕێژێت... بەواتایەكی تر؛ (خانی مەوزوعی شاكارەكەی -مەمو زین- لەكەرەستەی خاوی ئەم داستانە وەرگرتووە)[1] و توانیوویەتی (لەشێوە داڕشتنو چوارچێوە فۆلكلۆرییەكەی بیكاتە داستانێك كەچی كەمتر نەبێت لەداستانی گەلانی تر)[2] وێرای ئەوەش بیرو بۆچوونو فەلسەفەی خۆشی تێداخستۆتەڕوو و گیانێكی هاوچەرخانەشی بەبالآدا بڕیووە.

(مەمو زین)، هەر داستانێكی فۆلكلۆر ئامێز نییە، راستە لە (مەمێ ئالان)ەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بۆ نیازێكی ترو دەرخستنی شتێكی تر داڕێژراوە... ئەدی ئەوە نییە (خانی) خودی خۆی ئەم رازە دەدركێنێتو دەڵێت:

**شەرحێ دلێ بكەم فەسانە**

**زین و مەم بكەم بەهانە**

(ئەحمەدی خانی)، هزرێكی ئەوەندە گەورەی كوردە، نەك هەر لەڕوانگەی خودی كوردەوە، بگرە گەواهی نامەی رۆژهەڵاتناسە بێگانەكان، لەم بارەیەوە، سەنگی مەحەكن... رۆژهەڵاتناسی گەورەو بەناوبانگی رووس، (رۆدینكۆ) دەڵێت؛ (مەمو زینی خانی مەزنترین شاكاری ئەدەبی دونیایەو وەك شانامەی فیردەوسیو ئیلیادەو

---

١-نووسەری كورد، ژمارە (٣)، خوولی سێیەم، ل٣٩.

٢-أحمد خاني (شاعراً ومفكراً)، د.عزالدين مصطفى رسول، ص١٨٥.

ئۆدێسەی هۆمیرۆسی یۆنانیە)[1]. ئۆربیلی رۆژهەلاتناسیش هەمان رای (رۆدینکۆ)ی هەیەو دەلێ؛ (خانی بەرامبەری فیردەوسی تووسییە)[2].

## دەروازەیەك بۆ ژیانی خانی

ئەحمەدی خانی، کوڕی شێخ ئەلیاسی کوڕی رۆستەم بەگەو لەعەشیرەتی (خانی)[3] بووە... لەسالی ١٦٥٠ی زایینی لەشاری (بایەزید) لەدایك بووە. یەکەم شاعیری کوردە کە بۆ خۆی، مێژووی لەدایکبوونی خۆی تۆمار کردووەو، نەبۆتە مایەی سەرئێشە بۆ لێتوژینەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی... لەم بارەیەوە، خۆی لەدێرە شیعرێکدا دەلێت؛

**لەوڕا کو دەما ژغەیب فەك بوو**
**تاریخ هەزارو شێست و یەك بوو**

سالی (١٠٦١)، سالی کۆچییەو بەرامبەرەکەی دەکاتە (١٦٥٠)ی زایینی. سەرەتای خوێندنی ئایینی لەمزگەوتی (موڕادی)، لەباژێڕی بایەزید، بەسەر بردووە. بۆ پەرەپێدانو فێربوونی زێتر، وەك هەموو فەقێیە بزۆزەکانی کوردستان، گوند بەگوند شار بەشارو ناوچە بەناوچە، گەڕاوەو شارەکانی (خەلاتو ئورفەو بەتلیسو...)ی بەسەرکردۆتەوە. سەرچاوە ئایینیو زانستییە پێویستییەکانی، وەك

---

١ –مەم و زین، پەروێزی جیهانی، ل٢.
٢ –هەمان سەرچاوە، ل٢.
٣ –محمدأمین بۆز ئەرسەلان پێی وایە، (خانی) عەشیرەت نییە، بەلکو گوندێکەو (ئەحمەد) تێیدا لەدایك بووە، نووسەرو لێکۆلەرەوانی کورد، کەمتر لەگەل ئەو رایەدان. بۆ زێتر روونکردنەوە، بڕوانە: (هۆزانڤانێت کورد، سادق بهاءالدین، ئامێدی، ل٣٠٩).

پەمۆ شیکردۆتەوە. (خانی)، دڵی بەوەندە زانستەی کە لەکوردستانەوە فێری ببوو، ئاوی نەخواردۆتەوەو هەبپای لێکردووەو بەرەو میسر کەوتۆتەڕێ... لەوێ، زانستی خۆی زێتر دەکاتو کەڵکیش لەزانستو ئەدەبیاتی میللەتان وەردەگرێتو دەگەڕێتەوە کوردستانو لەخزمەتی نیشتمانو نەتەوەکەی دەیخاتە کار... بێگومان، چوونە دەرەوەو خۆ رۆشنبیرکردنی، دەورێکی گرنگی هەبووە لەدروستبوونو پێگەیشتنی بیرو بۆچوون... پێموایە؛ چوونە دەرەوەو شارەزا بوونی لەژینگەی دەوروبەرو هەڵسو کەوت کردنی لەناو میللەتان، هۆکارێکی گرنگ بووە، کە خانی لە شاعیرانی پێش خۆی جیا کردۆتەوە... خانی کە سەیر دەکاتو دەبینێت، میللەتانی دنیا، بەزمانی زگماکی خۆیان دەرسو دەور دەکەنەوەو زارۆکی خۆیان فێر دەکەن، ئەویش، لەهزری کۆنی سواو یاخی دەبێو دەڵێ؛

دا خەڵك نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەصڵو بونیاد
ئەنواعی میللەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ دبێ حسێبن
هەم ئەهلێ نەزمر نەبێت کو کورمانج
عشقەك نەکردن ژ بۆ خوە ئامانج
کورمانج نە پڕ دبێ کەمالن
ئەمما دیەتیم و بێ مەجالن.

(مەمو زین- پەروێزی جیهانی، ل ج).

پاش ئەوە، ئیدی لەمزگەوتی (مورادی)، بەکوردی دەرس بەمنداڵان دەڵێتەوە... هەر بەوەندەش ناوەستێو، فەرهەنگێك بەناوی (نەوبەهارا بچوویکان) بەکوردی-

عەرەبی دەنووسیٚ، تاوەکو منداڵانی کورد، فیٚری زمانی عەرەبی بن‌و سوود لەسەرچاوە گەلیٚکی نووسراو بەم زمانە وەربگرن.

هەستی نەتەوایەتی، بەپیٚی چمکە زانستییەکەی، دەگەڕیٚتەوە بۆ سەردەمی بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسا لەساڵی (١٧٨٩)و هاتنە سەر حوکمی چینی بۆرژوازی نیشتمانی. (گرنگی کردارەکەی خانی لەوەدایە کاتیٚك ئەو شیعرانەی گوتووەو دەماری نەتەوایەتی بزووتووە، کە جاریٚ هەستی نەتەوایەتی راستەقینە وەك دەنگدانەوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی زانستیانەی لەسەر ژیٚرخانیٚکی ئابووری گەلی کورد دامەزراو سەری هەڵنەدابوو)[1] واتە، خانی کاتیٚك کە (مەم‌و زین)ەکەی تەواو کردووە، (٩٠-١٠٠) ساڵیٚك، پیٚش ئەم رووداوە میٚژووییە کەوتووەو، بانگەشەی بیرو بۆچوونی نەتەوایەتی، راهیٚشتووە.

بەرهەمیٚکی تری شاعیر، کتیٚبی (عەقیدەی ئیمان)ەو بریتیە لە ریٚو رەسمی ئایینی ئیسلام، بۆیەش ئەم بەرهەمەی بەشیعر هۆنیووەتەوە، تاوەکو نەتەوەی کورد، بەشیٚوەیەکی راست‌و دروست لەئایینی ئیسلام بگەن. لەتەمەنی چل‌و چوار ساڵیشدا، شاکاری پڕ لە بەهای (مەم‌وزین)ی تەواو کرووە، کە خۆی دانی بەم حەقیقەتەدا ناوەو دەڵیٚت؛-

**ئیسال گەهشتە چل و چاران**

**ئیٚ پیٚشڕەویٚ گوناهکاران. . .**

(مەم‌و زین- پەروێزی جیهانی، ل ك).

١-نووسەری کورد، ژمارە (٩)، خوولی دووەم، ل١٥.

خانی، جگە لە (نەوبەهار)و (عەقیدەی ئیمان)و (مەمو زین)، دیوانێکی گەورەی شیعریشی بەزمانی کوردیو فارسی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە[١]. بەڵام مخابن، تائێستاکە شوێنەواری ونە. لەبارەی دیوانە شیعرە چاپنەکراوەکەشی، لەگۆڤاری (مامۆستای کورد)دا هاتووە؛ (ماوەیەك لەمەوبەر دۆستی هێژاو خۆشەویست، کاك رەشاد میران[٢] فلیمی دەستنووسێکی بەدیاری لەسۆڤیەتەوە بۆ هێنام، لێرە — مەبەست لە سوید -ە، فلیمەکەمان شۆردەوەو بەشێوەی وێنەی وێنەی فۆتۆگرافی چاپمان کرد..و شیعرەکانی خانی لەدەستنووسەکەدا بیستو پێنج پارچەن)[٣]. جگە لەم بەرهەمانەی کە باسمان کردن، (باس لەوەش دەکرێ کە دوو بەرهەمی تریشی هەیە بەناوی یوسفو زولێخاو لەیلو مەجنون)[٤].

مخابن، ئەم شاعیرە نەتەوە ویستە، لەتەمەنی (٥٨) ساڵیدا لەساڵی (١٧٠٧-١٧٠٨) کۆچی دوایی دەکاتو لەشاری بایەزید دەنێژرێت، پاش، ئەم دەروازە کورتە، بابگەڕێینەوە سەر کرۆکی مەبەستو، بزانین (وێنەی شیعریی)، چییەو دواتریش، لای خانی چۆن تەوزیف کراوە.

---

١ —ئەلکساندەر شۆدزکۆی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی دەڵێ: (بێجگە لەمەم و زین، دیوانێکی هەبووە بەناوی مەجموعە). بۆ زێتر ڕوونکردنەوە بڕوانە، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٨)، خوولی ڕاپەڕین، ل١٩.

٢ —د.ڕەشاد میران، لەپاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە کوردستانی ئازادو ئێستاکە لەکۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین- مامۆستایە.

٣ —مامۆستای کورد، ژمارە (١١-١٢)، ل٦-٧، (چوار پارچە شیعری ئەحمەدی خانی لەهەمان گۆڤاری ناوبراو بلاّوکراونەتەوە).

٤ —هۆزانڤانێت کورد، سادق بهاءالدین ئامێدی، ل٣٣٩.

شیعر لەسەرەتای کار دابەشبوونەوە، لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، سەریهەڵداوەو شەقڵو سیمای خۆی دیاریکردووە. مرۆڤی ئەوێ ڕۆژێ، کە دەچووە دەشتو دەر، بەنیازی دەستەبەر کردنی بژیوی خۆییو خێزانەکەی، جا چ راوی ئاژەڵو گیانداری کێوی بکردابووایە، یان خەریکی چنینەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی بووایە، کاتێك کە ماندوویەتی بینی دەگرتو بێزاری دەکرد، ئەو کاتە؛ لەبەر خۆیەوە، لەسەر ئاوازێکی نەرمو لەسەرخۆ ئەو شیعرانەی دەکردە گۆرانییەك، کە دەبووە هۆی لەبیر بردنەوەی ماندوویەتیو هێز دانە بەرخۆ...

مرۆڤی سەرەتایی، قۆناغ بەقۆناغ، ژیان پێداویستییەکانی گۆڕاوە، هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانەش، هزرو بۆچوونی لەبارەی، دەوروبەرو، دیاردە سروشتییەکان، گۆڕاوە... شیعریش یەکێك بووە لەو بابەتە گۆڕدراوانە، کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی مرۆڤدا، ئەویش کاژی دامالێوەو کاژێکی نوێتری دەبەرخۆی کردووە... تائێستاکە، لەیۆنانە کۆنەکانەوە دەست پێبکە، تا دەگەیتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، شیعر زۆر پێناسەی کراوەو سەدان جاریش لەقالبی جۆربەجۆر دراوە، بەڵام مەرج نییە ئەو پێناسەو دەقالب دانە پڕ بەپێستی ئەم مەخلوقە سەر سوڕهێنەرەی هزری مرۆڤ بن... لەوانەیە، تاڕادەیەك راستییان پێکابێ، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەم سنوورەی کە مرۆڤی سەراسیمەو ئەلوەدای زێتر فێر بوون، ئیقناع بکەن... هەندێك، کێشو سەرواو ئاوازی مۆسیقییان کردۆتە پێوانەیەك بۆ بەشیعر بوون... هەڵبەتە ئەمەش، لەوانەیە لەسەردەمێکدا سووکە راستییەکی پێکابێ، بەڵام مەرج نییە سەد دەرسەدی راست بوو بێت، ئەمەش بەخەوش ناگەڕێتەوە بۆ سەر پێناسەکارانی، چونکە؛ شیعر خۆی لەخۆیدا هونەرێکی هزری مرۆڤایەتییەو زانستی بیرکاری نییە، کە بواری رادەربڕینی تێدا نەبێت...

راستە، خەستی هزرو دەربڕینی هونەریو کێشو سەرواو مۆسیقاو وێنەو ریتم، هەر یەکێکیان بگری، سیمای تایبەتی شیعرن، بەلاّم ئەو رایانەش تەواو نەگەیشتوونو هێشتاکە هەر کالّن و هەر بەکالّیش دەمێننەوە!! ئێمە پێمان وایە، سەرەڕای بوونی ئەم هەموو ڕەگەزانەش، شیعر لەقالب نادریو هیچ پێناسەیەکیش بەخۆیەوە ناگریّ.. لەم بارەیەوە، هەرچی بگوتریّ هەر کەمەو شتی تری بە بەرەوە دەمێنێت.. هەروەك لەپێشەوە باسی ڕەگەزەکانی شیعرمان کرد کەبریتین لە (کێش، سەروا، مۆسیقا، ڕیتمی ناوەوە، وێنە، خەیالّ، فەنتازیا، زمان، دەربڕین.. تاد). هەر یەکێکیش لەو ڕەگەزانە بگری، بۆ لێتوێژینەوەو ڕۆچوون بەناخیدا، ئاوێکی زۆرمان گەرەکە.. ئێمە، بەپێی ئەو زانیارییە کەمەی کە لەمبارەیەوە هەیتمان و، پشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، لەسەر ڕەگەزێك لەو ڕەگەزانە دەدوێین، کە ئەویش (وێنەیە) یاخود (وێنەی شیعریی)یە.. دواجاریش دەیبەینەوە لای شاعیری گەورەو نەتەوەخوازی کورد (ئەحمەدی خانی).

لەبارەی دوان لەسەر وێنەی شیعرییەوە، گەلێك ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەلاّم هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کەشیعر بەبێ وێنە، گیانێکی بێ نووزیە یان مردووە.. باپێکەوە ئەو ڕایانە دەور بکەینەوە، کە لەبارەی ئەم ڕەگەزە زیندووەوە گوتراون،

**یەکەم:** (گیانی شیعر وێنەیە)[1].

**دووەم:** بافیل کۆرین دەلّێن: (بیرۆکەو وێنە دلّی هونەرن)[2].

١-النقد الأدبي الحديث، د.محمد غنيمى هلال، ص٣٣٤.

٢-الواقيعة الاشتراكية في الادب والفن، محمد مستجير مصطفى، ص٨٩.

**سێیەم:** (جوانی شیعر، لەکێش و ریتم و وێنە خەیاڵییەکەیدایە کە کـار لـەگوێگر دەکات)[1].

**چوارەم:** شاعیری نوێخـوازی عــەرەب (نــازك الملائكــە) دەڵــێ: (نــەبوونی وێنــە لەشیعردا، جوانیو ڕەسەنایەتییەکەی ون دەکات)[2].

**پێنجەم:** (وێنە لەقەسیدەدا، بۆ ئەوە نییە کە قەسیدەکە جوان بێـت، بــەڵکو بــۆ ئەوەیە وێنە بێت لەقەسیدەدا)[3].

مادامەکێ (وێنە) هێندە گرنگ بێت و ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی لەشـیعردا هــەبێت، دەبێ بشزانین (وێنەی شیعریی) چییە؟!

بۆ سەرەدەری کردن لەو ڕەگەزە جەنجاڵە، پەنا دەبەینە بەر ڕاووبۆچـوونی چـەند شاعیرو لێکۆڵەرو ڕەخنە گرێکی شـیعر تـاوەکو بتـوانین مەبەسـتەکانمان -ئەگــەر نەشیپێکین ئەوا نزیکی بکەین لەپێکان-. سەرەتا، (ئەزرا پاوەند)ی شاعیر پێیوایە، (وێنە، تێکەڵ بوونی عەقڵ و سۆزە، لەچرکەیەك لەچرکەکانی ژیاندا)[4]. بەگوێرەی ئەم بۆچوونەی (پاوەند)، وێنەی شیعریی لەحاڵەتی تێکەڵ بـوونی عــەقڵ و سـۆزو خەیاڵدا دروست دەبێت. هەڵبەت ئەوەش دەبێتە، (داهێنانێکی تەواوی بیر)[5].

هەر مرۆڤێك بگری، کاتێك کە دیمەنێك یــان ڕووداوێـك لەدەوروبــەری ژینگــەی خۆیدا دەبینێت، وێنەی ئەو دیمەنەی لەمێشکی دا کۆپی دەبێت، بــەڵام کۆپییــەکی

١ -فلسفة الجمال، د.أميرە حلمي، ص٤٣.
٢ -جريدة (الثورة)، ٦/٣/١٩٩٠.
٣ -الشعر والتجربة، أرشيبالد ملكيش، ص٦٧.
٤ -الحداثة، مالكە براد برى، جيمس ماكفارلن، ص٤٩.
٥ -الشعر العربي المعاصر، قضايا وظواهرە الفنية والمعنوية، د.عزالدين إسماعيل، ص١٣٤.

دەقاو دەقی بێئەسەر. لەوانەیە، پاش ماوەیەك كاڵ ببێتەوەو دواتریش هیچ ئەسەرێكی نەمێنێت. (وێنە لای مرۆڤێكی ئاسایی، دەبیندرێ، هەستی پێدەكرێ، بەڵام هەژان و كڵپەیەكی كاتییەو دادەمركێتەوە)[1].

كەواتە، دەبێت لەلای شاعیران، جۆرە قوولبوونەوەو چڕ بوونەوەیەكی تێدا بەدی بكرێت، تاوەكو لەكۆپییەكی واقیع جیا بكرێتەوەو دەست ڕەنگینیو لێزانینی شاعیرەكەشی پێوە دیار بێت. (هەر چەندە وێنەكان و ساتی هەڵچوونی، پڕ لەڕاچەنینو دابێژرانی شاعیرەكە ڕاست بێت، ئەوەندە ڕەنگی بلیمەتیو لێهاتوویی ئەو شاعیرە دەنوێنێ..)[2]. تەمەنی ئەو ڕەگەزە خەیاڵ ئامێزە ڕەگاژۆیەش، هیچ لەتەمەنی شیعر كەمتر نییەو لەگەڵ ڕەگەزەكانی تر هاوتەمەنن. بەڵام چڕ بوونەوەو كاژ داماڵینی، لەقۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر گۆڕاوە. (وێنە لەشیعردا، شتێكی نوێ نییە، چونكە لەوەتەی شیعر هەیە، وێنەی شیعریش هەر هەبووە، بەڵام لەڕووی بەكارهێنانەوە، لەشاعیرێكەوە بۆ شاعیرێكی تر، یان، لەشیعری كۆن و نوێدا، جیاوازی هەیە)[3].

هەموو لایەكمان ئەو ڕاستییە دەزانین كەشیعر چەمكێكی كۆنینەو لەپێشینەو بەرفرەی ئەوەیە، ئەدەبیش، (ئاوێنەی كۆمەڵە، بۆیە پێویستە، لەڕوانگەی قۆناغە مێژووییەكەیەوە سەیری بكرێت و لێی بكۆڵدرێتەوە،،... ئەگەرنا، بەها كۆمەلایەتییو مێژووییەكەی لەدەست دەدات)[4].

---

١ –ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٧٥)، ل٦١.

٢ –لەبانیژەی شیعرەوە، مەحمود زامدار، ل١٥.

٣ –فن الشعر، د.إحسان عباس، ص٢٣٠.

٤ –الكلاسيكيون الروس والأدب العربي، د.محمد يونس، ص٤٦.

کەرەستەو شێوەو دەربڕین و تیف تیفەکاری، ئەو بابەتانەی کەوێنەیان لێدروستکراوە، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت.. بۆ نموونە، شاعیرە کلاسیکییەکانمان، چاوی خۆشەویستەکانیان بەژێر پیاڵەو، چاوی ئاسك و، ڕەوتییان، بەڕەوتی ئاسك و تاوس و قومری چواندووە.. برژانگی چاو، بە تیر.. زولف و ئەگریجە، بە شەو.. کەزی، بەمارو زنجیرو پێوەند.. لێو، بەلەعل... ددان،. بەسەدەف و مرواری.. کولمە، بەمانگ و ڕۆژ.. چاو، بەئەستێرە.. بەژن و باڵا، بەنەمامی تازە هەڵوو.. و گەلێکی تر..

بەکارهێنان و لێکچواندنی دوو شت بەیەکترو دروستکردنی وێنە بۆ وان، لەوان سەردەمێدا، شتێکی تازەو پڕ لەداهێنان بووە، چونکە بەنیسبەت قۆناغەکەوە، ئەو لێکچواندنانە شتێکی تازە بوونە... بەڵام، ئەگەر شاعیرێکی ئەمڕۆمان بێت و، هەمان کەرەستەو دەربڕین، بەکار بهێنێت و، لەحیم کاریشی بکات، نەك لەوێنە شیعر ناچێت، بەڵکو لەکاوێژکردن بەولاوە، لەهیچ شتێکی تر ناچێت، چونکە ئەو کەرەستانەی بەکاری دەهێنێت، سواون و باویان نەماوە. بۆ نموونە، ئەمڕۆ، (ئەگەر هەر شاعیرێك بۆ تەعبیرکردن لەحاڵەتی دەروونی خۆی، مۆم وەك وێنەیەك بەکاربهێنێت کەئێستاکە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانی، هیچ بەهایەکی نەماوەو کۆن و سواو بووە، ئەوا بە نەنگیەك لەسەری حیساب دەکرێت)[1].

لەدروستکردنی وێنەشدا، چەند شتێکی وەك، (ڕەمزو لێکچوون) دەورێکی چالاك دەبینن، لەگەیاندنی بیروبۆچوونی شاعیر، بەگوێگرو خوێنەر. جارێ بابزانین لێکچوون چییە؟! (لێکچوون کێش کردنی سەرنجە بۆ هەبوونی لێکچوون لەنێوان دوو شتی

---

١-فن الشعر، د.إحسان عباس، ص٢٣٦.

وەك یەكدا، نموونەی، فلان وەك شێر ئازاو بەهێزە.. ئەو كچە وەك ئاسك جوانــە)[1].
هەروەها (هونەری لێكچوون دەستێكی باڵای هەیە لەدەرخستن و ڕازاندنــەوەو وێنــە كێشانی وێنەی شیعریی)[2].
هەڵبەت، وێنەش لەكاتی دروســتبوونیدا، چــەند ڕەگــەزێك هاوكــاری دەكــەن و پێكەوە وێنەیەك دروست دەكەن... بۆ نموونە (گۆران) دەڵێت:

**بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە**

**لەباخچەی بەهار گوڵم چنیووە**

ڕەگەزەكانی ئەم دێرە شیعرە بریتییە لــە، (ئاسمــان، ئەســتێرە، باخــچە، گــوڵ). كەواتە، وێنەی تریش ئا بەم شێوەیە لەچەند ڕەگەزێك دروست دەبێت، بەپێی تەوزیف كردن لەشیعردا، شوێن پێی خۆیان دەكەنەوە.
لەبارەی پێناسەی (ڕەمز)یش، واهاتووە، (شتێكەو تەعبیر لەشتێكی تر دەكــات، ئەویش دوو جۆرە:
١- ڕەمزی كەسی: كەتایبەتە بەخاوەنەكەی.
٢- ڕەمزی ڕەسەن: ڕەمزێكە تەنها لەبواری ئەدەبدا دركی پێدەكرێت)[3].
كاتێك كە بینەر سەردانی پێشانگایەكی تەشكیلی دەكــات، وێنــە دڵگیرەكــان، سەرنجی كێش دەكەن. ئەو -بینەرەكە- زێتر بیری بەلای خولقێنەرەكەی دەچێت نــەك خودی وێنەكە. بــۆ گــوێگرتن و خوێندنــەوەی شــیعریش، هــەمان شــێوەی هەیــە. (چۆنیەتی داڕشتنی وێنەو بەكارهێنانی، زیاتر، داڕێژەری وێنەكــەمان پێدەناســێنێ،

---

١-النقد التطبيقي التحليلي، د.عدنان خالد عبدالله، ص٣١.
٢-كاروان، ژمارە (٤٩)، ل٢٥.
٣-النقد التطبيقي التحليلي، د.عدنان خالد عبدالله، ص٣٣.

لەو شتەی کە وێنەکەی کێشراوە)[1]. کەواتە، دەست ڕەنگینی شاعیر لەوەدا دەردەکەوێت کەبیر لەخولقێنەرەکەی دەکرێتەوە نەك لەخولقێنراوەکە. لەڕووی دابەشبوون و پۆلین کردنیشەوە، وێنەی شیعریی دەکرێت بەدوو بەشەوە:

**یەکەم:** وێنەی مەجازی -خوازە- یان، (**ذهني**).

**دووەم:** وێنەی هەستپێکراو یان بەرجەستە.

سەرەتا، (ئەرستۆتالیس) دەڵێ، (مەجاز گواستنەوەی ناوێکە کەدەلالەت لەشتێك دەکات بۆ شتێکی تر.. ئەم گوازتنەوەیەش لەڕەگەزەوە بۆ جۆریان، بەپێچەوانەوە دەبێت[2] و هەستێکی بینراویشە، شاعیر لەڕێگای وشەوە دەیگوازێتەوەو، بەپێنج هەستەکە، درکی پێ دەکەین)[3].

دیارە نەبوونی (مەجاز)یش، کەلەبەرێکی گەورەو زل دەخاتە گیانی شیعرەوە، ئەگەر وانەبێت، بەلاش نەگوتراوە، (شیعر بێ مەجاز دەبێتە بارستاییەکی ڕەق و تەق)[4].

وێنەی (هەستی)، یان بەرجەستەش، برتییە لەو وێنانەی کە قەبارەو بارستاییان لەبۆشاییدا هەیەو شوێنێکی دیاریکراو پڕ دەکەنەوە. ئەوانەش لەڕێگای هەر پێنج هەستەکەی مرۆڤەوە درکیان پێدەکرێت و (دروستکردنی وێنە هەستییەکان، تۆمارێکی فۆتۆگرافی سروشت و لاسایی کردنەوەی نییە. ڕاستە، شاعیر لەڕێگای هەستەوە دەچێتە ناخی سروشت و دیمەنێکی سەرنجکێشی لێوەردەگرێ، بەلاّم وەك

---

١ -الأسطورة والرمز، ترجمة، جبرا إبراهيم جبرا، ص٢١٥.

٢ -النقد الأدبي الحديث، د.محمد غنيمي الهلال، ص١٢٢.

٣ -النقد التطبيقي التحليلي، د.عدنان خالد عبدالله، ص٢٩.

٤ -دير الملاك- دراسة نقدية للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر، ص٢٢١.

چۆنە، وای وەرناگریّ، بەڵكو گـۆڕانی بەسـەردا دێنێـت و دەیكاتـە دروسـتكراوی خۆی)[1]. بەواتایەكی تر، شاعیر ئەم دیمەنە بەرچاوانە دەگوازێتەوە مێشكی خـۆیو لەویّ ڕتوشیان دەكات و سووكە گۆڕانێكی چۆنایەتییان بەسـەردا دێنێـت، تـاوەكو كەدەری بڕی، خوێنەر، واهەست نەكات كۆپییەكی تەواوی سروشتە.

تائێرە، دەربارەی ئەم پێناسەو گرنگییە، با بەس بێت و بابگەڕێینەوە سەر كرۆكی باس و مەبەستەكەمان.. بابزانین (ئەحمەدی خانی)، چۆن مامەڵەی لەتەك (وێنەی شیعریی)دا كردووەو كردوویەتی بە چ خشتێك لەبینای شیعرەكانیدا.

# چەند وێنەیەك

## ( وێنەی شیعریی ) لەشیعرەكانی ( خانی )دا

(خانی)، ئاونگی بـەیانیانی سـەر گـوڵ و گـوڵزاری بـەهارانی، بەفرمێـسكی سەركوڵمەی خۆشەویستەكەی، چواندووە، كاتیّ كە دەڵیّ:

صور گول بگرین ب ئەشكیّ شەبنەم
بلبل بکەنن لەڕەغمیّ هەمدەم
ساقی بدە من شەرابیّ گولگون
بیّ دەنگی دەف و صەدایّ قانون..

(مەم و زین، هەژار، ل٢٩)

١-الصورة في الشعر العربي حتى آخر القرن الثاني الهجري دراسة في أصـولها وتطورهـا، د.علـى البطل، ص٣١.

شاعیر، دڵی مرۆڤی عاشق و سەراسیمەو بەخەم، بەخونچەیەکی تازە چاو هەڵهێناو دەچوێنی، (مەم و تاجدین) کە هەردووکیان عاشقی (زین و ستی)ن، لەچاوەڕوانی دلبەرەکانیاندا، سەریان داخستووەو خەریکی ڕامان و تێفکرینن، ئاخۆ کەی بەخۆشەویستەکانیان دەگەن، لەمبارەیەوە شاعیر گوتوویەتی:

**ئەو هەردو نیهالێ عەر عەرا شەنگ**

**رونیشتی میثالێ غونچە دلْ تەنگ**

**چڤیایی ب فکرو سەر نشێڤی**

**هەر لەحظە ژ دایەیی بهێڤی.**

(مەم و زین- هەژار، ل٧١).

کاتێك کە بەهار دێت و، کەش و هەوا دەگۆڕێت و، زەمینەی سەیران و گەشتوگوزار، دەڕەخسێ، زەمین دەڕازێتەوەو، کچی شۆخ و شەنگ و بەژن زراڤ، لەگەڵ کوڕانی چاپوك و مێرخاس، لەڕۆژی جەژن و گۆڤەنددا، لەگەڕی دیلانێدا، تێك دەئاڵێن و دەکەونە دونیایەکی پڕ خەیاڵ و ئەندێشە.. (خانی)، ڕەشبەڵەکی بەدەریایەکی پڕ شەپۆڵ و بەهاژە هاژ دەچوێنێ.. تێکچڕژان و تێکەڵبوونیان بەشەپۆڵەکانی دەریایەکی سەرشێت و کەفچڕین لەقەڵەم دەدات و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| **نە دهاتە تەعەققول ئەڤ جیهازە** | **نەدبون موتەحەممیل ئەو جەمازە** |
| **ڤێ دەبدەبەیێ وەکرنە شایق** | **بۆ زەلزەلە ڕاکرن خەلایق** |
| **شەهری ژ موذەککەرو موئەنەث** | **فیلجوملە، موزەیین و مولەببەس** |
| **تەشبیه ب بەحرێ پڕ تەمەووج** | **جونبوش دکرن، غەرەض تەفەڕڕج** |

(مەم و زین- هەژار، ل٨٢)

(بەکری مەرگەوەڕ)، کە ببووە دڕکی نێوان مەمو زین، ئاستەنگ لەڕێگای بەیەکگەیشتنیان، لەم بارەیەوە (تاجدین)ی دەستەبرای (مەم) بە میر دەڵێ: ئەو بەکرە هێندە سپڵەو دەم هەراشە، شایانی ئەوە نییە بکرێتە پاسەوان و دەرگاوانی تۆ، چونکە ئەو هێندە بێ وەفایە، جێگای متمانەو پشت پێبەستن نییە، هەر ڕۆژێك بۆی هەڵبکەوێ پشت لەتەخت و کۆشکی میر دەکات..

سەگ، لەئەدەبیاتی کۆندا بەپاسەوانێکی بەوەفاو دڵسۆز باسکراوە، ئەم بۆچوونە بەتەواوی لەداستان و سەرچاوە ئاینییەکانیشدا، ڕەنگڕێژ کراوە.. تاجدین دەڵێ، هەرچەندە سەگ و دەرگاوان، لەڕووی ئەرك و فرمانەوە لەیەکدەچن، بەڵام ڕەوا نییە (بەکر) بەسەگ بچوێنی، چونکە سەگ گەلەك لەوی پێشووتر، لەڕووی وەفاو ئەمەکەوە، دڵسۆزترە. ئەوەتا دەڵێ:

**هەرچەند صەوو، دەرگەڤان برانە ئەکثەر صەب میهرو با وەفانە**

**ئەڤ ڕەنگەهە میر دگۆتە تاجدین: فعلێ د بەکـــر مەگەر نزانین**

(مەم و زین- هەژار، ل٩٧)

(خانی)، لەدێڕە شیعرێکی تردا، بەهەردوو دیوەکە، -چاك و خراپ، ڕووناکیو ماڵوێرانی- ئاگرمان نیشاندەدات.. دیوێکی ڕووناکیو ئاسوودەییو پیرۆزییە، دیوەکەی تریشی سووتان و ماڵوێرانیە.. حاکم و دەست ڕۆیشتوو و کار بەدەستانی، بەئاگر چواندووە.. ئەگەر هاتوو حاکمێکی چاك و دادپەروەر بوو، ئەوا وەك تیشکی چرا دەبێتە هۆی ڕووناك کردنەوەی هەموو کەلەبەرو سوچە تاریکەکان.. لەبەرامبەر ناحەزو دوژمنانیشدا، ڕق و قینی کڵپە دەستێنیو دارو بەردی نیشتمان، لەژێر پێی سپڵەو ناحەزاندا، دەکاتە ئاگرو دۆزەخ، کە مەحاڵ بێت دوژمنان بتوانن لێی دەربازبن.. شاعیر لەمبارەیەوە دەڵێ:

حوككام ب باطن و ب ظاهـر | بێ شبهە موشابهن ب ئاگر
ظاهــــر دسپاهیو ب نورن | باطن ژ مودارەییێ د دورن
ڕەحمێ کو دکن ژ ڕەنگێ ڕۆژن | قەهرێ کو دکن جیهان دسوژن

(مەم و زین- هەژار، ل١٠٠)

(مەم) لەدانیشتنێکیدا لەگەڵ (زین)ی دلبەریدا، دێتە گۆو دەڵێ: ئەو زولـف و ئەگریجە خاوەت بکەوە، با بەسەر ئـەو چاوانەی مـانگ ئاسـات، بێتـە خـواریو، پەرێشان بێت، تاوەکو سەدانی وەك (بیلالی حەبەشی)، شـێت و سەوداسـەر بێـت و لەدین وەرگەڕێت.. ئەو قژە خاوە ئاوریشماوییەت، پەرێـشان بکـە، تـاوەکو کەعبـە بەهۆی هەوری زولفت سیاپۆش بێت.. شاعیر لێرەدا، زێتر مەبەستی بەردە ڕەشەکەی کەعەبەیە.. ڕووی یارەکەی بەکەعبە چواندووە بەنیسبەت خۆی، بە تایبەتیش کاتێك کە زولف و ئەگریجەی بەسەردا دێتە خوارێ..

بسکان بوەرینە سـەر هیلالان | سـەوداکە د بـەککەیی بیـلالان
دیسان بکە خەمری یان قەدەح نۆش | جەعدان ڤەکە، کەعەبە بت سیەهپۆش

(مەم و زین- هەژار، ل١٠٢)

(مەم)ی سەوداسەرو دڵ پڕ لەکۆڤان لەگەڵ (مۆم)ی هاودەردو هاوڕازی دێتە گۆو پێی دەڵێ:

دەردێ من و تە ژیەك ب فەرقـە | ئەو فەرقە ژ غەربێ تا بشـەرقە
مەشریق تویی، ئاگرێ تە ظاهیر | مەغریب ئەزو، باطنـێ من ئاگر

(مەم و زین- هەژار، ١٠٧)

واتە، دەردو خەمی من و تۆ لەیەکتر جیاوازە، تۆ وەك ڕۆژ وای لەحاڵەتی کازیوەو دەمەو بەیاندا، ڕووناکیو ئاگری تۆ بەئاشکرا، لەدوورەوە دیارە.. بەڵام، دڵ و دەروونی

من لەڕۆژ دەچێت لەحاڵەتی ئاوابووندا.. تـۆ لەخەڵکـەوە دیـاری.. بـەڵام ئـەز بـە تەنهاییی‌و لەدەروونی خۆمـدا دەسـووتێم و، بـەخۆم ئاگـام لـەدەردی خۆمـە ئـەی هاودەردم.. هەرچەندە شەو بێداری، بەڵام خـۆ ڕۆژ دەحەسـێییەوە، چـونکە خـەڵکی پێویستییان بەسووتانی تۆ نییە... بەڵام من، بەیانی‌و ئێوارە، شـەوو ڕۆژ، مـانگ و ساڵم نییەو هەموو ئان و ساتێك هەر لەسووتاندام.. سووتانێکی پڕ لەنهێنی... تۆ،

**هەرچەندی ب شەڤ دەمینیٚ بێـدار صوبحان دنڤی حەتا ڤ ئێڤار**

**ئێڤارو سەحەر ب ڕۆژ، ئەگەر شەڤ ئەز هەر دسۆژم‌و ساڵ سەر هەڤ..**

(مەم و زین- هەژار، ل۱۰۷)

پەپوولـە هـەردەم لـەدەوری ئـاگردا دەسـووڕێتەوە، پـەڕو بـاڵی هەڵـدەکروزێ، هاوەڵەکانی شەهید دەبن، هەر لەپێناو ئەوەی، ئەگەر بۆ ماوەی یەك چرکەش بێت، تیشکی گەشی چرا، ماچ بکەن... مەم لەگەڵ پەپوولە دێتـە دوان و، بـە بولبـولی باخچەی سووتانی دەچووێنێ.. خانی، ئەو چـرایە بـە باخـچەو پەپوولـەکانی دەورو پشتیشی بە بوولبول دەچوێنێ.. هەڵبەتە، چارەنووسی بوولبولـەکانی باخـچەیەکی ئاوەهاش ڕوون و ئاشکرایە.. خانی دەڵێ:

**پەروانە دکر، ب ئاگریٚ غـەم پەروانە، دکر ژ بو خوە هەمدەم**

**کەی طاتیریٚ ئاشیانیٚ فیرقەت وەی بلبلیٚ بوسـتانیٚ حیرقەت..**

(مەم و زین- هەژار، ل۱۰۸)

شاعیر لەدێرە شـیعرێکی تـردا، تەمـەنی مـرۆڤ بـەنارنج و لیمـۆ دەچـوێنێ.. لەسەرەتادا کاڵەو دواتر تەواو پێدەگات و دەگاتە حەددو سەدی لێکردنـەوە، ئەگـەر لێنەکرایەوە، ئەوا دەڕزێ‌و تام و بـۆی نـامێنێ‌و کـاتی بەسـەر دەچـێت.. شـاعیر، خۆشەویستی زین بەنارنجێکی تەواو گەیشتووی باخی میر دەچوێنێ... بەواتایەکی تر،

زین چ لەڕووی تەمەن چ لەڕووی کامیل بـوون و پێگەیـشتنی ئەڤینەکـەی، کـاتی ئەوەی هاتووە بەشوو بدرێت و بەرێی خۆیدا بڕوات.. ئەوەتا دەڵێت:

**باغەك وەهەبو ئـــەمیر زەینەدین        باغی ئیرەمێ دچو ب مزگین**
**هەر دەوحە ژوی یو هەر طیورەك        یەك قەصر، ژ جەننەتێو، حورەك**
**نارنج و تورونج شـــــبهێ زینێ        زەر بوێی ل عیللەتا ئەڤینێ...**

(مەم و زین- هەژار، ل١٢٤)

(زین)، لەعەشقی دووریو بێئارامیدا، لەناو باغەکـەی خۆیانـدا، دڵ بەخـەم و حەسرەت، دەسووڕێتەوەو، سەیری گوڵان دەکات و، تێیانڕادەمێنێ.. ڕەنگی گوڵی زەرد هەر زەردە، بەڵام زین، گوڵی زەرد بەهاودەردی خۆی دەزانێت و پێی دەڵێـت، دیـارە تۆش وەکو من سەوداسەریو عاشقی، بۆیە ڕەنگت وەك زێڕ زەرد بووە.. من عاشـقی (مەم) و تۆش عاشقی بولبولی خانەوێرانی... هەردووکمان لەبەر باری قورسی خەمو برینان و نەگەیشتن بە دلارامەکانمان، زەرد هەڵگەڕاوین.. هاوڕازەکەم:

**کەی شبهەتێ عاشقان دیگەرگون        وەی شبهەتێ من زویرو زەرگون**
**بەرگێ د وە صەدنـە ئەو هەزارن        هون بۆچی زەرن ضەعیف و ژارن؟**
**یان شبهەتێ من دبێ مەمـن هون        لەورا وەکی من د پڕ غەمن هون**
**بلبل ب گولێ دصۆرە مەشـــغول        هون مابیینە شبهێ من د مەعزول.**

(مەم و زین- هەژار، ل١٢٨)

لەشوێنێکی تردا، مەم حالەتی پڕ لەنیگەرانی دەروونی خۆی، بە شـەپۆلەکانی ڕووباری دیجلە دەشوبهێنیو، تابلۆیەکی پڕ لەوێنەی قەشەنگ، دروست دەکات و دڵی خۆی پێدەداتەوە.. (مەم) ڕوو لەم ڕووبارە دەکات و پێی دەڵێ:

کەی شبهەتی ئەشکی من ڕەوانە　　　بێ صەبرو، سکونێ عاشقانە
بێ صەبرو قەرارو بێ سـکونی　　　یان شبهەتێ من تو ژی جنونی؟

(مەم و زین- هەژار، ل١١٢)

واتە، ئەی ئەو ڕووبارەی وەکو ڕۆندکی هەردوو چاوی من ڕوون و ڕەوانـی، دیـارە تۆش وەکو منی عاشق بێ سەبرو ئارامیت، یان وەك من شێت و سەوداسەری؟!

(بەکری مەرگەوەڕ)، کاتێك کە مەم و زین لـەناو باخـدا بەیەکـەوە دەبینێـت، یەکسەر وەك تەتەرێکی خۆشبەز ئەم هەواڵە بەمیر ڕادەگەیەنی‌و پێی دەڵێت، میرم، میرو پادشا وەك ماری ژەهردار وان، کەیفییان لێ بێت بەخـەڵك وە دەدەن و لـەناوی دەبەن.. ئەگەر بشخوازن دڵ پڕ لەمیهرو بەزەیی بـن، ئـەوا سـۆزو بـەزەیی بەسـەر خەڵکدا، دەبەخشتەوە:

حوککام ل جنسێ شاه مارن　　　ئەصحابێ سموم و، موهرەدارن

(مەم و زین- هەژار، ل١٤٢)

پاش گەیاندنی هەواڵی مەم و زین پێکەوە دیتن لەلایەن (بەکری مەرگـەوەڕ)ەوە، میر، زۆر تووڕە دەبێت و، مشوری ئەوە دەخوات، کە بەهەر شێوەیەك بێت، بـەیانی یاری شەترەنج لەگەڵ (مەم) بکات و، وای لێبکـات، ڕازەکـانی دڵـی بـۆ ئاشـکرا بکات.. میر، ئەمشەوە، وێنەی شێرێکی بریندار خـەو نەدەچـووە چـاوی‌و لـەهاتوو چۆکردندا بوو.. وەك ئاوێکی سەر هەڵگرتوو، ڕاوەستانی نەدەزانی.. هەڵبەتە، ئـاوی ڕانەوەستاویش، گوزارە لەحاڵەتی دەروونی شڵەژاوو پڕ لەنیگەرانی مرۆڤ، دەکـات... خانی، لێرەدا، میر بەشێرێك دەچوێنێ کە سەردەمانێك خاوەن حوکم و شای دارستان بووە، کەچی ئەمرۆ لەپەل و بۆ کەوتووەو، ناتوانێت حوکمی خۆی بکات... وەستایانە هاوکێشەیەکی دروست کردووەو، هێزو توانـای مـیرو لێکـەوتنی، بـەهێزو توانـای شێرێکی بریندار چواندووە

**میرێ کــو ژ غیرەتێ دلە فگار          شێرێ ژ حەمی بیەتێ بریندار**
**حەتتا صبە خەو نەهاتە چاڤان          ساکین نەد بو، ژڕەنگێ ئاڤان**

(مەم و زین- هەژار، ل١٤٣)

پاش ئەوەی میر، بەخۆشەویستی نێوان (مەم و زین) دەزانێت، دەکەوێتە ئازاردانی (مەم). مەم وەك عاشقێکی ڕاستگۆو سەر ڕاست، سوێند بەهــەردوو ئــەبرۆی زیــن دەخوات و بەڵێنیش بەچاوانی دەدات، کەهەتا تــەڕایی لەگیانــدا مابێــت و گیــان لەبەریدا، بێت و بچێت، سۆزو ئەڤینی (زین)، لەدڵ دەرنەکات و گیانی ئەو لەگیانی خۆی بشارێتەوە، ئەگەر ببێتە مایەی لەناو چوونیشی....

جاران، لەکاتی نووسیندا، پیتی (ن) یان سەرەو خــوارو دەنووســیو شــێوەکەی، لەشێوەی (برۆ) دەچوو.. جا (مەم) هاتووەو برۆی وەك کەوانی (زین)ی بــەپیتی (ن) چواندووەو دەڵێ:

**صەد جاری قەسەم بەهەردو نونـان          عەهدا من ئەوە دگەل عیونـان**
**حـــەتا رەقەمـــەك دبت ژ جانی          جانا تو د جانی دا نیهانی**

(مەم و زین- هەژار، ل١٤٩)

(خانی)، وەك مەلایەکی لێزان و شارەزا لەقورئان و فــەرموودەکانی پێغەمبــەر، لێزانانە، دەیان ئایاتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری، تێهەڵکێــشی شــیعرەکانی کردووەو بیرو بۆچوونی خۆی پێ موتربە کردووە.. ئەوەتا، سوودی لــەو فەرموودەیــە وەرگرتووە کە دەڵێت، (الدنیا سجن المؤمنین و جنة الکافرین). واتە، دنیــا زینــدانی ئیمانداران و بەهەشتی کافرانە.

**لەو ڕا ژ دەڤێ نەبی یێ مورسەل          بو ئەڤ خەبەرە صەحیح و مورسەل**
**دونیـــا کـــو بەهەشتێ کافرانە          مـــەئوایـــێ بـــەلایێ موئمینانە**

(مەم و زین- هەژار، ل١٤٩)

کاتێك کەمیر فەرمانی زیندانی کردنی (مەم) دەدات، (زین) هێندە خەم دەخوات و ئەو باخ و کۆشك و تەلارەی ماڵی باوکی لێدەبێتەوە دۆزەخ.. کە بەیانیان دێتە ناو باخ، لەجیاتی ڕەواندنەوەی خەم، بارستایی ئازارو کۆڤانەکانی زێتر دەبێت و هێندە بێ هێزو لاواز دەبێت، ئەو بەژن و بالاَ زراڤەی وەك تاڵە موویەکی باریك لێدێت..

هەر لەهەمان شیعردا، خانی، خودی خۆی لەبەرامبەر کردگاردا، بەشەرمەزارو بەندەیەکی خراپی بەدکردار دەزانیو وجودی خۆی بەتاڵە موویەکی باریك و سیس دەزانێت..

**ئەز هەتگەهـ و شەهنشین و ئەیوان** — **لێ بونە حەصارو حەبس و زیندان**
**هندی وەکو شەربەت و طەعام بـو** — **گۆیا کو ل وی هەمی حەرام بـو**
**جانێ نەدکر چـو خواب و راحـەت** — **جیسمێ نە ددی چو تاب و تاقەت**
**ئەو ڕەنگـە ضەعیف و ژار بو بو** — **گۆیا کـو ب جیسمێ طایێ موبو**
**ئەو مو گـەڕی یا ژ زەعفـەرانی** — **تەشبیە ب رەنگ و ڕویێ (خـانی)**

(مەم و زین- هەژار، ل١٥٢)

لەشیعردا، بەشێوەیەکی لەبارو گونجاو مامەڵە لەگەڵ وەرزەکانی ساڵدا کراوە.. بەهار بەهەڕەتی گەنجیو، هاوین بەپێگەیشتن و، پایز بەپیریو داتەپین و، زستان بەخۆ گرمۆڵە کردن و چوونە ناو قاوغی سڕبوون، چوێندراوە. خانی، وەك شاعیرێکی لێزان، مامەڵەی دەگەڵ هەردوو وەرزی (بەهار و پایز) کردووە، کە هەردووکیان دژ بەیەك و تەریین و لەهیچ هەوارێکدا بەیەك ناگەن.

کاتێك کە مەم لەبەندێتی دا دەناڵێنیو ئاه و حەسرەتی زیندان هەڵدەکێشێ، (زین)یش وەك عاشقێکی سەر ڕاست و سەراسیمە، هەواڵی دەپرسێ، کلپـەو سۆزی

ئەڤینی خۆی بۆ دەردەبڕێت. (زین) لەگەڵ جەسەدو گیانی خۆی دێتە دوان و پێیان دەڵێ: توخوا بڕۆنە زیندان و هەواڵی (مەم) بپرسن و بزانن، ئایا لەمن زویرە، یان هەر دۆستە جانی بەجانییەکەی جارانە؟! بزانن، وەرزی باغی مەم هەر بەهارە، یا نەخۆ پایز لێیداوەو تووشی گەڵا ڕێزان بووە؟! خانی وەك سنعەتکارێکی دەست ڕەنگین، توانیوویەتی وشەو ڕەمزەکان، بەشێوەیەکی گونجاو لەبۆتەی ئەم چەند دێرە شیعرەدا، تەوزیف بکات:

**هون هەردو هەرن مەمێ ببینن — لێ یەك خەبەرێ ژ بۆمە بینن**
**ئەی دل تو کو لێ دکی سەلامێ — زوبینەڤە بۆ مەڕا پەیامێ**
**کانێ ب چحالە ئەو گرفتار — دانین چخەیالە ئەو دل ئەفگار**
**کانێ لەمە ئاشە یانە زیزە — باغێ وی بوهارە یا پەییزە؟!**

(مەم و زین- هەژار، ل١٥٤)

لەشوێنێکی تردا، زین خۆزگە دەخوازێ کەمیر غەزەب لەویش بگرێو بیئاخنیتە کونجی زیندان، چونکە لای ئەو، کۆشك و حەرەم سەرا، بەندیخانەو زیندان، بەهەشتە!! چونکە، بە (مەم)ی خۆشەویستی دەگات و ئەگەر ژینێکی کورتیش بەسەر بەرن، مردن هەقە چونکە بە بەختەوەری دەمرن.

خانی لەم شیعرەدا، دوو حاڵەتی دژ بەیەکی دروست کردووە، ژینی سەر دونیایێ بەبێ بەختەوەری یەکسانە بەدۆزەخ.

بەختەوەر بوون + قەناعەت + زیندان= بەهەشت- کەواتە، بەهەشتی زین، کاتێك بەهەشتە کە لەگەڵ مەم دا بێت- ئەوەتانێ لەتاو ئەڤینێکی پاك و ئەزەلییانە، هەموو کۆت و پێوەندێکی کۆمەڵایەتی دەپچڕێنێو، یەك بەدەنگی هاوار دەکات و دەڵێ:

ئەیوان ل مە بوویــــە داریٚ میحنەت        زیندان ب مەبوویە باغیٚ جەننەت
خـــوە زیا کو ل من غەضەب کرا میر        مانەندیٚ مەمیٚ ب غولل و زنجیر
ئـــەز ژی بشـــــەهاندما وی چالیٚ        ڕۆژەك ڤەکەتان ل مـــن ژ سالیٚ
جـــارەك بـدیا مــــن ئەو گرفتار        دەرمـــان بکرا مـن ئەو بریندار
عومریٚ من ئەگەرچی یەك ڕەمەق بو        حەقتقـــا کو مرن ژ بۆمە حەق بو

(مەم و زین- هەژار، ل١٥٤)

شاعیرانی کلاسیك جەنگ و ئاشووب و شەڕیان بەئاش (ئاسیاو) چواندووە. ئـەو لەبری دانەوێڵەو گەنم و جۆ سەری مرۆڤ دەهاڕی.. کەواتە جەنگ و ئاشووب یەکسانە بەئاش.. کەللە سەری مرۆڤ یەکسانە بە دانەوێڵە. خانی لەلێکچواندنی ئەو دوووێنە زینـدووە، سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوەو، توانیوویـەتی قەناعـەت بەڕاسـتی بۆچوونەکانی لای کەسی دووەم دروست بکات. لەم حاڵەتەدا، دەتوانین بڵێین، (ئـەو شاعیرانەی کە هەر تەنها بۆ خودی خۆیان، مامەڵە لەگەڵ وێنەدا دەکەن، ناتوانن ئیقناعمان بکەن، چونکە لۆژیکی بیرییان تێدا نییە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانن کار لەهۆکارەکانی بەرەو ئیقناع بوون بکەن).[1].

کاتێك کە (مەم) لەزیندان دایە، (تاجدین)ی بـرادەری لـەبرا زیـاتری، خـەڵك کۆدەکاتەوەو هانیان دەدات، کەتێکڕا بچنە لای میرو بەئاشتی داوای بەردانی (مەم) بکەن... خۆ ئەگەر، داواکەی جێبەجیٚ نەکردن، ئەوا جەنگێك بەرپا بکەن لەنموونەی ئاش بێت، لەجیاتی دانەوێڵە کەللەسەر بهاڕێت.

---

١-فن الشعر، د.إحسان عباس، ص٢٣١.

**میر ئەرژویرا بکەت تەعەحصوب    رابت ل مە ئەو بکەت تەغەللوب**

**ئاشــی ئەجـــەلێ وسا بگێڕین    تەشبیهێ حەبان سەران بهێڕین**

(مەم و زین- هەژار، ل١٥٦)

(تاجدین)، بەهۆی قاصد بەمیر دەڵـێ، ساڵێکی تـەواوە بـێ سـوچ و گونـاه، (مەم)ت زیندانی کردووە.. تاوانی (مەم) هەر ئەوەندەیە کە عاشقە، دیـارە نـازانی عاشـقان لەپلـەی پادشـان!! جاچـۆن دەبێـت تـۆ حـوکمی پادشـایان بکـەیت و چارەنووسییان بەم دەردە ببەیت؟! جاران ئێمە چوار برا بـووین... بـۆ تـۆ ببووینـە دیوارێکی سێ ڕیزی پتەوی لەشکان نەهاتوو... خۆشیو بەختەوەری تۆ لەم بنەوانەوە سەرچاوەی دەگرت.

لێکچواندنی دیواری سێ ڕیز، بەپشت و پەنا هێز، یان عاشق بەپادشاه، خـۆی لەخۆیدا، وێنەیەکی شیعریی سەرکەوتووە، نەك هەر بـۆ ئـەوێ ڕۆژێ، بـەڵکو بـۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان گوڕو تینی جارانی هەرماوە

**مەم گەرچی کـوزێدە پڕ گوناهە    لێ عاشـــقە، عیشق پادشاهە**

**حوکمێ تـــو مەکە ل پادشاهان    ظولمێ تـــو مەکە ل بێ گوناهان**

**ئەم هێڤی دکەن مەمێ ڕەهاکەت    دمردێ د دلێ مەمـــێ دەواکـــەت**

**ئـــــەم چا برانە: چار دیوار    ئەرکانێ سەعادەتا وی هەر چار**

(مەم و زین- هەژار، ل١٥٩)

کاتێك کە (مەم) گیان لەدەست دەدات و بۆ دواجار چاوەکانی لێکـدەنێ، زینـی خۆشەویستی هێندە بەتاووسۆز بۆی دەگری، مەگەر هەر خانی بلیمەت بتوانێت ئەم دیمەنە وەسف بکات.. دیمەنێکی وای لەچەندان وێنەی ڕەنگـاو ڕەنـگ خولقانـدووە، مـەگەر هەر شایانی قەڵەمی دەست و پەنجەی خـانی بێـت.. زیـن، لەسـەر گـۆڕی

خۆشەویستە بەئاکام نەگەیشتووەکەی وەك داری سەروو سێبەری کردو دایە هاڕژنی گریان.. دادو فیغانی، لەناڵە ناڵی هەوری نیسان دەچوو.. فرمێسکەکانی، لەتاوە بارانی نێرینەی بەهار کەخاکی سەر گۆڕی مەمی تێر ئاو دەکرد... ئەو فرمێسکە گەش و ڕوونانەی کە لەدانە مرواری دەچوون، هەر دانەیەکی هێندە درشت بوون، دەبوون بە دە دانە..

لەمبارەیەوە، خانی وێنەکان دەکاتە زنجیرێکی ڕێزبەندو دەڵێ:

**زین هات و ب قامەتا صنەوبەر بو سەرو، ل سەر وی سایە گوستەر**

**بێ پەردە میثالێ نەی دنالی هێستر دەوەرین، عەلەتنەوالی**

**عەینی تە دگۆ دفەصلێ نیسان دەریا ڕژیا ژ عەورێ دیسان**

**باران کو ل توربەیێ دباری هەر دانە دبونە دەه مرواری**

(مەم و زین- هەژار، ل١٨٩)

پاش بەئاکام نەگەیشتن، ئەم دوو ئەڤیندارە لەسەر دونیایی پڕ لەئاشووب، لەسەر گۆڕەکانیان دوو دارسنۆبەری بەرزو باریك ڕوان، بەلاّم لەوێشدا، (بەکری مەرگەوەڕ) لێیان نەگەڕا بەئاسوودەیی دەست لەملی یەکتر بکەن و قەد لەقەدی یەکتر بئاڵێنن، بەڵکو، بووە دڕکێك لەنێوان هەردوولایان و، بەقەد هەردووکیان بالاّی کرد... خانی شاعیر، سوودی لەم وێنە باوەی کەلەپووری کوردی وەرگرتووەو، دووبارە لەم شیعرەدا تەوزیفی کردووە کە دەڵێ:

**یەعنی کو ل سەر مەمێ و زینێ شین بوو ژ زیراعەتا ئەڤینێ**

**رسکین دو عەدەد نیهالێ سەرکەش ڕابون ب هەوا وە هەردو سەرخوەش**

**یەك سەروێ سەهی یو، یەك صنەوبەر سەر سەبزو لەتیف و سایە گوستەر**

**وان دەست دگەردنێ دیەکرا قەددا خوە درێژ کرن ب یەك ڕا**

شین بو ژ ئەوی بەری ژخێریٚ دارەك ل قیافەتـــا كنێریٚ
ئـــەو دار ژ ڕاحەتیٚ بەری بو مانەندیٚ خودانی ب ستری بو.

(مەم و زین- هەژار، ل١٩٥)

خانی، پاش ئەوەی لەنووسـینی ئـەم شـاكارە دەبێتـەوەو هـەقی تـەواوی خـۆی پێدەدات‌و ڕوو لەقەڵەمەكەی خۆی دەكات و دەڵێ: چیتر درێژ دادرِی مەكە، چونكە هەر شتێك كە لەپێویست زیاد بوو، تام و بۆی نامێنێت.. ئەو پێی وایە، قسەو وشە ئەگەر لەسنووری خۆی دەرچوو، با گەوهەریش بێت، نرخ و بەهای خۆی وون دەكات. شاعیر پەیڤ و گوفتاری بەدوڕو زێـڕو گەوهــەر چـواندووە، ئەگـەر زۆر بــوو، ئــەوا لەبەهایان دادەشكێنیٚ:

هەر چەندی كەلام شبهیٚ دوڕ بت بیٚ قەدر دبت، دەما كوپڕ بت
نابینـــی ب قیمـەتن جەواهیر لــەوڕاكــو دهندكن، دنادیر

(مەم و زین- هەژار، ل٢١٤)

## دوماهی

دوای ئەوەی كەزۆر بەكورتی باسی سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانە شیعرییەمان كرد، كەخانی یەكێك بووە لەفەقێیە بلیمەتەكانی... دواتـریش باســی وێنــەی شـیعریی‌و ڕەنگدانەوەی لای خانی.. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بڵێم، كە ئەو باسەی من، وەك سەرە قەڵەمێك وایە، بۆچوونە ناو بابەتێكی زل و فراوانی پڕ بەها.. ئەم لایەنەش –وێنەی هونەری یان شیعریی-، شاعیر خۆی نەبێت، كەس ناتوانێت ڕاڤەی تەواوی بكات... ئێمە، بەبیرو بۆچوونی خۆمان و، پشت بەستن بەچەندان سەرچاوەی پەیوەندیدار بەم مەسەلەیەوە -(سەرەڕای كەم شارەزاییمان لەو دیالێكتەی، كـە خـانی شـیعرەكانی

پێنووسیووه) - هەوڵمانداوە، شتێکی لێ هەڵکرێنین و شتێك بەشتێك بکەین.. زۆر شتیش هەبووە، باشی تێگەیشتووم، بەلاّم نەمتوانییوە گوزارشتی لێ بکەم و، بەزمانی قەڵەم بیانخەمە سەر کاغەز، چونکە لەزووەکەوە، مامۆستای سروشت و جوانی پەرست، (گۆران)ی بلیمەت گوتوویەتی:

**هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**

**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**

**لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم**

**بۆچی وەها دوورن لەیەك؟ نازانم!**

**ئەمویست دەروون بکرایەوە وەك تۆمار**

**دەرکەوتایە دنیای جوانتر لەبەهار.** (١)

## سەرچاوەکان:


١-أرشيبالد مكليش، الشعر والتجربة، ترجمة، سلمى الخضراء الجيوسي، بلا.

٢-د.إحسان عباس: فن الشعر، الطبعة الثالثة، بيروت، لبنان، بلا.

٣-د.أميره حلمي: فلسفة الجمال، الموسوعة الصغيرة، بغداد، بلا.

٤-پەروێزی جیهانی، مەم و زین. ناوەندی إنتشاراتی صلاح الدین ئەیوبی، سنە، چاپی، یەکەم، ١٩٨٨.

٥-جبرا إبراهيم: الاسطورة والرمز، ترجمة، بغداد، ١٩٧٣.

٦-رەفیق سابیر، بەرەو مێژوو، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.

٧-سادق بهاءالدین ئامێدی: هۆزانڤانێت کورد، چاپا یەکێ، بەغدا، ١٩٨٠.


---

١- دیوانی گۆران، ئامادەکردنی محمدی مەلا کەریم، ل١٢١.

٨-عەلی فەتاح دزەیی، مەمی ئالان ناساندن و لێکۆڵینەوە، نووسەری کورد، ژمارە (٣)، خولی سێیەم، تشرینی یەکەم ١٩٨٥.
٩-د.علي البطل: الصورة في الشعر العربي حتى آخر القرن الثاني الهجري دراسة في أصولها وتطورها، الطبعة الثانية، ١٩٨١.
١٠-د.عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقى التحليلي، (الطبعة الاولي، بغداد) ١٩٨٦.
١١-د.عزالدين مصطفى رسول: أحمدي خاني شاعراً ومفكراً وفيلسوفا ومتصوفا، بغداد، ١٩٧٩.
١٢-د.عزالدين اسماعيل: الشعر العربي المعاصر- القضايا وظوهره الفنية والمعنوية، بيروت، الطبعة الثالثه، بلا.
١٣-کاکەی فەلاح، وێنەی شیعری چییە؟!، کاروان، ژمارە (٤٩)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢.
١٤-کەریم شارەزا: سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی لەنێوانی خانیو حاجی قادری کۆیىدا، نووسەری کورد، خوولی دووەم، ژمارە (٩)، تشرینی دووەمی ١٩٨٢.
١٥-مامۆستای کورد، ژمارە (١١-١٢)، هاوینی ١٩٩١، سوید.
١٦-د.محمد غنمي هلال، النقد الأدبي الحديث، القاهرة، بلا.
١٧-محمد مستجير مصطفى: الواقعية الأشتراكية في الأدب والفن، ترجمة، الطبعة الاولى، القاهرة، مارس ١٩٧٦.
١٨-د.محمد يونس: الكلاسيكيون الروس والأدب العربي، بغداد، ١٩٨٥.
١٩-محەمەدی مەلا کەریم: سەرجەمی بەرهەمی گۆران -دیوانی گۆران-، بەغدا، ١٩٨٠.

٢٠-موحسين ئاوارە: ڕەنگدانەوەی وێنەیی لەشیعری نوێی کوردیدا، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٧٥)، ١٩٧٩.
٢١-محسن أطيمش: دير الملاك- دراسة نقدية للظـواهر الفنيـة في الـشعر العراقـي المعاصر، بغداد، ١٩٨٢.
٢٢-موحسین ئەحمەد عومەر: سەرچاوەکانی فیلۆلۆژی گرینگ دەربارەی زمانی کوردی، کاروان، خوولی ڕاپەڕین، ژمارە (٨)، ساڵی ١٩٩٣.
٢٣-مالكم براد بردي: الحداثه، ترجمة: مؤيد حسن فوزي، بغداد، ١٩٧٨.
٢٤-مەحمود زامدار: لەبانیژەی شیعرەوە، بەغدا، ١٩٨١.
٢٥-نازك الملائكة: ماهية الشعر عند نازك الملائكة، جريدة (الثورة)، ٦/٣/١٩٩٠.
٢٦-هەژار موکریانی: مەم و زین، پاریس، ١٩٨٩.

# بەسەرکردنەوەی (زەنگی هەتاو) و خامۆشی شاعیر

کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ بوو، کاتێك کەزۆربەی هەرە زۆری دێهاتەکانی کوردستانی باشوور وێران و خاپوور کرابوون، بەنووسراوێکی ڕەسمی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، لەکۆمەڵگای (دێگەڵە)وە، بۆ شاری هەولێر گوێزرامەوەو لەقوتابخانەی (کۆماری سەرەتایی کوڕان) دامەزرام.. ئەو کاتە، مامۆستا (عومەر خامۆش)م ناسی.. ئەویش یەکێك بوو لەمامۆستایەکانی ئەو قوتابخانەیە. (خامۆش)، مرۆڤێکی هەست ناسك و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو. وێڕای چەند هۆنراوەیەکی منداڵان، زۆربەی سروودە نیشتمانیەکانی وەك: (دەمی ڕاپەڕین) و (چەند شیرینە لام دارو بەردی وەتەن)م و (خوایە وەتەن ئاواکەی).و، بەخوێندکارەکانی ئەزبەر کردبوو. هەرکە پشووی وانەکان دەستی پێدەکرد، یان وانەیەکی نەبووایە، لەژووری مامۆستایانەوە، دەستی بەقسەی خۆش و نوکتەو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەی

دەکرد.. جار جارەش بەدەنگە ناخۆشەکەی، گۆرانیەکانی (مامە گیانی مامە) و (ست فاتیمە) و (نازیلیێ)ی (عەلی مەردان)ی ڕەحمەتیو (ئازیز بەهارە)ی هونەرمەندی بلیمەت (شەماڵ سائیب)ی دەگوت و ئێمەش بەکۆڕس لەدوامان دەگێڕایەوە.

زەمانەو کۆمەڵگا، بەجووتە غەدرێکی گەورەیان لەو مرۆڤە هەست ناسکە کرد.. گەلێك جاران بەدەم گێڕانەوەی کۆژانەکانی خۆی، دەستی بەگریان دەکرد. هەر بەدەردی ئەو غەدرەش، تووشی چەندان دەردی کوشندەی تری وەك، (شەکەری) و نەخۆشییە دەروونیەکان بوو.. مخابن کەمتر لەساڵێك دوای ڕاپەڕین، لەسەرینی ئەو دەردانەوە، لەڕێکەوتی ١/٢/١٩٩٢دا، کۆچی دوایی کردو بەخامۆشی سەری نایەوە.

*** 

کۆمەڵە شیعری (زەنگی هەتا)، لەساڵی ١٩٧٩دا کەوتە بازاڕی چاپەمەنی کوردییەوە، ئەویێ ڕۆژێ من دەرەقەتی ئەم جۆرە بابەتانە نەدەهاتم –سەرنج و بۆچوون دەربڕین–، بۆیە بەنیازی خوێندنەوە وەدەستم هێناو پاشانیش، خستمە سەربارستایی کتێبەکانی ترمەوە... بەلاّم ئەمساڵەکە (واتە، بەهاری ١٩٨٩)، دەستم کرد بەدووبارە خوێندنەوەی دیوانەکان و نامیلکە شیعرییەکان، (زەنگی هەتاو)یش یەکێك بوو لەوان.. پاش خوێندنەوەی بەدیقەتی چەند جارەکی، کۆمەڵێك ڕاوو بۆچوون و تێبینیم لەلا گەلاڵە بوو.. کەوتمە سەر ئەو ڕایەی شتێکی لەسەر بنووسم، پاش ئەوەی پرسیاریشم کردو بۆم دەرکەوت کە تاکو ئێستاکە هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە، بۆیە بڕیاری ئەوەمدا کە بەرەنجامی خوێندنەوەکەم بخەمە ڕوو، بەنیازی تیشك خستنە سەر لایەنە باش و خراپەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە. بێجگە لەوەش،

خاوەنەکەی بابایەکی بەلەنگازو گۆشەگیرە، تائێستاکە تاکە شیعرێکیشی لەگۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بلاۆنەکراوەتەوە.

بەرایی، ئەگەر بەچەند دێرێکیش بێت، باسی ژیانی شاعیر دەکەم، چونکە ژیانی ئەو، جوداوازییەکی فرەی هەیە لەگەڵ خەڵکانی ترو پڕە لەکۆژانی ئاڵۆزو تێکچڕژاو.. کەرەسیسەبوونی ئەم کۆژانانەشە کەوای لێکردووە تووشی گرێ کوێرەی دەروونیو گۆشەگیری ببێت.

(عومەر شەریف ڕەسووڵ- خامۆش) لەساڵی ١٩٤٧و لەگوندی (عەبدوڵلا گوجیلان)ی نزیك بناری (قەرەچوغ) لەدایك بووە. لەساڵی (١٩٥٣)دا، لەگەرمەی هەراو هۆریای ڕاستبوونەوەی جووتیارانی ناوچەی دزەیی، بەماڵەوە چوونەتە گوندی (تیکالۆ) و دوو ساڵیش لەوێ ماونەتەوە. دەوروبەری (١٩٥٦)یش، هاتوونەتە شاری هەولێر. ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨)، قۆناغی خوێندنی (خانەی مامۆستایانی) تەواو کردووە. لەو ساوە تاوەکو ئێستا -بەهاری ١٩٨٩- مامۆستایەو، بیست ساڵێك دەبێت ژیان لەگەڵ تەباشیرو تەختە ڕەشەو منداڵاندا دەباتە سەر. لەساڵی (١٩٦٦)ەوە، خودوی خۆی داوەتە نووسین، بەتایبەتیش شیعر. بووەتە شوون هەڵگری فکرەی (عەبەسیەت و وجوودییەت).

(عومەر خامۆش) دەڵێت، شانۆگەری (ئاواتی نێژراو)م لەساڵی (١٩٧٢) نووسی، کە ناوەڕۆکەکەی لەسەر ڕاپەڕینی جووتیارانی دزەیی بوو، بەڵام لەبەر ماڵ گواستنەوەو جێگیر نەبوونم لەشوێنێکدا، ئەم دەستنووسەم فەوتا. پەخشانی (ڕازی دێوانەیەکی نەناسراو)م لەساڵی (١٩٧٣)دا نووسیو نزیکەی (٣٠) لاپەڕە دەبوو، وەختی خۆی بەمامۆستا (محەمەد مەولود مەم)م نیشانداو زۆریشی ڕا لێبوو، بەڵام

ئەویش فەوتا. کۆمەڵە شیعرێکیشم ساڵی (١٩٧٧) سووتا. لەشیعرە سووتاوەکانم، تەنها ئەو دێڕەم لەبیر ماوە:

**جریوەی ئەختەری خەندان لەسامالی وەکو زیوا**
**ڕازێك ئەخاتە ناو دڵم گەش و بڵندە وەك هیوا**

ئەگەر نەخۆشیو تەنگ و چەڵەمەی ژیان نەبووایە، هەر بەوەندە (زەنگی هەتاو) قایل نەدەبووم، لەوانە بوو شتی باشتر بنووسم)[١].

شیعرەکانی بەرایی خامۆش، یان ڕوونتر بڵێین، قۆناغی یەکەمی شیعر نووسینی، زێتر لەخودی خۆی دەدوێت و کەوتۆتە ناوگێژاوی ڕۆمانسیەت.. بەگیانێکی ئاڵۆزکاو و هزرێکی تێکچڕژاوەوە، بیر دەکاتەوەو هەر بەو شێوازەش بەهۆنراوە گوزارشت لەژیانی خۆی دەکات.

**نەخێر ناتوانی ئەی یارم**
**دەرم بێنی بەئاسانی**
**لەسەنگەری گۆشەگیریم**
**تەفرو توناکەی ئازارم.**
**لەجیهانم چی ئەزانی؟**
**ڕاهاتووم هەروەها بژیم!**

(زەنگی هەتاو. ل٤).

١-ئەو زانیارییانەم لەچاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ (خامۆش)ی شاعیر لەڕێکەوتی ٥/١١/١٩٨٨، دەستگیر بوو.

ڕەشبینی، سیمایەکی گرنگە لەسیمایەکانی ڕۆمانسیەت، (خامۆش)یش کەنوقمی ئەو تەوژمە بووە، ناتوانێت گەمی دەربازبوون لەدەریای فێداری پڕ لەشەپۆڵ بەرەو تەنکاییو ڕزگار بوون لێبخوڕێت.. هەرچەند دێنیو دەبات، زێتر نوقمی بێ هیواییو گومان و نیگەرانی دەبێت، تاوای لێدێت ترووسکەی هیوا لەناو (تەم)ی بێ ئامان وون دەکات

**لەو کاتەدا ئەو بزەیەی کە پێی ڕەنجام**

**پڕ گومان بوو تراویلکە بوو لەئەنجام**

**بۆ دواوە بوو، ئەو ڕێگایەی بەسۆز پێوام**

**بەچەشنی تەم ڕەوایەوە، نەما هیوام.**

(زەنگی هەتاو. ل٥)

سەرەڕای ئەم هەموو ناخۆشیو هاوکێشە ناتەبایانەی ژیانیش، شاعیر زۆر بەڕاشکاوییەوە، دان بەخۆیدا دەنیو لەم ژیانە پڕ لەگرێ دەروونییەی خۆی ڕاناکات.. چونکە بەهۆی ئەم بارەی کەبۆی ڕسکاوە، توانیوویەتی لەکۆژانی خەڵکی دەورو پشتی خۆی بگات. جگە لەمەش، هەمیشە هاوڕێی بەختیاریو بزەی نەرم و سەرفرازییە.

**بڕیارم داوە پێ لێنێم، لەژیانا هەڵنەهاتووم**

**تەبام لەگەڵ بەختیاریم، لەبزەی نەرمی ڕاهاتووم**

**مادام لەخۆشی ژین ئەگەم، بڕوابکەن تێ نەکەوتووم**

**چونکە بەهۆی لەئازاری دەورو پشتی خۆم گەیشتووم.**

(زەنگی هەتاو. ل٨)

قۆناغی دووەمی شیعر نووسینی شاعیر لەساڵی (١٩٧٧)ەوە دەست پێدەکات ئەمجارەیان زۆر بەشیعرەکانی (ڕامبۆو گۆران) کارتێکراوو سەرسام دەبێت. لەم قۆناغەدا، جێگای گرنگی بەوێنەو هێمای شیعرییو گەشبینی دەدات. بەڵام ئەوەی جێگای داخە، لەڕووی داڕشتنەوە، هەر کێشە پەنجەییە فۆلکلۆرییە سواوەکەی بەکار هێناوەو نەیتوانیووە، لەم قاوغە سواوە خۆی درباز بکات.

**ڕامبۆ، گۆران**

**هۆنراوەیان،**

**پە نجەی خوشکی هۆنراوەم بوون.**

**دڵیان کچی شەرمن ئاسا**

**نازی تەڕیان لێ دەباری**

**هەست و سۆزیان وەك تارمایی، وەك تەمی شین**

**دەڕژانە سەرچاوەی شیعرم.**

**سۆزو هەستیان وەك پە پوولە**

**دەنیشتنەوە سەر شکۆفەی هۆنراوەکان!**

(زەنگی هەتاو. ل١٤)

زۆرجاران، بەکارهێنانی وشەی هەمە چەشنەی ناوچەیی یان بێچووە دیالێکتەکان، دەبێتە هۆکارێکی بەگوڕی بنیات نانی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، چونکێ بەسەدان پەیڤی ڕەسەن هەن کە لەئاقاری تەنها گوندێك تێناپەڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پەیڤی ڕەسەن و زگماکن. جا لەبەر ئەوە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە پەیڤانە، لەزمانی ئەدەبیدا بەسوودمەند بوونی زمانە یەکگرتووەکە دەشکێتەوە. بەڵام گەلێك جارانیش، ئەم ڕاستییە بەرەواژ دەبێتەوەو لەزیان بەخشین بەو لاوە، هیچ

سوودێکی تری نابێت. بەکارهێنانی وشەی ناوچەیی –بەچاکیو خراپییەوە- دەگەڕێتەوە سەر دەست ڕەنگینیو لێزانین و توانای داهێنەرانەی شاعیرەوە. لەم بارەوەش، (خامۆش) چەند پەیڤێکی ناوچەی هەولێری تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە. بۆ نموونە، (قۆرت ل٢١، گەمە ل٢١، تورتوڕە ل٢٧، کن ل٤٠، دمك ل٤٢، تۆقەڵە ل٤٣). بێجگە لەمەش، چەند پەیڤێکی عەرەبی وەك، (خەیاڵ ل١٦، عەرد ل٢١، قەڵەم ل٢٢، سیحر ل٢٨) بەکارهێناوە. خۆزی هەر پەیڤە ناوچەییەکانی بەکارهێنابووایە، گەلێك باشتر دەبوون. ئێ خۆ سەرەڕای ئەوەش، زمانی کوردی بێ بەری نەبوو لەهاوماناى ئەو پەیڤانە.. ئەدی ئەوە (ئەندێشە، زەوی، پێنووس، ئەفسوون)مان نییە؟!

سوود وەرگرتن لەکەلەپوورو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە، گیانی داهێنان دەبەر شیعر دەکات. ڕاستییەکی بەڵگە نەویستیشە کە ئەمڕۆ لەسەر دوێنیو سبەینێش لەسەر ئەمڕۆ بنیات دەنرێت، وابزانم کەس لاری لەمە نییە. شاعیری نوێخواز، ئەگەر حسێبێك بۆ ئەم ڕاستییە نەکات و پێشێلی بکات، خۆی تووشی هەورازە خەت و خەرەندی هەزار بەهەزار دەکات. هەر لەم دەلاقەیەوە سەیری ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لەشیعرەکانی (خامۆش) دەکەین. شاعیر لەبنیاتنانی زۆربەی شیعرەکانی، چەند وێنەیەکی زیندووی لە کەلەپووری کوردییەوە هەڵبژاردووەو هاوچەرخانە وەك هێمایەك بەکاری هێناون. (خامۆش) دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمی ڕابردووی ئایینی زەردەشت و ڕووناکی پەرستن.. خۆیشی بەدەروێشێکی ئەو پەیامە دەزانێت.

**کوڕی ئاوم**

**نەمامی کچی هەتاوم**

**هەورەمانم**

**مووغەکانم!**

(زەنگی هەتاو. ل٩)

زۆرجاران لەکۆڕو گەڕەلاوژەی کوردەوارییدا، ئەگەر یەکێك گۆرانی بڵی و دەنگەکەی زولاڵ و یارمەتیدەر نەبێت، ئەوا بەتەوسەوە پێی دەڵێن، (دەڵێی کلت خواردووە). شاعیر سوودی لەم ئیدیۆمە وەرگرتووەو هاوچەرخانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

**وەردیانم قورقوشمی لەقوڕگ کردووم**

**ئا بە کل نووساوە دەنگم، دەنگی گەرووم.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٦)

نیوە دێڕی دووەم، دەستەواژەی (دەنگی گەرووم) زیادەیە، چونکە وترا دەنگ بەتایبەتی دەنگی گیانلەبەرو مرۆڤ یەکسەر دەزانین کە لەگەرووەوە دەردەچێت. چ پێویستی بەم (دەنگی گەرووم)ە نەدەکرد کاتێك کە یەکێك لێی دەقەومی و سەری دنیای لێ وێکدێت، نازانێت ملی چ ڕێچکۆڵەیەك بگرێت، تاوەکو خۆی دەرباز بکات. ئەدی ئەگەر یەکێك لەهیکڕا پەلی گرت و لەمیعنەت ڕزگاری کرد، بێگومان ئەوە دەبێتە (خدری زیندە) و فریشتە. لەناو کوردەواریشدا دەڵێن: (لێم بووە فریشتەو ڕزگاری کردم). شاعیر لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە مەسەلەکەو دەڵێت:

**شانە مێش هەنگی دەروونم**

**لەسەر ئاوازی بەستەی تەم**

**دەبێتە دەستی فریشتەی ڕزگاربوونم!**

(زەنگی هەتاو. ل٣١)

هەر بەو شێوازەش لەلاپەڕە (٣٣)دا، سوودی لەمەتەڵی کوردی وەرگرتووەو لەشیعرێکدا تەوزیفی کردووە، کەچی لەشیعرێکی تردا، پەندێکی کوردی بە پێچەوانە بەکار هێناوە. پەندەکە دەڵێ: (تاقە سوار تۆزێ ناکات). ئەو بە بەرەواژی بەکاری هێناوەو دەڵێت:

**لەدوور دیارە**

**تاقە سوارە**

**تۆزێ دەکات.**

(زەنگی هەتاو. ل٤١)

خۆ دەربازکردن لەکاوێژکردن و جووینەوەی وێنەی سواو، سیمای تازەگەری داهێنانە. وێنەش، (ئەزراپاوەند) گوتەنی، (تێکەڵ بوونی سۆزو عەقڵە لەچرکەیەك لەچرکەکانی ژیاندا)[1]. خامۆشی شاعیر لەمیانەی کۆمەڵە شیعری (زەنگی هەتاو)دا، دەیان وێنەی سەرنج ڕاکێش و تازەو بەرفراوانی بەکارهێناوە. بۆ نموونە سەیری ئەم وێنە شیعرییانە بکەن، (شەپۆڵی حەز ل٥، لەکاروانی دەربڕینا ل٥، شەپۆڵی ناسك ل٦، ژێی ئەندێشە ل٧، چلوورەی هۆش ل١٩، سەیری ناسك ل٤٠،.. تاد).

ئەگەر بێت و مرۆڤ لەژوورێکی تاریکی ئەنگوستە چاودا، لەمیانەی پەنجەرەوە سەیری دەرەوە بکات، ئەوە ئەو شتانەی دەرەوە زۆر بەچاکی دەبینی. شاعیر ئەم مەسەلەی کردۆتە وێنەیەکی جوان و لەشیعرێکدا بەکاری هێناوە.

**ژوورەکەم بەبێ چرایە**

**لە پە نجەرە قووڵ قووڵ سەیری ئاسمان دەکەم**

---

١-الحداثه، ترجمة: مؤيد حسن فوزی، بغداد، ١٩٨٧، ص٤٩.

**ساتمە ناکەم.**
**ئاسمان قۆرتە، عەرد ساتمەیە!**
**شانۆی شەترەنجی گەمەیە.**

(زەنگی هەتاو. ل٢١)

شاعیر نەهاتووە لەسەر ڕێبازی شاعیرە کلاسیکییەکان چاو بەنێرگزو ئەستێرە بچووێنێ. ئەو وێنەیەکی نوێی بەکار هێناوە، کاتێك کە دولبەرەکەی چاو هەڵدێنیو لێك دەنێ، بەباڵە فڕکێی پەپوولەی چواندووە.

**ئەو دەمەی چاوی لێك دەنێ**
**هەڵیدێنێ،**
**باڵە فڕکەی پەپوولەیە**
**پەیتا پەیتا دەسوڕێت و دەخولێتەوە**
**لەسەر خونچەی دڵم ناسك**
**هەڵدەنیشێ!**

(زەنگی هەتا. ل٣٨)

ئەگەر بێت و بەنیازی ئامارکردنی وێنە شیعری تازە لە (زەنگی هەتاو)دا بگەڕێین، ئەوا نابێت ئەو وێنە جوانە فەرامۆش بکەین، کەشاعیری بەشوان و کاغەزی بەمەڕو، پێنووسی بەگۆچان، چواندووە.

**من شوانم**
**پەڕە کاغەز: مەڕەکانم!**
**قەڵەمی دەستە، گۆچانم!**

(زەنگی هەتاو. ل٤٢)

شاعیر سەربەستە لەبەکارهێنانی وشە، جا چ ڕاستەوخۆ بێت، یان بەخوازە (مجاز)، بەمەرجێك ئەم بەکارهێنانە مەعقول بێت و سنوور نەبەزێنێت. چونکە (شیعر بەبێ خوازە دەبێتە بارستاییەکی ڕەق و تەق، هەروەها وێنەی خوازەیی بەشێکی گرنگە لەو وزەیەی کەشیعر بەژیان دەبەستێتەوە)[1].

**ڕەنگیم دەبیست**

**جۆشی تویست**

**دەنگیم دەدی.**

(زەنگی هەتاو. ل١٧)

لەزمانی گفتوگۆ کردنی ئاساییدا، ئەم ڕستەیە جێی نابێتەوە، چونکە هەرگیزاو هەرگیز ڕەنگ نابیسترێت و دەنگ نابینرێت، بەلاّم شاعیر هاتووە بەمەجاز بەکاری هێناوە. هەور (کەڵب) ددانی نییە. بەلاّم شاعیر دەڵێ:

**تۆ شوورەمی بمپارێزە**

**کەڵبەی هەورەکە بەهێزە.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٥)

وێنەی شیعریی زۆرجاران (ماددی) دەبێت، وەك: (بەڕوو، قەفەز، هەور، شەپۆڵ، ژێ، ئەسپ،.. تاد). ئەم وشانە لەوێنەی شیعرییدا، بۆ خوێنەر زووتر کەوی دەبن و خۆ بەدەستەوە دەدەن. بەلاّم وێنەی بیری (ذهنی) درەنگترو بەخۆ هیلاك کردن و مێشك گوشین مالّی دەبێت. هەروەك ئاشکراشە کە، (شیعر چالاکییەکی بیرییەو

---

١–دير الملاك (دراسة نقديه للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر)، د.محسن أطيمش، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٢١.

ناتوانین لەواقیعە کۆمەڵایەتیەکەی دابڕین)[1]. جا لەبەر ئـەوە (خـامۆش) چـەند وێنەیەکی بیری هاوبەشی لەگەڵ وێنە ماددیەکاندا بەکارهێناوە، وەکـو: (شـەپۆلی ناسك ل٦). وشەی شەپۆڵ ماددییە بەڵام وشەی ناسـك بیرییـە. وێنـەکانی، (ژیـی ئەندێشە. ل٧، مۆمی سۆزم. ل١٦، چلوورەی هۆشی. ل١٩)ش هەر بەم جۆرەن.

هەروەك پێشتر گوتمان شاعیر توانیوویەتی وێنەی نوێو تازە بـەکاربهێنێت و زۆر هاوچەرخانەش مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا بکات، بەڵام ئەوە پەساپۆرتی دەرباز بوون نییە لەهەڵەو کەم و کورییـەکان. هـیچ بەرهـەمێکی ئـەدەبیو زانـستیو هـەتا مەیدانیش بێ کەم و کوڕی نابێت. جا لێرەدا، دەستنیشانی کەلەبەرەکانی (زەنگـی هەتاو) دەکەین.

* خامۆش دەڵێ:

**بەستەکەشم دەڵێمەوە:**

**ناتوێمەوە**

**ناتوێمەوە**

**ناتوێمەوە.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٠)

کەچی پێش ئەو (هێمن)ی شاعیر ئـەم بۆچـوون و وێنەیـەی لەشـیعری (ڕقـی پیرۆز)[2]دا بەکارهێناوە.

* خامۆش دەڵێ:

**دڵەکەشم دوو پارچەیە**

---

١-حرائق الشعر، حسن الغرفي، بغداد، ١٩٨٧، ص٢٩.

٢ – تاریك و ڕوون، هێمن، ل٢٢٣.

**درەختی بەڕووی باخچەیە.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٣)

لەڕاستیدا بەڕوو درەختێکی خۆڕسکی چیاییەو هیچ کەسێك نەیچاندووەو پەروەردەی نەکردووە. بێجگە لەمەش، هەر چەندە شاعیر بەنیازی پتەوی‌و خۆڕاگری بەکاری هێناوە، بەلاّم ئەوەی ڕاست بێت و نکۆڵی لێ نەکرێت ئەوەیە کە بەڕوو درەختی باخچە نییە. دڵەکەشی ئەگەر مەبەستی لەنیشتمان بێت، ئەوە چوار پارچەیە نەك دوو پارچە.

* شاعیر لەشیعری (هەور)دا دەڵێ:

**لەدوورەوە دەنگەکە دێ،**

**دەنگی ڕەوتی ئەسپەکەیە ،**

**شریخەی هەوری سەرکەشە**

**برووسکەکەی، تریسکەی شیری دەست ڕەشە**

**سوار ئەسپەکە نیقاب پۆشە**

**چاوەکەی سوورە بەدفەڕە!**

(زەنگی هەتاو. ل٢٤)

شاعیر نەیتوانیووە مامەڵە لەگەڵ ئەو وێنەیە بکات چونکە هەور نیشانەی خۆشی‌و هاتی‌و خێرو فەڕە. کەچی لای ئەو بووەتە بەدفەڕ. ئەدی باران و بەفر سەرچاوە لەهەورەوە ناگرن؟! ئەدی ئەو هەموو باخچەو دارو درەخت و کانیاوو دەریاو ئۆقیانووس و... کەشاعیر گۆرانییان بۆ دەڵێ، هەمووی هەر نەوەو نەوەزادەی هەور نین؟!

* شاعیر هەر لەهەمان شیعردا دەڵێ:

پەرستگاکە ساردو سڕە
بەبێ گڕە!
زەمینەکە سەراوبنە
نووزەی ساواو ئاهی ژنە!

(زەنگی هەتاو. ل٢٥)

شاعیر هیچ حسێبێکی بۆ ئافرەت نەکردووە کەنیوەی کۆمەڵن و دایك و خوشك و هاوسەرو.. و ن. تەنانەت بەمنداڵی ساواشی چواندووە. ئەدی خانزادی سۆران و قەدەم خێرو حەپسە خان و لەیلاقاسم و..تاد هەر ئافرەت نەبوون، چییان لەپیاو کەمتر بوو؟! پێویست وابوو، شاعیر، (بێکەس) ئاسا، دەنگ هەڵبڕیو هاوار بکات:

نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لەدیلی، مەل بە باڵێ نافڕێ[1].

* شاعیر دەڵێ:

هەنگە زەردە پێوەنادا
پێوەش بدا
نەخۆی دەمرێ
نەکەس دەکوژێ...

(زەنگی هەتاو. ل٣٢)

١ – دیوانی بێکەس، محەممەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٠، ل٨٢.

ئەم بۆچوونەی شاعیر پێچەوانەی ئەو ڕاستی‌یەیە کە هەنگ پێوە دەدات و لەگەڵ پێوەدانەکەشی یەکسەر دەمرێت. سەرەڕای ئەوەش، مردنەکەشی نیشانەی قوربانیدانە.

* شاعیر دەڵێ:

**تەکان دەدا تەکان بەتین**

**دەردەدا ئەشکی ڕەش و شین.**

(زەنگی هەتاو. ل٣٦)

ڕاستتر وابوو بڵێ: (ئارەقەی ڕەش و شین)، چونکە (ئەشك) بەمانای فرمێسك دێت، بۆ فرمێسکیش (تاڵ و سوێر) بەکاردێت. وەسفی ڕەش و شین بۆ فرمێسك نابێت.

ئەوە بوو گرنگترین و بەرچاوترین ئەو تێبینی‌و سەرنجانە کە خستمە ڕوو، هیواداریم لەم بەسەرکردنەوەیەدا، توانیبێتم تیشکێك بخەمە سەر ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی (خامۆش)ی شاعیرو هاوڕێو تەپ و تۆزی لەبیر چوونەوەش، لەسەر (زەنگی هەتاو)، دابتەکێنم.

*** سەرنج:**

ئەو بابەتە لەبەهاری ١٩٨٩دا نووسراوەو لەهیچ شوێنێکدا بڵاونەکراوەتەوە.

بەبێ دەسکاری هەڵسەنگاندنەکەو بەزیاد کردنی بەراییەکی کورتی دەستپێکی بابەتەکە، بڵاوی دەکەینەوە.

# نەهاوەند..
# یـــان
# مەملەکەتێکی خاپوور کراو

(نەهاوەند)، ژان و ئازارەکانی میللەتێکی زۆر لێکراوو ئاوارەو سەرگەردانە.. ناسنامەی گوندێکی خاپوورکراوی کوردستانە.. یەکێکە لەچیرۆکە سەرکەوتووەکانی، (ئاسۆ حەسەن). ئەم چیرۆکەی لەپێشبڕکێی ڤیستیڤاڵی (ئەکادیمیای مۆنتی ئەمیاتا- ئیتالیا) کە لەنێوان ٨-١٣/٩/٢٠٠٠دا بەسترا، لەگەڵ چیرۆکی (دەریاچەی سین)ی ئازاد بەرزنجی پێکەوە پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا.. کە لەڕۆژنامەو کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی کوردستانەوە، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو..

(ئاسۆ حەسەن)، لەچیرۆکنووسیندا، دەسەلاٚتێکی باشی بەسەر ڕێزمان و زماندا دەشکێت و هیچ جۆرە پچڕان و بەدحاڵی بوونێك لەنووسینەکانیدا بەدی ناکرێت. فەرهەنگی ئاسۆ دەوڵەمەندەو ئامادە نییە پڕ بداتە ووشەی بیژۆك و داتاشراو.. چیرۆکنووس، خۆی پەروەردەی گوندەو زمانەکەشی وشەی غەوارەو نامۆی

تێنەکەوتووە... (نەهاوەند)، سومبولی یەکێك لەو (٤٥٠٠) گوندە خاپووکراوەی باشووری کوردستانە.. گوندێك بوو، پێش پرۆسەی (ئەنفال)ی بەدناو، نموونەی بەرقەراربوونی یاساو دیموکراتی بوو. مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە، وەك شانە هەنگ، خەریکی ئیش و کاری خۆیان بوون... هەرچی پێویستی کۆمەڵگای شارستانی هەبوو، وەك قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندیو خەستەخانەو دائیرەی کشتوکاڵ و ئەنجوومەنی گوندو مزگەوت و سێ چوار کارگەی بچکۆڵەشی تێدابوو.. بەکورتی، (ئەو شارە دێیە بووە مەملەکەتێکی بچکۆلانەی بەهەشتیو لەهەموو لاوە خەڵك دەهاتن بۆ سەیرکردن و شارەزا بوون بەسیستەمی ژیان).

ئەم دەڤەرە وە نەبێت مەترسی بوو بێت بۆ سەر لەقبوونی ئاسایش و دەسەڵاتدارێتی بەغدا... وەك سەدان گوندی دیکە لەوانەیە تەیریشیان لەئاو نەکردبێت، (ئەوەی لەوێ نەبوو چەك و تەقەمەنی بوو، جگە لەتاپڕ بۆ پاراستنی مەڕو ماڵات).

(ئاسۆ)ی چیرۆکنووس، وەسفێکی ئەوەندە دەوڵەمەندو جوانی (نەهاوەند)ی کردووە، دەکرێ بۆ پێناسەکردنی گوندەکانی کوردستان، وەك پرۆگرام، لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا بخوێندرێو نەوەی نوێی پێ هوشیار بکرێتەوە... چونکە دڵنیام نەوەی شارنشین، تاڕادەیەك گوندنشینەکانی دوای ئەنفالیش ئەو شارەزاییەیان نییە لەبارەی پێکهاتەی گوندەکانی کوردستان. دەتوانین بڵێین، لەڕێگای (نەهاوەند)ەوە:

١-شارەزای ڕایەڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گوندنشینەکان دەبین.

٢-زانیارییەکی تەواومان لەلا گەڵاڵە دەبێت، لەبارەی شێوەو نەخشەو چۆنیەتی هەڵکەوتن و دروستبوونی شێوەی گشتی خانووەکانی گوند.

٣-شارەزای کارو کاسبیو جۆرەکانی ڕاوکردن و کاتی لێقەومان و ڕێو ڕەسمە تایبەتیەکان، دەبین.
٤-فەرهەنگی زمانی گوندمان پێدەناسێنێ.

(حاجی باپیر)، پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەیە.. برا گەورەی گوندەو نموونەی مرۆڤێکی ساکارو بەکردەوە دیموکرات و ئاشتیخوازە.. ئەو، هەستی دەکرد، جۆرە بەرخودانێك دژی زوڵم و زۆری ڕژێم لەئارادایە، بەڵام حەزی نەدەکرد، هیچ کەسێك لەگوندەکەی تێکەڵ بەریزەکانی ئەم بەرخودانە بێت. پەیڕەوی ئەو پەندە کلاسیکییە دواکەوتووەی دەکرد کە دەڵێ: (دەست بەکلاوی خۆتەوە بگرە با نەیبیا). حاجی (باوەڕی وابوو ئەوەی خراپە نەکا، خراپەی نایەتە ڕێ، ئەوەی دەست لەکونە دیواران ڕانەکا مار نایگەزێ). هەرچەندە بێ ویستی ئەو، (ئازاد)ی نەوەزادەی تێکەڵ بەڕیزەکانی بەرخودان ببوو. حاجی باپیر، وەك هەر کوردێکی موسڵمان و سادەو ساکار، کاتێك شەوانە پێشمەرگە میوانی گوند بوونایە، دەیبردنە دیوەخانی مزگەوتو نانی دەدانیو قەوانەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە، (ئیشکەرو ماڵداری کاری ماڵی باوکی خۆیان بن باشترە، ئەگەر خوا بەگەورەیی خۆی ئەو زوڵمەیان لەسەر لانەدا بەوان و بەو تفەنگانەی دەستیان چ ناکرێ). وەلێ، تا نیسانی ١٩٨٧ ئەم گوندە ئارامو ئاسوودەو بێ وەی بوو.. تا لەناکاو، نەهاوەندی شارەدێ بە سەربازو تانك و زرێ پۆشو چاوساغەکانی، ئابلۆقەدار.. لەگەڵ مەلا بانگدان، سەعدو خالیدو مەسعەب و عودەیو مستەفاو دەیانی تر، لەمرۆڤ کوژەکانی سەدەی بیستەم، کەوتنە گیانی ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووت و بێدیفاعە.. جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان ژن و پیاو، گەورەو گچکە، سەقەت و ساغ.. ئەوەندەی پێیان کرا، کوشتیان، بڕیان، کچی عازەبیان هەتك کرد. تالانیان کرد. گوندیان سووتاندو شۆفەلیان لێدا.

مزگەوت ڕوخاو قورئان خوێناوی بوو.. بەڵێ لێرەدا، قسەکەی حاجی باپیر کورتی هێناو ئەنجامی نەپێکا، کاتێ ئامۆژگاری نەوەکانی دەکردو دەیگوت: (ئەوەی دەست لەکونە دیواران ڕانەکا مار نایگەزێ). مەملەکەت، خەڵتانی خوێن کرا، بووە ساکە گۆڕ.. ئەوەی لەکوشتن ڕزگاری ببوو و ئاهێکی لەبەر مابوو، وەك مێگەڵ کۆکرانەوەو (عەقید خالید) فەرمانیدا، (ئۆتۆمبیلەکان بێنن و کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکەکە بار بکەن، هەروەها فەرمانیدا پیاو بەتەنیاو ژن و منداڵیش بەتەنیا سوار بکەن). بەڵێ لێرەوە یەکەم زەنگی ئەنفال لێدراو ژمارەی (نەهاوەند)ییەکان زیادی کرد. (عەقید خالید)ەکان، ڕژانە هەموو دەڤەرێك.. ژمارەی نەوەکانی حاجی باپیر ریکۆردی شکاندو لەسەدو هەشتاو دوو هەزار تێپەڕاند.. ئێستاکەشی لەگەڵ دابێت (ئازاد)ی نەوە زادەی حاجی، هەر لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی باوك و دایك و خوشك و براو کەسەکانی دایە.. ئایەتی (ئەنفال)، بۆ نەهاوەندەکانی کوردستان بوو بەنەهەنگی چیرۆکە ئەفسانەییەکان و تا هەتایەش لەفەرهەنگی کوردیدا بەمانای وێرانکردنی گوندو بەتالان بردنی مەڕو مالات و سووتاندنی قورئان و ڕاپێچکردنیان بەرەو گۆڕستانی بەکۆمەڵ و بێ ناوونیشان دەگەیەنێت.. ئەنفال پەیڤێکی کوردی نییە، کەچی چووە ناو فەرهەنگی کوردییەوە..

دیارە هەموو تێکشکانێك، هەڵسانەوەیەکی لەدوا دایە.. هەر بۆیەش، پاش ئەم دەریا خوێنە... پاش ئەم زوڵمە گەورەیە.. ناخە زیندووەکان، نەهاوەندەکانی دەرپەڕاندو دووبارەو سەر لەنوێ، ساکە گۆڕی کردەوە خانوو و قوتابخانەو مزگەوت و ڕەزو باخ و ئاوەدانی.. نەوەکانی حاجی باپیرو ناخی زیندووی حاجی، بوونە ژیلەمۆی تۆڵەو کەوتنە گیانی کوندەپەپۆی شەڕ.. ئیتر لەمەودوا (حاجی باپیر)ەکان چیتر (دەست بەکلاوی خۆیانەوە ناگرن تا با نەیبات). چیتر پێیان وانییە (ئەوەی دەست لەکونە

دیواران ڕانەکا مار نایگەزێ). سەدو هەشتاو دوو هەزار ڕۆح، بـوو بـە دەرسـێك و (حاجی باپیر)ەکانی لەخەوی ساویلکەیی، بێدار کردەوە...

جەستەی حاجی، ببوو بەناخ٠ێکی زیندووی لەدار بەستراو، کاتێك کـە بـەهۆش خۆی هاتەوە، دیتی، (ئازادی نەوەو کاردۆو فەرەیدوون و مامۆسـتا سـەلاح) —ئـەو سێیەی دوایی هاوڕێو دۆستی نزیکی ئاسۆی چیرۆکنووس بوون لەخەباتی شاخ و ژێر زەمینیدا گیانیان لەدەست دا- لەداری دەکەنەوەو مەشخەڵی تۆڵەیان لەدەست دایە.. (ئاسۆ حەسەن)، وەك پێشمەرگەیەکی سـاتە دژوارەکـان، دەیـان هـاوڕێی گیـانی بەگیانی شەهید بووە.. ئەو، وەك وەفادارییـەك بـۆ گیـانی زینـدووی ئـەوان، ئـەو شەهیدانەی بەسەر کردۆتەوەو کردوونی بـەڕەمزی تۆڵـەو بـەرخودان. چـیرۆکنووس دەزانێت ئەگەر خوێنی ئەوان نەبووایە، هەر گیزاو هەرگیز کوندەپەپۆی شەڕ، شـار بەدەر نەدەکرا.

حاجی باپیر، ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت هەر وڕێنـــە دەکات و دەڵێت: (توخـوا زۆر ماون.. چۆن دەرباز بوون؟! چەندیان مـردن، دەبـێ ئەوانـەی بردیـانن چـییان لێبکەن؟!).

شایانی وەبیر هێنانەوەیە، ئەم چیرۆکەی ئاسۆو (دەریاچەی سین)ی ئازاد بـەرزنجی خەلاتی یەکەمیان بەدەسـت هێنـا لەفیـستیڤاڵی سـالانەی ئـەکادیمیای هونـەری ئەمیاتای ئیتالی کە لە ٨-١٣/٨/٢٠٠٠ لەشاری (سانتافیۆرای)، بەڕێوە چـوو.. لیژنەی هەڵسەنگاندنیش بریتی بوون لە. میکیلا ئەرمیتا، بەڕێوەبەری ئەکادیمیای مۆنتی ئەمیاتا- سەرۆکی لیژنە. ئەماندۆگنیش/ مامۆستای ئەدەبی بەراووردکاری لـەزانکۆی ڕۆمـا. لاورا شـرادەر/ نووسـەرو ڕۆژنامەنووسـی پـسپۆڕ لـەکاروباری

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست- پەخشان عەلی/ نوێنەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی- ئیتالی. لۆلە پینتۆ/ نوێنەری لیژنەی هاوکاری لەگەڵ کورد لەئیتالیا.

لەڕۆژی ٥/١٢/٢٠٠٠ دا، لەشاری هەولێر، نوێنەرانی ئەم ئەکادیمیایە، کە لەخاتوو گرازیێگلاو خاتوو ڕیتاو بەڕێز گاستۆنی پێکهاتبوون، لەڕێو ڕەسمێکی تایبەتدا، خەلاتی ڕێز لێنانەکەیان پێشکەش بە (ئاسۆ حەسەن) کرد.

لەکاتی خەلات کردنەکەدا، خاتوو گرازیێلا بەناوی ئەکادیمیای ئەمیاتاوە، پیرۆزبایی لەچیرۆکنووس کردو خاڵەکانی چۆنیەتی هەڵبژاردنی (نەهاوەند)ی لەنێوان دە (١٠) کورتە چیرۆکی کوردیدا بەپلەی یەکەم دەستنیشان کرد، کەڕەنگدانەوەی ئێش و ئازاری گەلی کوردەو، لەبارەی کارەساتێکی مرۆڤایەتی گەورە دەدوێ کە (ئەنفال)ە.

چیرۆکنووس، یەکەمین کاری نووسینی بۆ ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە هەندێك لەچیرۆکەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبیو فارسیو ئینگلیزیو ئەڵمانی. (تابلۆ تراژیدییەکان) یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بلاوکراوەیەتی..

مرۆڤ کاتێك ئەم هەوالانە دەخوێنێتەوەو دەڵێ: (ئەدەبی کوردی بەهەموو چمکەکانیەوە، چی کەمتر نییە لەئەدەبی گەلان).

# (ئەدەبی تاراوگە) و خەونی ئاوارەکان

دیارە هەر کۆمەڵگایەك لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تر لەڕووی داب و نەریت و بیرکردنەوەو ڕامان و هەڵوێست وەرگرتن، بەپێی کات و شوێن جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە.. هەر ئەم جیاوازییەش، پێناسەی ناسنامە دروست دەکات و کۆمەڵگاکان لەیەکتری هاوێر دەکات.

کۆمەڵگای کوردی لەمێژە چ بەشێوەی گروپی بچووك و خێزان و تاك ئاوارەو پەراگەندەی مەملەکەتان بووینە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناسنامەی خۆیان وون نەکردووەو، نەیانتوانیووە، لەنێو کۆمەڵگا خانە خۆییکاندا بتوێنەوە. لەنیو سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستان، بەشێکی زۆری شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و بیرمەندانی کورد، ناچار بووینە سەری خۆیان هەڵگرن و، بەبێ ویستی خۆیان، لەوڵاتێکدا بگیرسێنەوە، کە هیچ سەرە داوێکی پەیوەندی کولتووریو

ئایینیو کۆمەلایەتی، بەیەکتریان نابەستێتەوە.. ئەم توێژە کاریگـەرەی کۆمـەلگا، هەر چەندە لەڕووی جوگرافیاوە لەکوردستان دوور کەوتوونەتەوە، بەلام بەئەستەمیش نەیانتوانیووە، پەیوەندی گیانی لەگەڵ زێدو کولتووری خۆیان بپچڕێنن. بەبێ زێـدە ڕۆیی کردن، دەتوانین بلێین، بەشێکی هەرە زۆری کوردانی پەڕاگەندە، بەتایبـەتیش نووسەران، هەستی کوردایەتییان زێترە لەکوردانی ناوەوە.. لەبەرچی؟!

کوردانی ناوەوە، پاش ڕاپەڕین، بەهۆی شەڕی ناوخۆوو ململانێی حزبایەتیو چەند دیاردەیەکی دزێوی تەشەنە کردوو، لەوانەیە بلـێین، ئێمـە کوردایـەتیمان بـۆ بـەو بەرەنجامە نەکردووە، کەئێـستاکە دەیبیـنین.. هـەر ئـەوەش وایلێکـردوون و وایـان لێدەکات، دلیان گەرد بگرێت و سـارد ببنـەوە. بەپێـچەوانەوە، کوردەکـانی دەرەوە، بەهۆی سەر هەلگرتن، ڕاستە ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین و مسۆگەری ژیانییان بۆ دابین کراوە، بەلام خۆشەویستترین شتیان لەدەسـت داوە، کەنیـشتمان و یـادەوەریو کەس و کارو کولتووری خۆیانە.. جگە لەوەش، ڕۆژانـە، لەکۆمـەلگا فـرە نەتـەوەو کولتـوورو ڕەگـەزەکان، ڕووبـەڕووی پرسـیاری، (سـەر بـە چ نەتـەوەو خـەلکی چ ولاتێکن؟!) دەبنەوە.. کاتێك کـەدەبینن، نەتـەوەکان لـەژێر سـایەی ئـالای خۆیـان سەرگەرمی زیندوو کردنەوەی بۆنە نەتەوەییو کولتوورییەکانن... کاتێك کـەدەبینن لەکاتی سەرکەوتنی تیپە وەرزشییەکانیان، خۆنیشان دەدەن و شانازی بەولاتـەکانیان دەکەن.. کاتێك کە لەگەڵ خەلکێکی بێ ئاگا تووشی دەمەتـەقێو گفتوگـۆ کـردن دەبن و، خاوەن قەوارەو ئـالاو سـەربەخۆیین و لەنەخـشەو ئەتلەسـی قۆناغـەکانی خوێندندا سنووری خۆیان هەیـە.. کاتێـك کەڕووبـەڕووی پرسـیاری مندالـەکانیان دەبنەوە، (ئێمە خەلکی کوردستانین، ئەدی بۆ لەسەر نەخشە وەك ولاتانی تر شوێنو سنوورمان دیار نییە؟!). ئەمانەو دەیـان هۆکـارو بینـەو بـەردەی تـر کـە ڕۆژانـە

ڕووبەڕووی خەڵکی ئاوارە (بەگشتی) دەبنەوە، وایان لێدەکات، ناکۆکییـــە بـــچووك و لاوەکییەکانی ناوەوە بەلاوە نێن و بیر لەمەسەلە گەورەکە بکەنەوە کەسنوورە....

خەڵکی وا هەبووە، لەناوەوە کۆمۆنیست و دەروێـــشی مـــارکس و لیـــنین بـــووەو، بەربـــەرەکانی هـــەموو بۆچـــوونێکی کوردایـــەتی کـــردووە، کەچـــی لـــەدەرەوە لـــە (پاسۆك)کان پاسۆکتر بووە.. ئەوانە هەموویان جێی ڕامان و لێوورد بوونەوەن.. ئەم هۆکارانە وایکردووە تاکی کورد سوور بێت لەسەر پاراستنی کولتوورو زمـــان و ڕێو ڕەسمەکانی خۆیی‌و بەرز ڕاگرتنی.. مـــاڵی کـــورد نییـــە، خـــاڵی بێـــت لەنەخـــشەی کوردستان، وێنەی کولتووری، کڵاوو جەمەدانی، جل و بەرگ و خـــواردنی کـــوردی، توورو ملاکدانی فۆلکلۆری، پارچە لبادو مافووری دەستکرد، کڵاشی هـــەورامـان،... ئەمانە هەموویان هۆکارێکن بۆ لەبیر نەچوونەوەو گرێدانی یادەوەرییەکان، بەژیانی ئاوارەییان..

شاعیرو چیرۆکنووسی کوردیش یەکێکە لەتاکەکانی ئەو خێزانانە، نەیانتوانیووە ئەو ئاقارە ببەزێنن و، تێکەڵ بەکولتووری جیاوازەکان بن تا لەبەرهەمەکانیان ڕەنگ بداتەوە.. ئەوەی دەینووسن، هـــەمان کـــۆژان و بۆچـــوونی هاوڕێکانیانـــە لـــەناوەوە.. لەوڵاتێك دا دەژین پڕە لەجۆرەها دەردی کۆمەڵایەتی‌و بیرکردنەوەو کـــارو پەیوەنـــدی جیاواز، کەچی خەونەکانی ئەوان، هەر ڕاکـــردن و زینـــدانی‌و خۆشـــاردنەوەو شـــەڕو کاولکارییە.. شوێن و کاتی خەونەکانیان، هەر کوردستانە.. بڕوا بکەن، من شەخسی خۆم یازدە مـانگ لەتورکیاو شەش مـــانگ لەیۆنانـــستان و ئـــەوە حـــەوت ساڵێـــشە لەئەڵمانیادا دەژیم، کەچی شەوێك لەشەوان، خەونێکم بەو شوێنانە نەبینیووە.. درۆ نەبێت جارو بار لەخەونەکانمدا (پیدزا)یەکم لەفڕنی سووتاوە، چونکە مـــاوەی پێـــنج ساڵ زێترە، لە (پیدزەریا)یەك کار دەکەم.. دەنا شوێنی سەرجەم خەونەکانم هـــەولێرو

کوردستانە.. خەڵکی ئاوارەو تەریوی هەندەرانیش، ئەگەر هەمووشیان نەبێت، ئەوە بەشێکی زۆریان بابایەکی وەك منن.. بۆیە سەیر نییە، سەرەڕای هەبوونی ئەو لەشکرە زۆرەی نووسەران لەدەرەوە، ئەدەبی تاراوگە سەری هەڵنەداوە، جگە لەچەند شیعرو چیرۆکێکی دەگمەن نەبێت، کەئەوانیش بێبەری نین لەچەند یادەوەرییەکی وڵات بەتاڵ و شیرینییەوە...

سەیر نییە، ئێستاکەش لەو وڵاتە ئەورووپیو ئەسکەندنافیانەی زۆربەی کورد لێی نیشتەجێن، دەزگاو مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکان، هەمان کۆمەڵە شیعرو چیرۆکی منداڵانی چاپکراو لەکوردستان، دووبارە چاپ دەکەنەوەو بەسەر منداڵانیان دابەش دەکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی شوێن و کات و تەمەن و جۆری بیرکردنەوەی ئەو منداڵانە.. چونکە بڵێین و نەڵێین، بیرکردنەوەی منداڵان (بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەدەرەوە لەدایك بووینەو لەوێ پێگەیشتوون)، جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی دایك و باوك و ماڵباتەکانیان.

# ڕۆمانۆکەی (ونگە)
# یان بەشێك لەبیرەوەرییەکانی
# (عەبدوڵلا سەراج)

گەڕان بەدوای خۆناسین و ڕێژنەی پرسیاری جۆراو جۆرو وەلاٚمی پڕ لەگومان، بەشێك لەپانتایی ژیانی تەریوەکانی دەرەوەی بازنەی زێدی داگیرکردووە.. بەردەوامن لەپرسیارکردن و بێ هوودەن لەوەلاٚمەکان.. جیاوازی کولتوورو هەڵوێستە دژەکان، یەکێکن لەو شادەمارە سەرەکییانەی کەهۆکارێکن بۆ هەست کردن بەنامۆ بوون و تەنیاییو گەڕان بەدوای ناسنامەدا.. بەم بارە دەروونییە ڕەخساوە، ئەگەر تەواویش ڕەنگی نەدابێتەوە لەبەرهەمەکانی نووسەرانی کورد لەدەرەوە، ئەوا نەخشی ئەم حاڵەتە پڕ لەنیگەرانییە، بەسەر بەشێك لەبەرهەم و نووسینەکانیانەوە وەك ڕۆژی ڕووناك درەوشایەوە..

هەر ئەم دیاردەیە، بەشێکی فراوانی ڕۆمانۆکەی (ونگە)، یان باشتر بڵێین، (بەشێك لەبیرەوەرییەکانی عەبدوڵلاٚ سەراج)ی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی داگیر




کـردووە.. ئەگەرچـی (سـەراج)، نـاوی لـەم بەرهەمـەی نـاوە (ڕۆمانۆکە)، بـەڵام لەڕاسـتیدا دەورکردنەوەو شەت و کەوکردنی بەشێك لەبیرەوەرییەکانی خۆیتی، بەتایبەتیش ژیانی (تاراوگە)ی.. هەر خۆیشی پاڵەوانی سـەرەکی ئـەم بەرهەمەیـە... نووسـەر، لەشەوێك لەشەوە ساردو شەختە بەنـدەکانی وڵاتـی (فنلانـد)، لەسوچـــی گۆشـــەیەکی فەرامۆشکراوی قاوەخانەیەکـدا، زەمینـە خـۆش دەکـات بـۆ نووسـینەوەی بیرەوەرییـەکانی...
لەکاتێکدا کەخەڵکی ناو قاوەخانەکە، بەدەم خواردنەوەو دانس و هەڵپەڕین، خەمی ڕابردوو و ماندووبوونی کاری ڕۆژانەیان بەبا دەدا، ئەو سـەرگەرمی تەماشـاکردنی فیلمەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو کـۆڕەو نـشووست و پارچـە پارچـەیی‌و تـەعریب و کاولکردن و براکوژی‌و یەکتر قبوڵ نەکردن و تووندو تیژی‌و لەیەکترازانی ماڵی کورد بوو..

(سەراج)، لەڕێگای وێنەی (دایك و کوڕێکی سەر بەرگی گۆڤاری سەر مێزەکەی بەردەمی)، زەمینە خۆش دەکات بۆ خۆ دواندن و دەمە زەد کردنی بیرەوەرییەکانی..

کوڕەکە ناو دەنێت (حەمرین)، وەك هێمایەك بۆ زنجیرە چیای (حەمرین) کەسنووری نێوان کوردستان و بەشە عەرەب نشینەکەی عێراق دەست نیشان دەکات. ڕووی دەمی دەکاتە حەمرین و دەڵێت: (تەمەنی مرۆڤ بۆ ئەوە چاکە لەڕێگای پرسیارەوە، خودی خۆی بدۆزێتەوە، کەخۆی ناسی بەختەوەر دەبیو ئاسوودە..) لەڕێگای ئەم پرسیارەوە، نووسەر خۆی دەدوێنیو سەرە داوی گلۆڵە ئاڵۆزکاوەکەی ژیانی دەکاتەوەو پرسیار لەدوای پرسیار دەکات و ناگاتە ئەو وەڵامەی کەخۆی بەدوایدا وێڵە.. هەر وەك چۆن مرۆڤ، تا ئێستاکە نەگەیشتۆتە ئەو هەقیقەتەو خۆی نەناسیوە، (سەراج)یش بەهەمان شێوە، دەچێتە ناو ناخی پرسیارەکان و لەهەقیقەت دەگەڕێت، بەڵام بەکۆتاهاتنی (ونگە)ش، ئەو هەر نایدۆزێتەوە.

پیرە ژنێکی دڵ تەڕو هەست ناسك، سەرنجی نووسەر ڕادەکێشێت و زنجیرەی بیرەوەرییەکانی دەپچڕێنێ.. لەگەڵ (لایلا هەینۆنێن) یەکتر ناسدەکەن و سەربوردەی ژیان و ڕووداوەکان، بۆ یەکتر باسدەکەن. سەراج لەڕێگای ئەو پارچە نەخشەی گیرفانی، کە لەئەتڵەسێکی فینلاندی (٥٠) ساڵ لەمەوبەر چاپکراوی، کردبۆوە.. کوردستان، بە (لایلا) دەناسێنیو دەیکاتە خاڵی سفری چوونە ناو کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی خەڵکی کوردستان.. سەراج خۆی کەسی قسەکەرەو بەناوی (کەیوان) دێتە گۆ.. لەوانەیە بڵێت، (من کەیوان نیم). بەڵام بە بەراوورد کردن و سەرنجدانی تەواوی کەس و لایەن و ڕووداوەکانی ناو (ونگە) دەگەینە ئەو ڕاستییە کە (کەیوان) سەدا سەد (عەبدوڵلا سەراج)ەو دەیەوێت لەم کەین و بەینەدا، بەشێك لەبیرەوەرییەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول تۆمار بکات، کە وەك (کادیرێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی) پارتی دیموکراتی کوردستان، لەناوچەکانی کەرکوك و شێخ بزێنی درێژەی بەخەبات داوە.. دواتر، دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی

لەکەرکوك و، پەیژە بەپەیژە سەردەکەوێت، تا دەگاتە ئەو هەموو کارەساتەی کە لەم (٢٠) ساڵەی دواییدا بەسەر کوردستان و کورددا هاتوون.

ئەوەی زێتر سەرنجی منی ڕاکێشا، جورئەتی بیّ وێنەی (سەراج) بوو لەو تەمەنەو نەپرینگانەوەو گویّ نەدان بەداب و نەریتی باوی کۆمەڵگای کوردەواری.. ئەگەرچی (سێکس) غەریزەیەکی ئینسانیەو یەکێکە لەپێویستییە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ژیان و مرۆڤایەتی، بەلاّم لەکۆمەڵگایەکی داخراوی وەك کۆمەڵگای کوردەواریدا، نەك ئامادەنین گفتوگۆی لەسەر بکەن و بەشێوەی زانستی لیّی بدوێن، بەڵکو بەناو هێنانیشی (بیلا مانا) دەکەنە پەرژین.. هەر ئەو ترسنۆکیو خۆ لەقەرە نەدانەشە، بۆتە هۆی دروستبوونی دەیان گریّ کوێرەی دەروونیو کۆمەلاّیەتی لای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا داخراوە.. سەراج، ئەوەندە ڕاستگۆیانە باسی خرۆشان و چێژی ئەو چرکەیە دەکات کە (لایلا)ی تەمەن (٦٠) ساڵیو (کەیوان)ی (٦١) ساڵی لەسەر سیسەمێکدا پێی گەیشتوون..

لەگۆشەکانی ئەم (ونگە)یەدا، جێگای زۆر شتی جیاوازو سەرنج ڕاکێشی کردۆتەوە، کە دەکرێت هەروەستەیان لەسەر بکەین و لەهەندێکیاندا سوودی باشیان لێوەربگرین و بۆ کوردستانی خۆمان کۆپی بکەین.. ئەو گۆشانەی کەسنوور بەسەریکردۆتەوە:

* ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و گیاندارو پاراستنی ژینگە.
* ڕێزگرتن لەڕای بەرامبەرو دوورکەوتنەوە لەتوندووتیژی.
* ڕێزگرتن لەمێژوو و سەروەرییەکان.
* وەسف کردنی ژیانی کەمپ و ئاوارەکانی هەڵخلیسکانی بەشێك لەئاوارە کوردەکان بۆ ناو زەلکاوی بەنگکێشان و خۆ وونکردن.

* لەیەکترازانی بەشێکی کەم لەو خێزانە کوردانەی کە لەدەرەوە دەژین.
* سێکس وەك بەردەوامیەك بۆ ژیان و بەرۆتین کردنی.

سەرەڕای باسکردن و خستنە ڕووی ژیان لێرە (فینلاند) و بەراوورد کردنی لەگەڵ ئەوێ (کوردستان) دا، زۆر ڕووداوو کەسایەتی کوردیشی بەسەر کردۆتەوە، کە بوونەتە خاڵێکی دیار لەسەر بیرەوەرییەکانی ژیانیدا، نموونەی:

* ئەنفالەکانی ناوچەی گەرمیان و ژیانی سەختی گوندنشینەکان.
* کارەساتی هەڵەبجە، تراژیدیای عومەری خاوەر، (کچێکی چواردە ساڵان لەکاتی بۆمبابارانەکەدا، لا دیوارێکی ماڵیان ڕووخابووە سەر باڵێکی، هاواری دەکردە باوکی: وەرە، هەتا زووە، دەستم ببڕەو با لەگەڵتان بێم.. ل١٩).
* (ڕەهبەر جەلال)ی هونەرمەندی شێوەکار کە لەدەرەوەش هەموو ژیانی کردبووە تێکۆشان لەپێناوی ناساندنی کوردو کوردستان..
* حەسەن حەیران، لەشۆڕشی ئەیلولدا وەك هونەرمەندێکی پێشمەرگە، بەحەیرانە حەماسەت ئامێزەکانی، لەکاتی شەڕو پێکداداندا، وورەی دەدا بەر پێشمەرگەو خورتری دەکردن...
* گرفتار کاکەیی کاریکاتێریست و سەباح ڕەنجدەرو سامان دزەیی و.. تاد.

سەراج، لەگۆشەیەك لەگۆشەکانی (ونگە)دا، ڕەواییەك دەداتە ئەو ماڵبات و لاوە کوردانەی کە لەسالآنی (١٩٩١-٢٠٠٠)دا، کوردستانیان بەجێهێشتووەو پێی وایە، (بێ هۆ نیە لاوە خوێن گەرمەکان هەڵدێن و مل بەنادیارەوە دەنێن! بێ پەنهان نیە، کە ناو سکی کۆسەج و نەهەنگ و جلەیان پێ باشترە لەتانووبتەندیو تەڵدڕکەی خۆماڵی، بێ سڕ نیە، کە ڕەقبوونەوەی دامێنی چیاکانیان لەکن پەسەندترە لەچاوەڕوانیو خۆ کوژی.. ل١٦).

هەر سەراج خۆی، کە بەهۆی نامۆبوون و پچڕان لەنیشتمان، تووشی گرفتی (دەردە نیشتمان) بووە، بەلاّم پیٚی وایە، (هەست بەمرۆڤایەتی کردن لیٚرەو.. زیندانە رۆحیەکەی ئەوێندەریٚ بەراوورد دەکەم. وشەکانم لیٚرە بەکامی دلّیان بالّدەگرن و.. لەویٚ بالّیان هەلّدەکروزیٚ، یان کەویان دەکەن و بالّیان دەقرتیٚنن.. ژوورەکەم بەسانتیمەترو قولانج و بست و پیو هەنگاو، تەسکە، بەلاّم دونیای بەرین و بەر بەتاکی خۆزگەکانمە.. ل٩٧. لەترسی کاتموسەوتی ڕیش پانەکانی، (کاولاش)م بەجیٚ هیٚشت.. بوومە مەهدیی چاوەڕوان کراو.. ئەو زاتە لەترسی شمشیٚر خۆی کوتایە سارداویٚکی تاریکەوە، منیش چوومە سەهۆلّستانیٚکی سپی سپییەوە.. ل٩٨).

ئەو موبەریرانە، هاندەریٚکی سەرەکین بۆ هەلّبژاردنی ئەو ژینگە نامۆیە.. (ونگە)، ونگەی هەموو ئاوارەو خەلّکە دەر پەڕیٚنراوەکانی سەرجەم جیهانە.. ئاویٚنەیەکی بالاّ نومای کوردەو هەموو ڕەوەندیٚکی کورد -پەیوەست بەکوردستان- ویٚنەی خۆی تیٚدا دەبینیٚتەوە.. رۆژ ژمیٚری کەیوان، ڕۆژ ژمیٚری من و تۆی ئاوارەیە.. کۆژانی ئەوو ئەوانی ولاّتە.. خۆزگە، ئەو ئاسمانەی ئەویٚش (کوردستان)، وەك ئاسمانی ئیٚرە فراوان دەبوو و، بەبیٚ جیاوازی رەنگ و توخم، جیٚگای فڕینی هەموو بالّندەکانی لیٚ دەبۆوە.. خۆزگە ئیٚمەش، ئەو جورئەتەی (کەیوان)مان دەبوو، بیٚ سلّ کردنەوە، دەمانتوانی ڕازەکانمان بدرکیٚنین و گرێیەکانی دەروونە کلّۆم دراوەکانمان بکەینەوەو...

## ( ڕێگای ئازادی ) :

# یەکەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕین بوو

ئاشکرا کردن و پێزانینی سەرهەڵدان و سەرەتای هەر دیاردەو بابەتێك، گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی.. کەس نییە حەز نەکات بزانێت یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لەباشووری کوردستان کێ بووەو کەی شەهید بووە؟ یان یەکەم تەقە کەیو کێ لەدوژمنی (ڕژێمی بەعس)ی کردووە؟ یەکەم داستانی پێشمەرگە لەکوێو کەی بووە؟!

دیارە لای میللەتانی پێشکەوتوو، بەدەیان وتارو بابەت لەسەر ئەو مەسەلانە دەنووسن و گرنگییەکی تایبەتی پێدەدەن و دەشبێتە بابەتی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەو زێتر ڕۆچوون بەناخی بابەتەکەدا... وەڵێ مخابن، لای خۆمان ئەو مەسەلانە بەهەند هەڵنەگیراون.. ڕۆژنامەگەریی کوردیش یەکێکە لەو لایەنە فەرامۆشکراوانەی کەبایەخی شیاوی خۆی پێنەدراوە... دەیان بلاۆکراوەو ڕۆژنامە لەئەشکەوت و کونە شاخان، بەئامێری سادەو سەرەتاییو بەهەوڵی تاکە کەسێك یان چەند کەسانێك دەرچووینە، کەچی ئێمەمانان بێخەبەرین و بەهەوڵی ئەو ڕۆژنامەنووسە

کۆششکارانە نازانین.. جاروبار لەدوو تویێی یاداشتنامەی سەرکردەیەك یان پێشمەرگەیەك، بەشێوەیەکی کەم بایەخ و لاوەکی، تەنها وەك سەرە قەڵەم ئاوڕی لێدراوەتەوەو باسکراوە.. ئەم وروژاندنە، با هاندانێك بێت بۆ کەسانی ئاگادارو شارەزا، تالایەك لەم لایەنە هەستیارەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان بکەنەوە.

هەر لەم بوارەوە دەمەوێت شتێکی تر ئیزافە بکەم و بیخەمە بەر باس و لێدوان، کە ئەوەندە هەڵدەگرێت خۆی پێوە خەریك بکرێت و بەدواداچوونی لەسەر بکرێت، ئەویش دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە لەدوای ڕاپەڕیندا، نەك بەو تێگەیشتن (مفهوم)ەی ڕۆژنامەی ڕۆژانە....

(ڕێگای ئازادی)، ئۆرگانی ناوەندی حزبی سوسیالیستی کوردستان بوو.. شەرەفی یەکەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕینی پێبڕا. وەك درێژە پێدەری شاخ، ئەمجارەیان ژمارە (٧٠)ی لەدوای ڕاپەڕین و لەشاری هەولێر بەقەبارەی گەورەو تیراژی زۆر لەچاپخانە دەرچوو.. ئەم ڕۆژنامەیە، بەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی دوای ڕاپەڕین لەقەڵەم دەدرێت، بەو حیسابەی:

١-لەڕووی چاپ و فۆنت و هونەری نەخشەسازییەوە، پێش ئەم ڕۆژنامەیە، شتی تر دەرنەچووە.

٢-بەقەبارەیەکی گەورەی (A٣)، ڕۆژنامەی ئاسایی دەرچووە.

٣-بەتیراژی (٦) هەزار دانەی لێ چاپکراوە.

٤-بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرفراوان کەوتە بەرچاوی جەماوەرو لەسەر شۆستەکاندا دەفرۆشرا، کە تا ئەو کاتە، تەنها بلاوکراوەکانی سەر بەرژێم وەك (الثورة، الجمهورية، القادسية، العراق، بابل، الف باء...) لەبازاڕدا، دەفرۆشران.

٥-لەچاپخانەیەکی گەورەی حکومی بەتوانا لەکوردستاندا وەك چاپخانەی (وەزارەتی پەروەردە- هەولێر) چاپکراو لەقاوغی تایبی دەست و ڕۆنیۆو فۆتۆکۆپیو کاغەزی فۆلسکاب (A٤) دەرچوو.

٦-هەر هەمان ژمارەی، سێ جاران چاپکرایەوەو بەکاتێکی کەم لەبازاڕدا نەما، نەك لەبەر بەپێزی بابەتەکانی، بەڵکو لەبەر:

- ئەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەرهەڵستکار بوو، بەئاشکرا لەناو هەموو چین و توێژەکان بلاّوکرایەوە.

- ناوەڕۆکی بابەتەکانی لەسەر پرۆسەی دانووستاندن و ڕاپەڕین بوو، کە ئەو کات خەڵك تینووی زانینی ئەو هەوالاّنە بوو.

٧-لەحوزەیرانی ١٩٩١دا، هیچ ڕۆژنامەیەك کەخاوەنی ئەو سیفاتانە بێت نەکەوتبووە بازاڕ.

ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، بەهەوڵ و کۆششی برایانی ڕۆژنامەنووس کاك (شێرزاد شێخانیو عەبدوڵلاّ قەرەداغی) دەرچوو. بۆ ئەوێ سەردەمێ، دەنگ و سەدای تایبەتی خۆی هەبوو. یەکەم جار بوو لەڕۆژنامەگەریی کوردی نووسراودا، بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرفراوان، سەرکردەکانی (بەرەی کوردستانی) لەسەر دانووستاندن بۆ جەماوەر بدوێن. هەر لەم ژمارەیەدا، (ڕەسوول مامەند)ی سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کە ئەندامێکی دووەم شاندی بەرەی کوردستانی بوو، لەدیمانەیەکی بەرفراواندا، بێ ئومێدی خۆی لەبەڵێنەکانی ڕژێم و درێژەپێدانی دانووستاندن، ڕاگەیاند.. ئەو گوتی: (درێژبوونەوەی ووتووێژ بەقازانجی هیچ لایەك نازانم). هەر ئەم بڕگەیەی دیمانەکەش ببووە مانشێتی ڕۆژنامەکە..

دەبێت ئەوەش بگوترێ، هەر لەهەفتەی یەکەمی دوای ڕزگـارکردنی هــەولێردا کۆششێکی زۆرکرا بۆ دەرچوونی (ڕێگای ئازادی) بەشێوەی فراوان و ئاشـکرا.. ئـەم هەولڵەش بەدەستپێشخەری مامۆستا (سەعد عەبدوڵڵا) بەرپرســی یەکــەمی لقــی هەولێری حزبی سوسیالیست بوو.. لە ١٧ یان ١٨/٣/١٩٩١، لــەبارەگای حــزب لەهەولێر کۆبوونەوەیەکی پێکــردین. ئێمــە بریتــی بــووین لــە، (ئاســۆ حەســەن، ئیسماعیل تەنیا، دارا عومەر، کاوە محەمەد ئەمین، برزۆ عەلی هــەژار، شــێرکۆ). لەکۆبوونەوەکەدا، جەختی لەسەر بەمەدەنی کردنی شارو گۆڕینی بارودۆخەکە کردو گوتی: (..باهەوڵ بدەین، ئەم زەمینە عەسکەرتارییە بگۆڕین و گرنگی بەڕاگەیاندن بدەین و ڕێگای ئازادی دەربکەین... ئێمە لەم بگرەو بەردەو دیــاردە عەســکەرتارییە بێزارین..). ئەو کاتە خەڵك هەر خەریکی تەقەکردن و شەڕو چەك هەڵگرتن و فڕکە فڕکی سەیارەو تالاّنکردنی دەزگا حکومیــەکان بــوون. دەزگــا خزمەتگوزارییــەکان لەکار کەوتبوون، هەر شەقام و کۆلاّنێکت دەدیت، ببووە زبڵدان، کەس لەخەمی پاك و خاوێنی شاردا نەبوو.. خەڵکەکەش ناهەقی نەبوو، چونکە زۆر تینــووی ئــازادیو نەمانی ڕژێم بوو، کە ئەو کاتە هێــشتاکە مەترســییەکی گــەورە بــوو.. هێــشتاکە (کەرکوك)یش ئازاد نەکرابوو.. ئەوەی لەبیرم مابێت، مامۆستا سەعد گوتی: (..من سەروتارو هەندێك بابەتی سیاسی دەنووسم..)

من، دوو بابەتم ئامــادە کــرد، یــەکیان قۆناغــەکانی ڕاپــەڕین و ئــەوی تریــان دیمانەیەك بوو لەگەڵ خەڵك.. لەدیمانەکــەدا، چــەند پرســیارێکم ئاڕاســتەکردبوون، لەهەر چین و توێژێك کەسێکم هەڵبژاردبوو. کەسەکان بریتی بوون لە، (نووســەرێك ئەفسەرێکی گەڕاوەی کورد، زیندانییەك، دایکە شەهیدێك، پێشمەرگەیەکی شــاخ، کاســبکارێك، یــەکێك لــەو ســەربازە عەرەبــە دیلانــەی کــە لەهــەولێر بــەئازادی

دەسووڕانەوە) بابەتەکەی (کاوە محەمەد ئەمین) بریتی بوو لەپاك و خاوێن ڕاگرتنی شارو بەگەڕ خستنەوەی دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان.. کاك ئاسۆو ئەوانی تریش هەر کەسەو چەند بابەتێکیان ئامادە کردبوو.. بابەتەکان، لەماوەی هەفتەیەکدا کۆکرانەوەو درانە دەست کاك (برزۆ عەلی هەژار) پێشتر لەچاپخانە کاری کردبوو و لەم ڕووەوە شارەزایی هەبوو... ئێمە لەچاوەڕوانی دەرچوونیدا بووین، کۆڕەوی بەسەردا هات بابەتەکانی (ڕێگا)ش وونبوون و سەریان تیاچوو..

دانووستاندن دەستی پێکردوو خەڵك وردە وردە گەڕانەوە شارەکان و بنکە حزبییەکان بەفراوانی کرانەوە.. ڕۆژێکی مانگی تشرینی دووەم بوو، ئێمە لەچایخانەی (مەچکۆ) دانیشتبووین، (شێرزاد شێخانی) بەباوەشێك ڕۆژنامە خۆی کرد بەچایخانەو سەرو دانەی پێشکەش کردین. بەمجۆرە ژمارە (٧٠)ی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی) لەتشرینی یەکەمی ١٩٩١ بە (٨) لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئاسایی دەرچوو بووە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دوای ڕاپەڕین.

دەبێ ئەوەش بگوترێ، یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە، دوای کۆنگرەی حزب لە ١٢-١٥/٥/١٩٨١)، لەڕێکەوتی ٢٥/٥/١٩٨١دا، لەناوچەی مەنگوڕایەتیدا دەرچوو. تا ژمارە (٧٦) هەر بەناوی (ڕێگای ئازادی)یەوە دەرچوو. دوای یەکگرتنی هەر سێ حزبەکە، (حزبی سوسیالیستی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان) ڕۆژنامەکە وەستاو ڕۆژنامەیەکی نوێ بەناوی (یەکگرتن)، بووە زمانحاڵی ئەم حزبە نوێیە. دوای کۆنگرەی یەکگرتنی هەر سێ حزبەکە، باڵێکی حزبی سوسیالیست بەسەرکردایەتی سکرتێری حزب لەکۆنگرە دەرچوو و دووبارە درێژە پێدانی حزبی سوسیالیستی ڕاگەیاند. دوو ژمارەی تریش، واتە ژمارە (٧٧، ٧٨) لەڕێگای ئازادی دەرچوو. دواتر، پاش ئەوەی لەگەڵ (یەکێتی

نیشتمانی کوردستان) یەکیان گرتەوە، ڕۆژنامەکە لەکار وەستا.. پاش یەکگرتنی (حزبی یەکگرتن و پارتی دیموکراتی کوردستان)یش، دووبارە کۆمەڵێك خەڵکی تر بەسەرکردایەتی (محەمەدی حاجی محمود) لەو یەکگرتنە دەرچوون و لەکۆنگرەیەکدا –کە ئەوان ناویان نابوو کۆنگرەی دووەمی ڕێکخستنەوەی حزب- لەهۆڵی میدیا لەشاری هەولێر لە ١٥-١٩/١١/١٩٩٤دا، بڕیاری گۆڕینی ئۆرگانی حزب لە (ڕێگای ئازادی)یەوە بۆ (ڕێبازی ئازادی) درا. ئێستاکە (ڕێبازی ئازادی) بەردەوامبوونی (ڕێگای ئازادی)یەو یەکەم ژمارەی لە ٤/١٢/١٩٩٤ لەهەولێر دەرچووە.

# پەراوێزێك بۆ یەك دوو لاپەڕەی

# (چێشتی مجێور)

لەدنیای غەریبیی‌و دوور لەزێدو مەفتەن، کتێب و بلاۆکراوەی کوردی، بەزەحمەت گەرماو گەرم دەگاتە دەستمان. دوا کتێب کە خوێندوومەتەوە، کتێبی (چێشتی مجێور)ی مام (هەژار)ی خوا لێخۆشبووە.

ئەم کتێبە (٥٨١) لاپەڕەیەو چاپی یەکەمی لەپاریس ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە. کاك (خانی شەرەفکەندی)، ئامادەو سەرپەرشتی چاپی کردووە.. کەبریتییە لەبەسەرهات و بیرەوەرییەکانی مام هەژار. نووسەر لەدوو تویی باسکردنی بیرەوەرییەکانیدا، پەل و پۆی بۆ زۆر لایەن هاویشتووەو، زۆر لایەنی پووش بەسەری ئاشکرا کردووەو کەسایەتیەکی زۆری سیاسیی‌و ناوەندی ئەدەبیشی گرتۆتەوە. لەپاش خوێندنەوەدا، خوێنەری وریاو بەسەلیقە، دەتوانێت زۆر سەرە باس و بابەتی لێ هەڵێنجێنێ.. زۆر ڕووداوو سەربردەش کە لەناواخنی کتێبەکەدا جێی خۆیان کردۆتەوە ئەوەندە هەڵدەگرێ هەڵوەستەیان لەسەر بکرێ.... ئەوەی لەم کات و شوێنە مەبەستی منە، هەڵوەستەکردنە لەسەر چەند کەسایەتییەکی ناسراو، نەك بەمەبەستی پارێزەری، بەڵکو وەك پەراوێزێك بۆ ناساندنی دیوە هەقیقییەکەی ئەو




کەسایەتییانە.. پێم وایە، لەبیرەوەرییەکانی مام هەژاردا، غەدریان لێکراوەو هەقی خۆیان پێنەدراوە.

مام هەژار، لەلاپەڕە (٣٦٠)دا، زۆر زۆر دادەبەزێتە سەر (بەشیر موشیر) و ئەوەندە بچووکی دەکاتەوە تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی پێی دەڵێ: (... ئەحمەقێکی خوێن شیرین بوو.) بەشیر موشیر، لەزەمانی ئێمەماناندا نەبووە... ئەوەندەی ناسیوویشمانە لەرێگای ئەو بابەت و پەراوێزو باسە جۆربەجۆرانە بووە کە نووسەران باسیان لێوەکردووە، کە بەباشەو مرۆڤێکی نەتەوە پەرست باسکراوە.. هاتووچۆکەرانی دوکانەکەی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوەندە تامەزرۆی قسەو نوکتەکانین، ئاهو

حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژانە هەڵدەکێشن.. هەق وایە دەروێشەکانی، ئەوانەی مۆخی (بەشیر)یان دەناسی، لەسەری هەڵدەنیو دامێنێك بۆ ئەو لاپەڕەیە بنووسن و زێتر بەنەوەی نوێی بناسێنن....

(مام هەژار) لەلاپەڕە (٥٢٠-٥٢٢)دا، باسی کەسایەتییەکی ناسراوی بوارەکانی سیاسیو ڕۆشنبیرییو ئاشتی گەورەی کورد وەك شەهید (ساڵح یوسفی) دەکات، کە لەهیچ پەرەگرافێکدا دانی خێری پێدا نانێت و پێم وایە، بەم تەرزە کوتکردنەی، غەدرێکی گەورەی لێکراوە... ئەگەر ئێمەمانان لەنزیکەوە (بەشیر)مان نەناسیبێ، خۆ سەیدا (یوسفی) باش دەناسین، چ لەرێگای نووسینەکانی بێت، یان ئەوەتانە لەرێگای کارو کردەوەو هەڵوێستەکانی دا بێت...

مام هەژار دەڵێ: (زۆر کابرایەکی دڵسادەو ئەحمەقۆکە بوو، هەر بۆ خاتری دووجار گیرانەکەی بوو کرا بەهەیئەتی گفتوگۆ دەگەڵ بەعسی.. ل٥٢١) ئەگەر (یوسفی)، هەر لەبەر خاترو خۆتری گیرانەکەی ئەم کارەیان پێسپاردبێ، خۆ هەزاران کەسی تری ناو شۆڕش بەپلەو پایەی بەرزیش هەبوون وەك سەیدا زیندانی دیدە... بەقسەی مام هەژار، جگە لەسەیدا نابێ کەسی تر ئەم خاترەی گیرا بێت. مام هەژار لەسەری دەڕوات و دەڵێت: (... جارێك حیسابمان کرد سیو شەش کاری گرنگی شۆڕشی لەبەغدا لەئەستۆ بوو، یەك لەوانە، تەنزیمی کوردی بەغدا بوو کە ڕەنگە سەد هەزار ماڵ ببێ.. ل٥٢١).

پێم وایە، ئەگەر یوسفی شایانی ئەو جێگاو کار سپاردنە نەبووایە، هەرگیز خوا لێخۆشبوو، (بارزانی) و سەرکردایەتی ئەو کاتی شۆڕش، ئەم هەموو کارەیان پێنەدەسپارد، ئەوە خۆی لەخۆیدا گەورەییو لێوەشاوەیی سەیدا دەگەیەنێت..

مام هەژار لەدوو لاپەڕەدا،' ئەوەندە دادەبەزێتە سەر ئەم کەسایەتییە ناسراوە تاڕادەی هەندێك پەرەگراف لەنزمیدا شایەنی تۆمار کردنی ئەدەبی نین.. هەر بۆ نموونە، (...باشی دەزانی دەم لەعەرەبان پان کاتەوە.. کلکە سووتە بکا.. زۆر کابرایەکی دڵسادەو ئەحمەقۆکە بوو.. مەڕی پێغەمبەر بوو.. نەمدەکردە گوێلکەوانی دێ.. ئەم ئەحمەقە تەواوی ماوەی شۆڕش هەمیشە کاری زۆر گرنگی بەدەست بووە..).

سەیدا بەقسەی مام (هەژار)یش بێت، لەشۆڕشی ئەیلولدا زۆر کارو لێپرساوێتی لەئەستۆ گرتبوو... لەگەڵ پاشگەزبوونەوەی بەعسیش لەو بەڵێنانەی کە بەکوردی دا بوو، سەیدا ڕێگای بەرەنگاریو شاخی گرتەبەر، تا کۆتا بوونی قۆناغی شۆڕشی ئەیلول...

پاش قۆناغی کارەساتیش، وەك دەیان لێپرساوی گەورەی بواری سیاسیو پێشمەرگایەتی، ڕێگای گەڕانەوەی هەڵبژارد... ئەو تێکۆشەرە گەڕاوانە، پاش ماوەیەکی یەکجار کەم، نەخشەو پلانی شۆڕش و سەرهەڵدانێکی نوێیان لەناو جەماوەری دڵشکاوو ورە دابەزیوی کۆمەڵگای کوردەواری داڕشت.... زۆرن ئەوانەی وەك سەیدا گەڕانەوەو دووبارە تێهەڵچوونەوە... هەر بۆ نموونە، شەهیدان، (عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، ئارام، سەعدی گچکە، تاهیری عەلی والیو..) دەیان و سەدان کەسی تر، کە لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، بەپلەی شەهادەت گەیشتن...

مام هەژار، گەڕانەوەی (سەیدا) بەهەنجەتێك دەزانێت بۆ ئەوەی لەپلەو پایەی کەم بکاتەوە.. خۆ مەرج نییە ئەوەی گەڕابێتەوە عێراق ئیدی بۆ دەست لەخۆ بەردان و پاکانەو تۆبە کردن هاتبێتەوە.. دەیان کاربەدەست و لێپرساوی گەورەی حزبەکانی ئێستاشمان، پاش ئەم کارەساتە گەڕانەوەو، لەناو جەماوەرەوە، دووبارە بۆ

سەرهەڵدانێکی تر خۆیان ئامادە کرد... (سەیدا)ش هەر هاتەوە بەغدا، لەسەر ڕێبازێکی تازەو نوێدا دەستی بەکارو چالاکی سیاسی کردەوە، ئەگەر کەمزان و ساویلکەو پیاوی ڕۆژو مەنسەب پەرست بووایە بێ (کلکە سووتە!!) کاری زۆر بەرز لەئاستی وەزیری ڕژێم بەلێنیان پێدابوو، بەڵام ئەو ڕەتی دەکردەوە...

سەیدا ئەوەندە بەوەفا بوو بۆ نەتەوەو مێژووی خەباتەکەی، کە هاتەوە، نەچووە سەر ڕادیۆو تەلەفزیۆن پاکانە بۆ خۆی بکات.. یەك دێڕیش چییە لەمبارەیەوە، بلاّوینەکردەوە.. لەو بەڵگەنامانەی ئێستاش لەبەر دەستن، چ بەنووسراویان دەسخەتی خۆی، یان بیرەوەرییەکانی هاوڕێو دۆستانی کە بەشێکیان زیندوون و ئەوە دەسەلمێنن کەشەهید یوسفی، بە هەقیقەت، چرایەکی تر بوو لەو دەیان چرایەی کە لەناو دڵی جەماوەری دڵشکاوو ساردەوەبووی کورد، دریان بەتاریکیو تارماییەکانی تێکشکان و خۆ بەدەستەوەدان داو، مەشخەڵی شۆڕشێکی نوێیان هەڵگیرساند...

(سەیدا)، بەم تەمەنە لەناو (بزووتنەوەی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان) جێی خۆی کردەوەو پەرەی بەخەباتی نەپساوە دا... ڕژێم حسێبێکی تایبەتی بۆ دەکرد، هەر بۆیەش هەڵسوکەوتی خستبووە ژێر کۆنترۆڵ، تا بەنامەیەکی لوغم کراو لەڕۆژی ٢٥/٦/١٩٨١ شەهیدیان کرد.. ئەوەندەش هەڵدەگرێ کە بە (مامۆستای پایە بەرز شەهید لەتاریخدا —وەك مام هەژار بەگاڵتە پێکردنەوە دەنووسێ-) ناوزەد بکرێ.. نازانم بەبۆچوونی مام هەژار ئەگەر سەیدا شەهیدی ڕێگای کوردایەتی نەبێت، ئەدی کێ شەهیدە؟!

پاش خوێندنەوەی بەدیقەتی سەرلەبەری (چێشتی مجێور)ی مام هەژار، وەك بیرەوەریو یاداشتەکانی تەواوی نووسەرو سیاسەتمەدارانی کورد، گەیشتمە ئەو قەناعەتە، مام هەژار لەبواری وەزیفەو کار گرتنە دەستدا لەململانێدا بووە، کەخۆی

ڕەتی دەکاتەوە.. یەکێك لەو کەسانەش سەیدا بووە کەچاوی پێی هەڵنەهاتووە هەردەم لەژیانیدا لەگەڵی تەریب بووە.. هەر بۆیەش یەك لایەنی چاکەشی، بازۆر بچووکیش بێت، مام هەژار باسی ناکات و خۆی لەقەرەی نادات.. ئەم شێوە نووسین و بیرەوەرییانەش لەباس و لێکۆڵینەوەی زانستیدا ناکرێ پشتیان پێببەسترێ.

ئەوەی گوتم، تەنها چەند سەرەقەڵەمێك بوو وەك پەراوێزێك و ڕوونکردنەوە، بۆ یەك دوو لاپەڕەی (چێشتی مجێور) هیوادارم غەدرم لەکەس نەکردبیو بەلای هیچ کەسێکیشدا دامنەسەنگاندبێ.. پێش هەموو شتێکیش (مام هەژار) هێندە لای من گەورەیە بەقەد (شەرەفنامەو هەنبانە بۆرینە).. بەچاو پۆشینیش لەم ڕوونکردنانەوەی سەرەوە ویژدانم ئازارم دەدات..

دواجار، چەپکێ گوڵی ڕێزو وەفاداری بۆ سەر گۆڕی مام هەژاری نووسەرو (سالح یوسفی) سیاسەتمەدارو شەهید....

# ئاوازو گۆرانی کوردی
# لەدووڕیانی مانەوەو تالانکردندا

ئاوازو گۆرانی هەر نەتەوەیەك، سیماو خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیەو، دەتوانرێت نەتەوەکان لەرێگای کولتووری جل و بەرگ و ناوی تاکەکان و مۆسیقاو گۆرانیەوە بناسرێنەوە. هەر ئەوەشە، وایکردووە گرنگی ئەو بوارە دیارو بەرچاو بێت و بکرێتە یەکێك لەکۆڵەگەکانی مانەوەو بەپێوە وەستانی نەتەوەکان.

گۆرانیو مۆسیقاو ئاوازی کوردی، وەك هەر لایەنێکی تری ژیانی کوردەواری، بەهۆی پارچە پارچە بوون و پیادەکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانی عەرەب و فارس و تورك، تووشی شێواندن و تالانکردن هاتووە. بەسەدان ئاوازو گۆرانی ڕەسەنی کوردی کراونەتە موڵکی ئەو نەتەوە داگیرکەرو سەردەستانەو، بەشێکیش لەخۆمان، لەم بوارەدا یارمەتیدەرێکی کاراو لێزانی ئەو داگیرکەرانە بووین، کە هەڵبەتە دەتوانین بە خیانەتێکی گەورەی نەتەوەیی لەقەڵەم بدەین و پاکانەکانیش ناچێتە هیچ گیرفانێکەوە.

لەباکوری کوردستاندا، کە لـەڕووی ڕووپێـوی خـاك و ژمـارەی دانیـشتوانەوە، گەورەترین بەشـی کوردسـتانە، کوردەکـان، تووشـی گـەورەترین و توونـدوتیـژترین چەوسانەوە هاتوونەو لەبچووکترین مافی ئینسانی بێبەش کراون.. پیـادەکردنی ڕێو ڕەسمـە کولتوورییـەکان و نـاو لێنـانی منـدالآن بـەئارەزووی خانـەوادەکانیان و لەبەرکردنی جل و بەرگی نەتەوایەتیو چڕینی ئاوازو گۆرانی بەزمانی بابو کالآن، دەچنە خانەی شتە قەدەغەکراوەکان بەپێی دەسـتووری بنـچینەیی تورکیـا، ئـەوەی لەتورکیا بژیت تورکەو، بەو پێیەش جگە لەزمان و کولتووری تورکی، شـتێکی تـر بوونی نییە..

داگیرکەران، چۆن توانیوویانە سامان و خێرو بێری زۆرو زەوەنـدی نەتەوەکـەمان بەتالآن ببەن و، بیخەنە خزمەت ئاشەکانی شەڕیان دژ بەخۆمان، بەهەمان شێوەش، ئاوازە ڕەسەنەکانیان دزیوین و بەزمانێکی تر پێماندەبەخشنەوە... ئەگـەر یـەکێکی شارەزاو خاوەن گوێچکەیەکی مۆسیقا، بەدیقەتەوە گوێ لـەئاوازو گـۆرانی تـورکی بگرێت، زۆر بەئاسانی دەتوانێت سەدان ئـاوازی کـوردی بناسـێتەوەو بەسـاحێبیان بکاتەوە.. بەدواداچووی ڕۆژانەی کەناڵە تورکیەکان، بەئاسانی هەست بـەو ڕاسـتیە دەکات و دەکرێت ببێتە شاهید حالێکی بۆچوونەکانمان.

چۆن لەبواری خیانەت و پێش لەشکر کەوتنی داگیرکەران و چاوساغی کردن بۆ دوژمنان، مێژووەکەمان خالی نییە لەکەسایەتی خۆفرۆش و پاشەڵ پیس، بەهەمان شێوەش لەبواری بەتالآنبردنی ئاوازو گۆرانی کوردی بەدەیان کەسایەتی ئەو بوارەمان هەیەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەژێر پەردەی هەر بیانوویەك، درێژە بـەو خیانەتـە دەدەن و، سـامان و کولتـووری کـوردی تـالآن دەکـەن و ناسـنامەی نەتـەوە کۆلۆنیالییەکانیان، بەبالآدا دەبڕن. لەباکووری کوردستاندا، پێشڕەوو سەرکردەی ئەو

تاقمه خۆ فرۆشانه، (ئیبراهیم تاتلی سـەز)ی گۆرانیبێـژو دەنـگ زولاڵـی بەرەگـەز کوردە. کە ئەوە دەڵێت، وەنەبێت ڕق و قینی شەخسیمان لەو دەنگ خۆشە بەتوانایە بێت، بەقەد ئەوەی لەخەمی ئاوازو مۆسیقای کوردیداین.

(تاتلی سەز)، یەکێکە لەناوە پێـشەنگ و درەوشـاوەکانی گـۆرانیو مۆسـیقای تورکیو جەماوەرێکی فراوان و زۆرو زەوەندی هەیە، جارو بـاریش لەشـەرمی ڕووان، یەك دوو کۆپلە یان گۆرانییەك بـەکوردی دەڵێـت، دواتـر لەلایـەن گروپـە ڕەگـەز پەرستەکانی تورك و دادگاوە، تووشی لێپرسینەوە دەبێت.. نزیکترین ئەو دەمـەقاڵێو فشار خستنە سەرەش، چەند مانگێك لەمـەو بـەر بـوو، کاتێـك کـە (ئیـبراهیم) لەئاهەنگێکدا گۆرانییەکی بەکوردی گوت، ڕەگەزپەرستەکانی سەر بەپارتی گورگە بۆرەکان (مهێپە)ی هەراسان کردو لەچەند کەناڵێکەوە هێرشی کرایـە سـەر.. ئـەو کارە دەرهەق بەگۆرانیبێژی گەنج و بەرەگەز کورد (فەرهاد تونج)یـش کـرا.. لـەو سەروبەندەو دەربارەی ئـەو ڕووداوە، زۆر بۆچـوون لەلایـەن ڕۆژنامـە کوردییـەکانی باشوورو ڕۆژنامە تورکییەکان بلاّوکرایەوە، کەزۆربەیان لەسەر ئەو ڕایە کـۆك بـوون کە (تاتلی سەز)، لەدوا دوای تەمەن و گەیشتن بەلووتکە، بەدەردی (ئەحمەد کایا)ی گۆرانیبێژ دەچێت.. چـۆن (کایـا)، ناچـار کـرا تورکیـا جێبهێڵێـت و بـەناکامی لەفەرەنسادا سەری نایەوە، هەمان چارەنووسیش لەچاوەڕوانی (ئیبراهیم) دایە.. بەلاّم بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە بەر بلاّوانە، من پێم وانییە (ئیبراهیم) وا بەئاسانی دەست لەتورکیا بەر بدات و بەرژەوەندی بالاّی کورد بخاتە پێش بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی.. جیاوازییەکی زۆریش لەشەخسیەتی (کایا) و (تاتلی سەز)دا هەیە. (کایـا)، بابایەکی مۆسیقازان و خاوەن فکرێکی چەپ بوو، جگـە لەفکرەکـەی هـیچ جـۆرە سامانێکی تری نەبوو.. بەپێچەوانەوە، (تاتلی سەز) لەڕووی ڕۆشنبیریی هونـەرییو پابەندبوون بەسیاسەت و فکرەوە، ناگاتە قوڵە پێی (کایا).. جگە لەوەش، (تـاتلی

سەز) بووەتە خاوەن سەرمایەكی زۆرو چەندان هوتێل و ئەپارتمان و چێشتخانەو كۆمپانیای گواستنەوەو ڕادیۆو كەناڵێكی ئاسمانیشی هەیە. ئەو سامان و موڵك و ماڵە زۆرەی، وایكردووە، چەندان پەیوەندی ژێراو ژێر لەگەڵ كار بەدەستەكان ببەستێت و دەیان مافیا لەدەوری خۆی كۆ بكاتەوە.. بۆیە بەهیچ جۆرێك مەنتیق نییە، ئەو (ئیبراهیم)ە لەپێناوی ئاوازو گۆرانی كوردیدا، دەست لەو هەموو سامان و بەرژەوەندییە هەڵبگرێت و پشت لەتوركیا بكات و لەپایتەختە ڕۆژئاواییەكان، كۆنسێرتی كوردی ساز بكات.

جگە لە (ئیبراهیم)یش، بەدەیان گۆرانیبێژو دەنگخۆشی بەرەگەز كورد، چەندان ئاوازو گۆرانی كوردی ناوچەكەی خۆیان كردۆتە توركی و، لەم ڕێگایەوە بوونەتە خاوەن جەماوەرو ناوبانگیان پەیدا كردووە.. نموونەی ئەو گۆرانیبێژانە، (مەعسون قرمز گول، مەحمود تونجار، بورهان چەچان، ئیمرە، ئیبراهیم ئەركاڵ، عەلی شان، فەرهاد تونج، جەیلان، یڵدز تیلبە، سەهەر دیلۆوان، بەردان ماردینی، سەیفی دۆغان ئای، ئیسماعیل حەزەر، ئوزجان دەنیس، مستەفا ئور، نیهاد دۆغان، هەقی بەلوت، لەتیف دۆغان، قەدەر، حوسێن تاتلی، یەڵماز ئەردۆغان، و..وو) چەند گروپێكی مۆسیقاو گۆرانی وەك، (گروپ یۆرو و گروپ مونزورو گروپ چل و شەش) و زۆری تریش.

ئەگەر ئەو گۆرانیبێژو دەنگخۆش و گروپانەش، پاكانە بكەن و بڵێن، (لەتوركیادا گۆرانیو مۆسیقا جگە لەتوركی بەزمانەكانی تر یاساغە). ئەوە دەتوانن گۆرانی نەڵێن، یان ئەگەر دەشیڵێن، با ئاوازی فۆلكلۆری ناوچەكەیان نەشێوێنن و دەقەبەری توركانی نەكەن. توركەكان، خۆیان ئەو شاهیدییە دەدەن و بەخۆم چەندان جار گوێم لێبووەو دەڵێن: (ئەگەر گۆرانیبێژەكانی ئەنادۆڵ یان عەلەوییەكان نەبێت، ئەوە مۆسیقاو ئاوازی توركی چی لێ نامێنێت..) بەواتایەكی تر، گۆرانی ڕەسەن و

فۆلکلۆری تورکی ئەو گۆرانیانەن کە کوردەکان و عەلەوییەکان دەیبێژن.. چۆن زۆرجاران (حەسەن زیرەك) دەیگوت: (هونەر بەلای ئێرانییەکانەوەیە). تورکەکانیش بەتایبەتیش خاوەن سەلیقەو گوێگری فۆلکلۆرو گۆرانییە میللییەکان دەڵێن: (گۆرانیو ئاوازی ڕەسەن، بەلای ئەنادۆڵیو عەلەوییەکانەوەیە).. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەنادۆڵییەکان کوردەکانن و بەشێکی زۆری عەلەوییەکانیش سەر بە نەتەوەی کوردن... بەرچاوترین گۆرانیبێژی عەلەویش خانم (یلدز تیلبە)یەو بەدەیان ئاوازی ڕەسەنی کوردی کردۆتە تورکی. بۆ پێشگرتن لەو کارە بەچاکی دەزانم:

١-خەڵکێکی شارەزاو پسپۆڕی ئەو بوارە، ڕووپێوێکی ئاوازی فۆلکلۆری ناوچە کوردییەکان بکات و گوێی لەدەنگخۆشەکانیان بگرێت و دەنگەکانیان تۆمار بکات، (چونکە بەشێکی زۆری پیرەکان، جگە لەکوردی ناتوانن بە تورکی بئاخافن). ئەوجا ئەو گۆرانییە تۆمارکراوانە لەگەڵ ئاوازی ئەو گۆرانییانە بەراوورد بکات، کە بەڕەگەز کوردەکان کردویانەتە تورکی.. ئەوەی کوردی دەرچوو، بەشێوەیەکی نۆتەی بۆ بنووسرێتەوەو دووبارە سەر بەخاوەنەکانیان کە (کوردن) بکرێنەوە.

٢-ئەوگۆرانیبێژو گروپە کوردییە باکوورییانەی لەدەرەوەن، دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن و ئەو سامانە دزراوانە بکەنەوە بەکوردی.

٣-لەبری سەرکۆنە کردن و بەچاولێکەری (ملقد) لەقەڵەم دان، هانی ئەو هونەرمەندانە بدرێت کە دووبارە گیانی کوردێتی وەبەر ئاوازە دزراوەکان دێننەوە.

٤-هەمان گۆرانیبێژە کوردەکان، ئەگەر دەلیقە ڕەخسا، دەتوانن ئەو ئاوازانەی کە بەتورکی گوتەوویانە، دووبارە بەشێوەیەکی زانستیو ڕێك و پێك بەکوردی تۆماری بکەنەوە.

# (ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو و
# چەند پەراوێزێكی واقیعیانە

(ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو)، بەشی یەكەم، ناوی كتێبێكی یاداشت ئامێزی كاك (سابیر كۆكەیی)یەو لەساڵی ۲۰۰۱ لـەدوو تـوێژی (٤۰۲) لاپـەڕە چـاپ و بلاۆكراوەتەوە. ناوی هیچ شوێن و دەزگایەكی چاپكردنی لەسەر نییە.

كاك (سابیر)، لەمانگە سەرەتاییەكانی ساڵی ۱۹۸۱ بووەتە پێشمەرگەو تا كۆتا هاتنی ئەنفالەكان، درێژەی بەخەباتی چەكداری داوە.. دواتریش تـا سـاڵی ۱۹۹۸، لەریزەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردستاندا، كـاری سیاسـی كـردووە. ئـەوەی مـن ئاگادارم، لەساڵی ۱۹۹٦-۱۹۹۷ لێپرسراوی ڕێكخراوی (ینك) بووە لە (ئەسینا)ی پایتەختی یۆنانستان. دیارە یاداشت نووسین و تۆماركردنی ڕووداوەكان، كارێكی پـڕ لەبایەخ و بەهەند هەڵگرتنە، بۆ نووسینەوەی مێژووی پڕ لەخەبات و هەڵكـشان و داكشانی نەتەوەكەمان، بەمەرجێك ڕاستگۆیی و ڕاشكاوی و جورئـەتی تێـدا بێـت.. چونكە، ئەگەر وانەبوو، زێتر مێژووەكەمان دەشێوێندری و ڕووی ڕاستییەكان –ئەگەر بۆ ماوەیەكیش بێت- پەردە پۆش دەكرێت.




کاک (سابیر)، ئەو ماوە درێژەی (١٩٨١-١٩٩٨)، لەریزەکانی (ینك) کاری کردووە، بەدڵسۆزی و بێ پسانەوە، لەهەوڵی چەسپاندن و بەئامانج گەیاندنی دروشمەکانی (ینك) کاری کردووەو چالاکی نواندووەو هەوڵی داوە هەرچی زێترە خەڵکی کوردستان لەدەوری ئەم ڕێکخراوە کۆ بکاتەوە. لەساڵی (١٩٩٨) وازی هێناوە، بەلاّم لەهیچ شوێنێکی یاداشتەکەیدا هۆی وازهێنان و بەجێ هێشتنی ریزەکانی (ینك) ڕووننەکردۆتەوە. سەر لەبەری یاداشتەکانی، هێرش کردنە بۆ سەر ئەو ڕێکخراوە... لەچەندان شوێندا، بەبێ مناسەبەو پێویست بوون، بای داوەتەوە سەر هێرش کردن و نقورچ لێدان، بەتایبەتیش بۆ کەسایەتی جەلال تاڵەبانی. کە ئەوە دەنووسم، من ڕۆژێك لەڕۆژان (ینك) نەبوومە، لەوانەیە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە بەربەرەکانیشم کردبێت. ئەو سەرنجانەی من بەرگریکردن نییە لە (ینك)، بەڵکو خستنە ڕووی چەند ڕاستییەکی واقیعییانەیەو ڕووبەڕووی هەڵوێستی عەمەلیو یاداشتەکانی کاک سابیر دەبێتەوە.

* كاك (سابیر) لەلاپـەڕە (١٢٩)دا دەڵێـت: (ڕۆژی ٣/٥/١٩٨٨ ڕژێمـی ڕەفتـار فاشیستی عێراق بەهەشت فڕۆکەی جەنگی هەموو دانیـشتوانی گـۆپ تەپـەو عەسکەری پڕ ژەهری کیمیاوی کرد. لەیەك کاتژمێردا زیاتر لـە ٣٥٠ کەسـیان بـەپیرو جـوان و منداڵـەوە بـەو ژەهـرە کیمیاویـە خنکانـدو بـوون بـەقوربانی سەرکردایەتی داسەپاوی نویّ..)

* لەلاپەڕە (١٣٠)دا دژی تاڵەبانی دەنووسێت و دەڵێت: (جەلال تاڵەبانی لەمێژووی ژیانیدا هەمیشە لەسـەر حـسابی خـوێنی ڕۆڵـەی کـورد هـەوڵی ئـەوەی داوە کەهەلێکی بۆ بڕەخسیو شوێنێکی ناودار بدۆزێتەوە بۆ دانـانی بنکـەی خـۆی لێیو ناوی بچێتە مێژووەوە....).

باشە، مادام ئـەو سـەرکردایەتییە داسـەپاوە، بۆچـی کـاك سـابیر زووتـر وازی نەدەهێناو ماهیەتی ئـەو سـەرکردایەتییەی بـۆ خـەڵك ڕوون نـەدەکردەوە. لـەلای هەموومـان ئاشکرایە، هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە، کاتێك کە کاك سابیر بووەتـە پێشمەرگە، تاوەکو ئێستا ناوی ئـەو ڕێکخـراوە بـەو سـەرکردایەتییەوە بەنـدە. بـۆ مەسەلەی دیاریکردن و دانانی بارەگای ڕێکخراوەکـە، ئـەوە پێویـستی بـەهۆکاری ئەمنیو پاراستنی ئەو دەزگا سەرەکیو هەستیارە هەیە نەك کەسێکی تایبەتییەوە.. مێژووی سەر لەبەری سەرکردە کوردەکانیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.. وەك شۆڕشـی شێخ سەعیدی پیران کە بارەگاکەی لەچیای (پیران) بوو. شێخ مەحمودی نـەمر لـە (داریکەلی) و قازی محەمـەد لـە (مهابـاد) و مـستەفا بـارزانی لـە (بـارزان) و ئێستاکەش مەسعود بارزانی لە (سەری ڕەش) و مام جەلالیش لـە (قەڵاچـوالاّن). شوکر دوای بلاّوبوونەوەی کتێبەکەی کاك سابیر، تاڵەبانی شوێنی خۆی گواستەوە بۆ هاوینە هەواری (دوکان). ئەو مەسەلەیە هی ئەوە نییە، کەسایەتی کەسـێکی پـێ لەکەدار بکرێت.. ئەو هەڵوێستەی کاك سابیر ئەوەم بیر دەخاتەوە، کاتێك کە (ینك)

له ٥/٢/٢٠٠١ لەسلێمانی دووەم کۆنگرەی خۆی گرێداو سەرکردایەتییەکی تازەی هەڵبژارد. یەکێك لەئەندامی سەرکردایەتیەکان دەرنەچوو، چونکە پێگەی جەماوەری لەناو ینك دا نەبوو و کاتی خۆی بەرێکەوتن و تەعین بوون ئەو شوێنەی وەرگرتبوو. ناوبراو، پاش زێتر لەهەشت ساڵ هیچ گلەییەکی لەو سەرکردایەتییە نەبوو. کە دەرنەچوو و پایەی جارانی لەدەست دا، هاتبووە هەولێرو لەچاوپێکەوتنێکی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا گوتبووی: (... بۆیە وازم لەینك هێناوە، چونکە مام جەلال دیکتاتۆرە!!). ئێمە هەقمان بەسەر ئەوەوە نییە بیسەلمێنن کەمام جەلال دیکتاتۆرە یان دیموکراتخوازە بەقەد ئەوەی بڵێین، بۆ ئەو هەشت ساڵە دەنگت نەکردو نەتدەگوت دکتاتۆرە.. تازە بەتازە، پاش لەدەست چوونی کورسیو پلەو پایە، ئەوجا هەڵوێست وەردەگری. هەڵوێستی کاك (سابیر)یش، بەدڵنیاییەوە دەڵێم دیارە کاك (سابیر)یش تووشی هەمان دەردی برادەری گۆرین هاتووە.

بۆ مەسەلەی کیمیاباران کردنی گۆپ تەپەو شوێنەکانی تری کوردستان و ئەنفالەکان و پەیوەست بوونیان بە (ینك)ەوە، ئەوە هیچ ڕاست نییە.. گریمان ئەوە سوچی ینك بوو ئەدی خۆ کردەوە دڕندانەکانی تری ڕژێم دەرهەق بەخەڵکی باشوورو زۆنگاوەکان، ئەوانە هیچیان پەیوەندی بە پرۆسەی بەرهەڵستی کوردو تەواوی خەڵکی عێراق نییە بەقەد ئەوەی ماهیەتی ڕەفتارو پێکهاتەی ئەو ڕژێمە دەردەخەن.. باشە، ئەوە (ینك) بووە هۆکارێك و بیانووی دایە دەست ڕژێم بۆ ئەوەی ئەنفالەکان ئەنجام بدات، ئەدی:

- ئەنفالەکانی بادینان بۆ؟! خۆ (ینك) لەبادینان باڵادەست نەبوو، مەترسییەکی گەورە نەبوو لەسەر ڕژێم؟!

- ئەنفال کردنی هەشت هەزار بارزانی بۆ؟!

- وشك کردن زۆنگاوەکان و کوشت و بڕکردنی خەڵکەکەی بۆ؟!

- قەتل و عام کردنی ئەندامانی نزیکی خێزانەکەی خۆی بۆ؟!

- کوشت و بڕکردنی نزیکترین هاوڕێکانی خۆی، پاش ماوەیەکی کـەم لەهاتنـە سەرکاری وەك سەرۆك کۆمار لە (١٧ی تەموزی ١٩٧٩)دا، ئەمانە بۆ؟!

- پـاش ئـازادکردنی عێـراق و دۆزینـەوەی ئـەو هـەموو گـۆڕە بەکۆمەڵـە لەسەرتاسەری عێراق.. ئەمانە بۆ؟! دەبێ (ینـك) ئەوەنـدە ڕێکخراوێکـی بـەهێزو مەترسیدار بوو بێت و، ئەو هەموو خـوێن ڕشـتن و کاولکارییـەی بەسـەر تـەواوی گەلانی عێراقدا هاتبێت بیانووەکەی بۆ (ینك) بگەڕێتەوە؟! ئەو وەڵامەی کاك سابیر قەناعەت بەهیچ کەسێك ناهێنێت... دڵنیـام خۆشـی ئـەو قەناعەتـەی نییـە وەك لەیاداشتەکانیدا تۆماری کردووە.

* لەشەڕی براکوژیشدا، کاك سابیر (قارەمان!!)ێکی بەدەست و بردی ئەو هەڵمەتانە بووە.. پشکێکی باشی ئەو خزمەتـەی بـەر دەکـەوێت، چـونکە ئـەویش ڕۆڵـی لێپرسراویەتی هەبووە. لەلاپەڕە (١٤٦)دا دەڵێت، (لەڕۆژی جـەژنی کرێکـارانی جیهاندا بەدەیان نوێنەری کرێکاران قەتل و عام کران و سەرکردەو نوێنەرەکانیان دەستیگر کـران لەوانـەش بـەهاددین نـوریو کـەریم ئەحمـەدو ئەحمـەد بـانی خێلانی...).

مادام کاك سابیر ئەو ڕاستییە تاڵە دەزانێت و هەست بەو تاوانـەی لایەنەکـەی خۆی دەکات، بۆچی ئەو کاتە وەك دەیان پێشمەرگەو کـادیرو هـەوادارانی تـەواوی لایەنە شەڕەکەرەکان، هەڵوێستی وەرنەدەگرت؟! ئەگەر نەیدەوێرا، بـاهیچ نەبوایـە چەکی دابنابووایە.. جگە لەوەش خۆی گەرماو گەرم ئەو کوشت و بڕینەی بینیـووە. دەمەوێ هەڵەیەکی تریش بۆ کاك (سابیر) ڕاست بکەمەوە، بەهاددین نوری ئەو کاتە

لەو شەڕەدا بەشدار نەبووەو بەدیلیش نەگیراوە، تەنها کەریم ئەحمەد و بانیخێلانی بەدیل گیراون... وەك لەتەواوی یاداشتەکانی لایەنە شەڕکەرەکان دەردەکەوێت[1].

* لەدەیان شوێنی تردا، کاك (سابیر)، لەگەرمەی تۆمارکردنی بێ مناسەبە شانەکە لەسەری تاڵەبانی دەشکێنێت وەك لەلاپەڕە (١٤٤)دا هاتووە، (... ئەو ڕۆژە ٧ شەهیدو ٢٢ بریندارمان هەبوو، لەڕێگای ناوو ناوبانگی جەلال تاڵەبانی گیانی خۆیان لەدەست دا).

کاك (سابیر)، ئەو هەموو قوربانیو تێکۆشانەی (ینك) -بەکەم و کوڕییەکانیشیەوە- دەخاتە خانەی -لەپێناوی مانەوەو بەرژەوەندی جەلال تاڵەبانی-. (ینك)، باڵێکی سەرەکیو دیاری شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە... ئەو بۆچوونەی کاك سابیر، لەوانەیە خەڵکێکی کەم بخاتە دڵەڕاوکێو گومانەوە، دەربارەی ڕەوایەتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان. هەروەها لەلاپەڕە (١٤٨)یشدا، هەمان بۆچوونی دووبارە کردۆتەوە.

* کاك (سابیر) لەلاپەڕە (٢٨٣)دا، دەربارەی کارەساتی هەڵەبجەو ڕۆڵی (ینك) دەڵێت: (... دوایش لەلایەن چەند لێپرسراوێکی بێ ویژدانی یەکیەتی نیشتمانی سەروەت و سامانی لەدوا بەجێ ماوی هەڵەبجەییە ئەنفال کراوەکان ڕاگوێزی قولایی شارەکانی ئێران کران و بۆیان فرۆشراو پارەکەیان خستە گیرفانی خۆیان..).

---

١-تکایە سەیری ئەو کتێبانە بکە:
- پشتئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا، قادر رەشید (أبو شوان).
- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کورد ١٩٨٣-١٩٩٠، فاتح ڕەسوڵ.
- بیرەوەرییەکانم، ئەحمەد بانیخێلانی.
- بیرەوەری پێشمەرگەیەك، سەید کاکە.

دەبوایـە، بـرای یاداشـت نـووس، وەك (كاكـە حەمـەی حـاجی مـەحمود)، بەڕاشكاوییەوە، بێ ترس و گوێ دانە پلەو پایەو مەوقیعیەتی ئێستایان لەكوردستان دا، بە بەڵگەوە دەست نیشانی ئەو كەسانە بكات.. جگە لەوەش، ئێستاكە كاك‌سابیر پەیوەندی بە (ینك)ەوە نەماوەو، لەولاتێكدا دەژیت، مەودای بـیرورا دەربڕینـی تێـدا ئازادە.. تۆماركردنی ئەو بۆچوونانە لەسەر بنەمای (چەند لێپرسـراوێك، گۆتیـان، بینییان...)، بەبێ بەڵگە قەناعەت بەخوێنەر ناكەن و ناچنە هـیچ گیرفانێكـەوە... دیارە، كاك سابیر ناوی ئەو لێپرسراوانە دەزانێـت، بۆچـی ناویـان تۆمـار ناكـات؟! ئەگەرنا گومانی ئەوەم هەیە كاك سابیر هێڵی گەڕانەوەی بۆ خۆی دانابێت.

* كـاك (سـابیر) لەلاپـەڕە (٢١٨)دا، لەگێڕانـەوەی ڕووداوێكـدا، مێـژووی ٦/١٠/١٩٨٦ كاتی لێدانی بـیرە نەوتیـەكانی كـەركوك بـە (وەرزی خەڵـەو خەرمان) دادەنێت. كەچی ئەوەی كەمێك لەناو ژیانی جووتكاریو لادێ نشینیدا ژیابێت، دەزانێت ئەو كاتە وەرزی چاندن و تۆوكردنە نەك وەرزی خەڵەو خەرمان. وەرزی خەڵـەو خـەرمان لەمانگـەكانی (٧ و ٨)ە. بـەڵام كـاك (سـابیر) بـۆ چەسپاندنی بۆچوونەكانی خۆی، خوێنەری ناشارەزا چەواشە دەكات.

*كاك (سابیر) لەلاپەڕە (٥٢)دا، كاتێك كە لەزیندان دا بووە، دەربـارەی (بەرهـەم ئەحمـەد سـاڵح) دەڵێـت: (... هێنـدێ زینـدانییان بـەژووری زینـدان دا كـرد، یەكێكیان بەناوی بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو، باڵا بەرزی قژ شـامپۆكراوی درێـژ لەسـەر شـانی، زیندانییـە سیاسـیەكان پێیـان دەگـوت (دیـسكۆ)، زۆر لەزیندانیەكان دەیانناسی، دەیانگوت ئەمە بەعسیەو خۆتانی لێ بپارێزن.. دوای چەند ڕۆژێك بەبێ ئەوەی یەك پەنجەی لێ بدەن بەموافەقەی دەزگای موخابەراتی

سلێمانی ئازادکرا.. لەدواییدا ڕژێم ناردی بۆ لەندەن بەناوی خوێندن و خزمەت کردن بە بەعس...).

ئەم بۆچوونانەی کاك (سابیر) دەمانخاتە بەردەم چەند پرسیارو وەلاَمێکەوە،.. کاك سابیر لەڕێی وەسف کردنی (بەرهەم سالَح)دا، دەیەوێت ئەوەمان پێ بسەلمێنێت کە (بەرهەم) کابرایەکی هیچ لەبارا نەبووە بووەو ئێستاکە کراوەتە سەرۆك وەزیران..

- قژ درێژیو شامپۆکراوی بەخەوش بۆ (بەرهەم) ناگەڕێتەوە، چونکە ئەو گەنجێکی خوێندکاری شارنشین بووەو ئەو کاتە تەمەنی لەنێوان (٢٠-٢٣) ساڵێکدا بووە، ئەو سیمایانە، هیچ لەهەڵوێست و کەسایەتی مرۆڤ ناگۆڕێت.

- کاك (سابیر) چۆن دەزانێت پەنجەیان لێی نەداوە؟! دیارە هەر کەسێك کە لەعێراقدا ژیابێت و، ئەگەر بۆ بچووکترین لێپرسینەوەش، بانگی دەزگای ئەمن و ئیستخبارات کرابێت، ئەوە تووشی ئەشکەنجەو لێدان بووەو دواتر بەدرۆ داوای لێبووردنیان لێ کردووە.

- ئازادکردنیشی هیچ ئەوە ناگەیەنێت، پەیوەندی بە ڕژێمەوە هەبووبێت، ئەگەر بەڵگەیەکی ڕەسمی لەبەر دەستتدا نەبێت.. چونکە لەماوەی ڕژێمی (سەدام)دا، بەهەزاران کەس لەژووری لەسێدارەدان بووینە کەچی بەر لێبوردنێك کەوتوون و ئازاد کراون.. وەك چۆن کاك (سابیر)و دەیان لێپرسراوی تری کورد بەر ئەو لێبوردنە کەوتوون. مەسەلەی ناردنە دەرەوەش، پەیوەندی بەوەوە نەبووە گوایە تێکەڵاوی لەگەڵ بەعس هەبووە. چونکە تاپێش هەڵگیرساندنی شەڕی (عێراق- ئێران)یش، خەڵکی هەبووە دەیانتوانی سەفەری دەرەوە بکەن جا بۆ هەر مەبەستێك بووبێت. بێجگە لەو شتانەش، خۆ (بەرهەم سالَح)، هیچ کاتێك _مستەشار، ئامیرمەفرەزە، ئەمن، ئیستیخبارات، داردەستی ڕژێم) نەبووە.. ئەگەر وانییە بۆچی کاك (سابیر)

بەڵگەنامەکان ناخاتە ڕوو... پێچەوانەی ئەو قسانەی کاک سابیر، (د.بەرهەم)، گەنجێکی پڕ لەجوولەو متەوازع و بەجورئەت و سیاسەت مەدارێکی مۆدێرن و دیپلۆمات کارێکی نەوەی تازەی کوردە. چاوەڕوانی شتی گەورەو زێتری لێدەکرێت. ئەو یەکەم سیاسەتمەداری کوردە بەجورئەت و ڕاشکاوییەوە دەربارەی ڕووداوەکان، هەڵوێست وەربگرێت..

ڕۆژی ٣/٥/٢٠٠٣، لەسەردانێکی بۆ (قاهیرە)، چاوی بە (عەمرو موسا)ی سەرۆکی (زانکۆی عەرەبی)و (ئەحمەد ماهیر)ی وەزیری دەرەوەی میسر کەوت.. لەلێدوانێکی ڕۆژنامەگەرییدا بەئامادەبوونی (عەمرو موسا)، د.بەرهەم گوتی: (... زانکۆی عەرەبیو ولاتە عەرەبییەکان، ڕۆڵێکی زۆر خراپ و نێگەتیفیان گێڕاوە، چونکە بەهەموو شێوەیەک، یارمەتی مانەوەی ڕژێمیان داوەو پشتیان لەگەلانی عێراق کردووە... هەروەها گوتی، گەلانی عێراق ئەو هەڵوێستە خراپەیان لەیاد ناچێت.. پێویستە زانکۆی عەرەبی داوای لێبووردن لەگەلانی عێراق بکات و سەرکۆنەی خۆی بکات..). جگە لەوەش سەرکۆنەی شەقام و ڕاگەیاندنی عەرەبی کرد... ئەو داخۆیانەی (د.بەرهەم) لەلایەن ڕۆژنامەو کەناڵە ئاسمانیەکانی عەرەبی مایەی گرنگی پێدان بوون و هەر زوو بلاوکرایەوە.

ئەو هەڵوێستەی (د.بەرهەم)، لەکاتێکدا دێت کە زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارو سەرکردەکانی کورد، کاتێک کەدەچنە ولاتێکی عەرەبی لەبەر مجامەلەو دڵ ڕاگرتن، کێشە سەرەکیەکانیان لەبیر دەچێت و لەعەرەبەکان نەتەوەیی تر دەبن... برایەتی کوردو عەرەب وانیشان دەدەن کە گوایە هیچ کەلەبەرو درزێکی تێ نەکەوتووە...

* کاك (سابیر) لەلاپەڕە (٣٦٨)دا، پاش لەبار بردنی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٥دا، تێکدانی تەواوی گوندە سنوورییەکان و، سووتاندنی ڕەزو باخ و کێڵگەکانی کوردستان، لەلایەن ڕژێمەوە، بە بەرز دەنرخێنێت و پێی وایە:

- ڕژێم پارەیەکی زۆری وەك قەرەبوو داوەتە خەڵکی کوردستان و ئابووری کوردستانی پێ بووژاوەتەوە!!

- جووتیارەکان، لەشارەکان و کۆمەڵگای شارستانی نزیك بوونەو سوودیان وەرگرتووە.

- ڕژێم بەسەدان پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری لەکوردستان کردۆتەوە.

ئەو قسانەی کاك (سابیر) لەکاتێکدا دێن، کەهیچ سیاسەتمەدارو ڕوناکبیرو کەسایەتییەکی کورد یان عێراقی دانی خێری بەم پرۆسە کاولکارییە نەنانەوە، جگە لەکاك سابیر نەبێت.. ئەوە کاتی خۆشی، ڕژێم بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە ئەو بیانووانەی کاك (سابیر)ی دەهێنایەوە.

بەهۆی ئەو ڕاگوازتن و کاولکارییە، هەزاران هاوولاّتی کورد لەکارو کاسبی بوو.. دەیان نەخۆشی کۆمەلاّیەتیو دیاردەی لێکترازانی خێزان و لەشفرۆشی لێکەوتەوە. دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێم، زۆر کەسی لێهاتووی کوردیان لەخشتە بردوو دزەیان کردە ناو کۆمەڵگای کورد.

ئەو پاکانانەی کاك (سابیر)، بۆ کردەوەکانی ڕژێم لەکوردستاندا، لەهیچ کوردێك ناوەشێتەوە... تائێستاکەش، جگە لەبەعس و زوڕنا ژەنەکانی نەبێت، لەکەسێکی تر نەبیستراوە.

* کاك (سابیر) لەلاپەڕە (٣٧١)دا، ئەوەندە باسی خێرو بێری ڕژێم دوای ١٩٧٥ بۆ کوردستان دەکات و مۆری ناڕەوایەتی لەنێو چەوانی هەڵگیرساندنی شۆڕشی

نوێی گەلەکەمان دەدات.. ناوبراو پێی وایە، ئەگەر (کۆمەڵە) شۆڕشی نەکردبووایە، ئەوا ڕژێم زۆر زێتر (خزمەتگوزاریو ئاوەدانیو بەختیاری!!) بۆ کوردستان دەهێنا.

هەقمانە لەکاک (سابیر) بپرسین، ئایا هەر بەتەنها کۆمەڵە بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی دا؟! بەپێچەوانەوە، جگە لەکۆمەڵە، (بزووتنەوەی دیموکراتی سوسیالیستی کوردستان) و دواتریش، (سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان)یش هەمان بڕیاریان داو، مەفرەزە سەرەتاییەکانیان ناردەوە شەخەکانی کوردستان. کەواتە، هەر ینک و بەتایبەتیش (کۆمەڵە)، بەرپرس نین لەهەڵگیرساندن و بەرپاکردنی شۆڕش... واتە بەرەنجامەکەی بەچاك و خراپیەوە بۆ زۆربەی باڵەکانی بزووتنەوەی کورد دەگەڕێتەوەو هەموویان لێی بەرپرسیارن.. کاك سابیر لەم بوارەشدا دەیەوێت (ینك) و شەخسی تاڵەبانی تاوانبار بکات.

* کاك (سابیر) لەلاپەڕە (١٣٨)دا دەڵێت: (.... بروسکەیەکمان بەهۆی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە ١٩٨٣/٣/٢٣دا ئاڕاستەکرا..). کەچی ئەو کاتە ناوی ئیستگەکە (دەنگی شۆڕشی عێراق) بوو و لەئەیلولی ١٩٨٣ ناوەکەی بووە (دەنگی گەلی کوردستان)[1].

کتێبەکەی کاك (سابیر) زێتر هەڵدەگرێ لەسەری بنووسریو تیشکی بخرێتە سەر، بەلاّم من لەبەر کەمی کات و، نەبوونی سەرچاوەو، ئاگادار نەبوون لەبەشێکی تری ڕووداوەکان و، وێڕای دووبارە نەبوونەوەی بۆچوونەکان، بەوەندە واز دەهێنم... پێم وایە

---

١-سمادێنا، مێژوو بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ١٩٧٥-١٩٩١، ئازاد خانەقینی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ل١٦٨.

خەڵکێکی تر، بەتایبەتیش –ئەوانەی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاون- زێتریان پێیەوە دەتوانن هەڵوەستە بکەن و بۆچوونەکان بخەنە بەر تیشکی ڕاستیو لێوردبوونەوە.

لەئەنجامی ئەو کورتە نووسینەمدا، دەمەوێت ئەوە بڵێم:

١-ڕووی پرسیارمان ئاڕاستەی کاک سابیر دەکەین و پێی دەڵێین: بۆچی لەگەرمەی ڕووداوەکانی وەك، ئەنفال و هەڵەبجەو شەڕی براکوژیو لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك و... هیچ جۆرە هەڵوێستێکت نەبووە؟! بۆچی لەو کاتانەدا، لەگەڵ ڕووداوەکاندا بوویت و، ڕەوایەتیت بەخۆتان داوەو هەوڵی ئەوەشت داوە خەڵکیش ئیقناع بکەیت؟! بۆچی تا ١٩٩٨ وەك لێپرسراوی (ینك) لەیۆنانستان هیچ جۆرە هەڵوێستێکت نەنواندووە؟! مادام (ینك) تاوانبار دەکەیت، بۆچی چەند سەرکردایەتییەکی دیاری شەڕی براکوژی ناو (ینك) تاوانبار ناکەیت و لەگوڵ کاڵتریان پێ ناڵێیو هەر جەلال تالەبانی دەخەیتە ناو قەفەزی تاوانەوە؟! بەشێکی باشیش بەر لێپرسراوەکانی تر دەکەوێت، کەدەنگ و سەنگی تایبەتیان هەبووە لەبڕیارەکان دا. مادام ئەو هەموو ڕاستییەت دەزانی، بۆچی خەڵکت چەواشە دەکرد؟!

لەخوێندنەوەی تەواوی کتێبەکەتدا، من دەگەمە ئەو قەناعەتە: تۆ پاش لەدەست دانی مەسئولیەت و بە پەراوێز کردنت لەلایەن (ینك)ەوە، ئەو هەموو بۆچوونەت کۆکردۆتەوەو بەسەر (ینك) و کەسایەتی یەکەمت داڕژاندووە.. یان بەشێوەیەکی تر، ینك، هیچ پایەو مەوقیعێکی پێ نەداوی، لەداخان کوڵی دڵی خۆت داڕشتووەو دەتەوێ خەڵکیشی پێ چەواشە بکەیت... بەشێکی ئەوش، لەزووەکەوە هەستیان پێ کردووە، بەلام ئەوەی تۆ لەمونتەلەقێکی ترەوەیە...

٢-هەروەك لەسەروە گوتوومە، من ڕۆژێك لەڕۆژان (ینك) نەبووبمەو (ینك)یش نـیم، هیوادارم بۆچوونەکانی من بەلایەنگیری لە (ینك) لێك نەدەیتەوە.

٣-لەبەشی دووەمی کتێبەکەتدا، ڕەچاوی مەوزوعیەت و بنەماکانی یاداشت نووسین بکەیت و زاڵ بیت بەسەر کەف و کوڵی سۆزو ڕق و کینەی لەدەست دانی پایـەو مەوقعیەت.

٤-ئەمڕۆ، ڕۆژی خەباتکردنی سیاسییە، بەرێژەیەکی زۆر کاتی شەڕی شاخ و گرتن و لەدەست دانی ئەم گردو ئەو گرد بەسەرچـووە... هاتنـە ئـارای ئـەم دەرفەتـە، پێویستی بە خەڵکێکی ترە بۆ هەڵسوڕاندنی کارو بارە سیاسییەکان.. کە ئەمە دەڵێم، نابێت مێژووی پڕ لەسەروەری خەباتگێڕانی شاخ و ڕۆژە سەختەکان بەهەند هەڵنەگیرێت و فەرامۆش بکرێن.. ئەمڕۆ کوردستان، پێویستی بەخەڵکی خاوەن شەهادەو ئیداریو دیبلۆمات کار هەیە.

٥-بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ، لـەرێگای هێـرش کردنـە سـەر ینـك و سەرکردەکانیەوە، کاك سابیر بەرگری لەڕژێم و پاکانە بۆ کردەوە دڕندەکانی دەکات.

لەکۆتاییدا، حەزم نەدەکرد ئەو یاداشتە بەو شێوەیە بخوێنمەوە، کەخوێندمەوەش، ئەو بۆچوونانە دروست بوون، کەپێم وایە ڕاستن و نابێت کاك (سابیر) دڵگران ببێت...

# لەپەراوێزی
# (بیرەوەرییەکانم)ی بانیخێڵانیدا:
# هەڵەو کارەسات... پەند وەرگرتن...
# دووبارە نەبوونەوە...

مێژوو، یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی، ناسینەوەو بەپێوە وەستانی هەر میللەتێك. میللەتی بێ مێژوو و بێ کەلتوور، بێ ناسنامەیەو مەترسی لەناوچوونی پترە لەمانی... بۆ نووسینەوەی مێژووش، کۆمەڵێك سەرچاوە لەبەر دەستن، بۆ تۆکمە کردن و بەزانستی کردنی یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانە، بیرەوەری و یاداشت نووسینە... (... قسەی سەر زارەکی، یەکێك کەخۆی شاهید عەیانی ڕووداو یان زەمەنەکە بووبێ، دەکرێ بکرێتە سەرچاوەی مێژوویی)[1].

١ –مێژوونووسی گەورەی عەرەب (د.نیکۆلا زیادە) لەبەرنامەی (الاشراقات)ی کەناڵی (الجزیرە)ی ئاسمانی لە ٢٨/٢/٢٠٠٢ لەگفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا ئەمەی سەلماند.

ڕێکخراوو پارتە سیاسیەکانی کوردو پەلە دیموکراتییەکانی عێراقی، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەمێژووی تازەی گەلەکەمان بە پۆزەتیف و نەگەتیفەوە.. لەم دە ساڵەی دواییشدا، یاداشت نووسین وەك بوو بێتە دیاردەیەکی مۆدیل ئامێز، کتێبخانەو مێژووی کوردییان دەوڵەمەند کردووە... وەلێ ئەوەی تێبینی دەکری‌و بەزەقی خۆی دەنوێنێ، زۆر شێواندن و دەستکاری‌و تیف تیفەکاری تێدا کراوە، کە هەق نییە، بەم شێوەیە، یاداشتەکان تۆمار بکرێن.. چ جای مێژوویەکی نزیکی (٢٠-٣٠) ساڵ لەمەوبەر کەشاهید عەیانەکان و پاڵەوانەکان، بەشێکی زۆریان لەژیاندا ماون، جگە لەبەڵگەنامەی ڕەسمی‌و نامەو ئەرشیف و بلاوکراوەی ئەوێ سەردەمان... لەگەڵ ئەم کەم و کورتی‌و بێن تەنگی‌و بەخۆ هەڵگوتنانەشدا بەدڵنیاییەوە دەڵێم، خاوەنی یاداشتەکان شتێکی چاکیان کردووەو زۆر نهێنی شاراوەیان ئاشکرا کردووە.. ئەو سەربوردەو بیرەوەرییانە، بۆ ئەوەیە کەپەند لەڕووداوو کارەساتەکان وەربگرین و لەژیانی ڕۆژانەو ئاییندەماندا دووبارەیان نەکەینەوە... ئەگەر وامان نەکرد، چش لەیاداشت و بیرەوەری‌و مێژوو..

(ئەحمەد بانیخێلانی)، یەکێکە لەکەسایەتیە ناسراوەکانی کوردو بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی، زێتر لەنیو سەدە لەخەبات و تێکۆشان و هەڵبەزو دابەزیندا بووە، جگەر گۆشەو هاوسەری ژیانی لەم ڕێگایەدا، گیانیان بەخت کردووە... بەتایبەتیش کۆچی پڕ لەتراژیدیای هاوسەرەکەی کەنموونەی سەدان قوربانی تری خێزانی کوردە... بڕوا ناکەم کەسێك هەبێت، لەکاتی خوێندنەوەی (بیرەوەرییەکانم)دا، ئەم ڕووداوە نەیهەژاندبی‌و چەند ساتێك لەگەڵیدا نەژیابێ..

(بیرەوەرییەکانم)، کتێبێکی قەبارە مام ناوەندی (٦٠٨) لاپەڕەیەو لە (ستۆکهۆڵم)ی پایتەختی وڵاتی سوید لەساڵی ١٩٩٧دا، چاپکراوە.. بانیخێلانی، بەم

کارەی -ئەگەر هەمووشی نەبێ- زۆر کاری نهێنیو ژێر بەرەی خستۆتە سەر بەرەو گرێی دەروونی کردۆتەوە... کەحەق وایە، کەسایەتیە دیارەکانی تریش ئەم هەنگاوە بنێن و سووچ و کەلەبەرە تاریکەکانی تری خەباتی سەختی کوردایەتی ڕۆشن بکەنەوە... بەکورتیو بەکوردی، وێڕای کۆمەڵێك سەرنج و تێبینیو بۆچوونم بۆ ئەم




کتێبە، کە لەم خالآنەدا کورتی دەکەمەوە، ئەوەندە دەهێنێ دەستخۆشیو پیرۆزبایی لێ بکەین و کتێبەکەی بەهەند هەڵبگرین، نووسینی ئەم سەرنجانەش، نیشانەی بەتەنگەوە هاتن و بەهەند هەڵگرتن و بایەخدانە بەم هەوڵەی کاکی (بانیخێلانی)....

## یەکەم: بەخۆ هەڵگوتن و خۆ پەسەند کردن:

ئەم دیاردەیە لای زۆربەی یاداشت نووسە کوردەکان بەدی دەکرێ، ئەوەندە لایەنە ئیجابییەکان گەورە دەکەن، کە خوێنەر دەخاتە بەردەم دووڕییانی گومان و دڵەڕاوکێوە، نیو هێندە، باسی نشوستیو کورتبینیو کەم و کوڕییەکانی خۆیان ناکەن، کە ئەمەش دوورە لەپرەنسیپەکانی یاداشت نووسین و دەبێتە هوڕێنەو خەیاڵ پلاوی.. (بانیخێلانی)ش تووشی ئەم دەردە بووەو لەزۆربەی ڕووداوو لاپەڕەکاندا خوێنەری وریا

بەئاسانی درك بەم ڕاستیيە دەكات. هەر بۆ نموونە، دوو سێ ساڵ پێش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ كاتێك كەڕژێمی پاشایەتی دووری خستبۆوە بۆ باشووری عێراق و لەشارۆچكەی (قلعة صالح)دا، دەست بەسەر بووە، وەك خۆشی دەڵێ: (... ئەو ماوەیە هیچ پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆم بەحزبەوە نەبوو.. ل١٤٥ بیرەوەرییەكانم). كەچی لەشارێكی (٣٠) هەزار كەسی وەك (قلعه صالح)دا، لەكاتی بەرپا بوونی شۆڕشی چواردەی تەموزدا، بانیخێلانی دەڵێ: (... لەسەر ئەوە ڕێككەوتین ئەوان خۆپیشاندانەكە ساز بكەن و من بچم قسەیان بۆ بكەم.... ل١٥٨). ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، كەحزبی شیوعی عێراقی لەباشووری عێراقدا، هیچ بنكەیەكی جەماوەریو ڕێكخراوەییان نەبوو بێ، دەنا لەم هەموو عەرەبە یەكێك نەبووە ڕێ نیشاندەرو سەرپەرشتیيان بكات و ناچار بووبن (بانیخێلانی) بكەنە گوتار خوێن و هاندەرو دینەمۆی خۆ پیشاندانەكەیان، جگە لەوەش ووتارە عەرەبییەكەی جێگای سەرنج و سەرسوڕمانی جەماوەرەكە بووەو ڕێنوێنیيەكانیشی لە (عیمارە)شدا، سوودی لێ بینراوە، لەبواری ڕێكخستن و كاری جەماوەریدا...

## دووەم: مێژووی ڕووداوەكان:

زۆربەی هەرە زۆری ڕووداوو كارەسات و گێڕانەوەكان بێ بەڵگەو بێ مێژووی دروستن... ئەوە پێچەوانەی هەر سێ بەرگەكەی كتێبی، (چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی كورد -فاتح ڕەسوڵ)ە. وێڕای ئەوەش زۆربەی ڕووداوەكان پاش و پێش كراون لەڕووی زەمەنەوە... (بانیخێلانی)، باسی ڕووداوێك دەكات، لەهیكرا دەمانگێڕێتەوە بۆ دواوەو شیرازەی بیری خوێنەر دەپچڕێنێ... بۆ نموونە لەلاپەڕە (٤٥٤)دا باسی گیرانەكەی خۆیو كاك كەریم ئەحمەد دەكات لەلایەن یەكێتیيەوە، كە لەڕۆژە سەرەتاییەكانی ئایاری ١٩٨٣دا بووە، یەكسەر هەر یەك لاپەڕە دوای ئەوە لەلاپەرە (٤٥٥)دا دەگەڕێتەوە سەر شەهید بوونی پۆلێك كادیرو پێشمەرگەی

سوسیالیست بەسەرکردایەتی (تاهیری عەلی والی) کە لە ٢/١٢/١٩٨٢ دا، لەکارەساتی بەفرو زریاندا، لەبناری قەندیلدا، شەهید بوون.

## سێیەم: ووشەی شەهیدو چەکدار:

بانیخێلانی لەبەشی هەرە زۆری بیرەوەرییەکانیدا، کە دەگاتە —شەڕی ناوخۆ بەهەموو زەمەنەکانیەوە- لایەنی دووەم —دژ- بەچەکدار ناو دەباو خۆیان بەپێشمەرگە.. کە لەگۆڕەپانی شەڕو پێکدادانیش دا، گیان لەدەست دەدەن، قوربانیەکانی خۆیان بەشەهیدو لایەنە بەرامبەرەکەش بەکوژراو ناو دەبات... دیارە — ئەگەر هەمووشی نەبێت- ئەوە بەشی هەرە زۆری پارت و ڕێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١)، لایەنی بەرگری کەرو دوژمن بە ڕژێم بوون.. ناکۆکیە ناوخۆییەکان هی ئەوە نەبوون، ناسنامەی نیشتمان پەروەری‌و نیشتمان فرۆشی لەیەکێك بسەنرێتەوەو بەیەکێکی تر بدرێ.. ئەم بۆچوونە چەوتانە تەنها لەڕوانگەی لایەنە شەڕکەرەکان، سەرچاوەی گرتووە، دەنا خەڵکی کورد بەگشتی بەچاوی ڕێزەوە سەیری مێژووی پڕ لەخەباتی تەواوی لایەنەکانی بەرهەڵستکار دەکات لەگەڵ هەموو کەم و کوڕییەکانیشیان... جگە لەوەش، لایەنە شەڕەکەرەکان، پاش ئەوەی لەیەکەم دانیشتندا دەگەن بەیەك و ئاشتی دێتە گۆڕێ هەردوولا دەبنە پێشمەرگەو شۆڕشگێڕو قوربانیەکانیش دەبنە شەهید... نەدەبوو بانیخێلانی، پاش ئەم هەموو ئەزموون و تەمەنە تووشی ئەم مەفهومە هەڵانە بێت..

## چوارەم: کورتکردنەوەو درێژەدان:

لەزۆربەی ڕووداوەکاندا، لەشوێنی پێویست کورت بڕی کردووەو لەشوێنی ناپێویست درێژەی بەبیرەوەرییەکان داوە، کەهی ئەوە نەبوون خوێنەر کاتی خۆی پێ بەفیڕۆ بدات. بۆ نموونە لەباسی (بەرەی نێوان حزبی شیوعی‌و بەعس- لەتەموزی ١٩٧٣)دا، بەچوار لاپەڕە باسی ئەم قۆناغە دەکات، کە قۆناغێکی زۆر گرنگ و پڕ

لەڕووداو بوو، دەبوا زێتر لەسەری بنووسیبایە، چونکە بەهەقیقەت، ئەم قۆناغە مێژووییە بۆ هەموو مێژوو نووس و ڕۆشنبیرێکی کوردو غەیرە کورد، مایەی بەهەند هەڵگرتنە... لەم سێ چوار لاپەڕەیەش، زۆر ڕووداوی لاوەکیو ناپێویستی باسکردووە، وەك گفتوگۆی (ڕێواس)ی کچیو کاك (عەزیز محەمەد) و ژیانی خۆیو (أبو عامل) لەبەغداو چۆنیەتی ژیانو چێشت لێنان و تەشریب خواردن!!! و باسکردنی هەولێر...

کەچی لەباسی ژیانی تایبەتی خۆیدا (٣٨) لاپەڕەی باسکردووە.. نیو هێندەش باسی (بەرە)کەی بکردایە هێشتا لەگێن بوو... هەروەها بەهیچ چەشنێك باسی ئەو هەلاَنەی حزبەکەی خۆی ناکات لەکاتی ڕاوەدوونانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەگرت دانی کەس و کارەکانیان... ئەو کاتی، دیاردەیەکی وا هەبوو، هەر پێشمەرگەیەکی پارتی کەشیوعیەکان، بیانگرتایە بێ سیو دوو پاش ماوەیەك مانەوە لەزیندان، دواتر لەسێدارە دەدرا... جگە لەوەش، چەکدارەکانیان ڕۆژانە لەماوەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ١٩٧٤دا، بەدێهاتەکاندا دەگەڕان و ڕاوی ئەو تاك و تەرا پێشمەرگانەیان دەکرد کە بەئیجازەو بەدزی لەناو ماڵ و منداڵی خۆیاندا بوون... بانیخێلانی، لەم ڕووداوانە ڕادەکات و تۆماریان ناکات، چونکە لەبۆ پەزی زیانی هەیە....

## پێنجەم: شەڕی هەندرێن ١٩٦٦/٦/١٢:

ئەم شەڕە، یەکێك بوو لەنەبەردیە هەرە دیارەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە تای تەرازووی هێزەکانی بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی کورد گۆڕی.. حکومەتی (عەبدولرەحمان بەزاز)ی ناچار کرد کە پەنا بەرێتە بەر گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا، وەك (بانیخێلانی)ش لەلاپەڕە ٢٥٨ دا، دانی پێداناوە... بەلاَم ئەم نەبەردیە مەزنە تەنها دوو لاپەڕەو نیوی لەسەر نووسراوەو بەهیچ شێوەیەکیش باسی ڕۆڵی سەرەکی پێشمەرگەکانی پارتی ناکات... خوێنەر وا هەست دەکات ئەو شەڕە گەورەو

فراوانە، تەنها شیوعیەکان ئـەنجامیان داوەو دوو شـەهیدیان بەخـشیووە.. کەچـی لەڕاستیدا وانەبووە، ڕاستە شیوعیەکان بەشدارییان لەم شەڕەدا هەبووە، بەلاّم ئـەوە نەبووە، نکۆڵی لەڕۆڵی بەرچاوی پارتی بکریو ڕووداوەکان بەچەواشـەییەوە بخرێنـە ڕوو... لەم شەڕەدا، چوار بەتالیۆنی پارتی تێیدا بەشدار بوو کەخۆی لە (١٠) لقـی پێشمەرگەدا بەرجەستە دەکرد...

ئەم ڕاستییە، لەبیرەوەرییەکانی عەبدوڵلاّ پشدەریو کتێبەکەی کـاك (مەسـعود بارزانی)دا باسکراوە... جگە لـەوەش ڕۆژنامەنووسـی ئـەڵمانی (دکتـۆر گوینتـەر دێشنەر) لەکتێبەکەیدا، (کورد: گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو)دا، بەم شێوەیە باسی ئەم شەڕە دەکات: (... پشدەری –مەبەست لەعەبدوڵلاّ پشدەرییە- هێزێکـی (٣٥٠٠) سێ هەزارو پێنج سەد کەسی خڕ کردەوە، کەعێراقیەکان بەهێزێکی بیست هەزار کەسییەوەو پاش بۆردومانێکی چڕو پڕ هێرشیان دەسـتپێکرد، کوردەکـان زۆر بەتوندی بەرپەچیان دانەوە، بەرپەرچدانەوەیەك کە لەئەقڵ دا نەبوو.. ڕەوشەکە بوو بەکارەساتێکی ئاڵۆزکاو. شەڕ لەهـەموو قۆڵەکانـەوە گـەرم بـوو، لـە ٤/٥/ تـا ١٠/٥/١٩٦٦ بەردەوام بوو.. پـشدەری ژمـارەی کـوژراوانی هێـزی عێراقـی بـە (١٨٠٠) هەزارو هەشت سەد کەس مەزەندە کردووە. هێزی پێشمەرگە جوابیان بـۆ هەیڤی سووری عێراقی نارد کە خەڵکانێك بنێرن بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ٥٠٠ سەربازە عێراقییەی کە بەزامداری یەخسیر بوون.. کورد ئەم سەرکەوتنە مەزنەیان بەنرخێکی کەم بەدەست هێنا پەنجاو دوو شەهیدو سەدو سی بریندار.)[1].

(بانیخێلاّنی)، تەنها باسی ئەو دوو شەهیدەی خۆیانی کـردووە، چـاوی بـەرایی نەداوە ئەم سەرکەوتنە مەزنەو ڕۆڵی بەرچاوی پـارتی بخاتـە ڕوو ئـەم سـەرکەوتنە،

١–د.گوینتەر دێشنەر، کـورد: گـەلی لەخـشتە بـراوی غـەدر لێ کـراو، گـۆڕینی بـۆ کـوردی: حەمەکەریم عارف، هەولێر، چاپی دووەم، ١٩٩٩، ل٢١٠-٢١١.

بەپلەی یەکەم بۆ پێشمەرگەکانی پارتی دەگەڕێتەوە، شیوعیەکان ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام ئەوە نەبووە کە بانیخێلانی باسی دەکات... ئەگەر جورئەتی دەکرد دەبوو سەرژمێرییەکی تەواوی پێشمەرگەو هێزی ڕژێم و زیان و دەستکەوتەکانی بکردایە...

## شەشەم: شەڕی ئاشقولکەو پشتئاشان ئایاری ١٩٨٣:

لەباسکردنی ئەم ڕووداوەدا، شەیەکە لەسەری پێشمەرگەکانی سۆسیالیست و پاسۆك و بەدەنگەوە نەهاتنی پارتی دەشکێنێ و دەڵێ، (... برادەرانی سۆسیالیست مقاوەمەیان پێ نەکرابوو پاش نیوەڕۆی دووی ئایار بنکەکانی سوسیالیست و پاسۆکیان گرت... ل٤٦٦). کەچی بەخۆی لەچەندان شوێن دەڵێ: (.. کەم و کوڕی ئێمە ئەوە بوو کە بەشی زۆری ئەو نزیکەی ٣٠٠ کەسەی لەپشت ئاشان هەمانبوون پێشمەرگەی شەڕکەرو بەئەزموون نەبوون.. ل٤٥٧). تا دەگاتە ئەوەی (... دەتوانم بڵێم لەپشتئاشاندا نزیکەی ٨٠ پێشمەرگەیەکی شەڕکەرمان هەبوو... ل٤٥٨). کەواتە، ئەو دانپیانانەی خۆی باشترین سەنگی محەکە بۆ شکستەکەی پشتئاشان... هەروەها هاوڕێو هاوخەباتێکی بانیخێلانی کە کاك قادر ڕەشید (ئەبو شوان)ە، لەکتێبەکەی خۆیدا، زۆر بەجورئەتانە باسی هۆکارەکانی شکستەکە دەکات و دان بەڕاستییەکاندا دەنێت و ڕەخنە لەبیرەوەری شیوعیەکان دەگرێت و دەڵێت: (بۆچی ئەو هاوڕێیانەی لێپرسراو بوون لەپشتئاشان لەبیرەوەرییەکانیاندا بە واقیعیانە بە پەرێزی ئەم ڕووداوانەدا نەچوون و لێی نەدواون؟)[1]. قادر ڕەشید لەبارەی چەندایەتیو چۆنایەتی پێشمەرگە شیوعیەکانی پشتئاشان دەڵێ: (پشتئاشان هەروەك ئۆردوگایەکی پەنابەران ئەهاتە بەرچاو، ئەو پێشمەرگەو کادرو خێزانانەی لەپشتئاشان ئەژیان ژمارەیان لە ٣٠٠ کەس پتر بوو، بەپیرو پەککەوتەو لاوەوە، بەیانیو نیوەڕۆو ئێوارە،

---

١-قادر ڕەشید (ئەبو شوان)، پشتئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا، مێژووی چاپ و شوێنی دەرچوونی لەسەر نییە، لاپەڕە ٣٥.

یەك لەدوای یەك لەكاتی دیاری كراودا ڕوویـان ئـەكردە چێـشتخانەكان، بـەجل و بەرگی چڵكن و پڵكنەوە، ریش و دەم و چاوی دوكەڵاوی، بەو بەفرو سەرمایە جووتێك نەعل بەسەر پێوە، خواردنەكانیان وەرئەگرت و ئەگەڕانەوە بۆ ژوورەكانیان..)[1].

هەروەها (سەید كاكە)ش لەم بارەیەوە دەڵێ: (... حشع پارەو فیـشەكی زۆریـان هەبوو داوامان لێكردن بۆ ئەو شەڕە كە بەرگری بوو بۆ هەردوو لایەن نەیاندایێ، هەوڵماندا قەڵاتۆكان بگرن دوایان خست، هێزێكی سەربازی باشیان لەڕەزگە هەبوو نەیانهێنابوو بۆ ئەم شەڕە... قەندیل ٣كـم لەپـشت بارەگاكانیانـەوە بـوو پـشتیان نەگیرابوو خۆیان پێ ڕزگار نەكرا...)[2].

هەروەها بانیخێلانی لەلاپەڕە (٤٥٢)دا دەڵێ: (لە ١٩٨٣/٢/٢٤ لەناوچـەی كۆسرەت سوسیالیست و یەكێتی پێكدا هـاتن و شـێخ شـەماڵی یـەكێتی شـەهید بوو..). كەچی لەڕاستیدا هێزەكەی (جود) سوسیالیست و شیوعی بوون.. كاك (فاتح ڕەسوڵ)ی هاوڕێشی دان بەم ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت: (... ئێوارەی ١٩٨٣/٢/٢٤ ئەو پێشمەرگانەی حسك كە لەمەرگەوە گەیـشتبوونە بنارەكـە لەگـەڵ ژمارەیـەك لەپێشمەرگەكانی حشع لەگوندی بێستانەی دۆڵی خەلەكان، بەرێككەووت ڕوویـان بەڕووی ژمارەیەك لەپێشمەرگەكانی ینك دەكەوێت. یەكسەر تەقە دەست پێ دەكات لەئەنجامـدا دوو كـادیری ینـك، شـەماڵو سـەربازو دوو پێـشمەرگەی تـر شـەهید دەكرێن..)[3]. (سەید كاكە)ش، ئەم ڕاستییەی كاك (فاتح) پشت ڕاست دەكاتەوە[4].

---

١-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٠.

٢ – سەید كاكە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی یەكەم، هەولێر، ١٩٩٧، لاپەڕە ٢٠٠.

٣ – فاتیح ڕەسوڵ، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گـەلی كـورد، بـەرگی سـێیەم، سـوێد، ١٩٩٤، لاپەڕە ٢٥١.

٤ – سەید كاكە، لاپەڕە ١٨٦.

بانیخێلانی، ئەم بیرەوەرییانەی تەنها بۆ شیوعیەکان نەنووسیووە، کارەکەی ئەو بووەتە موڵکی میللەت.. دەبێ لەپشت چ بەرژەوەندییەکەوە باسی بەشداربوونی خۆیانی لەم رووداوە نەکردبێ!! ئەوەی ڕوویدا، ڕۆیشت.. هەمووشمان دەزانین، شەڕی ناوخۆ لەبنەڕەتەوە هەڵە بووەو هەڵەشە... جا چ پێویست بەشاردنەوەی ڕاستییەکان دەکات.

## حەوتەم: حاڵەتی دیلی:

کاتێك کە لەپشتئاشان نشووست دێنن و هەوڵ دەدەن دەربازبن، کەچی دیل دەکرێن و دەکەونە دەست هێزێکی یەکێتییەوەو پاشان کەریم ئەحمەد، کت و پڕ لەگەڵ یەکێتی بەیانێکی هاوبەش دەردەکەن دەربارەی ئاشتیو ئاشتبوونەوەو شەڕ وەستاندن.. بێ سێو دوو بەندەکانی میساقی بەرەی جود پێشێل دەکات و سەرکردایەتی حزبەکەی خۆشی هەر هیچ... لەبەیانەکەدا، بەهیچ شێوەیەك، باسی گەورەترین شەڕو زۆرترین زیان ناکات کە لەپشتئاشان چەند ڕۆژێك پێش بەیانەکە ڕوویاندا بوو... جگە لەوەش، دان بەوە نانێت کە ئەگەر یەکێك دیل بوو، داخۆیان و بەیانو قسەکانی ناچنە ناو قالبێکی شەرعیو هیچ حسێبێکیان بۆ ناکرێت، جگە لەوەش کەریم ئەحمەد چۆن بەتەنیاو بێ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتیو پرس و ڕا وەرگرتن، بەناوی سەرکردایەتی حزبەوە بەیان دەردەکات؟! لەکاتێکدا لەلایەن یەکێتییەوە وەك میوان مامەڵەی لەگەڵ کراوەو هیچ پاڵە پەستۆیەکی لەسەر نەبووە... (ئەبو حیکمەت)ی هاوڕێیو سەرکردەشیان ئەو ڕەخنەیان لێ دەگرێت و دەڵێت: (... ئایا دیل سەلاحیەتی بەیان دەرکردنی هەیە؟!)[1].

---

١-أبو حكمت، مذكرات يوسف حنا يوسف، أربيل، مێژووی چاپکردنی لەسەر نییە، لاپەڕە ٩٨.

هەر لەبارەی ئەم بەیانەوە (سەید کاکە)ش دەڵێ: (... من وامزانی لەسەر ئەو بەیاننامەیە کەریم ئەحمەد لەحشع دەردەکرێ کەچی خۆشەویست تر بوو)[1].

هەروەها (فاتح رەسوڵ) پێی وابووە (بەڕەوا نەدەبینرا دیل لەکاتی دیلییەتیدا، بەیاننامە لەگەڵ سەرکردایەتی هێزێکی هێرشبەری سەرکەوتوو دەربکات... ڕەوا تر ئەوە بوو، پێشەکی داوای بکردبایە بگەڕێتەوە لای هاوڕێیانی سەرکردایەتی حشع ئەو کات داوای گفتوگۆ کردن و ووتوێژ و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ینك بکرابایە)[2].

## هەشتەم: نەخشەی کوشتنی بارزانی لەئابی ١٩٧١دا:

بانیخێلانی، بەناڕاستەوخۆ خۆیی‌و حزبەکەی تاوانبار دەکات دەرهەق بەم مەسەلەیە، چونکە، ئەو دەڵێ: (... ئەو شەوە –کاتی پیلانەکە- من و حەمە کەریم فتح الله لەسلێمانی بووین پیاوێکی بەعسی سەر بەپارتی ئاگاداری کردین کە ئەبێ لەشار بچنە دەرەوە چونکە بڕیارە ئەگەر نەخشەی کوشتنی بارزانی سەرکەوێ لەهەموو شارەکانی کوردستاندا (منع تجول) ئەبێ‌و هەرچی کادری پارتی هەیە ئەگیرێ. بۆیە ئێمە هەر بەو شەوە لەشار دەرچووین و سەرکەوتین بۆ سەر شاخی ئەزمڕ... ل(٣١١).

ئەگەر بانیخێلانی‌و حزبەکەی بەڕاستی دڵسۆزو هاوڕێی ڕاستەقینەی بارزانی بوونایە کە لەزۆر جێگادا بەبێ مناسەبەت باسی کردووە، دەبوایە، بەهەر شێوەیەك بوایە، پارتی‌و بارزانی لەم پیلانە نەگریسە ئاگادار بکاتەوە.. بانیخێلانی، قسەی پیاوە بەعسیەکەشی بەهەند هەڵگرتووە، بۆیە چوونەتە سەر شاخی ئەزمڕو لەشار دەرچووینە... بەناڕاستەوخۆ، بەپێی قسەکانی بانیخێلانی بێت، حزبی شیوعیش لەم

١–سەید کاکە، لاپەڕە ٢٠٠.

٢–فاتیح رەسووڵ، بەرگی سێیەم، لاپەڕە ٢٨٥،

مەسەلەیە ئاگادار بووە، چونکە، بانیخێلانی ئەوکات یەکێك بووە لەسەرکردە کاراکانی ئەم حیزبە.

## نۆیەم: مەسەلەی بەهائەدین نوری و ئەبو حیکمەت:

بەهادین نوری لەگەڵ مەلا بەختیاری یەکێتی پەیمانی ئاشتییان مۆرکردووە... کەچی ئەبو حیکمەت لەهەولێرێ —دەشتی هەولێر- شەڕی لەگەڵ ینك کردووە... هەروەها هەڵوێستی مەڵبەندی سێی بادینانیش کەخۆیان لەم بینەو بەردەیە بێ لایەن و کەڕ کردبوو... ئەوە دەلالەتی بێ هەڵوێستیی و بێ هێزیی و نەبوونی یەك ریزییە لەناو سەرکردایەتی شیوعیەکاندا... جگە لەوەش، ئەبو حیکمەت پرس و ڕای پێکردوون و داوای هەڵوێستی کردووە لەسەرکردایەتی، بۆ بەشداری کردنی شیوعیەکان لەهێرش کردن بۆ سەر مەڵبەندی بالیسانی یەکێتی.. کەچی بانیخێلانیی و سەرکردایەتی دوو دڵ و ڕاڕا بوون و وەلامێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ نەنووسیوون، هێلی پاشەکشەیان رەچاو کردووە، بۆیە لەوەلامی (ئەبو حیکمەت)دا دەڵێت: (.... خۆتان سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێر بڕیار بدەن و کارەکە لای خۆتانە... ل٤٦١). ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە، سەرکردایەتی لەمەسەلەیەکی وا گرنگ و هەستیاردا چۆن وەلامی یەکلاکەرەوەو ڕوون ناداتەوە... قادر ڕەشید، ڕەخنەی دروستی لەسەرکردایەتی گرتووە دەربارەی ئەم بۆچوون و هەڵوێستە جیا جیایانە... کەچی بانیخێلانی هێرشێکی تەرزە کوتی کردۆتە سەر بەهادین و هیچ موبەڕیڕێك بۆ ئەو هەڵوێستە نەرمەی بەهادین ناهێنێتەوە، پێچەوانەی کاك قادر ڕەشید... بەڕای من ئەو هەموو ڕق و قینەی بانیخێلانی بۆ بەهادین، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بەهائەدین لەیاداشتەکانی خۆیدا، کەمێك هێرشی کردۆتە سەر بانیخێلانیی و دڵی ڕەنجاندووە.

## دەیەم: پاشکۆیی‌و دەروێشێتی حزب بۆ سیاسەت و هەڵوێستی سۆڤیەت:

پاش ئەوەی ڕژێمی عێراق پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت لەنیسانی ١٩٧١دا مۆرکرد.. لەژێر پاڵەپەستۆی سۆڤیەتدا، حزبی شیوعی چووە ناو بەرە کارتۆنیەکەی بەعس، کە لەو کاتەدا -بەقسەی خۆیان- زۆربەی سەرکردە شیوعیەکان ڕازی نەبوون... لەوکاتەدا، شیوعیەکان پێیان وابوو، بەعس بووەتە پارتێکی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازو لەم بوارەدا هەنگاوی باشی ناوە[1]. بەڵێ هەر لەو کاتەدا، کەشیوعیەکان بەعسیان بەشۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز دەزانی، بەعس درێژەی بەنەخشەو پیلانی لەناوبردنی کوردو تەهجیرو تەعریب دەداو لەپارتی‌و بارزانی کەوتبووە ملان و فڕو فێڵ، تاوەکو بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ جێ بەجێ نەکات.... ئەم ڕاستییانە زۆر پێشێل کاری تریش لەسەر زاری کاك (فاتح رەسول)دا هاتوون، کەخۆی یەکێك بووە لەسەرکردەکانی حزبی شیوعی‌و تازە بەتازە دان بە دڕندەیی‌و فاشیەتی بەعس دادەنێت[2]. شیوعیەکان، ئەو کاتی کە لەگەڵ بەعس لەبەرەدا بوون پێ یان وابوو، پارتی‌و شۆڕشی ئەیلول، بزووتنەوەیەکی چەکداری کۆنەپەرستو بەکرێ گیراوی ئیمپریالیزمەو گەلی کورد لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدانییە[3]، هەروەها بەدەیان شاندیان دەنارده دەوڵەتە بەناو سۆسیالیستەکان، بۆ ڕسواکردنی بزووتنەوەی کوردو شۆڕشە ڕەواکەیان... نووسەری وا

---

١-أبو حكمت، لاپەڕە ١١٨.

٢-فاتیح رەسوڵ، لەکاروانێکی دوورو درێژدا، کورتەی خەبات و ئەزموونی پەنجا ساڵ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، لاپەڕە ٢٠٧.

٣-ئەبو حیکمەت پێی وایە، لەو کاتەدا، کەشیوعیەکان بزووتنەوەکەیان بە بەکرێ گیراوو کۆنە پەرست لەقەڵەم دەدا، لە ٩٠٪ی گەلی کورد لەگەڵ بارزانی‌و تەئیدی شۆڕشەکەیان دەکرد... بڕوانە: (مذكرات يوسف حنا يوسف، لاپەڕە ١٥٤).

هەیە ئۆباڵی بەشێك لە، لەباربردنی شۆڕشی ١٩٧٤ دەخاتە ملی شیوعیەکانەوە[١]، چونکە بەکردەوە بەشدارو هاوکاری بەعس بوون لەڕووی مادیو مەعنەوییەوە. بانیخێلانی، لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، خۆی لەقەرەی ئەم مەسەلە حەساسە نادات و بەخێرایی بەسەر ئەو ڕووداوانەدا باز دەدات.. هەق وابوو وەك شۆڕشگێڕێك پێی لەجەرگی خۆی بنابووایەو هەموو ڕاستییەکانی ڕوون بکردابووایەو دانی بەهەڵەکاندا بنابووایە... شیوعیەکان، لەو سەردەمانەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و بنکە جەماوەرییەکەی خۆیان، بەگیانی سۆڤیەت پەرستی پەروەردە دەکرد... لەو کاتانەدا، سەرکردەکانیان بەچاوی خۆیان ئەو زوڵم و زۆرو ناهەقییەی گەلی سەردەستەی ڕووسیان بەچاوی خۆیان دەبینی دەرهەق بە نەتەوەکانی تر.. کەچی کە لەسۆڤیەت گەڕاونەتەوە، بە بەرەواژی باسی ئەو بەهەشتە خەیاڵییەیان کردووەو هانی خەڵکیان داوە، خەبات بکەن، خۆ بەکوشت بدەن، بۆ ئەوەی بگەن بەم بەهەشتە چاوەڕوانکراوە کە لەسایەی حزبی شیوعیو بەیارمەتی سۆڤیەت دێتە کایەوە... ئەوەتا (فاتح رەسوڵ)، پاش سەردانێکی بۆ سۆڤیەت بەڕاشکاوی هەقیقەتەکان دەخاتە ڕوو... باشە دەبێ کاك (فاتحو بانیخێلانی) و هاوڕێکانیان لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی حزبەکەیان ئەم ڕاستییانەیان نەدرکاندبێ، تاوەکو ئەو کەسانەی کە ئەم بەهەشتەیان نەدیووە لێی ئاگادار بکرێن؟! لەوەڵامدا دەڵێم، بەدڵنیاییەوە، هەموو سەرکردەکان و کادیرە پلە دووەکانیش ئەم ڕاستییانەیان زانیووەو لەپێناو درێژە دان بەمانەوەو سیاسەتی خۆیان، ڕاستییەکانیان چەواشە کردووەو میللەتیان لەخشتە بردووە.. کاك (فاتح) دەڵێ: (... پۆلیس دەزگایەکی سەرکوت کەربوو..

---

١-ئیبراهیم جەلال، بیرەوەری بانیخێلانی یان سیاسەت و شێواندنی ڕاستی، سەکۆ، ژمارە (٢٠)، بەرلین، حوزەیرانی ١٩٩٨، لاپەڕە (٨).

ئەوەی شیوعی نەبوایە کاری دەست نەدەکەوت... ئامێرو کەرەستە پیشەسازیەکان زۆر کۆن و هی سەردەمی جەنگی دووەم بوون... خواردەمەنی زۆر کەم بوو... بەرتیل و ڕەشوەو بەشێوەیەکی فراوان بڵاوببۆوە... ڕەخنە گرتن نەبوو، یان گوێی پێ نەدەدرا... بازاڕی ڕەش و قاچاغی بەفراوانی بڵاو ببۆوە... میدیای رووسی شەوو ڕۆژ بەبالای دەوڵەتی داهەڵدەگوت... رووسەکان، هەموو شتێك بوون بەچاوی سووك و کەمنرخیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دەکرد... دادپەروەری و یەکسانی لەکایەدا نەبوو... هتد)[1].

هەرچەندە ئەم دان پیانانەی شیوعیەکان لەکاتی خۆیدا نەبووە، تا هەرەس هێنانی سۆڤیەت ئەوە وەك نهێنییەکی پیرۆز لەلایان بووە، بەلام هەر چۆنێك بێت، داننان بەڕاستی و خستنەڕووی هەڵەکان نیشانەی جورئەت و شۆڕشگێڕییە. بانیخێلانی پێچەوانەی کاك (فاتح) ئەم هەڵانە دەست نیشان ناکات و لەباسی سۆڤیەتی جاران دا بەکورتی بەسەریاندا باز دەدات.. جگە لەوەش، شیوعیەکان هەردەم لەگشت قۆناغەکان، لەدڵەوە، (بەدرێژایی خەباتی بێ ووچانیان دژی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بەکۆسپی سەر ڕێگەی خەباتی چینایەتی زانیووەو بەخیانەتی وردە بۆرژوایان لەقەڵەم داوە دەرهەق بەشۆڕشی جیهانی..)[2]. کەچی بانیخێلانی پێ لەم ڕاستییانە نانێت و وەك چۆن بووە نایان خاتە ڕوو...

لەم (٦٠٨) لاپەڕەیە، بانیخێلانی، تەنها هەڵسەنگاندنێکی کورتی یەك لاپەڕەیی لەلاپەڕە (٥٧٩)دا کردووەو ڕەخنە لەخۆیان دەگرێ، دەربارەی دەروێشی و پابەند بوون

---

١-فاتیح ڕەسووڵ، لەکاروانێکی دوورو درێژدا، لاپەڕە ١٩٨- ٢١٠.

٢-د.گوینتەر دیشنەر، لاپەڕە ١٧٦.

بەسۆڤیەت.. دواتر جامی ڕق و قینی خۆی دەڕژێنێتە سەر هەردوو حزبی یەکێتیو پارتی، گوایا لەپاش ڕاپەڕینەوە چییان بۆ کورد نەکردووەو ئەوان هۆکار بووینە، خەڵکی تر نەگاتە کورسیو دەسەڵات و زۆر هۆکاری تر... دەڵێم خۆزگە بانیخێلانی، چۆن بەچاویلکەی زەڕەبین سەیری کەم و کورتییەکانی ئەم دوو لایەنە دەکات، نیو هێندەش باسی هەڵەو نشووستییەکانی خۆیانی دەکرد... ئەوجا بیرەوەرییەکانی سەنگێکی تریان دەبوو و لەئاقاری بۆچوونی کەسییەوە دەچوونە دەرەوەو خەڵکی مەجبوور دەبوون حسێبی تایبەتیان بۆ بکات... بەخوای منیش وەك تۆ نە (یەکێتیو نەپارتی)مە، بەلاّم چی دەکەی حزبەکەی من و تۆ لەقەیرانی بێ سەرکردایەتی دایە... چش لەو خەڵکە دەکەی یەکێتیو پارتی بیکوژێو بیژینێ، هەر دەنگ بەوان دەداو حزبەکەی من و تۆش (٣٪)ش ناهێنێ... وێڕای ئەوەش ئەلتەرناتیفی باشترمان نییە، دەنا ئەوە گەزو ئەوەش ئەرز..

ئەم سەرنجانەم تانەو تەشەر نییە، بۆ هیچ کەس و لایەنێك، بەقەد ئەوەی ڕاستییەو، ڕاستیش هەردەم تاڵەو جورئەتی دەربڕینی دەوێ.. پیرۆزبایش لە (بانیخێلانی)و خەڵکی تر دەکەم کە بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوەو دەیخەنە بەردەستی میللەت، تاوەکو هەر کەسەو سەرنج و بۆچوون و ڕای تایبەتی خۆی هەبێت دەربارەی مێژوو و ڕووداوەکان...

# ڕۆژنامەگەریی شاخ و نهێنی
# لەباشووری کوردستاندا
# (کارەساتی ١٩٧٥ تا ڕاپەڕین ١٩٩١/٣/٥)

## -سەرژمێریی و وردەکاری-

هەر لەدرێژ زەمانەوە، ڕاگەیاندن هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ هوشیار کردنەوەو گەیاندنی پەیامی ویستراو بەجەماوەر، شێوەکانیشی بەپێی هەل و مەرجی قۆناغەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووەو لەهەر قۆناغێکیشدا، تایبەتمەندی خۆی دیاری کردووە.

لەقۆناغی سەخت و دژواری شۆڕشی چەکداریو، خەباتی نهێنی گەلی کورددا، ڕاگەیاندن لەگەڵ هەڵمەتەکانی پێشمەرگەو چالاکی ناو شارەکاندا، لەیەك سەنگەردا بووە.. دەیان کادیرو نووسەرو هۆزانڤانی پێشمەرگە، لەشەڕی بەرگری خەباتی ژێر زەمینیدا، لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەیاندا، گیانییان کردۆتە قوربانی. لەم کاتە دژوارەدا، چ لەشار چ لەشاخ، بەدەیان بلاوکراوەو گۆڤارو ئۆرگانی

تایبــەتییان چــاپ و بڵاوکردۆتـــــــەوە، کەناکرێ فــەرامۆش بکــرێن و ئاماژەیــان بۆ نــەکرێت... ئــەو بڵاوکراوانــــــە، تۆمارێکی تایبــەتین بۆ سەروەری‌و هــەوڵ




و تێکۆشانی ڕۆڵــە ڕاپــەڕیوەکانی کــورد، دژ بەپرۆســەی کــاولکردن و ڕاگــوێزان و تەعریب و ئەنفال و کیمیابارانکردن.. بۆ لێکۆڵینەوەو شرۆڤە کــردن و نووســینەوەی مێژووی نەتەوایەتیمان، ناکرێت پشتیان پــێ نەبەســتین و وەك سەرچــاوە بــەکاریان نەهێنین. ئەو بڵاوکراوانە، سەرەڕای کــەم و کــورتی‌و لایەنــە نێگەتیفــەکان، ڕۆڵــی بەرچاویان هەبووە لەهوشیار کردنەوەی خەڵك و زیندوو کردنەوەو بەرز ڕاگرتنی بۆنە نەتەوایەتییەکان... هەر دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شاخ بــوو، زەمینــەی خۆشــکرد بــۆ ڕاپەڕینی سەرتاســەری خوێنــدکاران و، ســەرجەم خــەڵکی کوردســتان، لەســاڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣دا... هەر ئەو سەکۆیانە بوونە پەردەیان لەسەر کارە دڕندەکانی ڕژێم هەڵدەدایەوەو ناوی شەهیدە لەسێدارەدراوەکانی زیندانەکانی بەعسی ئاشکرا دەکرد.. وێرانکردنی هەزاران گوندو دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی بۆ مێــژوو تۆمــار دەکــرد.. داستانە پڕ لەسەروەرییەکانی پێــشمەرگەکانی کوردســتانی دەنووســییەوەو وزەو ورەو گیانی بەرخودانی دەدایە بەر خەڵکەوە.. هەر لەم بوارەشــدا، نــاکرێ هــەوڵی ئــەو نووسەرە سەرکێش و یاخییانەی شارەکان لەبەرچاو نــەگرین و هەوڵــەکانیان پــووش

بەسەر بکەین.. لەوێ سەردەمێدا، دەیان نووسەری شۆڕشگێڕ لەناو جەرگەی شارەکان و لەژێر سانسۆری تووندوە مەحکەمی ڕژێمدا، بەشێوەیەك لەشێوەکان، بەشداری ئەم بەرگریکردنەیان دەکرد، بەنهێنیو بەپۆستی چوکلێت ئامێز، بەرهەم و هەواڵەکانی شاریان دەگەیاندە شاخەکان و لەوێشەوە بلاّو دەکرانەوە..

من وەك بابایەکی بەدواداچوونی ئەم قۆناغە مێژووییەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەوڵم داوە سەرنج و بۆچوونەکانم لەچەند سەرە ئەدرەسێکی درشت شرۆڤە بکەم و بەزمانی ژمارەش بدوێم. پاش ئامارو شەن و کەوکردنی هەر سێ کتێبی، (بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥-١٩٩٣)ی ئیسماعیل تەنیا و (ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی) نەوزاد عەلیو (مادێنا-ی ئازاد خانەقینی)و چەند وردە نووسینێکی لێرەو لەوێی تر، کەپێم وایە سەرچاوەیەکی بەپێزن بۆ دەست کەوتنی زۆربەی هەرە زۆری بلاّوکراوەکانی ئەو قۆناغە، گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە، (٩٤) نەوەدو چوار ئۆرگان و گۆڤارو بلاّوکراوە لەنێوان کارەساتی (١٩٧٥- ڕاپەڕینی ٥/٣/١٩٩١)دا، بەکوردیو بەنهێنی لەشاخ و لەشار دەرچووینە، کە پارتە سیاسییە کوردستانیەکان و ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییو گروپ و هەوڵە تاکە کەسیەکان، لەو پانتاییەدا، شوێنی دیارو بەرچاویان هەیە.

## بلاّوکراوەی ڕێکخراوە پیشەییەکان

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش و جاڕدانی شۆڕشی چەکداری، ڕێکخراوە پیشەییەکانیش، شان بەشانی پەلەکانی تری بەرخۆدان، کەوتنە خۆو بەچەندان شێوە بەشداریان کرد، هەرچەندە مۆرکی بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان، مۆرکی حزبایەتین و ناتوانین لەهەولّی حزبەکان جودای بکەینەوە.. پاش جاڕدانی شۆڕش، هەر پارتەو

کۆمەڵێك ڕێکخراوی پیشەیی تایبەت بە توێژە جیا جیاکان ڕاگەیاند... هەڵبەتە، ئەوانە چونکە وابەستەیی پارتەکان بوون، لەگۆڕانکاریو ڕووداوەکاندا هەڵوێستی موکم و دیاریکراویان نەبوو جگە لەوابەستەیی نەبێت... ئەو ڕێکخراوانە، لەبواری ڕاگەیاندندا، سەرەڕای بەرنامەی تایبەت لەئیستگە نهێنییەکانی پارتەکاندا، بلاوکراوەو ئۆرگان و گۆڤاری تایبەت بەخۆشیان هەبوو... لەم بوارەدا، سەرجەم ڕێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانەکە، (٣٦) ئۆرگان و گۆڤارو بلاوکراوەیان چاپ و بلاوکردۆتەوە، دەتوانین بەم شێوەیە ڕیزبەندیان بکەین:

- کۆمەڵ و یەکێتی نووسەران و لایەنە ڕۆشنبیرییەکان ڕیزبەندیان (١٠) بلاوکراوە.
- یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕیزبەندیان (٥) بلاوکراوە.
- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستانی عێراق ڕیزبەندیان (٣) بلاوکراوە.
- یەکێتی خوێندکارانی کوردستان ڕیزبەندیان (٢) بلاوکراوە.
- یەکێتی قوتابیان و لاوانی سۆسیالیستی کوردستان ڕیزبەندیان (٢) بلاوکراوە.
- یەکێتی لاوان و خوێندکارانی زەحمەتکێشانی کوردستان ڕیزبەندیان (٢) بلاوکراوە.
- یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ڕیزبەندیان (٢) بلاوکراوە.
- کۆمەڵەی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگەی کوردستان و عێراق/ بەری نیشتمانی دیموکراتی (جود) ڕیزبەندیان (٢) بلاوکراوە.
- هەر یەکەو لە، (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق، یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، یەکێتی ژنانی کوردستان، ئەنجوومەنی گوندی هەڵەدن، یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان، لیژنەی هاوکاری نێوان

ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوانی کوردستانی عێراق، ڕێکخراوی لاوانی شۆڕشگێڕ لەهەولێر)
سەرو یەك دانە بلاّوکراوەیان دەرکردووە.

## بلاّوکراوەو ئەدەبی مندالاّن

سەرەڕای تەرخانکردنی بەشێکی کەم لەئۆرگانی پارتەکان و گۆڤارو بلاّوکراوەی نووسەران و ڕێکخراوەکانی تر بۆ مندالاّن، کەناوە ناوە لێرەو لەوێ، شیعرێك یان چیرۆکێك بۆ مندالاّن لەم ئۆرگان و بلاّوکراوانە دەبینران، لەگەلّ ئەوەشدا بەهەولّی چەند کەسایەتیو لایەنێك لەگەلّ نەبوونی باری دارایی‌و زروفی ڕەخساو، چوار گۆڤارو بلاّوکراوەی تایبەت بەمندالاّنیان بلاّوکردۆتەوە، هەرچەندە هەندێکیان تەنها ژمارەیەکیان لیّ بلاّوکراوەتەوەو ئیتر وەستاوە... هەولّەکان لەبواری مندالاّندا دەتوانین بەم شێوەیە باسیان بکەین:

١-گۆڤاری (نەورۆز): هەلّگورد عەبدولوەهاب لەشاری ڕەواندوز بەدەستنووس و نهێنی بلاّوی کردۆتەوە. یەکەم ژمارەی لەسالّی ١٩٨٠ دەرچووەو سەرجەم (٣) ژمارەی لیّ بلاّوکراوەتەوە.
٢-گۆڤاری (ئەستێرە): (کاکەباس)، سەرپەرشتی کردووەو مەلّبەندی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپیان کردووە. قەبارەکەی نیو فۆلّکسابی (A٤) و یەکەم ژمارەی لە ١/٢/١٩٨٣ دەرچووەو ئیتر وەستاوە.
٣-سروشت: گۆڤارێکی زانستی مندالاّن بوو، (عەباس ئیسماعیل ئاری)، ئامادەی کردووەو مەلّبەندی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاپی کردووە. یەکەم

ژمارەی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٣دا دەرچووەو، سەرجەم (٣) ژمارەی لێ بلاۆکراوەتەوە.

٤-گزنگی بچووکان: پاشکۆی گۆڤاری (گزنگ) بوو، یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی کەرکوك دەریان کردووە. گزنگی بچووکان، تایبەت بەمندالاّن بوو، یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٨٥دا دەرچووەو تەنها (٣) ژمارەی لێ بلاۆکراوەتەوە.

## ئۆرگان و گۆڤاری تایبەت بە پارتەکان

پارتە سیاسیە کوردیەکان، بۆ ڕوونکردنەوەو گەیاندنی پەیامەکانیان، چەندان بلاۆکراوەی جۆر بەجۆریان لەکات و ساتی جیا جیادا، بلاۆکردۆتەوە... هەر چەندە شێوەی بلاۆکردنەوەو ژمارەی بلاۆکراوەکانی سنووردار بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگای ئەو مینبەرانەوە، توانیوویەتیان جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ خەڵکدا، دروست بکەن. ئەو بلاۆکراوانە، لەناوچە ئازاد کراوەکان، بەشێوەیەکی فراوانتر بلاۆ دەکرایەوەو خەڵکێکی زۆرتر سوودمەند دەبوون.... بەلاّم لەناو شارەکاندا، بەهۆی فشاری زۆری دەزگا سەرکوتکەرەکان، زۆر بەکەمیو بەشێوەیەکی نهێنی، لەلایەن ئەندام و هەوادارانی پارتەکانەوە بلاۆدەکرانەوە... گۆڤارو بلاۆکراوەی واهەبوو، پەڕ پەڕ دەکرا وەك (بلاۆکراوەی دیوار) لەکۆلاّن و بازاڕو خوێندنگاکاندا لەسەر دیوار هەڵدەواسران.... لەم ماوە سەختەی خەباتی (شاخ) دا، زێتر لە (٢٨) ئۆرگان و گۆڤاری تایبەت بەپارتەکان و (٢١) گۆڤارو بلاۆکراوەی کاروباری پێشمەرگایەتی لق و مەڵبەندەکان و (٦) بلاۆکراوەی ئیستگەو دەنگ و باس و ڕاگەیاندنی پارتەکان، بلاۆکراونەتەوە، کەتەمەن درێژترینیان ئەو ئۆرگان و بلاۆکراوانەن:


ریبازی نوێ

١-ڕێبـــازی نـــوێ: یەکـــەم ژمـــارەی لـــەکانوونی دووەمـــــی ١٩٧٦دا دەرچـــووە، ئۆرگـــانی یـــەکێتی نیـــشتمانی کوردســـتان بـــووە. تـــا ڕاپەڕین زێتر لـە (٨٥) ژمـارەی لێ دەرچووە.

٢-خەبات: ئۆرگـانی ناوەنـدی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانە نزیکـەی (٧٨) ژمارە.

٣-ڕێگای ئـازادی: ئۆرگـانی ناوەنـدی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، (٦٨) ژمارە.

٤-سورێن: لقی سلێمانی حزبی سوسیالیستی کوردستان، (٦٥) ژمارە.

٥-گازیا خوێندکاران و لاوان: لقی دهۆکی یەکێتی خوێنـدکارو لاوانـی دیمـوکراتی کوردستان، (٤٢) ژمارە.

٦-کۆمەڵە/ ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، (٣١) ژمارە.

٧-سەربەخۆیی/ ئۆرگانی ناوەندی پـارتی سۆسیالیـستی کـورد (پاسـۆك)، (٣٠) ژمارە

## یەکەم بلاوکراوەو دوا بلاوکراوەی قۆناغەکە

بۆ یەکالا کردنەوەی ئەو مەسەلەیە، زۆر بیروڕا هەیە، ئەگەر یەکەم بلاوکـراوەی نهێنیو شاخ بەزمانی غەیرە کوردی باس بکەین ئەوا (الشرارة)ی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەیەو، یەکەم ژمارەی لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥دا دەرچووە. خۆ ئەگەر باسی بڵاوکراوەکان بەزمانی کوردی بکەین، کە باسەکەی ئێمە تایبەتە بەم لایەنە، ئەوە (ڕێبازی نوێ)ی ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکەم بڵاوکراوەی کوردییەو لەکانوونی دووەمی ١٩٧٦دا بەتیژی (٢٠٠٠) دوو هەزار دانە، بڵاوکراوەتەوە.

دوا بڵاوکراوەش، گۆڤاری (قەلاّ) بوو. قەلاّ، گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بوو، مانگی جارێك لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی شاری ڕەواندوز دەرچووە. یەکەمین ژمارەی لەمانگی شوباتی ١٩٩١دا بەتیراژی (٦) دانە، بەشێوەی دەستنووس بڵاوکراوەتەوە.

## هەوڵی تاکە کەسیو سنووردار

سەرەڕای بوونی ئەو هەموو پارتە سیاسیو ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییانە، لەگۆڕەپانەکەدا، هەوڵی سنووردارو تاکە کەسیش لەڕووبەری ئەو قۆناغ و کاتە دژوارو سەختەدا، وەك ڕۆژی ڕووناك دیارو درەوشاوەیە... ئەو هەولاّنە، زێترو بەرچاوتر لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٣)ەوە دەست پێدەکات، چونکە لەم ساڵەدا، شەڕی عێراق و ئێران، گەیشتبووە ئەو پەڕی توندو تیژیو، خەڵکی کوردستان ئامادە نەبوون، خۆیان بکەنە سووتەمەنی ئەو جەنگە کاولکارییە... بۆیە بەشی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی کورد، پەنایان دەبردە بەر ناوچە ئازادکراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، لاوانی ڕۆشنبیرو شۆڕشگێڕ لەناو شارەکاندا، بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی گەشکردنی ژیلەمۆی خەباتدا بوون و، هەوڵە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان تێکەڵ بەهەوڵەکانی شاخ دەکرد. لەم ڕووەوە، ئەو هەوڵە تاکە کەسییانە ناکرێ فەرامۆش بکرێن و دەبێت

بەچاوی بەهەند وەرگرتن سەیریان بکرێت... ئەو گۆڤارو بلاّوکراوانە دەکەونە ئاقاری تاکە کەسیو هەوڵی سنووردار:







١-(سروشت) و (نەورۆز)، لەبابەتی بلاّوکراوەو ئەدەبی منداڵاندا، ئاماژەمان پێکردوون و، یەکەمیان بەهەوڵی عەباس ئیسماعیل ئاریو دووەمیان بەهەوڵی هەلگورد عەبدولوەهاب، دەرچوون.

٢-قەندیل: گۆڤارێکی ئەدەبیو ڕۆشنبیری سەربەخۆ بوو، ناوبەناو دەردەچوو. (مارف عومەر گوڵ) سەرنووسەری بوو. یەکەم ژمارەی لەشوباتی ١٩٨٧ لەشێوەی زەنگیانە کتێب (کتێبی بەرباخەڵ) بە (٩٦) لاپەڕە دەرچوو. ژمارە (٤)ی دوا ژمارەیەو لەتەموزی ١٩٨٨ دەرچووە. ئەم گۆڤارە، لەسەر ئەرکی حزبی سوسیالیستی کوردستان، لەچاپخانەی شەهید (سەیدا سالح یوسفی) چاپکراوە.

٣-کولتوور: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری

گشتی وەرزانە بوو، یەکەم ژمارەی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٨ بە (٤٢٠) لاپەڕەی قەبارە فۆلکساب (A٤) دەرچووە. ژمارە (٥)ی دوا ژمارەیەو لەساڵی ١٩٨٩دا چاپکراوە. لەڕووی ژمارەی لاپەڕەکانیەوە، بەگەورەترین گۆڤاری ئەدەبیو ڕۆشنبیریو سیاسی، سەردەمی شاخ لەقەڵەم دەدرێت. زێتر بەهەوڵ و سەرپەرشتی (محەمەد موکری) نووسەرو ڕۆماننووس، ئامادە کراوەو لەسەر ئەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپکراوە.



٤-ژیلەمۆ: گۆڤارێکی سیاسی، ڕۆشنبیریی گشتی بوو، لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریان دەکرد. بەهەوڵی سنووردار (غازی حەسەن و ئیسماعیل تەنیاو گۆران جەلال) ئامادەو چاپ و بلاو دەکرایەوە. یەکەم ژمارەی لەمانگی ئابی ١٩٨٩دا دەرچووە. ژمارە (٧) دوا ژمارەیەو لەتشرینی دووەمی ١٩٩٠دا دەرچووە، ئەم گۆڤارە بەنهێنیو لەناو شاری هەولێر (گەڕەکی مەنتکاوە) دەرچووە.

٥-ژیلوان: ڕۆژنامەیەکی سیاسیو ئەدەبیو هونەریو کۆمەلایەتی بوو، ئەنجوومەنی گوندی (هەڵەدن) دەری دەکرد. لەلایەن (مەدحی مەندەلاویو بەکری خەتات و

ئازاد خانەقینی) ئامادەو بلاّودەکرایەوە.. ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٨٥دا دەرچووە. (٨) ژمارەی لێدەرچووەو وەستاوە. ئەوە یەکەمین هەوڵی ئەنجوومەنی گوندە ئازادکراوەکانی کوردستانە لەم قۆناغە مێژووییەدا.

٦-چرای ئازادی: ڕۆژنامەیەك بوو، کۆمەڵێك لاوی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ لەهەولێر دەریان دەکرد. یەکەمین ژمارەی لە ٣٠/١/١٩٩١ بەنهێنیو لەشاری هەولێر دەرچووە. لەم ژمارەیەدا، بانگەوازی خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین و بانگەوازێك بۆ ئەو خوێندکارانەی بەناو (دفاع المدنی)، ڕاوە فێریان دەکردو ئێشکیان لەفرقە حزبییەکانی بەعس دەگرت، بلاّوکراوەتەوەو داوایان لێکراوە واز لەدکتاتۆریەت بهێنن و بەریزەکانی گەلەوە پەیوەست بن. لەماوەی (٤٠) ڕۆژدا، (٧) ژمارەی لێ بلاّوکراوەتەوە.

٧-قەڵا: لەبابەتی: (یەکەم بلاّوکراوەو دوا بلاّوکراوەی قۆناغەکە) باسکراوە.

## بلاّوکراوە تەمەن کورتەکان

بەهۆی نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن و کەم دەرامەتیو سەختی بارودۆخەکەو نەبوونی کادیری ڕاگەیاندن. بەشێکی زۆری گۆڤارو بلاّوکراوەکانی شاخ، پاش بلاّوبوونەوەی چەند ژمارەیەکی کەم لەکار کەوتوون. هۆکارێکی تری لەکار کەوتنی ئەو بلاّوکراوانە ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی دینەمۆو هەڵسوڕێنەری بلاّوکراوەکە بوون، مەیدانی خەباتیان چۆلکردووە، ئەوجا یان سوودیان لەلێبووردنەکانی ڕژێم وەرگرتووەو گەڕاونەتەوە شارەکان، یان بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵگرتووە.. زۆر جارانیش ئەو بلاّوکراوانە، سەر بەلق و مەڵبەندی پارتە سیاسیەکان بوون، کەچی بەهۆی فەرامۆشکردنیان، وەستاون، بۆ نموونە ئەو بلاّوکراوەو گۆڤارانە، (پێڕوو،

سەنگەر، ئەستێرە، نووسەری نوێ، هەڵوێست، تەرازوو.. نۆژەن، ڕاپەڕین)، تەنها یەك ژمارەیان لێ بڵاوکراوەتەوەو وەستاون.

## لایەنی هونەریی و هەڵەی چاپکردن

لەڕووی هونەرییەوە، بەهۆی کەم دەرامەتی و نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن، بڵاوکراوەکانی ئەم قۆناغە، سادەو ساکار دەرچووینە، بەشێکی زۆریان بەتایبی کۆنی دەست، دواتر بەتایبی (برازەڕ) چاپکراون و بە فۆتۆ ستێنسلێ، یان ڕۆنیۆ ڕاکێشراون. چەند بڵاوکراوەیەکی کەمیش، هەر بەدەست نووسراون، لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵ دراوە، بەگوێرەی توانا لەگەڵ بابەتەکان وێنەی پێویست دابنرێت. هەر چەندە لەڕووی هونەرییەوە وێنەکان جوان دەرنەچووینە بەلام وابووە کە بناسرێنەوە. ئۆرگان و ڕۆژنامەکانیش، بەشێوەیەکی گونجاو، مانشێتی تایبەتییان بۆ هەر ژمارەیەك دابەزاندووە، کەزۆربەیان دوو ڕەنگ بووینە (سوورو ڕەش یان شین ڕەش)، ئەویش لاپەڕەکانی یەکەم و دوا لاپەڕە یان لاپەڕەکانی ناوەڕاست... زۆر جارانیش مانشێت و ناوونیشانە وردەکان هەر بەدەست دەنووسران. لەڕووی چەندایەتیەوەش، بەشی زۆریان بەتیراژێکی کەم چاپکراون، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سەختی قۆناغەکەی شۆڕشی چەکداری کورد، دیاری دەکات.

لەڕووی هەڵەی چاپیشەوە، ئەگەر لەگەڵ دونیای پێشکەوتووی ڕۆژنامەگەریی ئێستای کورد بەراوردی بکەین، بەدڵنیاییەوە دەڵێم، ئەوان سەردەمان، هەڵەی چاپ یەکجار کەمتربوون، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا... جگە لەچەند دیاردەیەکی کەم نەبێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی (سەرو بۆر) بۆ پیتە کوردییەکانی (ۆ، ڕ، ێ، گ) لەئامێرەکانی تایپ کردندا، کە وایکردووە، هەندێك وشە لەڕووی ماناوە بگۆڕدرێت،

بەلاَم خوێنەر دەتوانێت، وشەکان لەپێکهاتەی ڕستەکاندا ڕاست بکاتــەوە... کەچـی ئەمڕۆکە، سەرەڕای ئەو هەمـوو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە، بابەتێك نییە بێ هەڵەی چاپ بلاَوبکرێتەوە.. نووسەر نییە، بێزارو دڵگران نەبێت لەبەرامبــەر ئــەو دیــاردە بلاَوەی دونیای ڕۆژنامەگەریی کوردی.

## گۆشە بەربلاَوەکان

بلاَوکراوەکانی شاخ بەتایبەتیش ئۆرگانەکان، وەك سیمایەکی تایبەتی ڕۆژنامــە، بێ بەری نین لەگۆشەو ستوونی جێگر، چونکە هەر گۆشەیەك مەغزاو تایبەتمەندیو خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە... بۆ نموونــە، لەزۆربــەی ئۆرگانەکانــدا ئــەو گۆشـە جێگیرانە دەبینرێن:

١-سەروتار: کەباسی تازەترین ڕووداوە گرنگ و گــەورەکان دەکــات و، ئۆرگانــەکان لەبەرامبەریاندا هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

٢-فەرهەنگی سیاسی: بۆ شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی چــەند وشــەیەکی بــەربلاَوی دنیای سیاسەت تەرخان کراون.

٣-ڕاپۆرت یان ڕێپۆرتاژ: لەم گۆشەیەدا، ڕاپۆرتی تایبەت لەبارەی ڕووداوە ناوخۆییو جیهانییەکان بلاَو کراونەتەوە.

٤-بلاَوکراوە یان چاپکراوی نوێ: هەر لایەن و بلاَوکراوەیەك، هەوڵیان داوە تازەترین کتێب و بلاَوکراوەی تایبەت بەخۆیان، یان گــرنگ بەلایانــەوە، شـرۆڤەو بــلاَوی بکەنەوە.

٥-عێراق و کوردستان لەڕۆژنامەگــەریی جیهانــدا: خـستنە ڕوو و کورتکردنــەوەی ناوەڕۆکی ئەو باسانەیە، کە ڕۆژنامە عەرەبیو جیهانییەکان لەسەر بــارو دۆخــی عێراق و کوردستان بلاَویان کردۆتەوە.

٦-کاروانی شەهیدان، سەروەران، کاروانی نەمران، لـەرێگای ئازادیـدا، لـەرێگای سەرفرازیدا: ئەوانە هەموویان ئەو گۆشە جێگیرانەن، کە لەتەواوی ئۆرگانەکاندا بەدی دەکرێن و تایبەتن بەژیاننامەو یادی ئەو شەهیدانەی کە لەرێگای ئازادیو سەربەخۆیی کوردستاندا، گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی.. بەشی هەرە زۆری ئەو گۆشانەش، بەوێنەی تایبەتی شەهیدەکانەوە، ڕازاونەتەوە.

٧-لاپەڕەی ئەدەب و ڕۆشنبیری: ئەو لاپەڕەیە تەرخان کراوە بۆ کورتە چیرۆك و شیعرو لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی بـەرگریو، چـاوپێکەوتن لەگـەڵ ئـەدیب و نووسـەرە پێشمەرگەکان.

٨-چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان: بریتیە لەخستنە ڕووی ئەو چالاکییە ڕۆشنبیرییانەی کە لەنێوان ژمارەی پێشوو و ژمارەی تازەی بلاۆکراوەکان، لەناوچە شـاخاوییەکاندا، ئەنجام دراون.

٩-کاریکاتێر: وەك پێویستییەکی ژیاری ڕۆژنامەگەریی مۆدێرن، هـەوڵ دراوە، نـاوە ناوە، بۆ بۆنەو ڕووداوی هەنووکەییو بەربلاۆ، کاریکاتێر بلاۆبکرێتەوە... زۆربەی ئۆرگان و بلاۆکراوەکان، ئەم لایەنەیان فەرامۆش نەکردووە...

## دەگمەن بوونی بلاۆکراوەکانی قۆناغەکە

ئەرشـیف، هۆکـارێکی گرنگـە بـۆ کارئاسـانیو بەزانـستی کردنـی، هـەر لێکۆڵینەوەیەك لەهەموو بوارەکاندا، بەبێ بـوونی ئەرشـیف، ئەسـتەمە بتـوانین سەرچاوەکان بپارێزین... لەسەردەمی شۆڕشی چەکداریو خەباتی نهێنیدا، دووقـات گرنگی ئەو بابەتەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە مێژووی ئەو قۆناغە پڕ لەهـەورازو نشێوە، بەشێکە لەمێژووی پڕ لەقوربانیو تێکۆشانی سەدان ساڵەی کورد... مخـابن

تائێستاکە ئەرشیفێکی تەواوو دەوڵەمەندی شایان بەو قۆناغەمان نییە، ئەوەی هەیەو لەبەردەستدایە، بریتییە لەچەند هەوڵێکی تاکە کەسی سنووردار... بەبۆچوونی ئێمە، دەگمەن بوون یان هەر نەبوونی بڵاوکراوەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە، لەم هۆکارانەوە سەرچاوە دەگرن:

١-بەنهێنیی و ئەستەم بوونی خەباتەکەو، زۆری کۆنترۆڵ و سانسۆرەکانی ڕژێم، وایکردووە کە بەشێکی زۆری ئەو بڵاوکراوانە ببنە خۆراکی ئاگر.. خەڵکی واهەبووە، لەشارەوە ئەو بڵاوکراوانەی دەستکەوتووە، بەڵام لەبەر پشکنین و کۆنترۆڵکردنی ماڵەکان لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات و خەفیەو سیخوڕەکان، پاش خوێندنەوەیان، هەر زوو سووتاندوویەتی. دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین، خەڵکی وا هەبووە لەسەر لەدەست گیرانی بڵاوکراوەیەك یان پۆستەرێك و کاسێتێك، گیراون و لەسێدارە دراون(*)..

٢-هێرشە یەك لەدوایەکەکانی ڕژێم بۆ سەر بارەگا سەرەکییەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکان، وایکردووە نەتوانن بەشێوەیەکی بەردەوام لەشوێنێکدا ئۆقرە بگرن و بگێرسێنەوەو، ئەرشیف و پێویستییەکانی ئەرشیف، دابین بکەن.

٣-لەبەر نەبوونی دەرامەت و سەرچاوەی داراییی و کاغەزو ئامێرەکانی چاپکردن، نەتوانراوە ژمارەیەکی زۆر لەبڵاوکراوەکان چاپ بکەن، ئەوەی کراوەش لەچەند سەد دانەیەك تێپەڕی نەکردووە.

٤-شەڕی براکوژی نێوان پارتە کوردستانییەکان، هۆکارێکی تری بەرچاوی دەگمەن بوونی بڵاوکراوەکانە... کەلایەنێك بارەگاو بنکەو ڕاگەیاندنی لایەنێکی تری داگیر دەکرد، ئەوەی بەکەڵکی مەرامەکانی خۆی دەهات، دەیبردو ئەوەی تری

دەسووتاند.. بەم کارەش، مانـدووبوون و ئەرشـیفی چـەند سـاڵەی ئـەو لایەنـە دەفەوتاو، دەبوایە سەرلەنوێ لەسفرەوە دەست پێبکاتەوە.

٥-زۆر جاران لەترسی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، چەند پێشمەرگەیەکی ڕۆژنامەنووس و خـەمخۆری ئـەو لایەنـە، (پـێش تـایێ بـەڕەیان بـەخۆ داداوە)، وەلێ مخـابن هەوڵەکانیان شوون بزر بوونە... ئەو کەسانە، بلاوکراوەکانیان لەفەردەو سـندوق دەکردو بەلایلۆن دەیانپێچاو لەژێر زەوییان دەشـاردەوە: بـەلام پـاش تـەواوبوونی کیۆماڵ و هێرشەکان، ئەرشیفەکان نەدەدۆزرانەوە، چونکە:

- خاڵی سەرەکیو سنووری حەشارگەکان تەواو دیاری نەکرابوون.
- زۆر لەو کەسانە، لەهێرشەکان و بەرگریکردندا شەهید دەبوون.
- ئەرشـیفەکان بـەهۆی زۆری بـاران و لافـاوەوە، کەوتوونەتـە سـەر زەویو لەناوچوون.
- یەکێك لەپێزانەکان تەسلیم بۆتەوەو زانیارییەکانی بەڕژێم داوە.

* بڕوانە کتێبی: خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەرلین ١٩٩٩، ل٢١٤-٢١٨.

**<u>سەرچاوەکان:</u>**


١-بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٧٥-١٩٩٣، ئیسماعیل تەنیا، هەولێر، ١٩٩٨.
٢-ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١.
مادێنا، مێژوو بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ١٩٧٥-١٩٩١، ئـازاد خانـەقینی، سـلێمانی، ٢٠٠٠.


*** سەرنج: وێنەی بەرگ و لاپەڕەی یەکەمی ئەو گۆڤارو بلاوکراوانەی لەگەڵ ئـەم بابەتەدا بلاوم کردونەتەوە، لەهەردوو کتێبەکەی (ئازاد خانەقینی) و (نـەوزاد عەلی ئەحمەد) وەرمگرتوون.**

# ڕۆژنامەی (سەکۆ)
# چۆن سەریهەڵداو چۆن لەکار کەوت؟


سەکۆ
Nr. 1 Nov. 1996
ژمارە 1 ـ نوڤەمبەری 1996
کوردەکانی بەرلینیش پێویستییان بە ڕۆژنامەیەکی کوردی هەیە !
دیدی سەکۆ
د . جەمال نەبەز چەند نامەیەک ئاراستەی تاڵەبانی و بارزانی دەکات

هەبوونی پانتاییەکی فراوان لەئازادیو دەستەبەر بوونی ئامێرەکانی چاپ و بلاۆکردنەوەو بنکەکانی فۆتۆکۆپی کردن، لەئەورووپادا، هۆکارێکی سەرەکین بۆ زۆر بوون و بەربلاۆی گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاۆکراوە کوردییەکان، لەدەرەوەی ولاتدا.

هەر لەم ڕوانگەی سەرەوە، وێڕای بوونی بۆشاییەکی گەورە لەبواری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لەشاری (بەرلین)ی ئەڵمانیادا، کە ڕەوەندێکی

زۆری کورد لەم شارەدا نیشتەجێن، کە بەمەزەندە خۆی لەپەنجا هەزار کەس دەدات، هۆکارێکی تری پێویست بوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو لەم شارەدا.. لەم پێناوەدا، هەردوو برای بەڕێزم (پێشڕەوی سەید برایمی بەرزنجی‌و عەبدولمۆئمین دەشتی)، شانی خۆیان دایە بەر ئەم کـارەو توانیـان یەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامەیـەکی (مـانگانـە)، بەشێوەیەکی سادەو هەژارانە، بەناوی (سەکۆ)، دەربکەن..

سەکۆ، سەرەڕای سادەو ساکاری لەبواری هونەری ڕۆژنامەگەرییەوە (بەتایبەتیش تا ژمارە ٢٨)ی، توانیوویەتی کەلێنێکی گەورە پڕ بکاتەوەو ببێتە پردێك بۆ یـەکتر دۆزینەوەی نووسەرانی تاراوگەو، ئالۆگۆڕکردنی بیروڕاکانیان.. چەند دەنگێکی تازەش لەسەر بلندگۆی ئەم سەکۆیە پێگەیشتن و توانییان بوونی خۆیان بسەلمێنن.... سەکۆ، لەم تاراوگەو ئاوارەیی‌و نامۆ بوونەدا، ببووە کلاوڕۆژنەیەك بۆ ڕووناکی‌و درزێـك بـۆ هەناسەدان.. لەکاتێکدا سەکۆ هاتە مەیدانەوە، کە بارودۆخی نـاوەوەی کوردسـتان لەگەرمەی ڕووداوو شەڕو پێکدادانداندا بوو و تاکـە هـەواڵێك بەزەحمـەت دەگەیـشتە خەڵکە تەریوەکان. هەردوو کەناڵە کوردییەکەی باشووری کوردستان، بوونیان نەبوو. تەلەفۆن و پەیوەندی کردن بەکوردستانەوە زۆر زەحمەت بوو، یان هەبوو بەلاّم ئەوەندە گران بوو، کەم کەس بۆی دەکرا بتوانێت مانگانە پەیوەندی بەکەس و کارەوە بکات.. وێرای ئەمانەش، ئامێرەکانی ئەنتەرنێت و پۆستی ئەلکترۆنی لەدەرەوەدا، کەم کەس هەبیوو و لەکوردستانیشدا هەر نەبوو هـەموو ئەمانـە، گرنگییـەکی بەرچـاویان بەبلاّوکراوە کوردییەکان، بەتایبەتیش سەکۆ بەخشی‌و زۆر هەواڵ و پـسکە پـسکی کوردستانمان، لەم چاوگەیەوە دەست دەکەوت.

دەتوانین سەکۆ بەڕێك و پێکترین بلاّوکراوەی مانگانە لەبارەی کاتی دەرچـوون و تەمەن درێژی‌و قەبارەوە، لەئەڵمانیاو لەشاری بەرلین، لەقەڵەم بدەین.. بەلاّم مخـابن،

لەدوا ژمارەکانیدا، گرفتی پارەو نەبوونی کادیر تەنگی پێهەڵچنیو وایکرد، (پێشڕەو)ی سەرپەرشتکار، بۆ یەکەم جارو لەژمارە (٤٣)دا دەنگ هەڵبڕێو بڵێت: (.. ئێستا لێرە لەبەرلین ئەوە ماوەی چوار ساڵە خەریکی دەرکردنی سەکۆم ئەو کاتەی ڕزگاریمان -ڕزگاری: ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەشاخ بوو. ئیسماعیل- دەردەکرد وەزعمان زۆر باشتر بوو، هەرچەند ڕۆژانە بۆردومانی فڕۆکەو تۆپمان لەسەر بوو.. لەسەردەمی سەکۆدا زۆربەی کارەکانی کەوتۆتە ئەستۆی خۆمەوەو گرفتەکانیشی گەیشتۆتە گیرفان و باخەڵمەوە... (ڕزگاری) شاخ و پێشمەرگایەتی، ئەرکی خەبات و تێکۆشان بوو، کەچی نازانم (سەکۆ)ی ئەوروپا چ ڕۆڵێکی دەبێ؟!)

ئیدی لەم ژمارە بەدواوە، سەکۆ کەوتە دواکەوتن و خێشە خێش، نەیتوانی مانگانە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بگاتە دەست خوێنەرانیو نیشانەی ئەوەی لێ بەدی دەکرا، کە بەیەکجاری لەکار بکەوێت. لەدوا ژمارەیدا، کەژمارەی ماڵئاوایی بوو، لەلاپەڕەی یەکەمیدا، لاپەڕەی یەکەمی هەر (٤٩) ژمارەکەی پێشووی بەبچووککراوی بلاّو کردەوەو سەرپەرشتکار لە (سەکۆمان)دا گوتی: (سەکۆ لەوانەیە وەك هیچ بلاّوکراوەیەکی کوردی نەبێ، چونکە ئەو مانگنامەیەی کەماوەی پێنج ساڵە دەردەچێ ئەرکی سەرەکی لەسەر شانی تاکە کەسێك بووە بەتایبەتی لەدوای ژمارە (٢٩)ەوە.. ساتەکانی کارکردن لەسەکۆدا تاگەیاندنی بەچاپخانەو دابەشکردن و پۆست کردنی، ساتی ئاسایی نەبوون.. بەڵکو ساتی قەرەباڵغیو ئاپۆڕەی کاغەزو وتار نووسین و ناڵەی کۆمپیوتەرو خڕەی سکێنەرو گرمەی پرنتەرو تەقەی تایپ کردن و کۆکردنەوەی زانیاریو گوڵبژێری بەرهەمەکان بوو... لەهەمووی کات قوندەرو بێ ڕەزا کاتەکانی تایپ کردن بوو.. دوا بەدوای ئەوە مۆنتاژو



ڕێکخستنی لاپەڕەکانی... لێتان ناشارمەوە هەموو ژمارەیەك تۆبەیەکم دەکرد ، بەلاّم کورد گوتەنی: تۆبەی گورگ مەرگە! ئیتر قسەیەکی خێری ئێوەو مەدح و سەنایەکی ولاّت قورمیشی دەکردمەوە...). ناوبراو، لەسەر گرفت و کێشەکان، زێتر دەوەستێت و هۆیەکانی دەرنەچوون و دواکەوتنی دەستنیشان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ، بەڵێن بەخوێنەران دەدات (تالێرە بم سەکۆ بەکوێرەوەری هەر دەردەکەم، گەر لێرەش نەبووم، ئەوە داوای لێبووردن دەکەم... بەو هیوایەی داوی تەحەمول و ئارام بەم زوانە نەپچڕێ..!!)

دیارە پاش دەرچوونی ئەو ژمارەو تۆمارکردنی ئەو گرفتانە ، سەکۆ لەکار وەستاو، کاك (پێشڕەو)یش بەرەو ولاّت گەڕایەوە...

لەبەر گرنگی سەکۆ لەم ماوە پڕ لەکێشمە کێش و بێ هیواییە بەتایبەتیش لەتاراوگەدا، هەروەها بۆ سوود گەیاندن بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەندەران و شارەزایانی بواری بیبلۆگرافیاو ڕابەری ڕۆژنامەگەریی، بەپێویستم زانی ماوەیەکی باشی کاتی خۆم بۆ ڕوونکردنەوەو شەن و کەوکردنی هەر (٥٠) پەنجا ژمارەکەی سەکۆ تەرخان بکەم و بەخوێنەرانی بناسێنم.. لەسەرەتاشدا دەمەوێت سوپاسی براو هاوڕێی بەڕێزم کاك (عەبدولمۆئمین دەشتی) بکەم کە شەش ژمارەی

(سەکۆ)ی پێشکەش کردم و لەنامەیەکی ڕۆژی ٢٥/٦/٢٠٠٤یشدا کۆمەڵێك زانیاری بەسوودی پێشکەش کردم...

بۆ شیکردنەوەو شرۆڤە کردن و هاوێرکردنی بابەتەکان و ناوەڕۆکی سەکۆ، حەزم کرد هەوڵەکانمان بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش بکەم، تاوەکو باشترو چڕتر ئامانجەکانم بپێکم..

## نووسەرەکانی (سەکۆ)

سەکۆ، وەك هەر بڵاوکراوەیەك، کۆمەڵێك نووسەرو ڕۆژنامەنووسی کوردی لەئەڵمانیاو شوێنە جیا جیاکانی جیهان لەدەوری خۆیدا کۆکردبۆوە... هاوکارانی لەوڵاتەکانی هۆڵەنداو سوێد و بەلجیکاو نەرویژو فنلەنداو سویسرا و ئێران و پاکستان و جار ناجاریش لەکوردستانەوە بەبابەتی جۆر بەجۆر سەکۆیان بەسەر کردۆتەوە.. وێڕای ئەوەش، لەزۆر لەو وڵاتانە، پەیامنێری تایبەتی خۆی هەبووەو بێ بەرامبەر کارەکانیان ئەنجامداوە. لەم بڵاوکراوەیەدا، کۆمەڵێك ناوی وا بەدی دەکرێت کە تەنها لە (سەکۆ)دا ناوبانگیان دەرکردووەو زێتریش ناوی خواستراو بوون. بەپێی زانیارییەکانی ناو نامە تایبەتییەکەی (دەشتی)، (عەتا ئەحمەد و چاودێرو زریڤان و پێشەوا)، شەخسی (دەشتی) خۆی بوون و (نەخۆشێك و غازی مارف)یش، کاك (پێشڕەو) بووە بەپێی لێکدانەوەی خۆم و ناسینەوەی شێوەی نووسینی نووسەرانیش، (ئاری هەولێر، شالاو خەیلانی، دڵشاد قادر)یش کاك (شێرزاد هەینی) بوون. خۆشم تاکە یەك نووسینم بەناوی خواستراوی (عەبدوڵلا گۆمەشینی) بڵاو کردۆتەوە، کەکاتی خۆشی لەساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤، لەکوردستاندا چەند بابەتێکم بەهەمان ناو بڵاوکردۆتەوە. دڵنیام، ناوە خواستراوەکان زۆر لەوە زێترن، بەڵام من هەر ئەوەندەم

بۆ ساغكراوەتەوە.. (١٦٥)، ناوو نازناو لەسەرجەم پەنجا (٥٠) ژمارەكەی سەكۆدا، بەرهەمیان بلاّوكردۆتەوە... كە (٨٨)یان تەنها یەك بابەت و (٢٥)یان دوو بابەت و (٨)یان سێ بابەت و (٩)یان چوار بابەت و (٥)یان پێنج بابەت و (١)یان شەش بابەتیان بلاّوكردۆتەوە... نووسەرەكانی تریش بەپێی ژمارەی بابەتە بلاّوكراوەكانیان بەمشێوەیە ریز بەند دەكرێن، پێشڕەوی سەید برایمی (بەناوە خوازراوەكانیشەوە) (٦٠) بابەت و عەبدولموئمین دەشتی (بەناوە خوازراوەكانیشەوە) ٤٤ بابەت و شێرزاد هەینی (تەنها بەناوی خۆی) ٣٦ و محسن ئۆسمان (١٩) و سەلام عەبدوللاّ (١٨) و رووناك جەلی زادە (١٧) و محەمەدئەمین پێنجوینی (١٧) و د.جەمال نەبەز (١٦) و ئیبراهیم جەلال (١٥) و ڕەهبەر سەیدا برایم (١٥) و قادر ئیبراهیم مینە (قادر وەرتی) ١٤ و یاسین خێلاّنی (یاسین بانیخێلاّنی) ١٤ و ئیسماعیل تەنیا (بەیەك ناوە خوازراوەكەشەوە) ١٤ و سەمەدی مەلا ئەحمەد ١٣ و حوسێن ڕەسوڵ سەرگەڕانی ١٣ و كەریم سورێنی ١٢ و عەلی بچكۆڵ ١٢ و حەمەی مەلا ١٢ و ئازاد وەرتی ١٠ و ئارام ئەمین ٩ و سالار باسیرە ٧ و هادی بەهمەنی ٧ و ئەحمەد بالاّیی ٧ و شێركۆ بێكەس (٧) بابەتیان بلاّوكردۆتەوە.

## ژمارەی لاپەڕەكان و كاتی دەرچوونی

یەكەم ژمارەی سەكۆ لەنۆڤێمبەر (تشرینی دووەم)ی ساڵی ١٩٩٦دا بە (١٢) لاپەڕەی فۆلسكاب (A٤) دەرچووەو ژمارە (٥٠)ی كە دوا ژمارەیە لەتەموزی ساڵی ٢٠٠١دا بە (١٢) لاپەڕەی گەورە (A٣) دەرچووە. لەژمارە (١-٢٨)ی بەقەبارەی لاپەڕەی فۆلسكاب دەرچووە كە ژمارەكانی (١،٢،٤،٨،٩)یان بە (١٢) لاپەڕەو ژمارە (١٢) بە (٢٠) لاپەڕەو ژمارەكانی تری بە (١٦) لاپەڕە دەرچووە، كە كۆی هەموو لاپەڕەكانی دەكاتە (٤٣٠) لاپەڕەی فۆلسكاب.

لەژمارە (٢٩-٥٠)ی بەقەبارەی گـەورە (A٣) و بــە (١٢) لاپــەڕە دەرچــووە، کەکۆی لاپەڕەکانی دەکاتە (٢٦٤) لاپەڕە- بۆ مەسەلەی کات و وادەی دەرچــوونی، ئەوا سەکۆ بەپێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری بلاّوکـراوە کوردییــەکانی دەرەوەی ولاّت (تەنها چەند ژمارەیەکی دوایی نەبێت)، دەنا لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بلاّوبۆتەوە.

لەژمارە (١-٤٣)، زۆر بەرێك و پێکیو بەبێ پچڕان هەموو مانگێك بلاّو بۆتەوە. ژمارە (٤٤)ی پاش دوو مانگ وەستان لـەئابی ٢٠٠٠دا، بلاّوبۆتــەوە. ژمارەکـانی (٤٥،٤٦،٤٧)ی مانگانە یەك لەدوای یەك دەرچووینە. ژمـارە (٤٦)ی لەتــشرینی یەکـەمی ٢٠٠٠ و ژمـارە (٤٧)ی لەتــشرینی دووەمــی ٢٠٠٠ و ژمـارە (٤٨)ی لەئازاری ٢٠٠١ و ژمارە (٤٩)ی لەنیـسانی ٢٠٠١ و ژمـارە (٥٠)ی لەتــەموزی ٢٠٠١ دا، بلاّوبۆتەوە.

زۆر گۆڤارو بلاّوکراوەی نـاوەوەو دەرەوەی ولاّت کـاتیّ کـەدوا دەکـەون، بـۆ چـاو بەستەکیّ کردن، دوو ژمارە بەیەك بـەرگ دەردەکـەن... کەچـی سـەکۆ، سـەرەڕای دواکەوتنیشی، ئەم ڕێبازەی پەیڕەو نەکردووە.

## زمانی ژمارە

سەکۆ، لەماوەی دەرچوونیدا، جگە لەکورتە هـەواڵی دوو سـیّ دێـڕیو بابــەتی بچووك بچووك، ئەوا:

* (٨٤٧) هەواڵی هەمەڕەنگی کوردستانیو دەرەوەو پەنابەرانی بلاّو کردۆتەوە.
* ١٢٢ بابــەتی ئــەدەبی بلاّوکردۆتــەوە، کــە (٧٣) شــیعرو ٢٧ چــیرۆك و ١٧ لێکۆڵینەوەو ٥ پەخشان)ی گرتۆتە خۆ. شایانی باسە، بەشـی زۆری چـیرۆکەکان تایبەتن بـەجیهانی منـداڵاّن و لەزمانــەکانی ئـەڵمانیو سـویدیو عەرەبییــەوە کراونەتە کوردی.

* ٤٣٨ بابەتی لەبارەی سیاسەت و مێژوو و کۆمەلاّیەتیو خێزان و نامەی تایبەت و یاداشتنامەو کاروباری پەنابەران و ژنان، بلاّوکردۆتەوە.
* ١٦٥ ناوو نازناو، بابەتیان تێدا بلاّوکردۆتەوە.
* زێتر لە (٦) لاپەڕەی تایبەت بەوەرزشی بلاّوکردۆتەوە کە بەشی هەرە زۆریان لەلایەن (فەرهاد عەلی ڤنگە) وە ئامادەکراون.
* زێتر لە (٢٥) گۆشەی هەمە چەشنەی هەبووە کە هەندێکیان لەڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر لەیەکترەوە نزیك بوون. گۆشەکان، زۆربەیان، تەمەن کورت و ناوە دەرکەوتوون.
* زێتر لە (٦٤) چاوپێکەوتنی تایبەتی لەگەلّ کەسایەتی توێژە جۆر بەجۆرەکانی کوردو غەیرە کورد کردووە، کە بەشێکیان چەند جارێك و هەندێکی تریان بەیەك دوو بەش، دیمانەیان لەگەلّدا سازکراوە... کە ئەم کەسایەتیانەن، (نەوشیروان مستەفا، شێرکۆ بێکەس، کۆسرەت ڕەسولّ، محەمەدی حاجی مەحمود، قادر عەزیز، د.کازم حەبیب، ئەحمەد چەلەبی، کەمال کەرکوکی، د.مارف عومەر گولّ، عەبدولڕەحمان مزوری، کازم بابە، ئاسۆ ئەلّمانی، سەرۆکی جڤاتی کورد لەبەرلین، سەمەدی مەلا ئەحمەد، چڤاتا ڕەڤەندی ڕۆشنبیری، بەکر ڕەشید، مستەفا چاوڕەش، لەتیف ڕەشید، ئیحسان عەبدولعەزیز، ڕێکار ئەحمەد، کۆمەلّەی کوردی ئوسترالّیا، کەریم بیانی، سەردار پشدەری، د.جەمال نەبەز، د.فوئاد مەعسوم، د.محەمەد سالّح جومعە، د.مەحمود عوسمان، پەخشان زەنگەنە، فاتیح ڕەسولّ، محەمەد ئەمین پێنجوینی، گوهدار بەزاز، هیڤی بەرواری، فەهمی بالاّیی، دانیال میتران، جەنەرالّ ناب، گالبیرێس، د.غەسان عەتیە، د.نوری تالّەبانی، هۆمەر شێخ موس، هانز براند شاید، سەلاح ڕەشید، د.عەونی

کەرومی، د.کەمال فوئاد، د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەهائەدین نوری، دڵشاد حەسەن سەعید، سلێمان قەساب، باربارا بۆن، جوان حاجۆ، یاسین خێلانی، کەریم ئەحمەد، نەوزاد ڕەفعەت، ئەحمەد ئۆکجو ئۆغلۆ- پاریزەری پێشووی ئۆجەلان، عەبدولخالق سەرسام، محەمەدی کەمانگر، زانا خەلیل، ڕووناك مستەفا، ئۆلایلپکەی ئەندام پەرلەمانی ئەڵمانیا، عەزیزی مورادی، ڕەئوف ڕەحیم، حەمید موسا، قادرۆك، جەوادی مەلا، حەمە جەزا ساڵح قازی).


سەکۆ

بە پلەی یەکەم، گەلی کورد مافی داواکردنی قەرەبووی زیانەکانی هەیە

## مانشێتەکانی سەکۆ

(سەکۆ)ش، وەك هەر ڕۆژنامەو بلاۆکراوەیەك، بۆ هەر ژمارەیەك، مانشێتی تایبەتی بەشێوەیەکی درشت و بەرچاو، دابەزاندووە، کەزۆربەیان تایبەت بوون بەڕووداوەکانی کوردستان و پرۆسەی ئاشتی... (سەکۆ) لەگەڵ ئەوەی کەهەوادارو لایەنگیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، کەلایەنێکی سەرەکی شەڕەکە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەرمەی ڕووداوو پێکداچوونەکاندا، دروشمی ئاشتیو پێکەوە ژیانی بەرز کردۆتەوەو جەختی لەسەر یەکڕیزی ماڵی کوردو یەکتر قبوڵ کردن کردۆتەوە. بۆیە لە (٥٠) مانشێت، (٢٩)یان تایبەت بوون بەئاشتبوونەوەو یەکگرتنەوە، کەدەکاتە لە ٥٨٪ی هەموو مانشێتەکان... ئەوانی

تریش، تایبەت بوون بەساڵیادەکانی هەڵەبجەو ڕاپەڕین و نەورۆزو هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان و قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووەکانی هەڵەبجەو... تاد.

## گۆشە تایبەتییەکان

سەرەڕای (سەروتار)، کە لەژمارە (١-٢٨) لەژێر ناوی (دیدی سەکۆ) و لەژمارە (٢٩-٥٠)ش لەژێر ناوی (سەکۆمان) دابووەو لەدەستە ڕاستی لاپەرەی یەکەمدا بلاۆکراوەتەوەو گوزارشتی لەڕووداوە گەرمەکان و پێشهاتەکاندا کردووەو سەکۆ لێی بەرپرسیار بووە. بەپێی ناوەڕۆکی نامەکەی (دەشتی)، تا وازهێنانی، زۆربەی سەروتارەکان ئەو نووسیوویەتیو (دواپەیڤ)یش (پێشڕەو)، نووسیوویەتی. جگە لەسەروتار، ئەم گۆشانەش دەرکەوتوون کە بەپێی تەمەنیان ریز بەندیان دەکەین:

١-بەهەشتی زیندان: گۆشەیەك بوو، شێرزاد هەینی دەینووسیو زێتر باسی ژیان و گوزەرانی پەناهەندە کوردەکانی دەکرد... لەژمارە (١٥-٥٠)، (٣٣) گۆشەی لێبلاۆکراوەتەوە.

٢-دوا پەیڤ: گۆشەیەکی بچووك بوو، لەدەستەچەپی دوا لاپەڕەدا، بەبێ ناو بلاۆ دەکرایەوە. لەژمارە (١-٣١)، (٣١) گۆشەی بلاۆ کردۆتەوە.. کە زۆربەیان (پێشڕەو) خۆی دەینووسی.

٣-خۆیناسین: گۆشەیەکی تایبەت بوو، (محسین ئۆسمان)، بەشێوەی کرمانجی سەروو دەینووسی و لەژمارە (٢٧-٤٩)، (٢٣) گۆشەی لێ بلاۆکراوەتەوە.

٤-بەزمی مام مۆتك: گۆشەیەکی ئارام بەخش و گاڵتە ئامێز بوو، خوێنەران پرسیاریان دەکردو (مام مۆتك)یش، وەلاّمی دەدانەوە. نموونەی چەند پرسیارو وەلاّمێك:

*** ئەریٚ باشە رەفیق حیلمی لەکوێو حیلمی عەلی شەریف لەکوێ؟**

**(کاوە سەراج- سوێد)**

- مام مۆتك: ئەی باشە کاوە لەکوێو سەراجی لەکوێ. ئەی کاوە ئاسنگەر نەبوو؟!

*** خۆ ئەوە دیکتاتۆرەکەی ئەندونیسیا لەسەر حوکم نەماو جێگرەکەی بوو بەسەرۆکی ئەم وڵاتە.**

**(ئەمجەد عەبدولڕەزاق)**

- مام مۆتك: نەخشە بێ لەسەدام و تەها محی الدین معروف بێتە جێگای!!

لەژمارە (٢١-٥٠)، (٢٩) گۆشەی لێبلاوکراوەتەوە کە (پێشڕەو)، خۆی ئامادەی دەکرد.

٥-مەکۆی سەکۆ: گۆشەیەك بوو وەڵامی نامەی خوێنەرانی دەدایەوە. زۆر جارانیش خوێنەران، کورتە سەرنج و بۆچوونی خۆیان دەربارەی سەکۆو گەشەپێدانی تێدا بلاو دەکردەوە... لەژمارە (٥-٤٩)، (٢١) گۆشەی لێبلاو بۆتەوە.

٦-ژن و ژیان: لاپەڕەیەك بوو، دەربارەی خێزان و کاروباری ژنان، بابەتی تێدا بلاو دەکرایەوە.. (ڕووناك جەلی زادە)، ئەو لاپەڕەیەی ئامادە دەکردو لەدەرەوەی ڕۆژنامەکەش، نووسەران، بە بەرهەم و بابەتی پەیوەندیدار، لاپەڕەکەیان دەوڵەمەندتر دەکرد... لەژمارە (٢٩-٥٠)، (١٦) لاپەڕەی لێبلاوکراوەتەوە.

٧-بەدەستمان گەیشت: گۆشەیەکی بچکۆلانەی دوا لاپەڕە بوو، وەڵامی ئەو نووسەرو دەزگایانەی دەدایەوە کە بەدیاری کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەی تازەیان پێشکەش بەسەکۆ دەکرد. لەژمارە (٨-٢٨)، (١٥) گۆشەی لێبلاو بۆتەوە.

٨-شنەی شێنێ: گۆشەیەك بوو، کورتە سەربوردەو ڕووداوی نوکتە ئامێزی شۆڕشی نوێی تێدا بلاو دەکرایەوە. پێشڕەوی سەید برایمی دەینووسی. لەژمارە (٣٨-

٥٠)، (١٣) گۆشەی لێبلاوکراوەتەوە.

٩-کتێبی سەکۆ یان چاپکراوی نوێ: گۆشـەیەکی دوا لاپـەڕە بـوو، ئـەو کتێـب و بلاوکراوە نوێیانەی دەخستە ڕوو کە بەدیاری دەگەیشتنە سـەکۆ.. بەشـێوەیەکی کورت و چـڕ دەخرانـە ڕوو.. لـەژمارە (١٨-٣٧)، (٧) گۆشـەی لـەژێر نـاوی (چاپکراوی نوێ)و لەژمارە (٣٨-٥٠)ش، (١٣) گۆشەی لەژێر نـاوی (کتێبـی سەکۆ) لێبلاوکراوەتەوە کە بەهەردووکیان دەکاتە (٢٠) گۆشە.

١٠-دوا لاپەڕە: لەژێر ئەو نـاوەدا کۆمـەڵێك ناوونیـشانی وەك: (پـەیڤ و خـشتە، مەتەڵ، ئەستێرەو بەختی ئاوارەیی، کورتە هەواڵ)ی تێدا بلاودەکرایەوە. لەژمارە (٢٩-٣٨)، (١٠) لاپەڕەی لێبلاو بۆتەوە، کە (ئارام ئەمین) ئامـادەی کـردووە. لەژمارە (٤٠-٥٠)شدا بووەتە (پشووی سەکۆ) و ئامادەکاری دیار نییەو (١١) لاپەڕەی بەم ناوە، لێبلاو بۆتەوە.

١١-دوا وێستگە: گۆشەیەك بوو لەدەستە چەپی دوا لاپـەڕەدا، لەشـوێنی گۆشـەی (دوا پەیڤ)دا بلاو دەکرایەوە. ئەم گۆشەیە (قادر ئیبراهیم وەرتـی) دەینووسـی. لەژمارە (٣٩-٥٠)، (١١) گۆشەی لێبلاو بۆتەوە.

١٢-سـەکۆی سـەرگەڕان: (سـەرگەڕان)، گونـدێکی تـەعریب کـراوی ناوچـەی کەندێناوەی دەشتی هەولێرە... کەدواتر بووەتە یەکەی ئیداریو ڕژێم ناوەکەی کردە ناحیەی (قودس)... ئەم گۆشەیە (حوسێن ڕەسوڵ سەرگەڕانی) دەینووسیو لەدوا لاپـەڕەدا، بەسـتوونێك بـلاو دەکرایـەوە.. زۆرجـاران پێناسـەی وشـەی کـۆنی کوردەواریو داب و نەریتی کـوردی تێـدا دەکـرد. لـەژمارە (١٨-٢٨)، (١٠) گۆشەی لێبلاوکراوەتەوە.

١٣-ناوبەناو: گۆشەیەك بوو، ناوبەناو لەلاپەڕەکانی ناوەوەدا سەری هەڵـدەداو هـەر جارەی نووسەرێك دەینووسی.. لەژمارە (٣٣-٥٠)دا، (٦) گۆشەی لێبلاوکراوەتەوە.

١٤-ستوونی دووەم: گۆشـەیەك بـوو لەلاپـەڕە دوودا بلاۆدەکرایـەوە. ئـازاد وەرتـی دەربارەی کاروباری سیاسی تێیدا دەینووسی. لـەژمارە (٤١-٥٠)، (٩) گۆشـەی لێبلاۆوبۆتەوە کە تەنها لەژمارە (٤٤)یدا، ناوەکەی بۆتە (دواستوون).

١٥-جگە لەو گۆشانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون، ئەم گۆشانەش ناوە ناوە دەردەکەوتن: (تکایە باوەڕ بەم هەواڵانە مەکەن) سـەلام عەبـدوڵلا دەینووسـی، لەسێ ژمارەدا هاتووە. زارۆکان لە (٨) ژمارە، زایەڵەی لاپەڕە دوو لەیەك ژمارە، پلاری سەکۆ لەسێ ژمـارە، لەبـەرلین چ باسـە - حەمـەی مـەلا دەینووسـی- و لەچەند ژمارەیەکدا، کاریکاتێر لەهەشت ژمارە، ئەرێ سەکۆ چییە دەنگۆ لەدوو ژمارە، کورد لەڕۆژنامەگەریی ئەورووپیدا لەحـەوت ژمـارە، کەعبـەی ئامـالی کوردان لەپێنج ژمارەدا، دەرکەوتوون.

## مەسەلەی هەڵەی چاپکردن

سـەکۆ، وەك هـەموو بلاۆکـراوە کوردییـەکانی نـاوەوەو دەرەوە بێبـەری نـەبوو لەمەسەلەی هەڵەی چاپکردن... ئێستاشی لەگەڵدا بێـت، سـەرەڕای ئـەو هـەموو پێشکەوتنەی بوارە تەکنیکیەکان و زۆری کـادیری ڕاگەیانـدن و ئاسـانکاری جـۆر بەجۆر، گۆڤارو ڕۆژنامەکان، بەدەست ئەم گرفتەوە دەناڵێنن.. سەکۆ، هەر لـەژمارە سەرەتاییەکانەوە تا دەگاتە دوا ژمارەی، نەیتوانییوە بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بێـت و هاوکارەکانی ڕازی بکات... لەم گۆشە نیگایەوە، ئاماژە بەڕاوو بۆچـوونی (شـێرزاد هەینی) دەکەین، کەکاتی خۆی لەپێناوی پێشکەوتنی سەکۆدا پێشکەشی کـردووە. ناوبراو، لەلاپەڕەی (١٤)ی ژمارە (١٤)دا دەڵێـت: (.... ئـەوەی زۆر گرینگـەو مـن بەعەیبی دەزانم بوونی هەڵەی چاپە. بەڕاستی جوان نییە، دەبێ هەڵەی چاپ هەر

نەبێت...) هەر لەم دەرفەتە کەمەشدا، دەمەوێت دەستنیشانی چەند هەڵەیەکی زەق بکەم کەکاتی خۆی بەسەر سەکۆدا تێپەڕیووە.

- ژمارە (٣٧)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٩٩دا دەرچووە، کەچی لەسەری نووسراوە تشرینی یەکەمی ١٩٩٩. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەش، ژمارە (٣٦)ی لەتشرینی یەکەمدا دەرچووە.
- ژمارە (٤٤)ی لەئابی ٢٠٠٠دا دەرچووە، کەچی بەهەڵە لەسەری نووسراوە ئابی ١٩٩٩.
- لەژمارە (٤٨)دا، بابەتێکی خۆمیان بلاّوکردۆتەوە، لەجیاتی لەسەری بنووسن، (ئیسماعیل تەنیا)، بەهەڵە نووسیوویانە (ئیسماعیل شەیدا!!) لەژمارەی دوای هەڵەکانیش، لێبووردن و ڕاستکردنەوە، بلاّونەکراونەتەوە.

## ( سەکۆ ) و بێلایەنی

وەك هەر دەزگاو بلاّوکراوەیەکی تازە دروست بوو، کە کارمەندەکانی بانگەشەی بێلایەنیو پەیوەست بوون بەپرەنسیپەکانی ئازادی بیروڕاو بنەماکانی دیموکراتیەت، دەکەن... سەکۆش، هەمان ڕێبازی گرتۆتە بەرو خۆی بە (سەکۆی ئازادی بیروباوەڕتانە)، ناساندووە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوو کارگێڕو دینەمۆ سەرەکیەکانی، دوو کادیری ناسراوو چالاکی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و لەلایەن هیچ کەسێکەوە شاراوەنین. سەیر لەوە دایە، زۆربەی ڕێکخراوو دەزگاو مەڵبەندە کولتوورییەکان، مۆری بێلایەنی لەخۆیان دەدەن و گوایا -بەحسێبی خۆیان- خەڵکی فریو دەدەن.. دوای ئەوە، خۆ مەسەلەی پەیوەست بوون بەحزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان، خەوش نییە، ئەدی ئەوە نییە هەر لەسایەی



جەماوەرو پێشمەرگەو هەوادارانی ئەو پارتە سیاسییانە، ئەو دەستکەوتانە بەدەست هاتوون؟! ئەدی هەر ئەو پارتانە (سەرەڕای هەڵەو کەم و کورتییەکان) نەبوون کە ئەندامەکانی خۆیان کردۆتە قوربانیو لەو پێناوەشدا، ڕووبارێك خوێنیان ڕشتووە؟! جگە لەوەش، ئەو دوو کادیرە، لێپرسراویەتی بالآیان هەبووەو هەیە، لەڕێکخستنەکانی دەرەوەی یەکێتیدا... لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو ڕاستیانەشدا ئەو دوو برایە، خەباتیان کردووە بۆ، (دیموکراسیو گوێگرتن لەیەکترو دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا جیاجیاکان...).

بۆ نموونە برادەرێك لەئەمریکاوە بەناوی خواستراوی (مامەخەمە)، لەلاپەڕە (١٤)ی ژمارە (١٤)دا ڕەخنە لەسەکۆ دەگرێت و دەڵێت: (... ئەمن لەکاتێکدا بۆ یەکەم جار چاوم بەڕۆژنامەی سەکۆ کەوت وەکو ڕۆژنامەیەکی بەسوود بۆ خزمەتی کوردایەتی خۆشحاڵ بووم ماوەیەکی لەگەڵ بەسەر بەرم... بەلاّم بەپێچەوانەی هەموو خەسڵەتێکی مرۆڤایەتیو کوردایەتی هیچم لێ بەدی نەکرد، لەوەی زیاتر هەر لەسەرەتای ڕۆژنامەکەوە تا دوا لاپەڕەی زۆربەی هەر هێرشە بۆ سەر پارتیو

بارزانی... بەڕاستی خەمی مامۆستا جەمال نەبەز ئەخۆم، چۆن لەم دوا دواییەی تەمەنی ڕیشی خۆی بەدەستی ئێوە داوە....)

لەلاپەڕە دووی ژمارە (٢١)دا، د.جەمال نەبەز، وەڵامی ئەو ڕەخنانە دەداتەوەو لەژێر ناوونیشانی (دەست لەیەخەی سەکۆ بەردەن)دا دەڵێت: (.... ئەم ڕۆژنامەیە بەرەنجی شانی دوو کەس دەردەچێت کە نەك لەهیچ لایەکەوە یارمەتی نادرێت، بەڵکو لەهەموو لایەکەوە پەلامار دەدرێن، مەبەستم لەو لایەنانە بەزۆری حزبەکانە.. تائێستا لەزۆر لاوە، چ ڕووبەڕوو چ بەتەلەفۆن و چ بەنامە ئاگادار کراوم کە بۆ لەسەکۆدا دەنووسم.. دەبێژم باشە ئەو شتانەی من دەیاننووسم خراپن، حزبایەتیان تێدایە؟ دەبێژن نەخێر، مەبەستم لەنووسینەکانی تۆ نیە! دەبێژم: باشە تۆ نابینیت کەنووسینی سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی عێراق وەك بەڕێز ئەحمەد بانی خێلانی بلاو دەکاتەوە لەدژی نووسینی سەرکردەیەکی یەکێتی؟ دەڵێ ڕاستە وایە... دەبێژم: ئەی ئەو نامەیەی کە لەئەمریکاوە بەنێویکی خواستەمەنیەوە نێردرابوو بۆ سەکۆو جنێوی بۆ ئەو برادەرانە تێدا بوو کە سەکۆ دەردەکەن هەروەها قسەی سووك بەرامبەر بەمن، لەسەکۆدا بلاو نەکرایەوە؟ گوتی ڕاستە... ئەز بەش بەحاڵی خۆم سەکۆ بەڕۆژنامەیەکی کوردی باش دەزانم و لەسنووری دەسەلاتی خۆمدا پشتی دەگرم‌و ئەم دوو برادەرەی سەکۆ دەردەکەن بەنیازی حزبایەتی‌و حیزب حیزبێنە دەری ناکەن‌و سەکۆش لەڕۆنی خۆیدا سۆر دەکرێتەوەو ڕۆنەکەش ئابۆتەی خوێنەرەکانێتی کە تەنێ پوولی پۆستەکەی دەردەهێننەوە، لەبەر ئەوە شەڕ فرۆشتن بەسەکۆ خێری کەسی تێدا نییە....).

هەر لەبارەی بێلایەنی‌و لایەنداری سەکۆ، خوێنەرو نووسەانی جەخت لەسەر فراوانکردنی دلیڤەی بلاوکردنەوەی بیروڕای ئازاد دەکەنەوە.... لەم ڕووەوە دەنووسن:

- (... گوتوومە ئەوە رۆژنامەیەکی بێلایەنەو بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەشەڕە دەنووکەوە نییە کە لەولاتەوە دەکرێ... بەلام لەژمارەکانی تر بەدواوە دەرکەوت هێواش هێواش بەرەو سیاسەت دەڕواو هەتا دێت ئەم شەڕە دەنووکەو حزبایەتییە دەکات.. د.حەسەن محەمەد عەلی).
- (... یەك شت زۆر بەزەقی دەبینم ئەویش نەبوونی بیروڕای کەم یا زۆر لایەنگیری سیاسەت و هەلوێستی پارتییە تیایدا پاشان نەبوونی ڕەخنەو سەرنج لەسەر بابەتەکانی... ئیبراهیم جەلال).

لەگەل ئەو ڕەخنەو بۆچوونانەشدا، سەکۆ تاڕادەیەکی باش دەرگای ئاوەلا کردبوو بۆ ڕەخنەو دەربڕینی بیروڕای ئازاد، هەتا بلاوکردنەوەی ڕەخنە لەسەر (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)یشدا.....

## سەکۆو چەند لایەنێکی تر

- بۆ یەکەمجار لەژمارە (١٥)دا، چوار لاپەڕە تەرخان کرابوو بۆ زمانی عەرەبی کە دیمانەیەك بوو لەگەل ئابووریناسی عێراقی د.کازم حەبیب... بەشی دووەم و کۆتایی هەمان دیمانە لەژمارە (١٦)و بەسێ لاپەڕەو نیو بلاوکراوەتەوە.
- لەژمارەکانی (٤٠،٤١،٤٢)دا، لاپەڕەیەك تەرخان کراوە بۆ نووسین بەڕێنووسی لاتینی بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو، کە لاپەڕە لاتینیەکەی ژمارە (٤٠) لەلاپەڕە (٤)دا بلاوکراوەتەوەو لەلایەن (زاگرۆس)ەوە ئامادە کراوە... لەهەردوو ژمارە (٤١،٤٢)شدا کەوتۆتە دوا لاپەڕەو (زەینەل عابدین) ئامادەی کردووە.
- لەژمارە (١-٣)، ناوی ئامادەکارو سەرپەرشتکارانی بەسەرەوە نەبووە.. لەژێرەوەی دوالاپەڕەی ژمارە (٤)دا نووسراوە، (سەرپەرشتکارانی سەکۆ: پێشڕەوی سەید برایمی بەرزنجیو عەبدولمۆئمین دەشتی).

- لەژمارە (١-٢٨) لەژێر ناوی سەکۆدا نووسراوە، (ڕۆژنامەیەکی هەمە بابەتەی مانگانەیە). بەڵام کە دواتر لەژمارە (٢٩)ەوە قەبارەکەی گۆڕاوەو بۆتە (A٣) و خاوەنی ئیمتیازی بۆتە (مەڵبەندی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان) و (سەرپەرشتکاری نووسین: پێشڕەوی سەید برایمی...) پاش گۆڕانی قەبارەکەشی، لەژێر ئارمی سەکۆدا بەخەتێکی درشت و ڕەش نووسراوە، (سوکۆی ئازادی بیرو باوەڕتانە). لەژێر ئەو دروشمەش نووسراوە، (مانگنامەیەکی گشتی سەربەخۆیە).
- لەلاپەڕە (١٠)ی ژمارە (٢٨) دا، لەژێر ناوونیشانی (ئاگاداریو ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بۆ خوێنەرانی خۆشەویست)دا، عەبدولمۆئمین دەشتی وازی لەسەرپەرشتکاری سەکۆ هێناوەو نووسیوویەتی، (... لێرەدا دەمەوێت داوای لێبووردن لەخوێنەران و بەشداربوانی بەڕێز بکەم کەسەبارەت بەکەمکاتیو بارودۆخی تایبەتی خۆم، من دەست لەسەرپەرشتکردنی ڕۆژنامەی سەکۆ دەکێشمەوە... واتە لەسەرپەرشتی لێپرساوێتی ژمارەکانی داهاتوو بەشدار نیم..). ئیتر لەم ژمارەیە بەدواوە، زۆربەی هەرە زۆری ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەکۆ کەوتۆتە سەرشانی (پێشڕەو).
- لەپاش گۆڕانی قەبارەی سەکۆوە، گرنگی دراوە بەبڵاوکردنەوەی ریکلام و ئاگاداریو پرسەو سەرەخۆشیو پیرۆزباییو.. تاد. ڕیکلامی بۆ چێشتخانە کوردییەکانی ئەڵمانیا، بەتایبەتی بەرلین و نووسینگەکانی تەلەفۆن لەکوردستاندا بلاوکردۆتەوە.
- نرخی سەکۆ لەهەموو ژمارەکانیدا، لەنێوان دوو تا دوو مارك و نیو بووە. لەژمارە (٥-٢٨) و لەژێرەوەی دوا لاپەڕەی هەموو ژمارەکانیدا نووسراوە: (بەشداری ساڵانە لەسەکۆ ٥٠ مارکی ئەڵمانییە). لەژمارە (٢٩-٥٠)شدا،

لەچوارگۆشەیەکی بچووکی دوا لاپەڕەدا نووسراوە، (بەشداری ساڵانە بۆ ئەوروپا ٥٠ مارکی ئەڵمانی، بۆ دەرەوەی ئەوروپا ٧٥ مارك، بۆ دەزگاو کۆمپانیاکان ١٠٠ مارك).

- بەگوێرەی زانیارییەکانی نامەکەی کاك دەشتی، لەسەرەتاوە سەکۆ لەبنکەکانی کۆپی کردن لەبەرلین کۆپی دەکران... لەژمارە (٢٩) بەدواوە ڕۆژنامەکە لەچاپخانەیەکی بەرلین لەگەڕەکی (کرۆیتز بێرگ) چاپ دەکرا... تا ژمارە (٢٨) نووسینەکانی بۆ تایپ کردن لەنێوان دەشتیو پێشڕەودا دابەشدەکران، واتە، هەرد دووکیان بەکۆمپیوتەری خۆیان بابەتەکانیان تایپ دەکردو لەقۆناغی دوایشدا پێکەوە مۆنتاجیان دەکرد. لەژمارە (٢٩-٥٠) ئەندامانی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، یارمەتی (پێشڕەو)یان دەدا لەبواری تایپکردنی بابەتەکانی سەکۆوە.
- جگە لەسەکۆ، بەناوی بنکەی سەکۆوە، چەند کتێب و نامیلکەیەکیان بەناوی (بنکەی سەکۆ)وە بلاّوکردۆتەوە، لەوانە، (کرۆنۆلۆژیای ئەربیلا، حیلکە سوورە) منداڵێکی ڕۆژنامە فرۆش)ی موئمین دەشتیو دیوانی شیعرەکانی باوکی پێشڕەو بەناوی (دیوانی برژاو) کە هەر یەکەو ئەرکی چاپکردنی کتێبەکانی خۆیانیان کێشاوە... واتە لەسەر حسێبی خۆیان بووە.
- وەك لەمەراسیمی ساڵڕۆژی سەکۆو ڕێزگرتن لە د.جەمال نەبەز لەلاپەڕە حەوتی ژمارە (٣٩)دا هاتووە، (... سەکۆ یەکەم ژمارەی لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٦دا لەبەرلین دەرچووە، بەمەش دەبێتە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەپیتی عەرەبی کە لەبەرلین دەرچووە...) بۆ مەسەلەی ناو لێنانیشی کە لەنێوان (هزرو دەنگی ئاوارەو زایەڵەو سەکۆ)دا بووە، سەکۆ، گرەوی خۆی بردۆتەوە.

# لەمزگەوتەوە بۆ قوتابخانە

## بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ئەو مەلایانەی کوردستانە کە لەخوولێکی پەروەردەییدا لەساڵی ١٩٦٠ بوونە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی.

نێوان هەردوو شەڕی گەورەی جیهانی، بەقۆناغێکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت، لەخەباتی گەلانی ژێر دەستەو وڵاتانی سێهەمی جیهانی. هەر پاش تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانیش دەیان نەتەوە قەوارەی خۆیان دامەزراندو بوونە ئەندام لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

لەمێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەشماندا، ئەم قۆناغە بەرچاوەو هی ئەوەیە بەهەند هەڵبگیرێ.. دامەزراندنی پارتی هیوا لەکۆتایی سییەکان و، بڵاوبوونەوەی هوشیاری نەتەوەیی لەنێو ریزەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەم بوارەدا. خۆ ناشکرێ ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەگشتیو بەشە

کوردستانییەکەی بەتایبەتی پشتگوێ بخرێ[1]. چونکە ئەو پارتە خەباتێکی بێوچانی دەکرد لەپێناو هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ و جێ لەقبوونی بیرو باوەڕی کۆنەپەرستیو بردنی کۆمەڵگا بەرەو مەدەنیەت. لەم زەمەنە مێژووییەدا، دەیان هەڵچوون و دامرکاندنەوەو بزووتنەوەی چەکداری سەریان هەڵدا، کە بەهەق ڕۆڵی دیاریان هەبوو لەبەرقەرار بوونی بیری نەتەوەییو پێشکەوتنخوازیدا... پێش ئەم زەمەنەو دوای ئەو زەمەنەش، سەرچاوەی بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرییو خوێندەواری ڕۆڵەکانی کورد، حوجرەو کونجی مزگەوتەکان بوو... خەڵکەکە، لەو شوێنانە خوێندنی ئایینییان تەواو دەکردو لەڕێو ڕەسمێکی تایبەتدا، ئیجازەی مەلایەتییان دەدرایێ... پاش ئەوە، لەگوندو شارۆچکەکاندا دەبوونە مەلا. لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیان و ڕێنیشاندانی ئایینی ئیسلامی، ئەم کارەیان دەگرتە ئەستۆو ژیانیشیان دەکەوتە سەر ئەو برە یارمەتییەی گوندنشینەکان، کەبریتی بوو لەزەکات و سەرفترەو لەزۆر گوندیشدا، پارچە زەویەکیان دەقەبەر دەکردن بۆ کشتوکاڵ کردن، ژیانی ئەو مەلایانە هی ئەوە


وزارة المعارف
مديرية معارف لواء ديالى
ذاتية الابتدائي
الرقم /١/٣/ ١٧٧٤٠
التاريخ ٤ /١٢/ ٩٦٠

الجمهورية العراقية

امـــــر اداري

الموضوع/ تعيين معلمين

استنادا الى الصلاحية المخولة لنا بكتابي مديرية التعليم ... المرقمين ٦٤١٣١ و ٦٧٤٨٣ والمؤرخين في ٧ و ١٦/١١/٩٦٠
١- قررنا تعيين السادة المدونة اسماؤهم والمدارس المنسبين لها ... الدينية لسنة ١٩٦٠ معلمين على الملاك التعليم الابتدائي في هذا اللواء براتب شهري قدره ١٨/- دينارا لكل واحد منهم على سبيل التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعلية وذلك اعتبارا من تاريخ مباشرتهم العمل.
٢- ان شروط التعيين في قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ متوفرة فيهم

عبد الله الراشد
مدير معارف لواء ديالى

| الاسم | المدرسة المعين فيها |
|---|---|
| ١- احمد ملا عبد الرحمن | معلم مدرسة كهف حي الابتدائية للبنين |
| ٢- خالد ملا محمود | محمولة |
| ٣- عبد القادر محمد | اللامية |
| ٤- عبد الله محمد عبد الله | التحويلة |
| ٥- صابر حاتم رسول | قره اولوس |
| ٦- عبد الله ملا قادر | اللامية |
| ٧- لاوه اسماعيل | باهيزه |
| ٨- مصطفى حسن خضر | الحمامية |
| ٩- ابراهيم سيد نوري | نهر الكيف |
| ١٠- خيدر قهرمان | الصحي |
| ١١- احمد سعيد | ام بعسكر |
| ١٢- عبد العزيز محمد امين | قلعة القصاب |
| ١٣- احمد ملا عبد الله | الدوحيمة |
| ١٤- ولي محمود عبد الله | الطحماية |
| ١٥- عبد الله خضر علي | الزاوية |
| ١٦- عبد الله حمزه | دشتان |
| ١٧- صابر محمد امين | الاقلاذ |
| ١٨- خالد رسول امين | |
| ١٩- عبد الرحمن ملا محمد | المعلي |
| ٢٠- عبد الله حسن | حبوبين |
| ٢١- عزيز عبد الرحمن عبد الله | الكنيه |

---
١-نەورۆزی سالآنی (١٩٣٢-١٩٥٨) لەهەولێر، د.ئیسماعیل شوکر، گۆڤاری (هاڤیبوون)، ژمارە (٩)، ٢٠٠١، ل١٢٠.

نەبوو ئیرەییان پێببرێت، هەر ساڵەو لەگوندێکدا بوون جاری وا هەبوو لەگەڵ یەکێك لەگوندنشینەکان دەبووە دەمەقاڵێیان، ناچـار دەبـوون گونـد جێبهـێڵن. بـەکورتی ژیانیان جێگیر نەبوو و چاو لەدەستی ئەم و ئەو ژیانیان دەگوزەراند.

ڕەخسانی ئەم کەش و هەوایەی دوای جەنگی دووەمـی جیهـانی، زەمینەیـەکی لەباربوو بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشـی چـواردەی تـەموزی ١٩٥٨ و کۆتـایی هێنـان بەحوکمی پاشایەتی. شۆڕشی (١٤)ی تەموزیش قۆناغێکی تری دیـارە لەخـەباتی گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی... لەسەرەتای شۆڕشدا، دەسـتووری کاتیی عێـراق دانـی بـەبوونی کـورد وەك نەتـەوەی ژمـارە دوو دانـاو زۆر مـافی ڕۆشنبیریی و کولتووری کـوردی سـەلماند. هـەروەها مۆڵـەتی بـەپارتی دیمـوکراتی کوردستاندا کە بەئاشکرا کـارو چـالاکی ئەنجامبـدات. شـۆڕش گرنگییـەکی زۆری بەکەرتی پەروەردەو کشتوکاڵ دەدا. لەبواری پەروەردەدا، بۆ خۆشگوزەرانی خـەڵك و چاوکردنەوەیان سەدان قوتابخانەی هاوچەرخی لەگوندەکاندا کردەوە. بۆ دابینکردنی مامۆستاش، هەر بەدەرچووی ئامۆژگاو خانەی مامۆستایان نەوەستاو ئەو مەلایانەی کە لەگوندەکان وتار خوێنیو پێش نوێژییان دەکردو حوجرەی فەقێیان هەبوو، خستە خوولێکی پەروەردەییەوەو، بەشێکی زۆری مەلایەکانیش، بەپیر ئەم بانگەوازەوە چوون و داخیلی دەورەکە بوون. هۆی سەرەکی بەشداربوونیشیان ئەوە بوو:

یەکەم: بەچاو لەدەستبوونی ئەم و ئەو و نادیار بوونی بڕی دەرامەتیان، ژیانێکی ناخۆشیان دەبردە سەر.

دووەم: ڕادەی هوشیاری خەڵك بەرز ببۆوەو بەرچاویان ڕۆشنتر ببوو، ئەو گرنگییەی جارانیان بەمەلاو حوجرەو خوێندنی ئایینی نەدەدا.

لێرەدا، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت هەروەستەیەکی لەسەر بکەین، ڕۆڵی ئەو پۆلە مەلایەی کوردستانە کە نەخشی بەرچاویان هەبوو لەهوشیار کردنەوەی کوردو بلاۆکردنەوەی خوێندنی هاوچەرخدا. یەکەم خوولی مامۆستایانی ئایینی لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٠ دەستی پێکرد. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە (مەعاریف) لەکەرکوك و موسڵ و کوت و نەجەف لەسەرتاسەری عێراقدا، ئەم خولانەیان کردەوە، کە بەسەدان مەلا پاش تەواوکردنی خولەکە بوونە مامۆستای هاوچەرخ. نزیکەی (١٢٠٠) مەلای کورد بەشداری ئەم خوولە بوون و پاش تەواو کردنیشی، بەشدارانی مەعاریفی سلێمانی لەکوردستاندا، دایمەزراندن هی کەرکوك لەگوندەکانی کەرکوك و هەولێر هی (دیالاو خانەقین و موسڵ)یش لەگوندەکانی موسڵ و دهۆك دامەزران. بەشێوەیەکی گشتی ماوەی (٨-١٠) ساڵ لەگوندەکان مانەوەو بوونە چرایەك لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا. خوولەکە یەك ساڵی تەواوی خایاندو بەشێوەیەکی هاوچەرخانە، بابەتەکانی، (ڕێگاکانی وانە وتنەوە، زانستی دەروونی، پەروەردەی گشتی، زانست، عەرەبی، ئایین، کۆمەلاّیەتی)یان تێدا دەخوێند. لەماوەی خوولەکەدا، تاقیکردنەوەی مانگانەو نیوەی ساڵ و سەری ساڵیان ئەنجام دەدا. دەبێ ئەوەش بگووترێ، مەلایەکان بە (تاقیکردنەوەی وزاری) داخیلی دەورەکە دەبوون، بەشێکیان نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن و داخیلی دەورەکە نەبوون.

ئەم پۆلە مامۆستایە، لەم ڕۆژگارەدا، دەوری کاریگەری خۆیان بینی لەوریاکردنەوەی خەڵك و بلاّوکردنەوەی خوێندەواریدا. بۆ تۆمارکردنی ڕەوشی خوێندن و زانست لەکورستاندا، دەبێت نەخشی ئەوانیش لەبەرچاو بگیرێ... لەکاتێکدا لەنێو گوندنشینەکاندا سەر ڕووتکردن بەشوورەیی دادەنرا، ئەوان بەجورئەتانە هەنگاویان ناو نەك هەر سەریان ڕووتکرد بەڵکو کەواو سەڵتەشیان

فرێداو بە بەرگ و چەکێکی تر چوونە ئەم مەیدانەوە.. جگە لەوەش مەلای واهەبوو، کەبووە مامۆستا، کچەکانی خۆی لەگەڵ کوڕاندا لەیەك پۆل دانا[1]. ئەمەش بووە هاندەرو دەق شکاندنێك تاوەکو خەڵکی تر پەیڕەوی لێبکەن. هەر لەم مامۆستایانی ئەم خولەدا، بەشێکیان درێژەیان بەخوێندن داو بوونە پارێزەر.. هی واش هەبوو چووە قاهیرەو زانکۆی ئەزهەری تەواو کرد. حاڵی حازر بەشێکی زۆریان کۆچی دواییان کردووە، هی واشیان هەیە ئەمڕۆ دادوەر یان پارێزەر، یان سەرۆکی سەندیکاو پشکێنەری پەروەردەییە لەبواری ئەدەب و نووسین و ڕۆشنبیریشدا، زۆر لەم مەلایانە بوونەتە نووسەری دیار کەمێژووی ئەدەبی کوردی شانازییان پێوە دەکات[2].

لەنێو خەباتی چەکداریو سیاسی کوردیشدا ئامادەباشیان هەبووە. لەریزەکانی شۆڕشی ئەیلولدا وەك پێشمەرگەو ڕێکخستنی نهێنی درێژەیان بەخەباتی کوردایەتی داوەو گیانی خۆشییان کردۆتە قوربانی.

ئەم نووسینەی ئێمە تەنها کورتە بەسەرکردنەوەیەکەو وەفادارییەکە بۆ گیانی ئەو مامۆستا لەخۆ بردووانە. خۆزگە ڕۆژێك دادەهات، یەکێکی شارەزا لەم لایەنەی دەکۆڵییەوەو تیشکی دەخستە سەر تەواوی لایەنەکانی ژیانیان و لیستەی ناوەکانیشی تۆمار دەکردن.

---

١ –دیوانی بێ دڵ، کۆکردنەوەو لەچاپدانی کەمال ڕێناس بێ دڵ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩، ل١٣.

٢ –ڕۆمانووس و نووسەر (عەزیزی مەلای ڕەش)، یەکێکە لەو مامۆستایانەی خوولی ئایینی. هەر لێرەوەش، ئەو بەشایستەی ئەوە دەزانم کە بابەتێکی تێرو تەسەل لەسەر ئەم لایەنە بنووسێت.

لێرەدا پێمان باشە ئەم (بڕیاری دامەزراندن)ەی مەعاریفی دیالا وەك بەڵگەیەكی مێژوویی تۆمار بكەین، چونكە لەوانەیە بەشێكی زۆری ئەم مامۆستایانە لـەلایان نەمابێ.. دەقی بڕیارەكە بەم شێوەیەیە:

الجمهورية العراقية

وازةر المعارف

مديرية معارف لواء ديالى

ذاتية الأبتدائي

الرقم: ١/٣/١٧٧٤٠

التأريخ ٤/١٢/١٩٦٠

أمر إداري

الموضوع/ تعيين معلمين

إستناداً الى الصلاحية المخولة لنا بكتابى مديرية التعليم العامة/ الابتدائي المرقمين ٦٤١٣١ و ٦٧٤٨٣ و المؤرخين في ٧ و ١٦/١١/١٩٦٠.

١-قررنا تعيين السادة المدونة أسما ؤهم والمدارس المنسبين لها من خريجي الدورة التربوية الدينية لسنة ١٩٦٠ معلمين على ملاك التعليم الأبتدائي في هذا اللواء براتب شهري قدرة-/١٨ دينار لكل واحد منهم على سبيل التجربة لمدة (سنة واحدة في خدمة فعلية) وذلك إعتبارا من تأريخ مباشرتهم العمل.

٢-إن شروط التعيين في قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ متوفرة فيهم.

عبدالقادر غالب

مدير معارف لواء ديالى

# چەپکێك خۆشەویستی لەدوور وڵاتەوە بۆ گلکۆی (باوکی گۆران)

مامۆستا (سەعد عەبدوڵلا) یەکێك بوو لەسیاسەتمەدارە دیارو بەرچاوەکانی شاری دێرینی هەولێر. وەك هەر تێکۆشەرێکی تر، سەرەتا لەریزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، درێژەی بەخەبات داوە. دواتر، لەقۆناغە جیا جیاکانی مێژووی خەباتی سیاسیو چەکداری خەڵکی کوردستان، چووەتە ریزی پارتە سیاسییەکان و، هەر زوو توانیوویەتی، سەرنجی جەماوەر بەگشتیو ئەندامانی حزب بەتایبەتی، بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.. پلەی لێپرسراویەتیو چالاکیە جۆر بەجۆرەکانی لەتەواوی قۆناغەکانی خەباتدا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. لەسەردەمی شاخدا، هەندێ جار وەك بەرپرسی ڕاگەیاندن و هەندێ جاریش وەك لێپرسراوی لقی هەولێری (حزبی سوسیالیستی کوردستان)، سەرپەرشتی گورج و گۆڵی ڕێکخراوەکانی حزبی لەناوەوە کردووە.. لەسەردەمی دوای ڕاپەڕین و گۆڕانە سیاسییەکاندا، لەریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، وەك لێپرسراوی لقی هەولێرو دواتریش وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری، لەخزمەتی جەماوەری هەولێرو جوتیارانی کوردستاندا بووە.

من، نامەوێ باسی ڕۆڵ و پێگەی مامۆستا سەعد، لەکۆڕو نێوەندە سیاسییەکان بکەم، ئەوە جێ دەهێڵم بۆ هاوڕێیان و ئەهلی ئەو کارە... ناوبراو، چونکە خۆی مامۆستا بوو، هەردەم داکۆکی لەتوێژی مامۆستایانی کوردستان کردووە.. کاتێك کەدوای ڕاپەڕین، (یەکێتی مامۆستایانی سوسیالیستی کوردستان)مان دامەزراند، ئەو یەکێك بوو لەو کەسانەی کەزۆر پشتگیری دەکردین و ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری‌و ڕێنوێنی دەخستە بەردەممان.. هەردەم لەهەوڵی ئەوە دابوو، موچەی مانگانە بۆ مامۆستایان دابینبکرێ، بەردەوامیش لەپەیوەندیکردندا بوو لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆییە جیهانییەکان، لەپێناوی دەستەبەرکردنی بەشە خۆراك بۆ مامۆستایان.

مامۆستا سەعد، لەبواری ئەدەب و دنیای ڕاگەیاندنیشدا، کەسایەتیەکی دیارو بەرچاوی خەباتی شاخ بوو.. بەیەك دوو ساڵ پێش دەرچوون بۆ شاخ‌و بوون بەپێشمەرگە، یەکەم چیرۆکی خۆی لەگۆڤاری (بەیان) بەناوی (فەریکە گوێز) وابزانم لەساڵی ١٩٧٨ یان ١٩٧٩ بوو، بلاّوکردەوە، لەم چیرۆکەدا، بەشێوەیەکی چڕو پڕ، باسی تێکدان و کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستان و سووتاندنی ڕەزو باغەکانی کردووە. (فەریکە گوێز)، سونبولی دێهات و ڕەزو باغ و کانییاوەکانی کوردستان و خەڵکە ڕاگوێزراوەکەی بوو... لەم چیرۆکەدا، دەست ڕەنگینی‌و تاقەت شکانی مامۆستا (سەعد)مان لەبواری چیرۆك و مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا، بۆ دەردەکەوێت... پێم وایە، ئەگەر کاتی خۆی لەبری خەباتی سیاسی بۆ کاری ئەدەب و ئەفراندن تەرخان بکرادبووایەو درێژەی بەنووسین و بلاّوکردنەوەی چیرۆك بدابووایە، دەبووە یەکێك لەچیرۆکنووسە زمان پاراوو دەست ڕەنگینەکانی کوردو، بەخششی زێتری پێشکەش دەکردین..

لەسەردەمی شاخیشدا، بـەهۆی نزیکبـوون و سەرپەرشـتی کردنـی دەزگاکـانی ڕاگەیاندن، دەیان وتارو لێکۆڵینەوەو بابەتی مێژوویی‌و شرۆڤەی سیاسـی لـەگۆڤاری تیۆری (سۆسیالیست) و بلاۆکراوەکانی شاخ، بلاۆکردۆتەوە. ئەوان ڕۆژان، لەبەر زەبرو زەنگ و گوشاری ڕژێم، لەژێر نـاوی بـاوکی گـۆران (ب. گـۆران)، بەرهەمـەکانی دەخستە بەردەمی خوێنەران. هەر لەبواری نووسین و بلاۆکردنەوەدا، چەند کۆمەڵـە چیرۆکێکی لەشاخ بلاۆ کردەوە.. ئەوەی ئێستاکە لەو دوورە دەسـتە لـەیادم مابێـت، کۆمەڵە چیرۆکێك بـوو بـەناوی (تاقـە دارێـك)... هـەروەها کتێبێکـی مێـژوویی، مێژوونووسـی ڕووس (لازاریـف)ی بـەناوی (کێـشەی کـورد) لەعەرەبییـەوە کـرد بەکوردی‌و چاپی یەکـەمی لەشـاخ و چـاپی دووەمـی پـاش ڕاپـەڕین لەهـەولێر، بلاۆکردەوە. هەر لەشـاخیش، لێکۆڵینـەوەو شـرۆڤە کردنێکـی هـەردوو نامەکـەی (شەهید سەیدا ساڵح یوسفی) کردو بەناوی (واقیعبینی‌و چەند دیدگایەکی سەیدای نەمر)، بەچاپی گەیاند. لەو نامیلکەیەدا، جەختی لەسەر گۆڕانـە سیاسـییەکان و پێـشبینی‌یەکانی (سـەیدا) لـەبواری کارانـەبوونی (سۆسیالیـستی زانـستی) لەکۆمەڵگای کوردی‌و تەواوی جیهان، کردبۆوە.

پاش ڕاپەڕینیش، هەر لەهەفتەی یەکەم و دووەمی ڕاپەڕینـدا، ئـەو پێـشنیاری ئەوەی کرد کەهەرچی زووە ڕۆژنامەیەك دەربکەین.. ئـەو دەمـە، لەکۆبوونەوەکانـدا بەڕاشکاوی دەیگوت: (بێزاربووین لەژیانی عەسکەرتاری‌و با دەلیڤەیـەك لـەبواری ڕاگەیاندن و ژیانی شارستانی بکەینەوەو خەڵکەکە بخەینە سەر ئەو سکەیە)... هەر بەپێشنیاری ئەو، بابەتەکانی ژمارە یەکی ئەو ڕۆژنامەیەمان ئامادە کردو ناردمانە چاپخانە، بەلاَم مخابن کۆڕەوی بەسەردا هات و ئەو خەونەی مامۆسـتاو هاوڕێکـانی نەهاتە دی.

ئەوەی لای من جێگای سەرنج و تێڕامان و لێووردبوونەوەیە، دەسەلاَت شکانی مامۆستا سەعدە بەسەر زمان و شێوە زارەکانی کوردیدا... ئەگەر یەکێك چیرۆك و پەخشانە بلاَوکراوەکانی ئەو بخوێنێتەوە، زمان پاراوی بۆ دەردەکەوێت و شێوەی نووسینی بەئاسانی دەناسێتەوە.

حەزم نەدەکرد لەدوای مەرگی شەهید، بەم شێوەیە ئەو یادە بنووسم و ئەو کارەساتە خوێناوییە ببینم، بەلاَم دیارە ڕوودانی ئەو مەرگەساتە بەپێچەوانەی حەزو ئارەزووەکانی من و تەواوی خەلَکی کوردستان و کۆمەلَگای شارستانی بوو... یادو بیرەوەرییەکانی مامۆستای شەهید لەلای من و هاوڕێکانی ئەوەندە زۆرن لەبەر نەبوونی کات و بەردەست نەبوونی ئەرشیف و بەلَگەنامەی پێویست، هەر دەرەقەتی ئەوەندە هاتم.. وەك وەفایەکیش بۆ خەبات و قوربانیو چالاکییەکانی ناوبراوو ئەو زەمەنەی کە لەنزیکەوە یەکترمان تێدا ناسکردووە، سەری ڕێزو نەوازش بۆ گلکۆکەی دادەنوێنم و هەزاران سلاَویش لەگیانی پاك و بەرزە فڕی...

# گەلی کورد:
# چاکەی دۆستەکانیان لەچاودایە

هەر لەسەرەتای داگیرکردنی کوردستان و پارچە پارچە کردینەوە، گـەلی کـورد، دەستەوەسـتان نەوەسـتاوەو لەخـەبات و تێکۆشـاندا بـەردەوام بـووە.. لەئـەنجامی یەکانگیربوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی داگیرکەرانی کوردستان و ولاّتە ناوچەیی و جیهانیەکان، گرنگیەکی ئەوتۆیان بەدۆزی کورد نەداوە، بگـرە یارمـەتی دەوڵـەتە سەرکوتکەرەکانیـشیان داوە... هــەر لــەم ڕوانگەیــەوە، کوردەکــان، شــاخ و چــیا سەرکەشەکانی کوردستانیان بەتەنیا دۆسـت و پـشتیوانی خۆیـان زانیـوە. لـەزۆر ڕووداوو بۆنەی تایبەتیدا جەختیان لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە کردۆتـەوە. وەلێ نـابێ ئەوەندە ڕەشبین بین و سەری دنیامان لێ وێك بێتەوە... شوکر خەڵکی مرۆڤدۆسـتی وا هەن، با لەپەنجەی دەستیش تێپەڕ نەکەن، خەمخۆری کوردن و لەدەلاقەی دەسـتەبەر کردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا دەخەبتن و، پێیان وایە، کورد هەقی خۆیـەتی خاوەن قەوارەو مـافی چارەنووسی خۆیان بن.

یەکێك لەو ژنە بـالاّ بەرزانـەی، لەهەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە بەهـەموو شێوەیەك، لەخەمی کورددا بووە، خاتو (دانیال میتران) بووە. لەکاتێکدا کـەڕژێمی عێراق کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالی ئەنجامدا بـوو و، بـەردەوام بـوو لـەکاولکردنی

کوردستان، عێراق ببووە زیندانێکی گەورەو لەجیهاندا، ڕێگە بەهیچ ڕۆژنامەنووس و گروپێکی ڕاگەیاندن نەدەدرا بێن بەچاوی خۆیان ڕاستیەکان ببینن. لەو کاتەدا، دانیال میتران، لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩دا، بەهاوبەشی لەگەڵ کوردەکان، خەریکی بەستنی کۆنفرانسێك بوون لەپاریس، دەربارەی دۆزی کورد.. ڕژێمی عێراق زۆر هەوڵی دا، ئەم کۆنفرانسە نەبەسترێت، بەڵام بێ سوود بوو. جگە لەوەش، (تاریق عەزیز) و چەند زڕە کوردێك ویستیان بەشداری بکەن و مەسەلەی کورد چەواشە بکەن، کەچی بەشدارانی کۆنفرانس -نەك بەشداری کردن- بەڵکو لێ نەگەڕان نزیك ئەم ناوەش بکەویت. لەکۆڕەوە مێژووییەکەی بەهاری ١٩٩١ دا، خاتوو میتران زۆر لەخەمی کورددا بووە.. کێشەی کوردی بەڕای گشتی ئەوروپا ناساندووە.. یەکێك بوو لەو کەسانەی (ناوچەی ئارام)یان بۆ کورد دابین کرد. لەشەڕی ناوخۆشدا، وەك هەر دڵسۆزێکی کورد، لەهەوڵی ئەوەدا بووە هەرچی زووترە ئەم شەڕە کاولکاریە کۆتایی پێ بێت... نامەو ڕاسپاردەکانی ئەو بۆ سەرکردەی لایەنە شەڕکەرەکان ئەو ڕاستیەیە دەسەلمێنن... لەکاتە دژوارەکاندا، سەردانی کوردستانی کردووە.. بەچاوی خۆی گۆڕی بەکۆمەڵی هەڵەبجەو پاشماوەی ئەنفالەکانی دیووە.

هەڵوێستی ئەو، دەربارەی هەموو پارچەکانی کوردستان و داگیرکەرەکان، هەر یەك هەڵوێست بووە.. کاتێك کە (ئۆجەلان) بەپیلانێکی ترسنۆکانەی نێو دەوڵەتی دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی تورکیا دەکرێتەوە، ئەو لەداخۆیانێکدا لە ١٨/٢/١٩٩٩دا گوتی: (ئۆجەلان تیرۆریست نیە، تیرۆریستە ڕاستەقینەکان، یەکەکانی سوپای تورکن کە کوردەکان سەرکوت دەکەن)[1]. هەروەها لەزۆر بواری جۆربەجۆری دیکەدا، لەبەرژەوەندی کورددا خەباتی کردووە. سەردانەکەی ئەم دواییەی کوردستان و بەشداریکردنی لەیەکەم دانیشتنی پەرلەماندا -پاش شەڕی

---

١ -أوجلان الزعيم.. والقضية، رجائى فايد و أحمد بهاءالدين شعبان، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٩٧.

ناوخۆ- لە ٤/١٠/٢٠٠٢ و ڕێکخستنی کۆنفرانسی پاریس دەربارەی دۆزی کـورد لەناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢دا، دوا هەوڵی ئەنجامدراوی ئەو خانمە کـورد دۆستەیە. پێشمان وایە، ئەوە دوا هەوڵی نابێت و هی تریشی بە بەرەوە دەبێت.

(موعەمەر قەزافی)یش، یەکێکی ترە لەدۆستە نزیکەکانی کورد. لەسەرچـاوەی بڕوا بوون بەمافی چارەی خۆنووسینی هەموو نەتـەوەکان، بـڕوای بەدامەزرانـدنی دەوڵەتی کوردی هێناوەو پێی وایە، کوردیش یەکێکە لەو نەتەوە زوڵـم لێکراوانـەو هەقی خۆیانە لەسەر خـاکی بـاب و باپیرانیـان دەوڵـەتی خۆیـان هـەبێت.. هـەر لەسەرەتای شۆڕشی نوێی گەلی کوردستانەوە، پشت و پەنای کـورد بـووە. کاتێـك کەشۆڕش پێویستی بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بـووە، بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئیـستگە، (عـادل مراد)، وەك نوێنەری (یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان)، سـەردانی قـەزافی کردووەو یارمەتی پێویستی لێ وەرگرتووە[1].

(قەزافی)، هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە، بێ موجامەلە کردن و ڕاسـتگۆیانە، بەرگری لەکورد کردووە. (پیاوێکی لەڕادە بەدەر، ئازایە، بەهەمموو ڕاشکاویەك ئەوە دەڵێت کەبڕوای پێیەتی، بێ گوێ دانە کاتی تەنگانەو گرنگی دان بەخوو ڕەوشـتی دیبلۆماسییانە)[2]. کاتێك کە (نەجمەدین ئەربـەکان)ی سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا لەسـاڵی ١٩٩٦دا، سـەردانی لیبیـا دەکـات و چـاوی بـە قـەزافی دەکـەوێت. بەڕاشکاوییەوە، ڕەخنەی لەئەربەکان گرت و گـوتی: (.. تورکیـا ڕژێمێکـی ڕەگـەز پەرستەو کورد دەچەوسێنێتەوە. کورد هەقی خۆیەتی بەمافی ئازادیو سـەربەخۆیی

١-مادێنا، مێژوو و بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) ١٩٧٥-١٩٩١، ئازاد ناخـەقینی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل١٥٧.

٢-تصريحات هامة للمفكر الكردي جمال نبز، المقدمة بقلم، جواد ملا، مـن منـشورات كوردنامـه- لندن، ١٩٩٦ ص٦٩.

شاد بێت..)[1]. تاکە سەرۆکێکە لەهەموو دنیادا، داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات[2].

لەکاتی دەستگیرکردنی (ئۆجەلان)یشدا، ئەو یەکەمین سەرۆك دەوڵەتی عەرەبیو دنیابوو، پشتگیری لەکورد کردو ڕژێمی تورکیاو لایەنە بەشدارەکانی ڕیسوا کرد. لەداخۆیانی ٢١/٢/١٩٩٩ دا گوتی: (ئەو وڵاتانەی بەشداری ئەم پرۆسەیان کردووە، کەمترن لەوەی پێیان بگوترێت وڵاتانێکی تێکشکاوو ترسنۆك و بێ ویژدان و بێ ئەخلاقن)[3].

گەلی کورد، بەهیچ شێوەیەك، چاکەو هەڵوێستی دۆستانەی ئەو وڵات و کەسانەی هەرگیز لەیاد ناچێت، کە لەڕۆژانێکدا، تەنیاو تەنیا، شاخەکان دۆستی بوون، بەهانای کوردەوە هاتوون. هەر لەم ڕوانگەیەوەش، بۆ گوزارەکردن لەم قەرزە گەورەیە، کورد بەهەر شێوەیەك بێت، دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کەدۆستەکانیان لەیاد ناکەن و پەیکەرێکن لەدڵ و دەروونی هەموو تاکێکی کورددا. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، بەنیازی کەمێك سووککردنی باری ئەو قەرزە پیرۆزانە، چەند شەقام و گۆڕەپانێکیان بەناوی ئەو کەسانە کردووەو پەیکەریشیان بۆ دروست کردوون. لەم بوارەدا:

- لەدەروازەی شاری سلێمانیدا، چوار ڕیانێك بەناوی (گۆڕەپانی برای سەرکردە موعەمەر قەزافی- میدان الأخ القائد معمر قزافي) ناوزەد کراوە.
- لەشاری هەڵەبجەدا، پەیکەرێك بۆ خاتوو (دانیال میتران) دروستکراوەو لە ٢٦/١٢/١٩٩٢دا، پەردەی لەسەر لادراوە.

---

١-تصريحات هامة للمفكر الكردي جمال نبز، المقدمة بقلم، جواد ملا، من منشورات كوردنامه- لندن، ١٩٩٦ ص٦٩.

٢-المصدر نفسه، ص٧٠.

٣-أوجلان الزعيم... و القضية، ص٢٠٠٢.

- لەدهۆکدا، شەقامێك بەناوی (شەقامی فرانسۆ میتران) دروستکراوە.
- لەهەولێردا، چوار ڕیانێك بەناوی (دانیال میتران) کراوە.
- کوردەکان بەم ژنە دەڵێن: (دایکی کوردان)[1]، کەچی تورکەکان پێی دەڵێن: (چرکن کادن) ژنە ناشیرینەکە.
- لەهەولێردا، پەیکەرێك بۆ ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی (گادگرۆس) لەسەر شەقامی شەست مەتری دروست کراوە. گادگرۆس یەکێك بوو لەو ڕۆژنامەنووسە بیانیانەی لەڕاپەڕینی ١٩٩١دا، هاتبووە کوردستان و شان بەشانی پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگدا بوو.. دەیویست بەقەڵەم و کامیراکەی، زەبرو زەنگی ڕژێم و دەنگ و بلسی بەرخودانی کوردەکان، بەڕای گشتی ئەڵمانیا، بگەیەنێت. وەلێ مخابن لەهێرشی ڕژێم بۆ داگیرکردنی هەولێر لە ٣٠/٣/١٩٩١دا، لەنێوان هەولێرو کەرکوك دا، شەهید کرا.
- شاعیری گەورەی عەرەب (جەواهیری)، لەشاری سلێمانیدا، پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە. جەواهیری یەکێك بووە لەکەسایەتیە گەورەکانی عێراق و بەردەوام داکۆکی لەکێشەی کورد کردووە. شیعریشی بۆ کوردستان گوتووە.

ئەوانە نموونەیەکن، من دوور لەوڵاتەوە، هەر ئەوەندەم شك بردووە.. دڵنیام زۆر شتی تر کراوە، کە قابیل بەو کەسانەن کە بەهانای کوردەوە هاتوون. لەکۆتاییدا، دەمەوێت ئەوە بڵێم، کورد دەستی بێتەوە بەرخۆ، دڵنیام چاکەی هیچ کەس و لایەنێك، لەیاد ناکات و یادو یادەوەری ئەوانە، هەر بەزیندوویی و بە بەرزی ڕادەگرێت.

١-بەڕێز (حەمەکەریم هەورامی) شانۆنامەیەکی هەیە بەناوی (دایکی کوردان) و لەساڵی ١٩٩٧ لەهەولێر چاپکراوە.

# ململانێ ی هاوكێشەكان

## ( خوێندنەوەیەكی بێ شەرمانەیە بۆ پەیوەندی نێوان كوردو جوولەكە )

جوولەكەكان، یەكێكن لەنەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پێیان وایە، مێژووەكەیان بۆ سەردەمی (ئیبراهیم خەلیل) و (٤٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە[١].. كاتێك كە لەگەڵ ئیبراهیم دا، لەولاّتی نێوان دوو ڕووبارەكە (عێراقی ئێستا)، بەرەو فەلەستین كۆچیان كرد، كە ژمارەیان خۆی لەچوار هەزار كەس دەدا. هەروەها لەسەردەمی موسا پێغەمبەردا، كاتێك كەفیرعەون تاو بۆ موسا دێنیو ناهێڵێت پەیامەكەی بلاّو بكاتەوە، موسا ناچار دەبێت بەخۆییو بەشەش سەد هەزار كەسەوە میسر بەجێ بهێڵێت و بەرەو فەلەستین كۆچ بكەن...

جوولەكەكان، یەكێكن لەو نەتەوانەی بەدرێژایی مێژوو چەوساونەتەوەو غەدریان لێكراوەو دەربەدەرو قڕ كراون. لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیەكاندا، كاتێك كە فەلەستینی یان داگیركرد، جوولەكەكانیان قەتل و عام كردو بەشێكیانیش پەرش و

---

١ –يهود العراق تأريخهم، أحوالهم، هجرتهم، يعقوب يوسف كورية، لبنان، ١٩٩٨، ص٥.

بلاو پێکردن. خاچپەرستەکانیش، کاتێك کە لەساڵی ١٠٩٩دا شاری (قدس)یان داگیرکرد، بەشی هەرە زۆری جوولەکەکانیان، لەناو پەرستگاکانیان ئاگر تێبەرداو بوونە خۆڵەمێش.. ئەوەی ڕزگاریشیان بوو، بەشێوەی کۆڕەو، لەتاو گیانی خۆیان، فەلەستینیان جێ هێشت و بەسەرجەم دنیادا بلاو بوونەوە، تا ئەو کاتەی کە (سەلاحەدینی ئەیوبی) قودسی ڕزگار کردو خاچپەرستەکانی شکست پێ هێنا. ئەو کاتە، سەلاحەدین، ڕێی بەجوولەکەکان دا، دووبارە بگەڕێنەوە فەلەستین. لەمێژووی هاوچەرخیشدا، نازییەکان، لەسەردەمی (هیتلەر)دا، بەشێوەیەکی وەحشی گەرانە، قەتل و عامی جوولەکەکانیان کردو شەش ملیۆن کەسیان لێ سووتاندن. لەسەرچاوە کۆنە ئایینییەکاندا هاتووە، کە فەلەستینییەکان، وەك کۆچبەر لەسەردەمی فیرعەون (ڕەمسیسی سێیەم) ساڵی ١١٨٠ی پ.ز لە (کریت)ەوە هاتوونەتە فەلەستین. واتە، (٥٠) ساڵ پاش کۆچکردنی (بەنی ئیسرائیل) لەمیسرەوە بۆ فەلەستین[1]. هەرچۆنێك بێت، ئەوە چمکێکی کورتی مێژووی جوولەکەکانە لەفەلەستین. لەخوێندنەوەی ئەو کورتە مێژووەدا، دەگەینە چەند سەرەنجامێك کەدەتوانین لەم خالانەدا کۆبەندیان بکەین:

١-جوولەکەکان، پێشینەیەکی مێژوویيان هەیە لەفەلەستین و ئەوانیش وەك عەرەبەکان، خاوەنی ئەو خاکەن. باشترین بەڵگەش ئەوەیە، کە سەلاحەدینی ئەیوبی، یەکەم سەرکردەی ئیسلام بووە ڕێی پێداون بگەڕێنەوە فەلەستین. دیارە، ئەو پێشینەیان هەبووە، بۆیە ڕێی پێداون بگەڕێنەوە فەلەستین.

٢-پاش دابەشکردنی فەلەستین و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٤٨، بەهۆی سۆزو ختووکەی ئایینیو نەتەوەییەوە، زۆربەی مێژوو نووسە عەرەب و

١-رب الزمان ودراسات آخرى، سيد محمود القمني، ١٩٩٦، ص٤٩.

موسڵمانەکان، ئەو پێشینە مێژووییانە فەرامۆش دەکەن و بەرەنجامی زاڵبوونی ئەو هەستە بەسەر هەقیقەت و واقیع مێژووەکە چەواشە دەکەن.

٣-جوولەکەکانیش، بۆ مێژووەکەیان، پشت بەکۆنترین سەرچاوەی ئاینییان کە (تەورات)ە دەبەستن.. لەبەرامبەر ئەوەشدا، عەرەبەکان زۆر تەفسیری ترو بەڵگەی تر دەهێننەوە.

٤-بەکورتی، لەسەر خاکی فەلەستین، بەدرێژایی مێژوو عەرەب و جوولەکە ژیاون... هەر ئەم ڕاستیەش بوو، وایکرد، عەرەبەکان بەتایبەتیش فەلەستینیەکان ناچار بن، لەساڵی (١٩٨٨) بەدواوە، ئیسرائیل وەك دەوڵەت ناس بکەن.

هەر لەپاش ڕاگەیاندن و ئاشکرا کردنی ئەو دەوڵەتە نوێیە، تورکیا، یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی بوو کەدانی پێدانا... بۆیە (سلێمان دیمێریل)ی سەرۆکی پێشووی تورکیا، لەسەردانێکیدا بۆ ئیسرائیل بەشانازییەوە دەڵێت: (ئەوەی یەکەم وڵات بوو دان بەئیسرائیل دابنێت، ئەوە ئێمە بووین)[1]. سەرۆك ئەرکان سوپای تورکیش (ئیسماعیل قەرەدای) بەشانازییەوە دەڵێت: (تورکیاو ئیسرائیل دوو دەوڵەتی دیموکراتی تەنهان لەناوچەکەدا)[2].

یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش (قەڵاو پشت و پەنای نەتەوە ژێر دەست و زۆر لێکراوەکان!!!)، وەك دۆستێکی نزیکی عەرەب و وڵاتە موسڵمانەکان دانی بەقەوارەی ئیسرائیل نا.

ئیتر، ململانێیەکە بەردەوام بوو... بەتێپەڕبوونی کات، هێدی هێدی عەرەبەکانیش دانیان بەئیسرائیل ناو وەك دەوڵەتێکی خاوەن کیان، ناسیان کرد.

---

١-أجلان الزعيم.. والقضية، رجائي فايد- أحمد بهاءالدين شعبان، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٤٢.

٢-المصدر نفسه، ص١٥٧.

حاڵی حازر، ئیسرائیل پەیوەندی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی باڵوێزخانە، لەئوردن و میسرو مەغریب و موریتانیا هەیە... ژێراو ژێریش، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری عەرەبەکان (دەسەلاّتی فەرمانڕەوا)دا هەیە. هەر ئەم هۆکارانەش بوون، پاڵی بە (معەمەر قەزافی)، یەکەم سەرکردەی عەرەبی بەرهەڵستکارو ڕادیکاڵ نا، کە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب و جوولەکە، فەلەستین دابەشبکریو دەوڵەتێك لەپاشماوەی هەردوو وشەی (فەلەستین+ ئیسرائیل) دروستبکرێ بەناوی (ئیسرا+تین).

فەلەستینیەکانیش (جگە لەڕێکخراوە ئیسلامیيە تیرۆریستەکان)، گەیشتنە ئەو قەناعەتە کەدروشمی، (ڕزگارکردنی فەلەستین لەڕووبارەوە بۆ دەریا) دادیان نادا، بۆیە، لەم دروشمەیان پاشگەز بوونەوە... لەساڵی ١٩٨٨ بەدەوڵەتێك ڕازین کە سنووری ساڵی ١٩٦٧یان بۆ داین بکات.

هەروەها، ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانیو ڕاپەڕاندنی فەلەستین، کاتێك کە لەساڵی ١٩٩٩دا، لەگەڵ کۆنە سەرۆك کۆماری ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (بیل کلنتۆن)، کۆبوونەوە، لەگەرمەی چەپڵە ڕێزاندا، بەکۆمەڵ دەستیان بەرز کردەوەو دەنگیان دا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی (بنود الميثاق الوطني الفلستيني)، کەدان بەدەوڵەتی ئیسرائیلدا نانێت و داوا دەکات، ئەو دەوڵەتە لەبنوبۆتکەوە هەڵبتەکێنرێت.. (یاسر عەرەفات)یش، کە لەهەموو داخۆیان و ڕاگەیاندنەکانی فەلەستینیو عەرەبیو ئیسلامییەکان، بەنوێنەری هەڵبژێردراوو ڕاستەقینەی فەلەستین لەقەڵەمی دەدەن، شەخسی خۆی دان بەئیسرائیلدا دەنێت و ئامادەشە لەسەر مێزی گفتوگۆدا، بەشێوەیەکی ئاشتیيانە، کێشەکانیان چاەسەر بکەن.

(مەحموود عەباس- ئەبو مازن)ی سەرۆكی پێشووی حكومەتی فەلەستین، لەساڵی ١٩٨٢دا، لەمۆسكۆ نامەی دكتۆراكەی لەسەر، (پەیوەندییە نهێنییەكانی نێوان نازییەكان و سەركردەكانی بزووتنەوەی زایۆینزم)، تەواوكرد. عەباس، لەتێزەكەیدا، جەختی لەسەر ئەوە كردبوو كەسووتاندنی (٦) ملیۆن جوولەكە، لەسەر دەستی نازییەكان، شتێكی هەڵبەستراوو لەواقیع دوورە.. ئەگەر ڕووشی دابێت شتێكی كەم و لەو قەبارەیە بەدەرەو بەئاگاداریو هاوكاری سەركردەی زایۆنییەكان، ئەنجامدراوە. پاش تێپەڕبوونی زێتر لە (٢١) ساڵ بەسەر نامەكەیدا، (عەباس) بەشێوەیەكی نەرم و نیان داوای لێبووردن لەئیسرائیل دەكات و بەم شێوەیە وەڵامی ڕۆژنامەنووسان دەداتەوە، (... ئەوەی نووسرا، لەسەردەمی ململانێی نێوان بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكان و لەسەردەمی شەڕی لوبنان و ململانێی نێوان هەردوو بلۆكەكە نووسراوە... بێگومان ئێستاكە بینووسمەوە، بەشێوەیەكی تر دەینووسم و دایدەڕێژمەوە)[1].

تائەوەندە، پەیوەندی پڕ لەهەڵكشان و داكشانی جوولەكەو عەرەبەكان، بەم شێوەیە بووە... كەبەهەموو شێوەیەك، لەپرۆژە ستراتیژیو نەتەوایەتییەكانیان، پاشگەز بوونەتەوەو بەشێوەیەكی ئاشكرا لەكاردان بۆ ئاسایی كردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل... لێرەدا، هەقمانە بپرسین، بۆچی ڕەوای هەق نییە، نەتەوەیەكی ژێر دەستەی وەك نەتەوەی كورد، كە هەر چوار لای بەداگیركەرو دوژمنی سەرسەخت دەورە دراوە، لەپێناو دەستەبەركردنی ماف و بەرژەوەندییەكانی، پەیوەندی ڕاستەوخۆ، یان ژێراو ژێر لەگەڵ ئیسرائیلدا گرێ بدات، لەكاتێكدا كە كورد نەك لایەنێكی سەرەكی بەڵكو لایەنێكی لاوەكیش نییە لەهاوكێشەكەدا؟!

---

١-جريدة (القدس العربي)، لندن، العدد (٤٤٠٣)، ٢٠٠٣/٧/١٧، ص٩.

ئەگەر چاوێك بەمێژووی هاوچەرخ و نیو سەدەی بەر لەئێستادا، بخشێنین، ئـەوا بەئاشكرا، لەنێو تەواوی بەڵگەنامــەو ئەرشـیف و ئەدەبیاتــەكانی تــەواوی پارتــە سیاسییەكانی كوردستان، ئەو ڕاستییە بەدی دەكەین كە كــورد دۆســتێكی نزیكـی نەتەوەی عەرەبی فەلەســتین بــووەو، بەڕاگەیانــدن و بــەكرداریش، ئــەو ڕاســتییەی سەلماندووە.

(مستەفا بارزانی)، لەگەرمەی شەڕی سوپای عێراقدا بــوو، كاتێــك كەشــەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لەحوزەیرانی ۱۹٦۷دا هەڵگیرسا.. ئەو كاتە، (بارزانی)، بۆ پاڵپشتی كردن لەخەباتی فەلەستینیەكان، ئــاگر بەســتی ڕاگەیانــدو دەســتی سوپای عێراقی والآ كرد، تاوەكو بەشــداری شــەڕی حــوزەیران لــەدژی ئیــسرائیلدا بكات... ئەوە بەڵگەیەكی حاشا هەڵنەگرە بۆ بەدرۆ خــستنەوەی ئــەو پڕوپاگەنــدەو ڕاگەیاندنانەی ئیدعای ئەوە دەكــەن كــە (بــارزانی)و بزووتنــەوەی كــورد لــەنێوان ۱۹٦۱-۱۹۷۵ پەیوەندییەكی تۆكمەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبووە. وێڕای ئەوەش، بەسەدان نــاوی درەوشــاوە لەبزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازی كــورددا، بــۆ یەكــەم جــار لەفەلەستین مەشقیان كردووەو لەدژی ســوپای ئیــسرائیل جــەنگاون... هەشــیانە، گیانی خۆشیان بەخت كردووە...

لەئەدەبی كوردیشدا، بەسەدان پارچە شیعری حەماسیو كورتە چــیرۆك هەیــە، پاڵپشتی لەو خەباتە كــردووە.. لــەكۆتایی هــەموو داخۆیــان و بــەیاناتی پــارت و ڕێكخراوە كوردییەكانیشدا، ئەو پەرەگرافە دەبینرێ، (بمرێ ئیمپریالیزم و زایــۆنیزم و نۆكەرانی).. پارتە كوردییەكان، زێــتر لەپارتــە ئیــسلامیو كۆمۆنیــستەكان، ئــەو پەرەگرافەیان تۆخترت كردووە، لەپاش ئەو هەموو خەبات و هەڵوێست و لایەنگیریو

ئەرشیفەی کورد ، هەڵوێستی فەلەستین و عەرەب و موسڵمانەکان چی بووە دەرهەق بەکورد :

- بەشێکی زۆری ئەو فەلەستینییانەی لەعێراقدا نیشتەجێ کرابوون، لەنێویشیاندا ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەشدارییەکی کاریگەرییان هەبوو، لەسەرکوتکردنی شۆڕشی ئەیلول.. ئەو فەلەستینییانە ، لەنێو ریزەکانی سوپای عێراقدا ، شان بەشانی سوری و ئوردونی و یەمەنییەکان دژی کورد جەنگاون و بەشێکیشیان وەك دیل کەوتوونەتە دەست هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان[1]. پاش نووشستی راپەڕینی سەرتاسەری ۱۹۹۱ی خەڵکی کوردستانیش، فەلەستینییەکان، شان بەشانی پەل و لایەنە بەکرێگیراوەکانی تری وەك (مجاهیدینی خەلق)ی ئێرانی لەگەڵ گاردی کۆماری سەدام دا ، قەتل و عامی خەڵکی کوردستانیان کردووە.

- لەهەموو قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخدا ، نووسەرە عەرەبەکان، بزووتنەوەی کوردییان وەك دەستەیەکی جودا خوازو دژ بەعەرەب لەقەڵەم داوەو بەئیسرائیلی دووەمیان ناوزەد کردوون. نووسەری شۆڤینی عەرەب (محمد طلب هلال) ، کاتێك کە سەرۆکی هۆبەی (ئاسایشی سیاسی) لەپارێزگای (حەسەکە) بوو ، لەنامیلکەیەکدا بەناوی: (دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية والأجتماعيه والسياسية)دا دەڵێت: (پێویستە بەم شێوەیە لەکورد بڕوانین، کە نەتەوەیەکن بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن خەونەکانیان بێننە دیو قەوارەیەك بۆ خۆیان پێك بهێنن.. پێویستە بەچاوێکی بوغزو دوژمنکارانە سەیریان بکەین، هەر چەندە لەڕووی ئایینەوە لەگەڵ

١-كاكا والجدار، نزار أغري، بيروت، ١٩٩٦ ص٢٨.

جوولەکەدا جیاوازن، بەلاّم دەبێت وەك ئیسرائیل سەیریان بکـەین... یەهودسـتان و کوردستان لەهەموو ڕوویەکەوە وەك یەك شت وان..)[1] .

هەروەها ڕۆماننووسی میسری عەرەب نەژاد (جمال الغیطاني) لەشەڕی چەکداری نێـوان کـوردو ڕژێمـی بەعـسدا، لەسـاڵی ١٩٧٤ وەك پـەیامنێرێکی جـەنگ، بەکۆپتەرەکانی سوپای عێراق، لەئاسمانی کوردستاندا سووڕاوەتەوە، بەچـاوی خـۆی کاولکردنی گوندەکان و، سووتاندنی کێلگەو ڕەزو باخ و کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانی، بینیووەو، بەچاوێکی شۆڤینیانەوە، سەیری کوردی کردووەو لەگەرمـەی خۆشـیو بەختەوەریـدا، ڕووداوو کارەسـاتە جـەرگبڕەکانی تۆمـارکردووەو نیـشانەی پاڵەوانیەتیو ئازایەتی بە بـەرۆکی ئـەو سـوپا دەسـت ڕەشـە وەکـردووە... دواتـر، بیرەوەرییەکانی، لەشێوەی کتێبێك بەناوی (حداس البوابة الشرقیة)دا، بلاّوکردۆتەوە. ناوبراو لەو کتێبەیدا، کوردەکان وەك، تاقمێکی لەیاسا دەرچوو و بەکرێگیراوو چەتەو ڕێگرو جوداخوازو دۆستی ئیسرائیل، ناوزەد دەکات و دەست خۆشیش لە ٠پاسەوانانی دەرگای ڕۆژهەلاّتی عەرەبی!!!) دەکات.

لەسەرو بەندی شەڕی ئازادکردنی عێراق و ئێستاشی لەگەڵدابێت، لـە کەناڵـە عەرەبییەکانـدا، بـەدەیان دەنگـی ڕەش و قەلـە ڕەشـکە ئاسـا دەقیڕێـنن و کـورد بەئیسرائیلی دووەم لەقەڵەم دەدەن.. تـا گەیـشتە ئـەو ڕادەیـەی دەنگێکـی شـووم لەیەمەنەوە، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا گـوتی: (... سـەدام مجاهیـدی عەرەبـەو شتێکی چاکی کردووە، هەڵەبجەی کیمیا بارانکردووە... هیوادارین، ئێستاکەش ئـەو گازە بەکاربهێنێ تا ئەوەی ماون لەناو ببرێن و ڕەوانەی دۆزەخ بکرێن...).

---

١-الكرد، العرب والبعث، سلمان إبراهيم داوي، برلين، ٢٠٠٢، ص٣٦.

– زۆربـەی هـەرە زۆری، دەوڵەتـە عـەرەبیو ئیـسلامییەکان، پێیـان ڕەوایـە دەوڵەتێکی فەلەستینی دابمەزرێت.. کەچی خـەباتی ڕەوای کـورد بەبزووتنەوەیـەکی جودا خوازو سەر بەئیسرائیل لەقەڵەم دەدەن.

– تورکیا پێی ڕەوایە، جەزیرەی (قبرس) داگیر بکات و دەوڵەتێکی تـورکی تێـدا قیت بکاتەوە، کە تائێستاکە جگە لەخۆی کەس دانی پێدا نانێت.. ئەوە لەکاتێکدا تورکەکان لە ۷/۱۱٪ی دانیشتوانی جەزیرەکەن و لـەکۆی (۷۵۱/۵۰۰) کـەس تەنها (۸۸) هەزاریان تورکن[1]. دانیش بەئیسرائیل دادەنێن. کەچی (۲۵) ملیۆن کورد لەسنووری دەستکردی تورکیـادا، بێبەشـن لەهـەموو مافـە سـەرەتاییەکانی ژیاندا..

– پاکستان، خۆی بەقەڵای ئیسلام دەزانێت.. خەمخۆری یەکێتی خاکی عێراقـە، کەچی لەهەمان کاتدا، داوای جوودا بوونەوەی (کشمیر) لەهندستان دەکات..

– تەنها لەیەك ڕۆژدا پێنج هەزار کورد لەهەڵەبجە گیانیان لەدەست دا.

کەچی دەنگێکی نارەزایی عەرەبیو ئیسلامیمان نەبیست.. کەچی لەماوەی نێوان ۱۹۸۷-۱۹۹۲ لەڕاپەڕینی فەلەستیندا، کەمتر لەهەزار کـەس گیانیـان لەدەسـت داوە، کەچی (برا موسڵمانەکانمان!!) هەراسـان بووینـەو سـەری دنیایـان لێ ویـك هاتۆتەوە... هەر ئەو برا موسڵمانانە، کە ڕێبەرو ڕێ نیشاندەری خەڵکن، بـەکۆڵێك ڕیشی پڕ لەئەسپیوە لەکەناڵە عەرەبییەکان دەرشێنەوەو سەرو دڵی کـورد دەگـرن... لەخوتبەو نوێژی هەینیدا (عودەییو قوسـەی) بەشـەهیدو پاڵـەوان و جیهادکـار

. dtv- Jahrbuch ۲۰۰۳, Deutschland, ۲۰۰۲, s: ٤٨٣–۱

لەقەڵەم دەدەن[1]... (ئیخوان مسلیمین)ەكانی برامان!! لەئوردن تازیە بۆ ئەو دوو تاوانبارە دادەنێن.. لە ١/٨/٢٠٠٣شدا لەفەلەستین بۆ هەمان مەبەست تازیە دادەنێن.. ئەوانە، وەك ئەو ڕاستییە نەزانن، كە ئەم دوو تاوانبارە، ئافرەت نەماوە لەبەغدا دەست درێژی نەكەنە سەر یان تەشقەڵەی پێ نەكەن.... دواتریش سوڕگوم نەكرابن... بەڕاستی هەقمانە بڵێین، (بانێكەو دوو هەوایە).

كە ئەوانە هەڵوێستی عەرەب و موسڵمانەكان بێت، كورد ناچارە لەتاوی خنكان دەست بۆ چیلكە دارێك ببات، تاوەكو لەكەناری ڕزگاربوون نزیكی بكاتەوە.. ئێستاكەشی لەگەڵدا بێت، عەرەبەكان ئەوە دەكەنە بنیشتە خۆشەی بن ددانیان كە ئیسرائیل لەساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥ پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی كورد هەبووە. لەهەموو بۆنەیەكدا ئەوە بەچاوی كورد دادەدەنەوە... كوردیش، بەشەرمێكەوە بەرپەرچی ئەو بۆچوونانە دەدەنەوە.. كاتێك كەڕۆژنامەنووسێكی ئیسرائیل وەك هەر ڕۆژنامەنووسێكی تری بێگانە هاتۆتە كوردستان و ڕاپۆرتی خۆی نووسیووە، ئەوە دەكەنە بەڵگەو دەستكەلای خۆیان... ئەوان تەنها ئیسرائیلیەكەیان لەمێشكدا چەسپیووە.

ئێستاكە هەق وایە چیتر، كورد شەرم نەكات و پەیوەندی پتەو لەگەڵ ئیسرائیل دا دابمەزرێنێت، چونكە:

- بەدرێژایی مێژوو عەرەبەكان و موسڵمانەكان، دژی كورد خەباتیان كردووە..
- عەرەب و موسڵمان، خۆیان پەیوەندی ئاست بەرزیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە.

---

١-لە ٢٥/٧/٢٠٠٣دا، (شێخ ماهر حمود) ئیمام و خەتیبی مزگەوتێكی شاری (سەیدا)ی لوبنانی لەنوێژی هەینیو لەگفتوگۆیەكی تەلەفزۆنی لەگەڵ كەناڵی ئاسمانی (العربیة)دا گوتی: عودەییو قوسەی شەهیدن.

- ئیسرائیل لەڕووی سەربازیو سیاسیو هاوڕێکبوونی بەرژەوەندییەکان، مەوقیعێکی باشی هەیەو دەکرێ حیسابی بۆ بکرێت.

- مادام لایەنی سەرەکی هاوکێشەکە کە فەلەستینیەکانن، بەهەموو شێوەیەك دەیانەوێت لەگەڵ ئیسرائیلدا کێشەکانیان چارەسەر بکەن.. بۆچی ئێمە هەوڵی ئەو لێك نزیکبوونەوەیە نەدەین و پەیوەندییەکانمان لەسەر ئاستی سیاسیو ئابووریو ڕاگەیاندنەوە پتەو نەکەین؟!

- ئێمە دژی داخوازییەکانی گەلی فەلەستین نین.. بەلاَم بەرژەوەندی خۆمان لەپێش بەرژەوەندی ئەوان دادەنێین.

- ئەمڕۆ لەسەردەمی گۆڕانکاریو بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکان، کاتی ئەوە هاتووە، هەرچی زووترە، سەرکردە سیاسییەکانی کورد، بەخیتابێکی نەگۆڕو دیدێکی ترەوە، سەیری هاوکێشەکان بکەن... تاوەکو چیتر لەخوێندنەوەی لەدەست چوونی هەل و نووشوستییەکان، پەنجەی خۆمان نەگەزین. ئەمڕۆ سەردەمی جیهانگیریو دابینکردنی مافی تەواوی نەتەوە ژێر دەست و گروپە جیاوازەکانە.. باچیتر شەرم نەکەین، ئەوەی لەمێشك و بەرژەوەندیماندایە، بەڕاشکاوی دەریببڕین و ئامادەی تەوەرو گفتوگۆکردن بین.. باچیتر لەبەر خاتری خاترداران کچی خۆمان نەکەینە قوربانی کوڕی خەڵکی..

# پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و کەناڵە عەرەبی یەکان

دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هۆکارێکی بنچینەیین بۆ هوشیار کردنەوەی کۆمەڵ و چەسپاندنی یاساو کەش و هەوای دیموکراسی، لەسەرجەم کۆمەڵگاکانی مەدەنیدا.. جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە، لەگەڵ سێ دەسەڵاتەکەی تر، (یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری)و، لەزوویەکەوە، بەدەسەڵاتی چوارەم، ناوزەد کراوە. ئەمە، لەکاتێکدا کە ئەگەر، ئەو ڕاگەیاندنە، گوزارشت لەکوێرەوەرییەکانی کۆمەڵ و کۆژانەکانی بکات و دەربڕی خواستەکانی بێت.. ڕەخنەی بنیاتنەرو واقیعییانە، لەپێناو ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنان و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ، لەدەزگاکانی دەسەڵات و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، بگرێت.. ئەگەر لەو تایبەتمەندییانە بەدوور بوو، بێگومان کاری نەرێنی دەکاتە سەر کۆمەڵگاو، لەوانەشە بەرەو هەڵدێری ببات.

ڕژێمی بەعس، درکی بەم ڕاستییانە کردووەو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی (بەدیوە بەرەواژەکەی) بەکارهێناوە. واتە، ڕاگەیاندنیش یەکێك بووە لەدەزگا سەرکوتکەرەکان

و بەدرێژایی ٣٥ ساڵی فەرمانڕەوایەتی، بێ پسانەوە، لەهەوڵی چەواشەکردنی ڕاستییەکان و پووش بەسەرکردنی تاوانەکانی دا، بووە، دەرهەق بەگەلانی عێراق و وڵاتانی دەرو دراوسێ..

ڕژێم، بوودجەیەکی بێ شوماری، لەم بوارەدا، بەفیڕۆ داوە.. نەك هەر لەناوەوەی وڵات، خەریکی پتەوکردن و فراوانکردنی ئەو دەزگایانە بووە، بەڵکو دەستی ئەو گەلەکۆمەکییەشی گەیشتۆتە تەواوی وڵاتانی عەرەبیو جیهانی.. بەدەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسیو دەزگای ڕاگەیاندنی، لەوڵاتانی عەرەبی قیت کردۆتەوە.. چەندان ڕۆشنبیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووسی، بەپارە کڕیووە.. ئەو دەزگاو مینبەرانەش، دڵسۆزی خۆیان، بۆ ڕژێم نواندووەو لەبوارە جۆر بەجۆرەکاندا، بەشان و باڵی ڕژێمیان هەڵداوەو، سەدامیان بەتاقە شۆڕەسواری عەرەب و موجاهیدی ئیسلامی لەقەڵەم داوە. بۆیە دەبینین، چۆن ڕووەکێك کەئاوی لێ ببڕێ، زەرد هەڵدەگەڕێو وشك دەبێت، ئاواش بەڕوخانی سەدام لەدوای (٩ی نیسانی ٢٠٠٣)دا، زۆر لەو دەزگایانە، دەرگای دوکانەکانیان داخست و پایدۆزییان لێکرد.. هەر لەسەروبەندی ڕوخانی ڕژێمدا:

- سێ ڕۆژنامەی میسری لەکارکەوتن.
- حزبی بەعسی ئوردونی سەر بەسەدام، زێتر لەدە نووسینگەی خۆی داخست.
- مستەفا بەکری، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الأسبوع)ی میسری دەستگیرکرا.
- حزبی بەعسی سودانیو موریتانیو مەغریبی یاساغ کران و دەرگاکانیان داخران.
- (بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی!!) کەهیچ هەوڵێکی نەداوە لەپێناوی فەلەستینداو یەك مەتر دوجای ئەو خاکەشی ڕزگار نەکردووە، ئیفلاسی خۆی ڕاگەیاندو چالاکییەکانی خۆی تەزاند..

- بەڕێوەبەری کەناڵی (الجزیرة)ی قەتەری، دەستی لەکار کێشایەوەو (تۆفیق تەها)ی بێژەر، پۆستەکەی وەرگرت.

- پاش ئازادکردنی عێراق، بەهۆی دەستکەوتنی دەیان بەڵگەنامەی ڕەسمی دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات، ڕاستییەکان ئاشکرا بوون و چەندان، کەسایەتی عەرەبیو جیهانی سەر بەڕژێم دەرچوون.. لە ٢٦/٤/٢٠٠٣دا، ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)ی بەریتانی، چەند بەڵگەنامەیەکی بلاَوکردەوە، کە لەدائیرەی ئەمن و ئیستخباراتی عێراقی، دەستیان کەوتبوو... لەبەڵگەنامەکاندا هاتبوو: (جۆرج گالەوی)، ئەندام پەرلەمانی بەریتانی سەر بەپارتی کرێکارانی دەسەلاَتدار، بەکرێگیراوێکی سەدام بووەو پارەیەکی زۆری وەرگرتووە.. لەپێناو کۆکردنەوەی لایەنگیریو پالَپشتی کردن لەو ڕژێمەدا، ساڵانە (٣٧٠) هەزار جونەیهی ئیستەرلینی وەرگرتووە.. (گالەوی)، پێش ئاشکرابوونی ئەو بەڵگەنامانەش، گومانی ئەوەی لێ دەکرا، چونکە چەندان جار، بەبیانووی یارمەتی کۆکردنەوەو کاری مرۆڤایەتییەوە، گەمارۆی شکاندووەو سەردانی عێراق و شەخسی سەدامی کردووە.

- هەفتەی ڕابردوو (کۆتایی مانگی ئەیلول)، مامۆستایەکی زانکۆی بەغدا، لەگفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا، بەڵگەنامەیەکی نیشاندا، کەتێیدا هاتبوو: (موخابەرات و وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراق، پارەیەکی زۆریان تەرخان کردووە، بۆ دامەزراندنی چەند کەناڵێکی ئاسمانی لەدوبەی، بەئاراستەی خزمەت کردنی ڕژێم و چەواشە کردنی ڕای گشتی..). ئەمانەو دەیان بەڵگەنامەی زیندووی تر، ئەوە دەسەلمێنن، کە لەداهاتوویەکی نزیکدا، گوێ بیستی ئیفلاس بوون و داخرانی دەیان پارت و ڕێکخراوو دەزگای ڕاگەیاندن، لەولاَتانی مەغریب و جەزائیرو تونس و میسرو بەنگلادیش و ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین دەبین.

ڕژێم ئەوەندەی پارە لەم بـوارەدا بـەفیڕۆ داوە، لـە ٥٪ی ئـەو پارەیـەی لـەپێناو بوژاندنەوەو خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراقـدا نەخـستۆتە کـار... کـاری سـەرەکیو لەپێشینەی ئەو ڕێکخراوو دەزگا ئەڵقە لەگوێیانەش، ڕێکخـستنی خۆپێـشاندان و کۆکردنەوەی لایەنگیری بووە بۆ سەدام... بەبیانووی گەمارۆی ئابووری سەر عێراق و (مردنی یەك ملیۆن و نیو منداڵ!!) فرمێسکی تیمساحانەیان هەڵڕشتووە.. ڕۆژنامە ڕوو زەردو کەناڵە ئاسمانییـەکان، بڵندگۆیـەکی ڕاسـتەقینەی ڕژێـم بووینـە. بۆیـە دەبینین، پاش ڕوخانی سـەدام، (تائێـستاشی لەگەڵـدا بێـت) هیـوای گەڕانـەوەی سەدامیان لەلا ماوەو درێژە بەم کارە چەواشەکارییانە دەدەن...

ڕژێم، هەفتەیەك پێش ڕوخانی (شەخسی سـەدام) خـۆی ڕایگەیانـد: (عێـراق ولاتێکی دەوڵەمەندەو ترسی قات و قڕیمان نییە.. خواردنی پێـنج مانگمـان بەسـەر خەڵکدا، دابەشکردووە.. پێویستیمان بەیارمەتی هیچ دەوڵـەت و لایـەنێك نییـە..) کەچی هەمان ڕۆژ، کەناڵە عەرەبییەکان، بۆ پێش گـرتن لەبـەرپاکردنی جـەنگ، کردیانە هەراو هۆریایەك، گوایە خواردن و ئاو نییەو خەڵکی لەبرسان دەمرن. ڕای گشتی شەقامە بێ خەبەرو لەگوێ گا نووستووەکانی عەرەبییان وەئاگا هێناو تەپڵی بەرگریکردنیان لێ دەدا... هەر تیرۆرستێك، بـۆ بـەرگری کـردن لەسـەدام، لەهـەر کوێیەك بووایە، دەیگەیشتنیو داخۆیان و پەیامەکانیان بلاو دەکردەوە...

کەناڵە عەرەبییەکان، بەتایبـەتیش (الجزیـرة، العربیـة، المنـار)، بـێ پـسانەوە لەجەنگی دژ بەگەلانی عێراق و لەسەنگەری پاشماوەکـانی سـەدام دان... ڕۆژانـە، بەبیانووی ڕای ئازاد داخۆیانی گروپە تێکدەرەکان (بەدەنگ و ڕەنگ) بلاودەکەنەوەو

هانی کاری تۆقاندن و توندو تیژیو جیاوازی مەزهەبیو ڕەگەزی دەدەن.. میوانداری بەعسییە هەڵاتووەکانی وەك (د.موزەفەر ئەلعانیو محەمەد دوری) دەکەن... بۆ هەر ڕووداوو پێشهاتێك ئەوانە دێننە سەر تەلەفزیۆن... ڕاوو بۆچوونی عەرەبە شۆڤێنیەکان و، نووسەرو ڕۆژنامەنووسە بەکرێگیراوەکانی وەك: طلعت رمیع- سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الشعب)ی میسریو عەبدولباری عەتوان-ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (القدس العربي)ی لەندەنیو مستەفا بەکری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الأسبوع)ی میسریو هانی ئەلسوباعی- (مدیر مرکز المقریزی للدراسات التأريخية- لندن)، وەردەگرن...

ئەوانە، تاسەر ئێسقان، شۆڤێنیو بەکرێگیراون و چاویان ئەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵ و زیندانە ژێر زەمینییانە نابینێت کەپاش ڕوخانی ئاغاکەیان، ئاشکرابوون، کە بەپێی دوا سەرژمێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەیشتۆتە (١٧٦) گۆڕی بەکۆمەڵ.. ئەوانە، هەر سوورن لەسەر لێدانەوەی قەوانە سواوەکانیان و بانگەشەکردن بۆ گەڕانەوەی سەدام و بەرگریکردنی عێراقییەکان و ڕاپەڕینی نەتەوەی عەرەب و تەفرو توناکردنی هێزە هاوپەیمانەکان لەعێراقدا.. ناوە ناوە، کاسێتە تۆمارکراوەکانی سەدام و بن لادن بڵاو دەکەنەوەو لەسەریشی دەنووسن: (تایبەت بە الجزيرة یان العربیة)... (عەبدولباری عەتوان)یش کە لەکوردستان و عێراقدا بەعەبدولباری دۆلار بەناو بانگە، بەین نا بەینێك، نامەیەکی سەدام بڵاو دەکاتەوە... ئەو دەزگایانە، کارە تێکدەرەکانی تاقمە تیرۆریستەکانی پاشماوەی بەعس و گروپە عەرەبییەکان، ئیبراز دەکەن.. نموونەی:

- تەقاندنەوەی بۆڕی ئاوی بەغدا، کەزێتر لە ٣٠٠ هەزار کەسی بێ ئاو کرد.

- تەقاندنەوەی بۆڕیە نەوتییەکان، کەسامانی میللەتن.
- سووتاندنی کۆگای پڕ لەخواردەمەنیو کەل و پەلی بیناکردن و ئاوەدانکردنەوە.
- تیرۆرکردنی، کەسایەتی ناسراوی عێراقی (عبدالمجید الخوئي) لەنەجەف..
- تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئوردن لەبەغدا..
- تەقاندنەوەی بارەگای (UN) لەبەغدا و کوشتنی (سیرجی دیمیلۆ)ی ڕێکخەری بارەگاکە لە ۱۹/۸/۲۰۰۳دا.
- تیرۆرکردنی (محەمەد باقر ئەلحەکیم) و ۸۲ کەسی تر لەکاتی دەرچوونیان لەنوێژی هەینی لەیەکێك لەمزگەوتەکانی نەجەف لە ۲۹/۸/۲۰۰۳دا..

ئەمانەو سەدان کاری تیرۆریستانە ئیبراز دەکەن و گیانی بەرگریو ئیسلامیو نەتەوەیی بەبالاَیان دا دەبڕن.. ڕۆژێك لەڕۆژان، دیووە باشەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمیان پیشان نەداوە.. ڕۆژێك نەیانگوتووە، پێش نەمانی ڕژێم، ئەو هەمو گۆڤارو ڕۆژنامە ئازادە لەسەر شەقامەکانی عێراقدا نەبینراون؟! ئەو هەموو مۆبایل و سەتەلایتانە لەپای چی گەیشتنە عێراق و چاوی خەڵکیان کردەوە؟! ڕۆژێك لەخۆیان نەپرسی، لەسەردەمی سەدامدا، ئێمە تەنها یەك پەیامنێرمان لەعێراقدا هەبووەو ئەویش لەژێر کۆنترۆڵی (محەمەد سەعید سەحاف)دا بووە... کەچی ئێستاکە لەهەموو شارو شارۆچکەیەکی عێراقدا، پەیامنێری تایبەتمان هەیەو بەکەیفی خۆی دەدوێت؟! ئێمە لەسەردەمی سەدامدا، هیچ خۆپێشاندان و ناڕەزاییەکمان، لەشەقامەکانی عێراقدا نەدیت، کەچی پاش ڕوخانی، چەندان، گرووپ و پارت و کۆمەڵە، لەپێناوی ئامانج و مەبەستی جیا جیادا، خۆنیشاندەدەن و ناڕەزایی دەردەبڕن، کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کەدەیان کەس لەپاشماوەی بەعسییەکان، بەئاشکرا ڕەسمی سەدام بەرز

دەکەنەوەو سلۆدان بۆ گەڕانەوەی لێ دەدەن؟! ئەگەر ئەوانە، سەرەتای دەرکەوتنی دیموکراسیو ئازادی ڕادەبڕین نەبێت، دەبێ چ ناوێکی تری هەبێت؟!

لەکاتێکدا، کەبەشی هەرە زۆری گەلانی عێراق بەڕوخانی ئەو ڕژێمە دڵشادو سەرفراز بوون[1]، کەچی ئەوان بەردەوامن لەسەر ڕێبازە چەواشەکارەکانیان و، بەتەنگ داواکاریو دابین کردنی بەرژەوەندییەکانی، گەلانی عێراق نایەن... هەر خەریکی دۆزینەوەی کەم و کوڕیو لاسەنگیەکانن.. دڵنیام، گەلانی عێراق بەدەهۆڵو زوڕنای ئەوان هەڵناپەڕن، جگە لەچەند شەقامێکی عەرەبی نەبێت، ئەوانیش چاکتر وایە دەردی خۆیان تیمار بکەن ئەوجا دەرمان بۆ عێراقییەکان بدۆزنەوە...

---

١-ڕۆژی ٣٠/٧/٢٠٠٣، کەناڵی (ANN)ی عەرەبی لەگۆشەی (پرسیاری ئەمڕۆ)دا، لەڕاپرسیەکدا، (ئایا ئێوە، بەڕوخانی ڕژێم خۆشحاڵ و ڕازین؟). لە ٧٦٪ی دەنگەکان بە بەڵێ وەڵامیان دابۆوە.. ئەوە لەکاتێکدا، کە بەشێکی کەمی عێراقییەکان بەشداری ئەو ڕاپرسیەیان کردووە، بەهۆی نەبوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەتەفۆن و فاکس و ئەنتەرنێتەوە.. دەنا گومانم نییە، کە ئەنجامەکە زۆر لەوە بەرزتر دەبوو....

# پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ڕاگەیاندنی تورکی

ڕاگەیاندنی تورکی (بینراوو بیستراو)، وەك پیشەیی هەمیشەی، هەردەم لەهەوڵی زەمینە خۆشکردنی ئاگری شەڕو، قولکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردو دەوڵەتی تورکیادا بووە.. هیچ کاتێك بەتەنگ ئاشتیو تەباییو ئاسوودەییو، پێکەوە ژیانی، نەتەوەکانی نێو کۆماری دروستکراوی تورکیا نەبووە. ئامرازێك بووە بەدەستی، دەسەلاتدارو گەنەراڵە سەربازییەکان.. ئەوە نەك هەر بەنیسبەت کوردەوە، بەڵکو بەنیسبەت، ولاتانی دەرو دراوسێو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیشەوە، هەمان هەڵوێستیان نواندووە.. لەکاتی دروستبوونی هەر تەنگژەو گرفتێکدا، ئەوان بەنزین بووینە، بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە، تاوەکو تەڕو وشك بەیەکەوە بسووتێنێ.. لەسەروبەندی دەستگیرکردنی (ئۆجەلان)دا، مانشێتی گەورەی ڕۆژنامەکان، نیشاندانی گەورەیی تورك و هێزو دەسەلاتی تورکیا بووە.. لەهەوڵی تەقینەوەی زێتری بارودۆخەکەدا بوون.. بەنیسبەت کوردستانی باشوور (بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دەسەلاتی هەرێمی کوردستان)یش، خەریکی دۆزینەوەی بیانوو و قسەو قسەلۆك بووینە، بۆ لەباربردنی ئەو بارودۆخە ڕەخساوە.. هیچ کاتێك بەسەر زاریان

دانەهاتووە بڵێن، (هەرێمی کوردستانی عێراق)، بەڵکو هەر بەباکوری عێراق (کوزەی عێراق) ناوزەدیان کردووە.. هەتا سێ چوار ساڵ لەمەوبەریش، بەهەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان (یەکێتیو پارتی)یان دەگوت، (عەشیرەتی تاڵەبانیو بارزانی).. وایان لەشەقامی ناهوشیاری تورك گەیاندبوو، کە ئەوانە دوو عەشیرەتی دواکەوتوو چیانشینن و، هەر خەریکی شەڕو شەڕ فرۆشتن بووینە بە سەرجەم ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق.

بۆ وەرگرتنی زۆربەی هەواڵە گرنگ و پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەم بوارەش، وێنە هەواڵەکانیان، لەتەلەفزیۆنی کوردستان (K.tv) وەردەگرت و لەجیاتی ئارمی (K.tv) دەیاننووسی، (K-Irak). واتە (کوزەی ئیراك) باکوری عێراق...

لەگەرمەی شەڕی ئازادکردنی عێراقیشدا، بەبیانووی هەستی ئیسلامییەوە، شەقامی تورکیایان وروژاندووەو، کۆمەك و یارمەتییان داون بۆ گردبوونەوەو خۆنیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، دژی هاوپەیمانان. لەهەواڵ و ڕاگەیاندنەکاندا، کورد گوتەنی: (مێشیان کردووە بەگامێش)... ئەو بۆچوونانە، لەتەواوی کەناڵە ئاسمانییەکانی تورکیا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتیش لەکەناڵە ئیسلامییەکانی وەك، (کەناڵی ٧ و M.TV و S.TV)..

شەوی ٣-٤/٤/٢٠٠٤، کاتێك کەبەشێکی زۆری فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی بەغدا، لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانانداببوو، تەلەفزیۆنی عێراق، لەبەیانێکی سەربازیدا، بڵاوی کردەوە کە، (٣٢٠ سەربازی عێراقی شەهید بووینە...) کەچی بۆ بەیانیەکەی کەناڵی حەوت (٧)ی تورکی دەیگوت: (سوپای ئەمریکا تێکشکاوەو عێراقیش هیچ کوژراوی نییە.!!) ئەو کاتەش کەفڕۆکەیەکی ئەمریکی، بەموشەکە فڕۆکە شکێنەکانی هێزەکانی عێراق پێکراوو کەوتە خوارەوە... ڕاگەیاندنی ڕژێم، بۆ بەرزکردنەوەی گیانی بەرەنگاریو، ورەی خەڵك، وای نیشاندەدا، کە جوتیارێکی

عێراقی بەتفەنگی سادەی ڕاوکردن ئەو فڕۆکەی پێکاوە... ئەوە بووە پێخۆری سەرجەم کەناڵە تورکییەکان.. بەمناسەبەو بێ مناسەبە، هەموو ڕۆژێك چەندان جار ئەو دیمەنەیان نیشان دەداو مێزگردو شیکردنەوەیان بۆ ساز دەکرد..

لەهەواڵێکی تری کەناڵی ئاسمانی عێراقیدا، (.. هاوپەیمانان ٢٥ کوژراویان هەیە). ئەمریکاش دانی بەم هەواڵە ناو گوتی: (٢٥ کوژراو نییە، بەڵکو ١٥ کوژراوە..) کەچی کەناڵی حەوت، زۆر بێشەرمانە ڕۆژێك دواتر گوتی: (٨٠٠ ئەمریکی کوژراوە!!) کاتێك کە ئەو هەواڵە چەواشەکارانەیان بلاو دەکردەوە، دڵنیا بوون لەوەی، کە بەشێکی یەکجار کەمی تورکەکان، عەرەبی زانن و دەتوانن بەدواداچوون بکەن و هەواڵەکان بەراوورد بکەن. هەتا کەناڵی ئاسمانی عێراقیش لەکار نەکەوتبوو، زۆربەی هەرە زۆری وێنە هەواڵەکانیان، لەوێ وەردەگرت و، ڕۆژانە بەیانەکانی عێراقییان، چەندان جار دووبارە دەکردەوە.

لەکاتی ئازادکردنی کەرکوکیشدا، زێتر کێچیان کەوتە کەوڵی، بەتایبەتیش کەزانییان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شان بەشانی هێزەکانی هاوپەیمانان چوونەتە ناو کەرکوك و کۆنترۆڵی وەزعەکەیان کردووە.. ئەوان، لەدوورەوە خەریکی بیانوو دروستکردن و وروژاندنی شەقامی تورکی بوون.. گوایە، (.. کوردەکان قەتل و عامی تورکمانەکان دەکەن!!) هەواڵی زەمینە خۆشکردنی، نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکیو شەڕو پێکدادان لەنێوان نەتەوەو گروپە جیاوازەکانی کەرکوك، دەدا.. پێش ئازادکردنی کەرکوکیش، کەناڵەکان، خەریکی زەمینە خۆشکردن بوون، بۆ قیت کردنەوەی تورکمانەکان، (بەتایبەت باڵەکەی سەنعان قەساب) کە داردەستی خۆیان بوو.. بۆ پرس و ڕا وەرگرتن، ڕۆژانە بە تەلەفۆن (هەندێك جاریش ڕاستەوخۆ)، قسەیان لەگەڵ ناوبراو دەکرد.. هەر لەو سەروبەندەدا، ڕۆژی ٢٥/٣/٢٠٠٣، ڕۆژنامەنووس و چاودێرێکی سیاسی تورك، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی

(Cnn تورك)دا گووتی: (... یان دەبێت بچینە باكوری عێراق، یان دەبێت لەدوورەوە سەیری قەتل و عامكردنی سێ ملیۆن توركمان لەسەر دەستی كوردەكان، بكەین!!) هەروەها گوتی: (... هەولێرو كەركوك، هەر هەمووی توركمانن، لەم سالآنەی دواییدا، كوردە گوندنشینەكان، هاتنە ناوشارو ڕێژەكەیان گۆڕی..).

كەناڵەكان، لەكاتێكدا ئەو بۆچوون و هەواڵە چەواشەكاریانە بلاّو دەكەنەوە، باش ئەو ڕاستییە دەزانن، كەسەردەمی زێڕینی توركمانەكان، سەردەمی دوای ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵكی كوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستانە.. چونكە لەسایەی ئەو حكومەتەدا، توركمانەكان، بەتەواوی مافە سیاسیو كولتوریو ڕۆشنبیریەكانی خۆیان، شادبووینە.. زێتر لە (٨) پارتی سیاسیو (٤-٥) كۆمەڵەی توركمانییان هەیە[١]. وێڕای چەندان قوتابخانەو ئامۆژگاو هەتا كۆلێژیش، كە بەزمانی خۆیان دەخوێنن و دەنووسن و چەندان گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاّوكراوەش دەردەكەن.. هەموو ئەو ڕاستییانە، دەزانن، كەچی خۆیان گێل دەكەن و، بۆ ئاژاوە نانەوەو دووبەرەكی دروستكردن، ئەو هەواڵە چەواشە كارییانە، بلاّو دەكەنەوە، تاوەكو زەمینە خۆشبكەن و ڕای گشتی دەرەوە ڕازی بكەن، جێ پێیەكی خۆیان لەكوردستان بكەنەوەو حكومەتی هەرێم و دەزگا شەرعییەكان لەبار ببەن.. دەنا ئەوان باش دەزانن، كە لەسەردەمی ڕژێمدا، توركمانەكان، نەك هەر مافیان نەبووە، بەڵكو نكۆلی بوونیشیان لێكراوە[٢].

١- چاوپێكەوتنێك لەگەڵ (وەلید شەریكە)ی ئەمینداری گشتی پارتی برایەتی توركمانی، كەناڵی ئاسمانی (K.tv)، ڕۆژی ١٥/٣/٢٠٠٣.

٢- چەند هەفتەیەك پێش ڕوخانی ڕژێم، (تاریق عەزیز)ی گەورە لێپرسراوی عێراق، چووە توركیا، لێیان پرسی، وەزعی توركمانەكانی عێراق چۆنە؟! لەوەلاّمدا گوتی: توركمان لەعێراقدا بوونی نیە، بۆیە لەم بارەیەوە هیچ كێشەو مەسەلەیەكمان نییە.

# لەپێناوی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆدا

ئەوەی ئەمڕۆ تێبینی دەکریو بۆشاییەکی گەورەی خستۆتە تەلاری ڕۆژنامەگەریی کوردی، نەبوونی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیە ، کە گوزارشت لەبیرو بۆچوونی تەواوی خەڵك بکات و ئازادانە بۆچوونەکانیان بڵاو بکاتەوە... ئەوەی ئیمڕۆ بەرچاوەو پانتاییەکی فراوانی پڕکردۆتەوە، ڕۆژنامەگەریی حزبییە.. هەڵبەتە ، ڕۆژنامەگەریی حزبیش، لەخزمەت بەرنامەکانی حزبدا دەبێت، ئەگەر جاروباریش بوار بدات بۆ بڵاوکردنەوەو هەناسەدانی دەنگە ئازادەکان، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و دنیای شارستانیەت و مەدەنی. ئەو هەموو ڕۆژنامەو مانگنامەو وەرزنامانەی کوردستان، ئەگەر نەڵێم هەر هەموویان، ئەوا بەدڵنیاییەوە، بەشێکی زۆریان سەر بەحزبەکانن.. ئەو کەمەی کە دەمێنێتەوەش بەپاڵپشتی ئەو حزبانە دەردەچێت.. هەر زۆری ئەو مینبەرە حزبییانەشە ، کادیری ڕژنامەگەریی چالاك و قەڵەم بەبڕشتی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام بەداخەوە، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی بژێوی ژیان، ئەو کادیرانە نەیانتوانیووە لەخزمەت کۆمەڵانی خەڵکدا کار بکەن و داخوازییەکانیان بهێننە دی.. ئەو ڕۆژنامەنووسانە ، لەسەر ئەو هێلە گشتییە دەڕۆن

کەحزب بۆی کێشاون و ناتوانن ئەو هێڵە سوورانە ببەزێنن، ئەگەر بەزاندییان، ئەوا نان بڕاو دەکرێن و پشتەو پەنایەکیشیان نییە داکۆکیان لێ بکات... هەر ئەو هۆکارانە، دەیان دەنگی بوێرو خاوەن سەدای خەفە کردووەو نەیهێشتووە توێژێکی چالاکی ڕاگەیاندن دروست ببێت.. جاری وا هەیە، بابەتێك دەگاتە ڕۆژنامەکان، بەبیانووی، (لەگەڵ ڕێبازی ڕۆژنامەکەماندا ناگونجێت) دەخرێتە لاوەو بواری بلاوکردنەوەی پێنادرێت.. ئەو ڕۆژنامەنووسە حزبییانە ئەوەش باش دەزانن کە سەرچاوەو ستوونی سەرەکی بابەتەکە، ڕاگەیاندنەکانی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەیە کەحزبەکەی ئەوان پەیوەندییان لەگەڵیان هەیە.. کە بابەتێك بەئاشکراو بەڕاشکاوی لەمیدیاکانی ئەو دراوسێیانە بلاوکرابێتەوە، بۆ دەبێت لەلایەن ئەو ڕۆژنامانەی لای خۆمانەوە هێڵی سووریان بەژێردا بکێشرێت و بلاو نەکرێنەوە؟!

لەبەر ئەوە، هەرچی زووترە، ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێویستی بەهەبوونی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەربەخۆی دوور لەسانسۆری حزبەکان هەیە.. بۆ مەیسەر کردن و دروستبوونی ئەو ڕۆژنامەیەش، سەرەڕای بەرقەرار بوونی ئازادیو دیموکراتی، پێویستی بەسەرچاوەیەکی باشی دارایش هەیە تاوەکو بتوانێت بەردەوامییەك بداتە ڕۆژنامەکەو ببێتە ڕۆژنامەی گەل.

بەبۆچوونی من، بلاوکردنەوەی ئاگاداریو ریکلام، سەرچاوەیەکی دارایی بەهێز بۆ ڕۆژنامە داین دەکەن.. ئەگەر کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆ نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە گرنگی ریکلام بزانێت و، بایەخی پێبدات، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێم بەشێوەیەك لەشێوەکان، زۆر بوار هەیە بۆ بلاوکردنەوەی ریکلام، وەك:

- بلاوکردنەوەو هەڕمێن پەیداکردن بۆ کۆمپانیاکان (بەکەرتی تایبەت و گشتییەوە).

- ریكلام بۆ جۆری خـواردن و هــەرزانی چێـشتخانە بـاش و نمـرە یەكـەكانی كوردستان.

- بــەهۆی كردنــەوەی دەرگــای كوردســتان بــەڕووی گەشــتكارانەوە، گرنگــی هوتێلەكانی كوردستانمان بۆ دەردەكەوێت و وپڕوپاگەندە كردن هۆكارێك دەبێت بـۆ سەرنج ڕاكێشانی خەڵك بۆ ئەو شوێنانە.

- بازاڕو نماینده بازرگانییەكانی كوردستان، كە لــەدەرەوە كەلوپــەل و خــۆراك و خواردنەوە بۆ كوردستان دەهێنن و پێویستیان بە ریكلام هەیە.

- خەڵكی گشتی زۆر جاران پێویستیان بەبلاوكردنەوەی (ئاگادارینامە) دەبێت، بۆ بەكرێدان و فرۆشتنی دوكان و خانووبەرەو ئۆتۆمبیل و فرۆشتنی كۆنە كەلوپەلی ناو مــاڵ و ئــامێری ئــەلكترۆنی.. ئەگــەر ئــەو دیــاردە لەكوردســتان ببێتــە بــاو، كاروبارەكانی خەڵك، زۆر بەئاسانیو رێك و پێكی بەڕێوە دەچێت.

- ریكلام بۆ فرۆشتنی مەڕو مالآت و ئاژەڵ و پەلەوەر.

- ریكــلام بــۆ نووســینگەكانی گەیانــدن، هەڵبەتــە ئــەمڕۆ لەزۆربــەی شــارو شارۆچكەكانی كوردستاندا، چەندان نووسینگەی لەم بابەتە هەیــە، ئەوانــەش بــۆ پەیداكردن و سەرنج ڕاكێشانی خەڵك پێویستیان بە ریكلام هەیە.

- ریكلام بۆ پارێزەرە ناودارەكانی كوردستان.

- پروپاگەندە كردن بۆ شوێنە گەشـتوگوزارییەكان و ئــەو پاركانــەی كــە ســەر بەكەرتی تایبەتن.

- ســەرەڕای هــەموو ئەمانــەش، ڕۆژانــە خــەڵك پێویــستیان بەبلاوكردنــەوەی ئاگاداریو شتی لەم بابەتە دەبێت وەك: (پرسەنامە، پیرۆزبایی بەبۆنەی مارەبڕین و

هاوسەرێتیو منداڵ بوون، خانوو تاپۆکردن، ونبوون، ناو گۆڕین، بەناوکردنی ئۆتۆمبیل،.. تاد).

لەدەرەوە، ڕۆژنامەی ناوخۆی وا هەیە، لەڕێگای پۆستەوە بەخۆڕایی بەسەر سەرجەم خەڵکدا دابەش دەکرێت، چونکە بەهۆی ریکلامەوە قازانجێکی زۆر دەکاتو بەو هۆیەش خوێنەرێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا دەکات.. ڕۆژنامە گەورەو بەناو بانگەکانیش، پانتاییەکی گەورە بۆ ریکلام تەرخان دەکەن و، بەنرخێکی هەرزانی ڕەمزی دەفرۆشرێن.

ڕۆژنامەکان، پاش لاپەڕەکانی سیاسەت و کولتوورو ئابووریو ڕیپۆرتاژو وەرزش و هەمەڕەنگ، لاپەڕەکانی تریان تەرخان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلام.. ریکلامی وا کە لەوانەیە جارێ لەکوردستاندا، جێگای سەرنج و بەدواداچوون نەبێت.. نموونەی:

- فرۆشتنی پشیلەو توتکە سەگ.

- کۆنە مۆبیل و تەلەفزیۆن و سەلاجەو کەرەوێت و رایەخ و ژووری منداڵان، بۆ فرۆشتن یان بەدیاری پێشکەش کردن.. خاوەنەکەی، ئەدرەس و ژمارە تەلەفۆنی خۆشی بڵاودەکاتەوە.

- ژن هەیە لەمێرد دەگەڕێت، پیاویش هەیە لەژن.. هەر یەکەیان مواسەفاتی خۆی: (تەمەن، بالأبەرزی، کێش، ڕەنگ، ئارەزوو)، بڵاودەکاتەوە.

ریکلام، یەکێکە لەبڕبڕە سەرەکییەکانی هەیکەلی جیهانی سەرمایەداریو، هۆکارێکیشە بۆ برەو دان و هەرمێن پەیداکردن بۆ کۆمپانیاکان....

ڕۆژنامەی (حورییەت)ی تورکی، یەکێکە لەڕۆژنامە گرنگ و بەربڵاوەکانی ئەو وڵاتە، ئەوەندە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ریکلام دەدات کەجاری وا هەیە لەکۆی (٤٨) لاپەڕە، زێتر لە (٢٠) لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ ئەم مەسەلەیە...

ئەگەر توانیمان، عەقلّیەتی خەلّك بگۆڕین و زەمینەیەکی وا لەکوردستاندا بخولقێنین و برەو بەدنیای پڕوپاگەندەو ریکلام بدەین، بێ چەندو چوون دەتوانین چەندان ڕۆژنامەی سەربەخۆ دەربکەین... ئەو کاتە، پێویستیمان بە لەدەرگادانی ئەو حزب و ئەم حزب نابێت، بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیو کۆمەك و بوون بەپاشکۆ بوونیان و، بەدەیان دەنگی ئازادو بوێریش دروست دەکەین، کە گوزارشت لەداواکانی خەلّك بکات.. ئەو کاتە، ئەو دەنگانە، هێلی سووریان بەژێردا ناکێشرێت و خەلّکیش ئازاد دەبن لەدەربڕینی هەلّوێست و بیرو بۆچوونەکانیان...

# ڕۆشنبیریی نیشتمان پەروەری

بەهۆی ئەو شەڕو پێکدادانە ناوخۆییانەی کوردستان و گوێ نەگرتن لەداواکانی جەماوەر، لەلایەن هێزە شەڕ کەرەکانەوە، خەڵك گەلێکی زۆری کورد، بەتایبەتیش ئەوانەی ڕوویان لەدەرەوە کرد، لەسیاسەت و کوردایەتی کردن ساردبوونەوە.. تاکی وا هەیە، کە تەمەنی خۆی لەسیاسەت و کوردایەتی بەهەدەر داوە کەچی ئەمڕۆ وازی لەچالاکیو وابەستبوون بەحزبایەتی هێناوە... زۆر جارانیش کە قسە دێتە سەر کوردایەتی، بەڕاشکاوی دەڵێن، ئەگەر بۆم بکرێ ناسنامەی خۆم دەگۆڕم و بەکوردیش قسە ناکەم. لەوانەیە، ئەو خەڵکانە تاڕادەیەك لەسەر هەق بن و، ئەو شەڕە ناوخۆییەش هۆکارێك بێت بۆ وازهێنان لەسیاسەت و دوورکەوتنەوە لەزێدو مەملەکەت، بەڵام بەهیچ جۆرێك و بەهەر بیانوویەك بێت، ڕەوا نییە دەستبەرداری کوردایەتیو هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری بیت.. چونکە کوردایەتیو نیشتمانپەروەری هەر تەنها لەسەر یەکێتیو پارتی تاپۆ نەکراوە، تا ئەوان هێڵە سوورەکە ببەزێنن و تۆش دەستە وەستان و گۆشەگیر بیت و، پشت لەکولتوورو یادەوەریو ڕابردوو بکەیت و، خۆت لەو نیشتمانە نەکەیت بەخاوەن کە تەمەنی خۆت لەپێناویدا بەخشیووە.

ئەمڕۆ، لەهەموو کاتێك زێتر پێویستیمان بەتێگەیشتن لەچەمکی کوردایـەتیو هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری هەیەو، ئەو ولاٚتەش پێویستی بەوزەو توانای هەموو تاکێك هەیە، جا هەر کەسەو لەمەوقیعی خۆیەوە.. پێویستە پەند لەڕابردوو و ئـەو ولاٚتە پێشکەوتووانە وەربگرین، کە ئەوانیش قۆناغێك لەقۆناغەکان، بەو بارودۆخەی ئێمەدا تێپەڕیون. ئەلماٚنیای پاشماوەی هیتلەر، پاش کۆتا هاتنی جەنگ و شکـست خواردنی، زۆر بەپەرۆشەوە کەوتنە خۆو ولاٚتەکەیان ئـاوەدانکردەوە... ئـەوان ڕۆژێـك لەڕۆژان، بەچاوی داگیرکەر سەیری ئەو سەربازە ئەمریکییانەیان نـەدەکرد کـە بـۆ یارمەتی دان و ڕزگاربوون لەکابوسی هیتلەر هاتبوون. ئێستاشی لەگەلدا بێت، هێز گەلێکی زۆری سوپای ئەمریکا، لەکەمپەکانی ئەو ولاٚتە مۆلیان خـواردووە، جگـە لەکەسانێکی ژمارە کەمی ڕەگەزپەرست و پاشماوەی هیتلەر –ئەویش بەنهێنی- دەنا کەسی تر بەچاوی سووك و داگیرکەر سەیری ئەو هێزانە ناکەن.. ئەلماٚنیا، بـەهۆی ژیریی‌و لێهاتوویی خەلکەکـەیی‌و یارمـەتیـدانی هاوپـەیمانان، لـەولاٚتێکی خـاپوور کراوو کاولگە بۆتە ئەو ئەلماٚنیایەی کـە لـەبواری تـەکنیك و پیـشەسازیدا، شـان لەشانی زلهێزەکانی جیهان بدات... ئەلماٚنەکان، پێش هـەموو شـتێك، خـەلکێکی نیـشتمانپەروەرن و زێدەکـەی خۆیـان خـۆش دەوێـت، بەتایبـەتیش پـیرو بەسـالدا چووەکانیان. ئەو بەسالداچووانە، کە بەشارو شەقام و پارکەکانـدا گـوزەر دەکـەن، خۆیان بەکارمەندێکی شارەوانی حسێب دەکەن و، بێ بەرامبەر شەقام و پارکەکان، خاوێن دەکەنەوە. ئەوان لەکاتێکـدا، کـەخریکی هـەوا گـۆڕین و پیاسـە کـردنن، لەهەمان کاتدا، شوشەو قوتی بەتال و کارتۆن و قونکە جگارەو شتی لـەم بابەتـە کۆدەکەنەوەو، دەیخەنە سەبەتەی تایبەت بەو پاشماوانە. کەدەبینن، هەرزەکارێك، یان بێگانەیەك لقە دارێك دەشکێنێ یان ئازاری بالندەیـەك دەدات و شـتێك فڕێدەداتـە

سەر شەقام و پاركەكان، لێی وەدەنگ دێن و ئاگاداری دەكەنەوە، جارێكی تر ئەم كارە دووبارە نەكاتەوە.. كەلێیان دەپرسی، ئێوە كارمەندی شارەوانین؟! لێت دێنە دەست و دەڵێن: ئەو وڵاتە، جیلی ئێمە ئاوەدانی كردۆتەوە، چۆن دەستبەرداری وڵاتەكەمان بین و پارێزگاری لێ نەكەین، خۆ پارێزگاریكردن هەر بەچەك و سەنگەر گرتن نییە؟! ئەو خەڵكانە، هیچیان سەر بەحزبە دەسەڵاتدارو ڕكابەرەكانیش نین.

وڵاتێكی وەكو یۆنانستان، سەرەڕای بوونی چەند نەتەوەو ڕەگەزێكی بچووك بچووكی تری غەیرە یۆنانی، لەڕووی هەستی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەری، كەم نەتەوەی تر هەیە لەسەر ڕووی زەمین، شان لەشانیان بدات.. كەشتێكی نامۆو نابەلەد لەسەر خاكی وڵاتەكەیان دەبینن، بێ سیو دووكردن، ئاگاداری پۆلیس و ئاسایش دەكەنەوە. كەم كەس هەیە لەئێمەمانان، ڕێمان بەو وڵاتە كەوتبیو هەستمان بەو دیاردەیە نەكردبێت. كاتێك كەڕەوی كوردان، بەنیازی سەرهەڵگرتن بەرەو وڵاتانی ئەورووپا، بەو وڵاتە گوزەریان دەكرد، شەوانە شەو ڕۆیشتن و بەڕۆژیش لەناو جەنگەڵ و كەپرو خانوچكەی جوتیارو شوان و ڕاوچییەكان، خۆیان حەشار دەدا... لەو كاتانەدا، هەر هێندەت دەزانی، شوان و ڕاوچییەكانت لێ پەیدا دەبوون، زۆریان لێ دەپاڕاینەوە دەنگ نەكەن و ئاگاداری پۆلس نەكەنەوە، ئەوان هەر سوور بوون لەسەر خەبەردان و تەسلیم كردنت بەبنكەكانی پۆلیس.. زۆر جارانیش بۆ ڕازیكردن و لەخشتە بدرنت، دەیانگوت: لێرە بمێنن و خۆتان دەرمەخەن، باكەس نەتانبینێت.. كەشوانەكان دەڕۆیشتن، هەر هێندەت دەزانی سوار ماتۆڕە پۆلیسەكان، وەك زەنگە زۆرە بەسەرت وەردەبوون و قۆڵ بەستیان دەكردیت و سنوورداشی توركیایان دەكردیتەوە..

ئێمەی کورد، دوور لەوابەستەبوون بە یەکێتی‌و پارتی‌و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ترەوە، پێش هەموو شتێك پێویستە هەست بەنیشتمانپەروەری‌و کوردایەتی‌و خۆ بەخاوەن زانینی ئەو کوردستانە بکەین... چونکە ئەو سەرکردەو حزب و ڕێکخراوانە تاسەر دەسەلاّتدارو خاوەن بڕیار نابن، تائێمە بەبیانووی دژایەتی کردنی ئەوان، دژایەتی کوردایەتی‌و نیشتمانی خۆمان بکەین. ئەو ولاّتە هەر تەنها موڵکی ئەوان نییە، موڵکی هەموو تاکێکە کەخۆی بەکوردو هاولاّتی بوونی ئەو دەڤەرە بزانێت.

بۆ دەبێ چاوپۆشی لەخەڵکێکی نامۆو بێگانە بکەین و خۆمان بەخاوەن ماڵ نەزانین؟! بۆ دەبێت چاوپۆشی لەهەرزەکارێکی فاشیل و سەرلێشێواو بکەین و ڕێگە بدەین ژیان لەناو ببات و جوانیەکان بشێوێنی؟! خۆ ئەوانە هەر دوژمنی یەکێتی‌و پارتی نین؟! ئەگەر چاوپۆشی کردن لەو کەس و لایەن و بێدەنگ بوون لەئاستیان خیانەت نەبێت، ئەدی چ پێناسەیەکی تر بۆ خیانەت دادەڕێژین؟!

پێش هەموو شتێك، دەبێت کوردو کوردستانی بین. دەرس و عیبرەت لەڕابردوو و گەلانی پێشکەوتوو وەربگرین... سادەترین نموونەش بۆ ئەم ئەزموون و پەند وەرگرتنە، بەساڵداچووەکانی ئەڵمانیاو شوان و ڕاوچییە یۆنانیەکانە...

# وەڵامێکی هێمنانە بۆ کاك
# (عەزیز قادر سامانچی):
# زمانی ژمارە... نەك زمانی گۆترە

ڕەوشی عێراق، ئەمڕۆکە بۆتە سەرباسی هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەو بەرنامەکانی کەناڵە ئاسمانیەکان.. کەناڵە عەرەبییەکانیش درێغییان نەکردووە لەباسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم ڕەوشە، جا چ بە ئەرێنی بێت یاخود بەپێچەوانەوە. کەناڵی ئاسمانی (ANN)، یەکێکە لەو کەناڵانەی کەهیچ نەبێت هەفتەی جارێك لەڕێگای بانگهێشت کردنی کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان، ئەم بابەتە دەکاتە تەوەری گفتوگۆ.

ڕۆژی سێ شەممە، ١٤/١/٢٠٠٣، لەبەرنامەی (قناديل في الظلام)، بانگهێشتی دوو کەسایەتی عێراقی (کوردو تورکمان)ی کردبوو.. خاتوو ئالا تاڵەبانی، نوێنەری یەکێتی ژنانی کوردستان و بەڕێز (عەزیز قادر سامانچی) نوێنەری بەرەی تورکمانی لە لەندەن. ئەوەی جێگای سەرنج و لێووردبوونەوە بوو، داخۆیان و بانگەشەکانی کاك (عەزیز) بوو، کەوای لێکردم ئەم تێبینیو وردە سەرنجانە بخەمە ڕوو.

تورکمانەکان، بەتایبەتیش بەرەی تورکمانی ئەوە یەکەمین جاریان نییە داخۆیانی لەم بابەتە بدەن.. ئەگەر کەسانێك هەبێت بەدوای کەناڵی تورکییەکان (تەلەفزیۆن و رۆژنامە)دا بچێت، ئەوە سەدان سەرنج و تێبینی لەم بابەتە دەستەچن دەکات. کاك (قادر) نەك جارێك، بەڵکو چەندان جار بەڕاشکاوییەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە:

- ژمارەی تورکمانەکان لەعێراقدا زێتر لە (٢-٣) ملیۆنن.
- ڕازی نین بڵێین، هەولێر شارێکی کوردیە، بەڵکو دەبێت بڵێین شارێکی عێراقیە.
- ئەوان –بەرەی تورکمانی- بەفیدراڵی ڕازی نین.. ئەگەر فیدراڵی بۆ سەرجەم عێراق دانی پیانراو بووە ئەمری واقیع، ئەوا ئەوان دژی دەوەستن و بەربەرەکانی دەکەن.
- دەبێت بەشی تورکمانەکان لە ٦٪ زێتر بێت، چونکە پێکهاتەیان لەعێراقدا زۆر لەوە زێترە.
- ئەوان بەکرێگیراوو داردەستی تورکیا نین.

برادەرێکی تری تورکمانیش –وابزانم ئەویش نوێنەری بەرە بوو- لەسوێدەوە کەناوی (محەمەد خورشید) بوو، زێتر جەختی لەسەر قسەکانی کاك عەزیز کردو گوتی: (.. ئەگەر سەیری هەولێر بکەین، ئەوە ژمارەی تورکمانەکان زۆر لەکوردەکان زێترن). ئەمانەو زۆر هەوڵی تری لەم بابەتە، کە لەوانەیە خەڵکی نەشارەزاو غەیرە عێراقی پێ چەواشە بکریو مەسەلەکە تووشی تەنگژەیەکی قوڵتر بکات.

ئێمە بۆ ڕاستیو دروستی بۆچوونەکان، بە بەڵگەو ژمارە قسە دەکەین، چونکە ئەمڕۆ زمانی گۆترەو گۆترە کاری کاتی بەسەرچووەو بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسەکانیش هیچ سەنگێکیان نیە.. ئەوان پێیان وایە –ئەگەر بەئاشکراش نەیدرکێنن- کەرکوك و موسڵ و هەولێر سێ شاری تورکمانین و نابێت بچنە ناو

بازنەی دەسەلاٌتی کوردەوە.. ئێمە بەکاك عەزیز و ئەمـسالەکانی دەلـێین، باشـترین بەلگە کە ئەمڕۆکە لەبەردەستی خەلکی عێراقدایە سـەرژمێری سـالی (١٩٥٧)و داخۆیان و ڕاگەیاندنی چەند گەشتیارو ڕۆژهەلاٌتناسێکە لەبارەی ئەم پرسەوە. با کاك عـەزیزو بـەری تورکمـانی ئەوەنـدە پەلـە نەکـەن لەگـەورەکردن و زەقکردنـەوەی یەکگرتووەکان و لەسەقایەکی ئازاددا ئەنجام دەدرێ، ئەوجا کورد گۆتەنی: (.. ڕەش و سپی بەدەر دەکەوێت).

جارێ بۆ مەسەلەی زۆری ژمارەی تورکمانەکان و تورکمـان بـوونی کەسـایەتی شاری کەرکوك، ئەوە باسەیری (قاموسی ئەعلامی شەمسەدین سامی -بکات- کە لەسالی ١٨٨٩ی زایینی لەئەستەمبۆل دەرچووە. دەربارەی کەرکوك دەلـێ: ژمـارەی دانیشتوانی ٣٠ هەزار کەس دەبن، ئەگەر بێتو دابەشیان کەینە سەر چوار بەش ئەوە سێ بەشیان کوردن و بەشەکەی تریشیان تورکمان و عەرەب و کلدانن)[١].

ئەو کتێبە، کورد نەیاننووسیوە، تاوەکو زێدەڕۆیی تێدا بێت و مەسەلەی سـۆزی نەتەوایەتی زال بوو بێت، بەلکو نووسـەرێك نووسـیویەتی کەسەرچـاوەی ئیلـهام و دەرس وەرگرتنە بۆ تورکمانەکان و لەشوێنێکی وەك ئەستەمبۆل چاپکراوە کە بۆتـە قیبلەی بەرەی تورکمانیو بەو بایە دەژین کە لەوێوە دێت.

هەروەها دکتۆر (فاضل حسین)یش کـە نووسـەرێکی عەرەبـە (لەکتێبەکەیـدا (مشکلة الموصل) کەچاپی سێیەمی لەسالی ١٩٧٧ی زایینی بەیارمەتی زانستگای بەغدا چاپکراوە، ژمارەی دانیشتوانی کـەرکوك بـەپێی لیژنـەی لێکۆلینـەوە کـە لەناوەڕاستی بیستەکاندا پێکهاتبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات: (عـەرەب

---

١-فەیسەل دەباغ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسـەرژمێری سـالی ١٩٧٧ دا، بەشـی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٠.

٣٥,٦٥٠ کەس)، (کورد ٤٧,٥٠٠ کەس)، (تورك ٢٦,١٠٠ کەس)، (دیان ٢,٤٠٠)[١].

ئەم دوو نووسەرە (شەمسەدین سامیو فاضل حسین)، هیچیان کورد نین، تاوەکو بەلای کوردەوە دایانشکاندبی. جگە لەوەش کەکتێبەکەی شەمسەدین سامی چاپکراوە -ساڵی ١٨٨٩- ئەو کاتە کەرکوك و تەواوی عێراق لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرە عوسمانیەکاندا بووە، تاوەکو دڵنیا نەبین لەڕاستیو دروستیو، بڵێین لەژێر گوشاری سیاسی کورددا نووسراوە؟!

هەروەها (لەکتێبی (الأحصاء في العراق ١٩٤٨)یش کە حکومەتی عێراق لەبەغدا لەساڵی ١٩٥٤دا بلاوی کردۆتەوە ژمارەی کورد لەکەرکوکدا ١٥١/٥٧٥ هەزار کەس بووە، واتە ٥٣٪ سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك کە ٢٨٦/٠٠٥ کەس بوو)[٢].

لەسەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧یش کەزۆربەی هەرە زۆری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەوە دەکەنە بنەمای پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق، پێکهاتەی کەرکوك بەم شێوەیە بووە، (١٨٧٥٩٣ کورد ١٠٩٦٢٠ عەرەب، ٨٣٣٧١ تورکمان، ١٦٠٥ سریانی، ٦٦٥٠ نەزانراوە)[٣].

لەم سەرژمێرییەشدا، دیسان ژمارەی کورد بەشێوەیەکی یەکجار بەرچاو لەعەرەب و تورکمان زێدەتر بووە.

---

١ – فەیسەڵ دەباغ، کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا، بەشی دووەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٠.

٢-هەمان سەرچاوە، ل١٠.

٣ -د.عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ- دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٧٣.

ئەگەر كاك عەزیز و بەرەی توركمانی دڵیان بەوە ئاو ناخواتەوەو ئـۆقرە نـاگرن، ئەوە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٩٧یش –كەپێم وایە غەدرێكی زۆر لەكورد و توركمان و غەیرە عەرەب كراوەو نابێت بكرێتە سەرچـاوە- ئـەوە پێكهاتـەی كـەركوك بـەم شێوەیە بـووە، (٣٧/٦٪ كـورد، ٤٤/٤٪ عـەرەب، ١٦/٣٪ توركمـان، ٨،٠٪ سریان)[1].

بۆ مەسەلەی پێكهاتەی باشووری كوردستانیش، ئەوە لەسەرژمێری ١٩٥٧دا بەم شێوەیە بوو: (١٠٠٢٠٠٠ هـەزار كـەس كـورد، ٦٤٣٠٠٠ عـەرەب، ١١١٠٠٠ توركمان، ٥٣٠٠٠ سریان)[2]. بەپێی ئەو نەزەرییەی كە دكتۆرە خاتوو (هانە لۆرە كیوشلەر) لەنامەی دكتۆراكەیدا، لە پەراوێزی ژمارە ٢٠ی لاپەڕەی ٥٣٥دا ئاوەها دەنووسێت: (بەپێی یاسایەكی دیموگرافی، نەتەوەكان هەر بەبیست ساڵ ژمارەیـان دەبێتە دوو قاتی خۆی)[3] كەواتە بەگوێرەی ئەو نەزەرییە، دەبێت بۆ سـاڵی ٢٠٠٢ پێكهاتەی دانیـشتوانی كوردسـتان بـەم شـێوەیە بێـت: (٤/٨٠٩/٦٠٠ كـورد، ٣/٠٨٦/٤٠٠ عەرەب، ٥٣٢/٨٠٠ توركمان، ٢٥٤/٤٠٠ سریان).

لەم حالەتەشدا ژمارەی كوردەكان بەزێتر لەحەوت قات لەژمارەی توركمانـەكان زێترە. كەواتە بەچ هەقێك ڕێ بەخۆیان دەدەن ژمارەی توركمانەكان بەقەدەر كورد یان زێتر حسێب بكەن؟! دەبێ ئەوەش بزانین، ئەو سەرژمێرییەی ساڵی ١٩٥٧ كە ژمارەی توركمانەكانی بە (١١١) هەزار كەس حسێب كردووە، تەنها باشووری كوردستانەو،

---

١ – د.عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ- دیمۆگرافیای باشووری كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٧٣.

٢ –هەمان سەرچاوە ل٥٤.

٣ – د.جەمال نەبەز، كوردستان و شۆڕشەكەی، وەرگێڕانـی بـۆ كـوردی، كـوردۆ عـەلی، سـوێد، ١٩٨٥، ل١.

باشووری کوردستانیش ئەم شارانە لەخۆی دەگرێت: (هــەولێر، کــەرکوك، موســڵ، ســلێمانی، خانــەقین، دهــۆك). واتــە ژمــارەی تورکمانــەکان لەســاڵی ٢٠٠٢ دا، لەسەرجەمی ئەو شارانەدا (٥٣٢/٨٠٠) هەزار کەسە. ئەگەر سەرجەم عێراقیشی بخەینە سەر ئەوە چ بارستاییەکی ئەوتۆ زێدە ناکات، چــونکە ڕێــژەی تورکمانــەکان بەزۆری لەو شارانەن کە ناومان بردون. جا توخوا چ ڕەوای هەقــە، ئەمڕۆکــە نیــو ملیۆن کەسیان لێ ببێتە (٢-٣) ملیۆن؟!

بۆ بەرچاو ڕوونتر کردنشیان، دەبێ ئەوەش بزانن کە ڕێژەی چڕی دانیشتوانیان لەم شارانەدا، کە خۆیان بەزۆربە دەزانن بەم شێوەیە: (هەولێر ٨٧٪ کــوردو ٣٩/٤٪ تورکمــان، مەڵبەنــدی قــەزای کــەرکوك ٣٨٪ کــوردو ٢١٪ تورکمــان، ناحیــەی تازەخورماتوو ٤٤٪ کــوردو ٣٢٪ تورکمــان، ناحیــەی پــردێ ٧٥٪ کــوردو ١٧٪ تورکمان، ناحیەی قەرەتەپە ١٢٪ کورد ٤٪ تورکمان، مەڵبەندی قەزای تەلەعفەر ٥٢,٠٪ کــوردو ٥٢/١٪ تورکمــان). لەقــەزای تەلەعفــەردا بەرێــژەی لــە ١٪دا لەکوردان زێترن، ئەویش عەرەبەکان لە ٩٧٪ن، دەنا لەهەموو ئەو شارانەی لافــی تورکمانی بوونی پێ لێدەدەن، کورد بەرێژەیەکی زۆر لەوان لەپێشترن. ئەم ژمارەیەی باسمان کرد بەرەنجامی سەرژمێری (١٩٧٧)ە، کە زۆر جێگای گومانە، بەڵام هەر بۆ ئەوەی بزانن ڕێژەو قەوارەی ئەوان ئەوە نییە کەباسی دەکەن، خستوومانەتە ڕوو.

ئەمە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و عێراقە، با کاك عەزیز و بــەرەی تورکمــانی سەر پشك بن، یەکێك لەو هەموو سەرژمێرو تۆمارو نەزەرییانە هەڵبژێرن و قەوارەی واقیعی خۆیان بزانن، ئەگەر هەر ڕازیش نین ئەوە بــاوەك هــەموو نەتــەوەو کەمــە نەتەوەو تایفەکانی عێراق بێ دەنگ بن تا هەڵبژاردنی گشتی دوای نەمانی ڕژێمی دکتاتۆری سەدام.. ئەگەرنا هەر داخۆیان و ڕاوو بۆچوونێکی تری لەو بابەتانــەیان،

جگە لەئیستیفزاز کردنی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان، هیچ شتێکی تـری لێ شین نابێت.. بـەرەنجامی ئیـستیفزازو ئیهانـە کـردنیش شـەپۆڵی ڕق و کینـەی لێ دەکەوێتەوە، کەئەوەش نە لەبەرژەوەندی کوردو نە لەبەرژەوەندی تورکمانەکاندایـە... ئەوە قەدەرە، دەبێ پێکەوە بژین.. بەڵام بـا لەبـەر بەرژەوەندییـە هەنووکەییـەکان، لەخۆمـان بایی نەبین و قەوارەو کێشی خۆمـان، لەهاوکێشە سیاسیەکاندا، وەك هەیە، باس بکەین، نەك بکەوینە داوی سۆزو ئەندێشە ئامێز.

هەر لەپەراوێزی ئەم نووسینەشدا، پێم باشە ئەم خاڵانە ڕوون بکەمەوە:

١-تورکمانـەکان لەسـاڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، هـەموو خۆیـان بـەکورد دەزانـیو (بارزانی)یان بەسەرکردەی خۆیان دەزانی.

٢-لەساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٧وە، ئەوەندەی خۆیان بەعەرەب حسێب دەکرد، نیو هێندە خۆیان بەتورکمان نەدەزانیو بەشی زۆریشیان خزابوونـە نـاو تۆڕەکـانی حزبـی بەعسەوە، چونکە ئەو کاتە بەخت و چارەنووسی کورد ڕوو لەلێژی بوو.

٣-لەساڵی ١٩٨٨یشدا، کاتێك کەزۆربەی کوردەکان لەریزەکانی سوپادا هەڵدەهاتن و ڕازی نەبوون ببنە سووتەمەنی جەنگی کاولکاری عێراق- ئێـران ئـەو کاتـە ڕاپەڕینێکی مێژوویی لەکوردستان سەریهەڵداو ڕژێمی ناچار کرد کە کوردەکـان لەخزمەتی سەربازی ببوورێ.. ئەو کاتە دەبوایـە (مەزبەتـەی تەئید قەومیـەو تەئیدی موختار) پەیدا بکەیت، تاوەکو کورد بوونی خۆت بسەلمێنیو لەخزمـەتی سەربازی ببووردرێیت. لەو سەردەمەدا، تورکمانەکان بەدوای سـەرژمێری (٤٧-١٩٥٧)دا دەگەڕان و خۆیان دەکردەوە کورد، تاوەکو ببووردرێن.

٤-لـەپاش ڕاپـەڕین و دوای سـاڵی ١٩٩٦، کـەرژێمی تورکیـا زێتر هاتـە نـاو هاوکێشەکان و هەوڵیدا جێ پێی خۆی لەباشووردا بکاتەوە... بەبەر قەرار بوونی

ئەو سەقا دیموکراتییەو ئازادییە لەبارە، بەدەیان ڕێکخـراوو پـارت و کۆمەڵـەی تورکمانی، سەریان هەڵدا، کـە زۆربـەی سـەرکردەکانیان لـەپێش ڕاپـەڕین دا، لەریزەکانی سوپاو ئـەمن و ئیـستخباراتدا بـوون و دەسـتێکی باڵایـان هـەبوو لەسەرکوتکردن و ڕاوە کورددا.

٥-ڕژێمی تورکیا لەساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦، لەژێر ناوی ڕێکخراوی خاچـی سـووری تورکیـاو ڕێکخـراوە مـرۆڤ دۆسـتەکاندا، چـەند ترێلـە خـواردنێکی دەهێنایـە کوردستان و تەسلیمی ئەو پارتە تورکمانیانەی دەکرد بۆ دابەشـکردنیان. پارتـە تورکمانییەکانیش، دەیاندایە ئەو کەسانەی کە ئەندامی خۆیان بوون. لەم کاتەدا، کەگرانیو قات و قڕیو بێ کارو نەبوونی موچەی مانگانە، باڵی بەسەر خەڵکی کوردستاندا کێشابوو، بەناچاری خەڵك گەلێکی کورد دەبوونـە ئەنـدامی ئـەو پارت و کۆمەڵانە، بۆ دەستەبەرکردنی پسولەی ئەرزاق، کە بەشی هەرە زۆریـان لادێ نشین بوون و بەزمانی تورکمانی یەك ڕستەیان بۆ دروست نەدەکرا. ئەگـەر بەرە ئەوانە بەتورکمان حسێب دەکات، بادەست لەم خەونە نەزۆکە هـەڵبگرێت، کە ڕژێمی تورکیاشی پێ چەواشە کردووە.

٦-گلەییەکیشمان لەسەرکردایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) هەیە، چـونکە ئەو هەواڵانەی کە لەسلێمانییەوە دەگەن، دڵخۆشکەر نین. گوایە:

- یەکێتی ٤٠٠ پارچە زەوی لەکۆیە داوەتە بەرەی تورکمانی بۆ نەخۆشخانەو ئەو ماڵە تورکمانە دەرکراوانە[1].

---

١-ڕۆژنامەی (میدیا)، ژمارە (١٢٩)، ١٥/٨/٢٠٠٢ کە ئەویش لەڕۆژنامەی (تورکمن إيلي) ژمارە (٤٨٣)ی ٢٨/٧/٢٠٠٢ی وەرگرتووە.

- ڕۆژی ٧/١١/٢٠٠٢، یەکێتی تاپۆی (١٠) هەزار مەتر چوار گۆشەی زەوی گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی دایە (بەرەی تورکمانی)[1].

ئەوە لەکاتێکدایە کە ژمارەی تورکمان لەسلێمانی هەر نیە یان لەچەند ماڵێک تێپەڕ ناکات... ئەو هەموو ناز ڕاگرتنە، لەپاداشتی ئەو داخۆیانەی (مستەفا کەماڵ یایچلی) ئەندامی شورای بەرەی تورکانیەیە، لە ١/٨/٢٠٠٢دا لەکەناڵی ( Cnn Turk) کە گوتی: (... لەساڵی ١٩٩٢وە پەرلەمان هەیە، ئێمە دانی پێدانانێین، ئێمە شورامان هەیەو ئەم شورایە تاکە دەزگایە کەنوێنەرایەتی گەلی تورکمان دەکات... دەبێ ناوچەکانی کەرکوك و موسڵ و بەشێك لەهەولێر بۆ تورکمانەکان و ناوچەکانی دهۆك و سلێمانیش بۆ کوردەکان)[2] بێت.

هەموو ئەو داخۆیانە چەواشەکارییانە لەکاتێکدایە کە تورکمانەکان لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا، دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسیو کولتوریان هەیە بەزمانی خۆیان دەخوێنن و چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی تەلەفزیۆنیان هەیە، کە لەسەردەمی بەعسدا بەخەونیش نەیانبینیبووە.

تورکمانەکان لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا، نەك لەژێر فشاردا نین، بەڵکو خاوەن فشاریشن و بەردەوام ئیهانەو ئیستیفزازی خەڵکی کوردستان دەکەن. با کاك عەزیزو بەرەی تورکمانی، داخۆیانەکانیان بۆ پاش هەڵبژاردن هەڵبگرن و دەست هەڵگرن لەو چەواشەکارییە کە لەبەرژەوەندی کوردو تورکمان و سەرجەم گەلانی عێراقدا نیە.. باچیتر نەبنە کوری ڕۆژو لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، بەقەناعەتەوە کەسایەتی نەتەوایەتی خۆیان دیاری بکەن.

١-میدیا، ژمارە (١٣٦)، ١٦/١١/٢٠٠٢.

٢-میدیا، ژمارە (١٢٩)، ١٥/٨/٢٠٠٢.

# لەپەراوێزی ڕاپرسییەکەی (گالوپ)ەوە: کوردو عەرەب، جیاوازییەکی زۆرو بۆشاییەکی گەورە

مەلیك فەیسەڵی یەکەم، لەبیستەکاندا، دانی بەوەداناوە کەدەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق، هیچ جۆرە یەکێتییەکی نەتەوەیی تێدا نییە. ناوبراو، تەواو هەستی بەو جیاوازییە زۆرە کردووە کە لەنێوان نەتەوەو پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە.. هەر بۆیە، نزیکبوونەوەو یەکگرتنی ئەو پێکهاتانەی لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، بەئەستەم زانیووە.. پاش ئەم داخۆیانەش، ڕاستییەکان گەورەترو بەرچاوتر دەرکەوتن، کە لەسەردەمی بەعسییەکاندا، لەئەنجامی سیاسەتی هەڵەشەو توندو تیژیدا گەیشتە چڵەپۆپە. کوردو عەرەب، نموونەی دوو نەتەوەو کولتوورو بیروبۆچوونی جیاوازی ئەو چوارچێوە بەزۆر دروستکراوەیە.. مرۆڤ، بە چ شێوەیەك بیری لێبکاتەوە، شانسی جیاوازیو جودابوونەوە زۆر زێتر دەبێت لەپێکەوە ژیان لەیەك چوارچێوەدا. باشترین نموونەش، بۆ گەورەبوون و وەبەرچوونی ئەو

بۆشاییە، ڕاپرسییەکەی (گالوپ)ە کە لەمانگی نیسانی ڕابردوو لەسەرجەم عێراقدا ئەنجامدرا...

ڕاپرسییەکە، (٣٥٠٠) خانەوادەی عێراقی گرتۆتە خۆ کە (٤٦٠) خێزانیان کوردن. وەرگرتنی ڕایەکان، بەشێوەیەکی ڕەمەکی بووەو لەهەر خێزانێکدا، ڕای یەك کەس وەرگیراوە. وەرگرتنی ڕای کەسی خێزانەکانیش، بەهەمان شێوە بووە.

لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەنجامەکان و تاوتووێ کردنیاندا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە ئەو هەوڵەی عێراقییەکان (بە تەواوی نەتەوەو پارت و چین و توێژەکان)، لەپێناوی سارێژکردنی زامە کۆنەکان و یەکێتی خاکی عێراق و دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق، دەیدەن، هەوڵێکی نەزۆك و چەواشەکارو دوور لەویستی خەڵکی کوردستانە... بەهەر شێوەیەك بۆی بچین، دوو کولتووری جیاواز، دوو پێکهاتەی دژ بەیەك بەرەو ڕوومان دەبێتەوە.. ئەگەر بتوانین بۆ ماوەیەکیش ئاسایش و ئارامیو تێکهەڵنەچوونەوە بەرقەرار بکەین، ئەوا لەدوا ڕۆژدا، هەمان تاس و حەمامی دوێنیو پێرێ دووبارە دەبنەوەو چەند بارە گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی تووشی مەینەتیو ماڵ وێرانی دەکەنەوە. ئەو کولتوورو پێکهاتە جیاوازانە، بەتەواوی لەڕاپرسییەکەدا دەرکەوتووە... شانسی بەیەکەوە ژیان و دانیشتن لەسەر یەك سفرە زۆر کەمە، یان هەر نییە.

دەربارەی ئەو بارە ڕەخساوەی عێراقی پاش ڕزگارکردنی لەدکتاتۆریەت، جیاوازی دەنگەکان زۆر زەقتر دەبن. هەر چەندە ئەوە ڕای هەموو دانیشتوانی عێراق بەکوردستانیشەوە نییە، بەڵام وەك کورد گۆتەنی: (مشتێك نموونەی خەروارێکە). لە ٩٧٪ی کوردەکان، بەچاوی ڕزگارکەرو خۆشەویستی لەئەمەریکاو هێزە هاوپەیمانەکان و شەخسی (جۆرج بۆش) دەڕوانن.. کەچی لە ٢٨٪ی شیعەکان و لە

٢٠%ی عەرەبە سونیەکان هەمان هەڵوێستیان هەیە. دەربارەی مانەوەی هێزە هاوپەیمانەکانیش، کە گەلی کورد بەهێزێکی ڕزگار کەرو ئارام بەخشی دەزانن و، تاقیکردنەویەکی تاڵیان لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بەپادشایەتیو کۆمارییەوە، هەیە، لە (٩٦%)یان، داوای مانەوەی ئەو هێزانە دەکەن... کەچی عەرەبەکان، زۆر پەرۆشی ئەوەن کە ئەو هێزانە، هەرچی زووترە عێراق جێبهێڵن و مەیدانەکە بۆ خۆیان قۆرخ بکەن.. هەڵبەتە مەرامی تایبەتیان هەیەو، هەوڵ دەدەن لەشەوو ڕۆژێکدا، بەنیازی یەکێتی عێراق و جیاوازی نەبوون لەنێوان پێکهاتەکانیدا، ئەو بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان، چ بەخۆشی بێت یان بەناخۆشی، بگێڕنەوە ژێر ڕەشماڵە عێراقییەکە، کە لەمەینەتی و ماڵ وێرانیو خوێن و فرمێسك بەو لاوە، هیچ شتێکی تری بەکورد نەبەخشیووە.. لەم ڕووەوە لە (٢٨,٥%)ی عەرەبەکان، بە شیعەو سوننیەوە داوای مانەوەی ئەو خێزانانە دەکەن.. لەبارەی بیرو بۆچوونو خۆشەویستی بۆ هێزە هاوپەیمانەکان، لە ٩٧%ی کوردەکان، بەڕزگارکەریان دەزانن، کەچی ڕێژەی لایەنگیری ئەم بۆچوونە لەنێوان عەرەبەکان زۆر زۆر نزمە کە خۆی لە (٨,٥%) دەدات. بۆ دادگایی کردنی سەدامیش لە (٩٩%)ی کوردەکانو لە (٧٧%)ی عەرەبەکان، بەڕەوای دەزانن.

دەربارەی تاوانبارکردنی سەدام بەبەرپرسی کوشتنی مەدەنی، سەد دەرسەدی کوردەکان لەگەڵ ئەو ڕایەدان، کەچی عەرەبە سونیەکان، کە بەشی زۆریان لەڕژێمی سەدام سوودمەند بوون و پلەو پایەی بەرزیان هەبوو، لە (٦١%)یان لەگەڵ ئەو ڕایەدان. دەربارەی مافی ئافرەت و پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤیش، دیسانەوە کورد زۆر لەپێش عەرەبن و کەلێنەکان زۆر بەزەقی دەبینرێن.. هەر چەندە سەدام بەرامبەر بەکورد ئەوەندە دڕندە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاوبۆچوونی کورد زێتر لەگەڵ

ڕاوبۆچوونی سەردەم و شارستانیانەدا هاوسۆزە. لە (٥٣٪)ی کوردەکان، سەدام بە موستەهەقی لەسێدارەدان دەزانن، کەچی عەرەبەکان (بەتایبەتیش شیعەکان)، کە کولتووری ئایین و مەزهەب و توندو تیژیی و یەکتر قبوول نەکردن، لەناویاندا سەقامگیرە، لە (٧٠٪)یان ئەو حوکمە (لەسێدارەدان)، بەڕەوا دەزانن... لەبارەی پۆستە سیاسیی و ئیدارییەکان، لە (٩٨٪)ی کوردەکان ئەم مافە بەڕەوا دەزانن، کەچی لە (٣٩,٥٪)ی عەرەبەکان هەمان بۆچوونی کوردیان هەیە.

لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنە خێراکاندا، سەردەمی حوکمی هێزو تێزە ئایینییەکان، لەهیچ کونج و کەلەبەرێکی دنیا (جگە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکان) نەماوە. هەر لەم ڕوانگەیەوەش لەبارەی، (ئایا حکومەتی داهاتووی عێراق زۆربەی سەرکردەکانی ئایینی بێت؟) لەسەدا سفری کوردەکان، واتە (هیچ) تاکێکی کورد لایەنگیری ئەو بۆچوونە نییە. کەچی لە (٢١٪)ی عەرەبەکان لەگەڵ ئەم داوایەدان.

بێجگە لەم مەسەلە هەنووکەیی و چارەنووسسازانەی کەباسمان کردن، لەبارەی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و ناسنامەو هەستی تایفەو عەشیرەت و ئایین گەرایی و خۆشەویستی بۆ ئەمریکاو سوپای تازەی عێراق و... تاد، جیاوازی و بۆچوونەکان، ئەوەندە زۆرن کەهیچ پێوەرێك ناتوانێت لەخۆیان بگرێت و هیچ مێزێکیش ناتوانێت ئەو بۆچوونە لەیەك دوورو ناتەبایانە، لەیەکتر کۆبکاتەوە. جا لەبەر ئەوە، بەپێی بۆچوونە ڕاگەیانراوەکانی زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارو ڕوناکبیرو ڕۆژنامەنووسە (پێشکەوتنخوازەکان) کوردو عەرەب و هەموو جیهان، باشترین چارەسەرکردن، جیابوونەوەی یەکجارەکی ئەو بەشەی کوردستانە، کە بەزۆری زۆردارەکی لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەعێراقەوە لکێنرا. هەر چارەیەکی تر لەدەرەوەی ئەو بازنەیە، کارێکی دژوارو چاوبەستەکی و فێڵ کردنە لەخودی خۆو، دوورکەوتنەوەیە

لەدۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی دروست و هەمیشەیی.. کولتووری کوردیو کولتــووری عەرەبی، ئەوەندە لێك دوورن کە وشــەی (عێراقــی) بــەزۆری زۆردارەکــی دەیــەوێت بەیەکەوەیان ببەستێتەوە. بچووکترین و سادەترین نموونە، کاتێك کە عەرەبــە شــیعە مەزهەبەکان، لەڕێو ڕەسمە ئاینییەکانیدا، وەك کولتورێکی پەیڕەوکراوی باو، بەزنجیر لەخۆیان دەدەن و خوێن لەهەموو جەستەیان دەچۆڕیو شین و شەپۆڕ دەکــەن، لــەو کاتانەدا، شاشەکانی جیهان ئەو دیمەنە دەگمەنانە بۆ هەموو ماڵێــك دەگوازنــەوە.. کاتێك کەبیانیەك بەپێکەنین و گاڵتەجاڕی لێت دەپرسێت: (تۆش عێراقیو ئــەوەش کولتووری تۆیە...) لەناختەوە هەست بەداشکان و دواکەوتوویی‌و جێماو لەکاروانەکە دەکەیت و، ئارەقەی شەرمەزاری دەردەکەیت، هیچ پاساوێکت بۆ نامێنێتــەوە جگــە لەوەی کەبڵێیت: (.. من کوردم و بەزۆر بەو کولتووره لکێندراوم... کولتــووری مــن بێبەرییە لەو کولتووره دواکەوتووە...) هەر بۆیەش، هیچ ســەیر نییــە، لەســەرجەم ڕاپرسیەکەدا لەسەدا سفری کوردەکان، عێراقی بوون بەشوناسنامەی خۆیان دەزانن...

# ڕۆژئاواو ئیسلامییە ڕاکردووەکان

بەگوێرەی ئامارو هەواڵەکانی دەزگاکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان، سـێ لەسـەر چواری پەناهەندەکانی هەموو دنیا، لەولاّتە عەرەبی‌و ئیسلامییەکانەوە هاتوون.واتە لە ٧٥٪ی سەرجەم هاووڵاتییە ڕاکردووەکان، ئەو کەسـانەن، کـە لەبـەر نـەبوونی ئازادی‌و فشاری جۆر بەجۆری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، زێدی باپیرانییان جێهێـشتووەو لەولاّتەکانی ئەورووپاو ئەسکەندناڤیاو ئەمریکادا، گیرساونەتەوە... ئەوە، بەڵگەیەکی ڕاست و دروست و هاشا هەڵنەگری ئەوەیە کەباری ژیان و مافەکانی مرۆڤ لەولاّتـە خانە خوێکان زۆر باشترو لەبارترە.. بۆیە، ئەو کاتانە مەجبورر بووینە هەزاران میل ببڕن و پشت لەیادەوەری‌و خاك و کەس و کار بکەن.

ئەوەی جێگـای سەرسـوڕمان و تێڕامانـە، چـەند سـاڵێکە، ئـەو کەسـایەتییە سیاسییە ئیسلامییە عەرەبییانە، لە کەناڵە عەرەبییە شۆڤینیەکانەوە، بـێ بۆنـەو هۆ، هێرش دەکەنە سەر ئەو ولاّتانە (خانە خوێکان)، کەتەواوی تەمەنی خۆیان لێ بردۆتە سەر، بەو بیانووەی ڕێز لـەڕێ‌و ڕەسمـی ئـایینی هاووڵاتییـە موسـڵمانەکان

ناگرنو گاڵته بە بەها پیرۆزەکانیان دەکەن و ئەو دیموکراتییەی کەباسی دەکەن دەهۆڵێکەو دەنگەکەی هەر لەدوورەوە خۆشە. ئەو خوشك و برا موسڵمانانە، ئەو هەموو ماف و ئیمتیازاتانە فەرامۆش دەکەن، کە لەو وڵاتانەوە پێیاندراوە.. لەو وڵاتانەدا، پەناهەندە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەکان، لەهەموو ڕوویەکەوە یەکسانن و بەیەك چاو سەیر دەکرێن... وەك هەر هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتانە، حسێبیان بۆ دەکرێت. لەکاتی بێکاریدا، بەیەکسانی بیمەی بێکاری وەردەگرن. خۆ ئەگەر هیچ کارێکیشیان نەکردبێت، ئەوا دەزگاکانی سۆسیال (کۆمۆنە) پارەی ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دابین دەکات و خانوویان بۆ دەگرێت و وەرزی هاوین و زستان، جل و بەرگیان بۆ دابین دەکەن یان پارەی تایبەتییان دەدەنێ. پارەی دەلاڵی خانوو دۆزینەوەو پێویستییەکانی خوێندنی منداڵەکانیان بۆ مسۆگەر دەکەن. لەهەر شارو شارۆچکەیەکیشدا، چەند خێزانێك هەبێت، هەقی خۆیانە مزگەوت و قوتابخانە بکەنەوەو زمانی دایك فێرە منداڵەکانیان بکەن.

خەڵکی وا هەیە، بیست ساڵە لەئەورووپا دەژیو ڕۆژێك چییە کاری نەکردووە، بۆتە بارگرانییەك لەسەر ئەو وڵاتانە، کەچی دەوڵەت بەمەجبوری بەخێوی دەکات و مافەکانی بۆ دەستەبەر دەکات. ئەگەر تاك و تەراش، دیاردەیەکی ڕەگەزپەرستیو هەڵکوتانە سەریان کرابێتە سەر، ئەوەش بەرەنجامی ئیفرازاتی ڕووداوە تیرۆریستییەکەی ١١ی ئەیلول و ئەوانەی دوای ئەو هەژانە گەورەیە هاتنە ئاراوە، بووە. یان بەهۆی ئەو داخۆیان و خۆپیشاندانە پڕ لەحەماسەتانەی ئیسلامییە توندڕەوەکان بووە، کەهانی گەنجەکانیان داوە تێکەڵ بەو ڕێکخراوانە بن و کاری توندو تیژییو تیرۆریستی ئەنجام بدەن، کە لەدوا وێستگەدا، بەزیان بۆ خۆیان و تەواوی هاووڵاتییە موسڵمانەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتانە، شکاوەتەوە. دەوڵەت،

لەپێناوی پاراستنی ئاسایش و گیانی هاوولاتیاندا، ناچار بووە کۆنترۆڵی مزگەوت و یانەو دەزگا کولتوورییەکان بکات.

ئەگەر سەیری ولاتە عەرەبی‌و ئیسلامییەکان بکەین و وەك نموونە چەند دانەیەکیان گوڵبژێر بکەین، ئەوە بەڕاشکاوی دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی ناوی مافی مرۆڤ و سیستەمی دادی کۆمەلایەتییە، لەو ولاتانەدا ناوی نییە. ولاتێکی عەرەبی وەك سوریا، تەنها لەپێناو پاراستنی کورسی دەسەلات پارەیەکی بێ ئەژمار سەرف دەکات... ئەوەیان لەکاتێکدایە کەهاوولاتییەکانی لەژیانێکی پڕ لەئەستەمی مەمرەو مەژیدا دەژین و مافەکانیان پێشێل دەکرێت. لەو ولاتەدا، لەجیاتی بایەخدان بەرێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی، (١٢) دەزگای پاراستن و سیخوڕی هەیە، کە هەریەکەیان بەجیا کار دەکەن و ئامانجی هەر هەمووشیان پاراستن و بەرز ڕاگرتنی ڕژێم و شەخسی سەرۆك کۆمارە.

لەدوو ولاتی گەورەی جیهانی ئیسلامیشدا (عەرەبستانی سعودی‌و کۆماری ئیسلامی ئێران)، لەولاتی یەکەمیان بەهۆی هەڵکەوتنی شوێنە پیرۆزەکانی جیهانی ئیسلامی لەو ولاتەو پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی، نە دەستوور هەیەو نە پەرلەمان، سعودیەش یەکێکە لەو ولاتە کەمانەی جیهان کەدان بە پەیماننامەو ڕێککەوتنەکانی مافی مرۆڤ ناهێنێت و تائێستاکەشی لەگەڵدا بێت ئافرەت لەسەرەتاترین مافی ژیان بێ بەشەو بۆی نیە (ئۆتۆمبیل لێبخوڕێت). لەولاتی دووەمیشیاندا (ئێران)، کەماوەی (٢٥) ساڵە حوکمی شەریعەتی ئیسلامی لێ بەرقەرارەو شاری (مەشهەد)یشی لەڕوانگەی ئاینییەوە، پیرۆزترین شاری ئەو ولاتەیە، ئەوجا بەقسەی (هاشمی ڕەفسنجانی)، خراپترین شارە لەڕووی بنەما

ئەخلاقییەکان.. بەپێی ڕاپرسییەك لە ٧٣٪ی خەڵکی ئێران نوێژ ناکەن و لەگەڵ مۆڵەتدان بە (زەواجی متعە)ش، ئەوجا ڕێژەی کاری سێکسی ناشەرعی لەبەرزیدایە.

چەند کەسایەتییەکی ناسراوی وەك: (ئەبو حەمزەی میسریو هانی ئەلسوباعیو عەبدولباری عەتوان و.. تا)، نموونەی هەرە دیاری ئەو موسڵمانە توندڕەوانەن کە لەوڵاتەکانی خۆیاندا، هیچ دەنگ و ڕەنگێکیان نەبووە، کەچی ئێستاکە لەو وڵاتانەی کەوەك گوڵ بەخێو دەکرێن ئەوجا ناڕەزایی دەردەبڕن و زەمینەی کاری توندوو تیژیو تیرۆر دەڕەخسێنن.. ئەگەر لەئەوروپاو ڕۆژئاوادا ئازادی نییە، ئەوە کەس ڕێگای لێ نەگرتوون، دەرگا والایەو دەتوانن بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان. سەیر ئەوەیە، ئەو دام و دەزگایانەی کەدروستیشیان کردوون، بەشێکی پارەکەیان لەبودجەی دەوڵەتەوە سەرف دەکرێت. بەکوردیو بەکورتی، لەو وڵاتانەدا، بەکەیف و ماشای خۆیان دەژین و بەسەربەستی قسە دەکەن و دەنگ هەڵدەبڕن و جنێو بەسەرۆك وەزیران و پەرلەمانتارو کەسایەتییە سیاسییەکان دەدەن، کەس لەگوڵ کاڵتریان پێناڵێت... کەچی دام و دەزگا سیخوڕییەکانی خۆیان، لەدووری سەدان میلەوە، لەدەرەوەش هەوڵی کوشتن و تیرۆرکردنیان دەدەن... هاوڕێکانیان لەوڵاتەکانی خۆیان چەندان ساڵە لەزیندانەکاندا دەناڵێنن...

لەمەڕ بەراورد کردنی دیموکراتیەتی ئەوروپاو وڵاتە ئیسلامییەکانەوە!! (مەلا کرێکار) لەیەکێك لەبەرنامەکانی (الاتجاه المعاکس)ی کەناڵی (الجزیرة)دا گوتی: (... لەتەواوی وڵاتە ئیسلامییەکاندا، هیچ جۆرە ئازادییەك نییە من کە لەنەرویژ زیندانی کرام، زۆر ڕێزیان لێدەگرتم، مانگی ڕەمەزان بوو، خواردنی ڕەمەزانیان بۆ ئامادە دەکردم، پاشانیش کەهیچ شتێکی ئەوتۆم لەسەر نەبووە ماڵ، دەوڵەت داوای لێبووردنی لێکردم و ١٤٠ هەزار ئۆیرۆیشیان پێدام..).

چەند مانگێك لەمەو بەریش، کاتێك کەپەرلەمانی فەرەنسا هەموو دیاردەیەکی ئایینیو مەزهەبی (بەئایینی مەسیحیو جولەکەکانیشەوە)، لەدام و دەزگا دەوڵەتییەکان و قوتابخانەکان یاساغ کرد، بەهەزاران خەڵك لەشەقامەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ و عەممان و دیمەشق و قاهیرە ڕژانە سەر شەقامەکان و ئەو بڕیارەیان پرۆتستۆ کرد، وەك ئەو هەقیقەتە نەزانن کە لەوڵاتەکانی خۆیاندا پارتە ئیسلامیەکان یاساغەو ناتوانن بەئازادی کاری سیاسی بکەن. ئەوانە لەوڵاتێکدا داوای بەرقەرار بوونی ئیسلام و شەریعەت دەکەن کەعیلمانییەو پەیوەندی بەهیچ ئاینێکەوە نییە. بەڕاستی (بانێکەو دوو هەوایە).

# کۆمەڵگاو کولتووورە باوەکان

ژینگە، دوای ماڵ و قوتابخانە، مەڵبەندێکی سەرەکی پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵە. تاك، لەسەر چ جۆرە پەروەردەیەك ڕابهێنرێ، لەدوا ڕۆژدا بەم شێوەیە دەردەچێت. هەڵبەتە ژینگەش، لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیەو جۆرو شێوەی پەرورەدەکردنەکەش دەگۆڕێت.

وەك پسپۆرە دەروونناسەکان بۆی دەچن، منداڵ هەویرێکەو چ جۆرە شتێکت بوێ، دەتوانیت لێی دروست بکەیت، بەتایبەتیش لەساڵە سەرەتاییەکانی تەمەنیدا.. ماڵ و قوتابخانەش هۆکارێکی بنچینەیین بۆ چاندنی ڕەوشت و ئاکاری جۆر بەجۆر لەمێشك و دەروونی کەسەکاندا...

ئەو بازنەی کەئێمە تێیدا دەژین، بەحوکمی گۆڕانی قۆناغە مێژووییەکان و پەروەردەی سەقەت و، بەرقەراربوونی شەخس پەرستیو، سیستەمی دکتاتۆریەت و، بەکارهێنانی ئایین، بۆ مەبەستە تایبەتییەکان، بۆتە دەریایەکی فراوان و بێ سنووری مەلەوانانی بواری توندو تیژی. نکۆڵی لەوە ناکەین کە لەدەرەوەی بازنەکەی ئێمەشدا توندو تیژییو جۆرێك لەو عەقڵیەتە زیان بەخشە، بەرقەرارە، بەلاّم بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ناوچەکەی ئێمەدا بەراورد ناکرێت.. بەراورد کردنیشی کارێکی ئەستەم و نەگونجاوە.

لەدەرەوەی بازنەکەی ئێمە، -ڕۆژهەلاّت و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست-، منداڵ لەدوو سێ ساڵی تەمەنییەوە، لەماڵەوە یان لەدایەنگە، لەسەر پەروەردەی دروست و یەکتر قبوڵ کردن ڕادەهێنرێت... تەمەنی دوو ساڵانە، هێشتا نازانێت ڕستە دروست بکات، کەشتێکی دەدەیتێ، بەخەندەو سوپاسەوە، پاداشتی ئەو شتەی کەپێتداوە، دەداتەوە... خۆ ئەگەر سوپاسیشی نەکردی، ئەوا دایك و باوك و کەس و کارەکەی تەئکیدی لێ دەکەنەوەو دەڵێن: (... دەبێ چ بڵێی؟!) منداڵەکە بەمەجبووری دەڵێت: (سوپاس). لەقوتابخانەش بەهەمان شێوە، فێرە ڕاستگۆیی‌و خۆشەویستی بێ سنوورو نەبوونی جیاوازی لەنێوان چین و توێژو ڕەنگ و نەتەوەکان، دەکرێن. پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار، لەسەر بنچینەی خۆشەویستی‌و ڕێز لەیەکتر گرتن، دادەمەزرێت.. بۆیە ئەو منداڵە کە گەورە دەبێت، -بەدەر لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن- مرۆڤێکی کاراو لێبووردەو خاوەن شەخسیەت و خزمەتگوزاری لێ هەڵدەکەوێت.. ڕێز لەهەموو بەها مرۆڤایەتییەکان دەگرێت و خۆی بەخاوەنی ولاّت و شارو گەڕەك و شەقامەکان دەزانێت... ئەوەندە نەرم و نیان و بەخشندەو بە بەزەیی دەبێت، ڕێزلەمافەکانی ئاژەڵ و تەیرو تواڵ و پاراستنی ژینگە دەگرێت... لەبارەی گرنگی دان بەمافی ئاژەڵ و ژینگە، کەم کەس هەیە لەئێمەی نیشتەجێی ئەو ژینگانە، ڕۆژانە هەست بەو دیاردە باوانە نەکەین و لەئاستیدا نەسڵەمێینەوەو پرسیار لەخۆمان نەکەین، (... ئەرێ، بۆچی ئەوان وا هەڵکەوتوون و ئێمەش وا؟!)..

بەدەیان جار، لەپارکە گشتی‌یەکان، دیومانە:

- دایك و منداڵێك وردە سەمونیان، بۆ کۆترو مراوییە کێوییەکان -هەر بەناو کێوی-داوە.. دایکەکە بەددانەکانی خۆی سەموونی ڕەقی ورد کردووەو بۆ کۆترەکانی هاویشتووە.. کاتێکیش کە منداڵە تەمەن دوو ساڵەکەی ویستوویەتی یاری لەگەڵ

کۆترەکان بکات و ڕاویان بنێت، ئەوا دایکەکە، زۆر بەجدی خۆی لێ تووڕە کـردووەو وریای کردۆتەوە لەئازارنەدانیان.

- ڕۆژانە، خاوەن سەگ و توولەکان، بۆ بای پێ خۆدانی ئاژەڵەکانیان، پیاسەیان پێدەکەن.. لەو کاتانەدا، ئێمەی ڕۆژهەلاتی زۆر بەسەرسـوڕمانەوە تێیـان دەڕوانـین، کاتێك کە سەگەکان پیسایی لەسەر لاڕێگاو پارکەکان دەکەن، بێ ئەوەی کەسـیش بیانبینن، خاوەنەکانیان پەنجەوانەی نایلۆنیان لەدەستەو پیساییەکان هەڵدەگرنـەوە، نەوەك دیمەن و ئاکاری ئەو شوێنە گشتییانە، پیس ببێت..

- گیانلەبەرە ماڵییەکان -بەتایبەتیش سەگ و کەروێشك و پشیلە- وا متـووی خاوەنەکانیان دەبـن، کـە تـەنها بەتیلـەی چـاوو ئیعـازێکی سـادە، هەسـت بـەو خۆشەویستییە دەکەن. کاتێکیش کە سەگەکان بۆ دەرەوە دەبـەن، پـەتیان لەملـە، بەلاّم پەتەکەیان ئەوەندە شل کردووە، سەگەکە بۆ کوێ چـوو، دەبـێ خاوەنەکەشـی بەدوایدا بچێت.. واتە، خاوەنەکەی بەدوای سەگەکەدا دەچێت نەك بەپێچەوانە.. جاری وا بووە، سەگەکە هەر خەریکیمرۆ مۆکردن بووەو بەمەجبووری سێ چـوار کەسـی لەدیار ڕاوەستاون، تاوەکو خۆی بەڕێکەوتووە، ئەوجا ئەوان بەدوایدا چوون.

- لەو پارك و شوێنانەی کەمراوی‌و کۆترو باڵندەی جۆر بەجۆری لێیە، لەلایـەن لایەنی پەیوەندیدارو شارەوانیەکان، ئاگاداری تایبەت هەڵواسراوە، کەلێی نووسراوە، خواردن نەدرێت بەم باڵندانە لەبەر ئەم هۆیانە:

١-نەوەك خواردنەکە کۆن و ژەهراوی بێت.

٢-بەهۆی ئەو خواردنانەی کەتۆ دەیاندەیتێ، باڵندەکان، زۆر قەڵەو دەبن و ناتوانن بفڕن و دواتر دەستگیر دەکرێن.

٣-بەهـــــۆی خواردنی حازر بەدەســـت، باڵندەکان لەسەر تەمبەڵی‌و چاو لەدەستی

ڕادەهێنرێن و، دواتر، خۆیان هەوڵ نادەن و بەدوای خواردنـدا ناگـەڕێن.... لـەو حاڵەتەشدا، ئەگەر خواردنیان لێ بڕا دەمرن و قڕ دەبن.

٤-بەهۆی ئەو خواردنانەوە، زیندەوەرە زیانبەخشەکانی وەك مشك و جورج، تێکـەڵ بەو ژینگەو شوێنی باڵندەکان دەبن و، مەترسی ئـەوەیان لێـدەکرێت، نەخۆشـی بگوازنەوە ئەو نێوەندە... ئەگەر پۆلیسیش خەڵکی دیت خواردن بـە باڵنـدەکان دەدەن، ئەوە ئاگادار دەکرێنەوە، یان سزا دەدرێن..

- هەر چـوار دەوری دارسـتانەکانی لا ڕێو دەرەوەی شـارەکان، بەتەڵبەنـد دەورە دراوە، نەوەك ئەو ئاژەڵە کێویانە بێنە دەرەوەو تووشی کارەساتی وابن، گیان لەدەست بدەن. خۆ ئەگەر کەسێکیش بەئوتۆمبیل خۆی بەئاژەڵێك داداو کوشتی، ئەوە دەبێت زوو ئاگاداری پۆلیس بکاتەوە.. لەو حاڵەتەشدا، تووشی سـزا دەبێـت.. خـۆ ئەگـەر پۆلیسیشی ئاگادار نەکردوو دواتر زانرا، ئەوە سـزاکەی دووقـات قورسـتر دەبێـت.. بەمجۆرە لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێت ئاگاداری پۆلیس بکاتەوە...

ئەوانە بەشێکن لەو کولتوورو ڕێو ڕەسمانەی کە لەو کۆمەڵگایانەدا بەرقەرارن و هۆکارێکی سەرەکین بۆ ڕێـز گـرتن لـەمافی خـەڵك و ئـاژەڵ و ژینگـەو بـردەودان بەکولتووری لێبووردەییو بێن فراوانیو توڕدانی توندو تیژیو یەکتر قبووڵ نەکردن. بۆیە سەیر نییە، کە مامۆستایەك لەپۆلەکەیدا، داوا لەخوێندکارەکانی دەکات، هەر کەسەو بەئارەزووی خۆی وێنەیـەك بکێـشی، ئـەوا منداڵـەکان، وێنـەی، (گـوڵ و دارستان و پەپوولەو شاخ و کوڕو کچ و خانوو و سـەگ و پـشیلەو ئۆتۆمبیـل و...) دەکەن. ئەو کولتوورە بەرقەرارەی کۆمەڵگا لەوێنەی منداڵەکاندا ڕەنگ دەداتەوە...

کەچی بەپێچەوانەوە، لەلای خۆمـان، بەهۆی ئەو کولتوورە سەقەت و پڕ لەتوندو تیژییو ئاژاوەیە، نەك ڕێز لەمافی مرۆڤ و ئازادی تاکە کـەس و بـیرو ڕا ناگیرێـت،

بەڵکو وا برینداریش دەکرێت کە ئەستەم بێت ئەو کەسە بکەوێتەوە سەر ڕاستە ڕێگا.. ئەگەر ئەوە حاڵی مافی مرۆڤ بێت، ئەوە لەمافی ئاژەڵ و پەلەوەرو باڵندەو ژینگە هەر مەپرسە.. کۆترو باڵندە چ حەدیان هەیە بێنە بن دەست و پێی خەڵك و دانەوێڵە کۆبکەنەوە. چ جورئەتێکیان هەیە بێنە سەر لەپی مرۆڤ و دانەوێڵە بخۆن.. سەگ چۆن زاتی ئەوە دەکات، بەڕێکەوتیش بەکۆڵانێکدا گوزەر بکات، چما منداڵە وردکەی گەڕەك بەردبارانی ناکەن.. لەبری ئەوانە لای خۆمان، مەڕو بزن و مانگا، بەسەربەستی لەسەر شەقامەکاندا دەسوڕێنەوەو سەوزاییەکان بنبڕ دەکەن، کە دوورە لەهەموو دیاردەیەکی شارستانی.. مامۆستا بەخوێندکارەکانی بڵێت وێنەیەك بکەن، هەموویان وێنەی (پێشمەرگەو تفەنگ و تانك و فڕۆکەو بەرەی شەڕو کاری توندووتیژیی) دەکەن...

کەدەپرسین، بۆچی لێرە ئەو کولتوورە بەرقەرارەو لەوێش کولتوورێکی تری جیاواز؟! بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، پێویستە هەوڵ بدەین لەپڕۆگرامەکانی خوێندن و مەڵبەندە کۆمەڵایەتیەکاندا، گۆڕانکاری ئەنجام بدەین و کولتوورو ڕۆشنبیرییەکی وا بخولقێنین، کەپڕ بەپێستی قۆناغەکە بێت، نەك جیهانی پێشکەوتوو لەڕاستە شەقامێکدا لێ بخورێت و ئێمەش لەهەورازو بزنە ڕێگادا.. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ژیاریو قورسە، پێش هەموو شتێك، پێش ئەوەی ژینگە ئاوەدان بکەینەوە، پێویستە عەقڵی مرۆڤ ئاوەدانبکەینەوەو گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا بێنین.. بەفکرێکی سادەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بکەین و هەڵوەستەیان لەسەر بکەین.. دان بەڕەنگ و بیروبۆچوون و خەڵکی جیاواز بنێین.. ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئێمەش هەین و هەقمانە وەك ئێوە دوور لەئاژاوەو ژیانی شەڕانگێزیی بژین و پێویستە ئێمەش قبوول بکەن....

# شوێن و کاتی بابەتە بڵاوکراوەکان

١-وێنەی شیعری لای (ئەحمەدی خانی)، گۆڤاری (کاروان)، هەولێر ژمارە (١١٩)، نیسانی ١٩٩٨.

٢-بەسەرکردنەوەی (زەنگی هەتاو) و خامۆشی شاعیر، ڕۆژنامەی (کورد) ئوستڕالیا ژمارە (٢٦)، ئازاری ٢٠٠٣، ل١٦. گۆڤاری (کوردستانی ئیمڕۆ) بەلجیکا، ژمارە (٢٥)، ئاداری ٢٠٠٣، ل١٠٤-١٠٨. (گوڵان)، ژمارە (٤٥١)، ١٨/٩/٢٠٠٣.

٣-نەهاوەند.. یان مەملەکەتێکی خاپوور کراو، مانگنامەی (سەکۆ)، بەرلین، ژمارە (٤٨)، ئاداری ٢٠٠١، ل٧، بەهەڵە بەناوی (ئیسماعیل شەیدا) بڵاوکراوەتەوە.. گۆڤاری (نووسەری نوێ)، هەولێر، ژمارە (١٧)، حوزەیرانی ٢٠٠١، ل٢٣.

٤-(ئەدەبی تاراوگە)و خەونی ئاوارەکان، میدیا، هەولێر، ژمارە (١٥٢)، ٢١/١٢/٢٠٠٣ ل١٠. کوردستانی ئیمڕۆ، ژمارە (٣٥)، شوباتی ٢٠٠٤، ل٣٤-٣٥.

٥-ڕۆمانۆکەی (ونگە) یان بەشێك لەبیرەوەرییەکانی (عەبدوڵڵا سەراج)، میدیا، ژمارە (١٦٤)، ١٥/٦/٢٠٠٤، ل١٠.

٦-(ڕێگای ئازادی): یەکەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕین بوو، گۆڤاری (پەیامی ئازادی) لقی دەرەوەی حزبی سوسیالیستی کوردستان لەدەرەوە لەبەرلین دەری دەکات، ژمارە (١) تەموزی ٢٠٠١، ل١٣.

٧-پەراوێزێك بۆ یەك دوو لاپەڕەی (چێشتی مجێور)، (سەکۆ)، ژمارە (٣١)، مایسی ١٩٩٩، ل٨. ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، سلێمانی، ژمارە (٣٣٠)، ٢٠/٩/١٩٩٩، ل٦.

٨-ئاوازو گۆرانی کوردی لەدووڕیانی مانەوە تالانکردندا، (ئاڵای ئازادی)، ژمارە (٥٧٤)، ٢٦/٧/٢٠٠٤، ل٦.

٩-(ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو) و چەند پەراوێزێکی واقیعیانە، ڕۆژنامەی (بارزان)، ئەمەریکا، ژمارە (٤٢-٤٣)، شوباتی ٢٠٠٤، ل٦-٧.

١٠-لەپەراوێزی (بیرەوەرییەکانم)ی بانیخێلانیدا: هەڵەو کارەسات... پەند وەرگرتن... دووبارە نەبوونەوە، گۆڤاری (پەیامی ئازادی)، ژمارە (٣-٤)، ئادارو گەلاوێژی ٢٠٠٢، ل١٧-٢٢.

١١-ڕۆژنامەگەریی شاخ و نهێنیی لەباشووری کوردستاندا (کارەساتی ١٩٧٥ تا ڕاپەڕینی ١٩٩١/٣/٥) –سەرژمێریی و وردەکاریی-، گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)، ژمارە (١)، ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤، ل١٧٩-١٨٦. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٣٨)، مایسی ٢٠٠٤، ل٣٤-٤١.

١٢-ڕۆژنامەی (سەکۆ) چۆن سەریهەڵداو چۆن لەکار کەوت، گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) هەولێر، ژمارە (٢).

١٣-لەمزگەوتەوە بۆ قوتابخانە، (میدیا)، ژمارە (١١٣)، ٢٠٠٢/١/١، ل٦. (بێوار)، هۆڵەندا، ژمارە (٦٧)، شوباتی ٢٠٠٢، ل٦-٧.

١٤-چەپکێك خۆشەویستی لەدوور وڵاتەوە بۆ گلکۆی (باوکی گۆران)، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (٢١)ی بەهاری ٢٠٠٤، ل٥٣.

١٥-گەلی کورد چاکەی دۆستەکانیان لەچاودایە، (ئاڵای ئازادی)، ژمارە (٥٠٢)، ٢٠٠٣/٢/١٠، ل٥. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٢٨)، حوزەیرانی ٢٠٠٣، ل٥١-٥٣.

١٦-ململانێی هاوکێشەکان، (گوڵان) ژمارە (٤٥٥)، ٢٠٠٣/١٠/١٦. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٣٢)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٣، ل٢٧-٣٣.

١٧-پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و کەناڵە عەرەبیەکان، (بێوار) ژمارە (٨٨)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٣، ل٦. گۆڤاری (هەرێم)، هەولێر، ژمارە (٣٠٣)، ٢٠٠٣/١١/١٥، ل١١-١٢.

١٨-پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ڕاگەیاندنی تورکی، (میدیا)، ژمارە (١٥٠)، ٢٠٠٣/١١/١، ل٧. (کوردستانی ئیمڕۆ)، ژمارە (٣٣)، دێسێمبەری ٢٠٠٣، ل٦٥-٦٧.

١٩-لەپێناوی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆدا، (میدیا)، ژمارە (١٦٠)، ٢٠٠٤/٤/١٥، ل٨.

٢٠-ڕۆشنبیریی نیشتمانپەروەری، (میدیا) ژمارە (١٦٧)، ٢٠٠٤/٨/١، ل١٠.

٢١-وەڵامێکی هێمنانە بۆ کاك (عەزیز قادر سامانچی): زمانی ژمارە... نەك زمانی گۆترە، (میدیا) ژمارە (١٤١)، ٢٠٠٣/٢/١، ل٤.

٢٢-لەپەراوێزی ڕاپرسییەکەی (گالوپ)ەوە: کوردو عەرەب، جیاوازییەکی زۆرو بۆشاییەکی گەورە، ڕۆژنامەی (نیشتمان)، هەولێر، (٤٣)، ٢٠٠٤/٦/١٠، ل٣.

٢٣-ڕۆژئاواو ئیسلامیە ڕاکردووەکان، (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٣٩٧)، ٢٠٠٤/٦/٢٠، ل٨.

٢٤-کۆمەڵگاو کولتووره باوەکان، (ئاڵای ئازادی)، ژمارە (٥٦٧)، ٢٠٠٤/٦/٧، ل٦.

# کتێبە چاپکراوەکانم:

١-پەردەی شەرم، شیعر، سلێمانی، ١٩٨٢.

٢-کەلەشێری سپیو کەلەشێری ڕەش، چیرۆك بۆ منداڵان، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە، بەغدا، ١٩٨٦.

٣-تەکان، شیعر، ١٩٩٠، بەغدا.

٤-ڕۆڵی ئەدەب لەشۆڕش و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەناوی (ب. دەوەن) بڵاوکراوەتەوە، هەولێر، ١٩٩١.

٥-بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان (١٩٧٥-١٩٩٣)، هەولێر، ١٩٩٨.

٦-کاردۆ گەلاڵی نووسەرو پارێزەرو سیاسەتمەدار، هەولێر، ١٩٩٨.

٧-دەروازەیەك بۆ ناسینی (سمایلە باشە)ی شاعیر، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨-چەند پووشێك... بۆ (هێلانەیەکی تر)، کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبیو ڕەخنەییە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٩-سەفەری ڕەش- کۆژانی دەربەدەرییو ئاوارەیی یە، هەولێر، ٢٠٠٢.

# ناوەڕۆك

١-چەند تێبینییەك پێش خوێندنەوەی (بەسەركردنەوە)كان.....
٢-وێنەی شیعریی لای (ئەحمەدی خانی)....
٣-بەسەركردنەوەی (زەنگی هەتاو)....
٤-نەهاوەند... یان مەملەكەتێكی خاپووركراو.....
٥-(ئەدەبی تاراوگە) و خەونی ئاوارەكان.....
٦-ڕۆمانۆكەی (ونگە) یان بەشێك لەبیرەوەرییەكانی عەبدوڵلا سەراج....
٧-(ڕێگای ئازادی) یەكەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕین بوو....
٨-پەراوێزێك بۆ یەك دوو لاپەڕەی (چێشتی مجێور)....
٩-ئاوازو گۆرانی كوردی....
١٠-ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو).....
١١-لەپەراوێزی (بیرەوەرییەكانم)ی بانیخێلانیدا....
١٢-ڕۆژنامەگەریی شاخ و نهێنی لەباشووری كوردستاندا....
١٣-ڕۆژنامەی (سەكۆ).....
١٤-لەمزگەوتەوە بۆ قوتابخانە...
١٥-چەپكێك خۆشەویستی لەدوور ولاتەوە...
١٦-گەلی كورد چاكەی دۆستەكانیان لەچاو دایە....
١٧-ململانێی هاوكێشەكان...
١٨-پرۆسەی ئازادكردنی عێراق و كەناڵە عەرەبییەكان....
١٩-پرۆسەی ئازادكردنی عێراق و ڕاگەیاندنی توركی.....
٢٠-لەپێناوی ڕۆژنامەیەكی سەربەخۆدا...

٢١-ڕۆشنبیریی نیشتمانپەروەری....
٢٢-وەڵامێکی هێمنانە بۆ کاك (عەزیز سامانچی)....
٢٣-لەپەراوێزی ڕاپرسییەکەی (گالوب)ەوە.....
٢٤-ڕۆژئاواو ئیسلامییە ڕاکردووەکان....
٢٥-کۆمەڵگاو کەلتوورە باوەکان....
٢٦-شوێن و کاتی بابەتە بڵاوکراوەکان....
٢٧-کتێبە چاپکراوەکانم....